ئاگادارکردنەوەی عەبدەکان لە حوکمی

دێمۆکراسیەت و دەنگدان

نووسینی:

عبدالإله عبدالعدل

وەشانی دووەم

لە بەرواری

١٥ | جمادي الآخرة | ١٤٤٠

بڵاوکراوەتەوە لە ئینتەرنێت

بسم الله الرحمن الرحيم

ئاگاداركردنەوەی عەبدەكان
لە حوكمی دێمۆكڕاسیەت و دەنگدان

نووسینی:

عبدالإله عبدالعدل

دەستپێک

الحَمْدُلله المُشَرِّعِ كَفَرْنا بالأنْداد، وَالصَّلاةُ وَالسَّلامُ عَلى مَن بُعِثَ بالسَّيفِ رَحْمَةً للْعباد، وَعَلى مَن سارَ عَلى نَهجِهِ وَسَلَّم لأمْرِ رَبِّه وَانْقاد. أما بعد:

وا بەچاوەکانی خۆمان دەبینین چۆن ئەم قەومە لە زۆربەی ڕووەکانی ژیانیان گەڕاونەتەوە سەر ڕێچکەی جاهیلیەتی قەومە تیاچووەکانی پێش ئیسلام.

ئەی قەومەکەم، ئەمڕۆ ئێوە بەبێ ئەوەی هەست بەخۆتان بکەن خەریکن مومارەسەی پیسترین جۆری شەریعەتی دەستکردی مرۆڤ دەکەن، کە بریتییە لە شەریعەتی دیمۆکڕاسیەت.

قەومەکەم بەجۆرێک بێ ئاگان لە شەریعەتی الله، تەنانەت دەسەڵاتدارەکان بە ئاشکرا پێناسەی دیمۆکڕاسیەتیان بۆ دەکەن و دەڵێن: دیمۆکڕاسیەت بریتییە لە حوکمی گەل، وە هەر دیمۆکڕاسیەتیش حوکمی هەتا هەتایی دەبێت لە کوردستان!

ئەمە جگە لەوەی بە ئاشکرا ڕۆژانە دەسەڵاتدارەکان دەڵێن دیمۆکڕاسیەت جێبەجێ دەکەین و دەیسەپێنین! کەچی دەبینین ئەم قەومە دڵیان بەم قسانە نالەرزێ، ناڵێن ئەم وشانە مانای چی دەگەیەنن، نازانن ئەم گوفتارانە چەند پێچەوانەن لەگەڵ کتێبەکەی

پەروەردگاریان[١]؛ هۆکاریش ئەوەیە کە ئەم قەومە بەتەواویی پشتیان هەڵکردووە لە قورئان. هەرگیز دیراسەی ناکەن و مانا و مەبەست و تەفسیری ئایاتەکان نازانن. تەنانەت ئەمە دەیسەلمێنێ ئەم قەومە بێ ئاگان لە بناغەی موسڵمان بوون، کە ئەویش بریتییە لە تەوحید کردنی الله؛ چونکە موسڵمان تەنها تەوحیدی بەسە بۆ ئەوەی بزانێت هەموو شەریعەتێک تاغوتە لە غەیری شەریعەتی الله[٢]، هەروەک الله فەرموویەتی {... **يريدون أن يتحاكموا إلى الطاغوت وقد أمروا أن يكفروا به** ...}[٣]. واتە: {... ئەوانە دەیانەوێت دادگەرێتیی بگەڕێننەوە بۆ تاغوت لەکاتێکدا فەرمانیان پێکراوە کەوا کوفری پێ بکەن ...}.

---

(١) پەروەردگار، یاخود پەروەردەکار: لە زمانی عەرەبیدا واتە "الرب"، جا پەروەردگاری گەردوون و مرۆڤایەتی بریتییە لە ألله. کاتێکیش دەڵێین "ألله پەروەردگارە" مەبەستمان ئەوەیە کە ألله لە تێکڕای کار و کردەوەکانی خۆیدا تاک و تەنهایە و نابێت هاوبەشی بۆ دابنێین، لە نموونەی کردەوە پەروەردگارییەکانی ألله:
یەکەم: لە ڕووی دروستکردنەوە (الخلق).
دووەم: لە ڕووی پێدانی ڕزقەوە (الرزق).
سێیەم: لە ڕووی یاسادانانەوە (الحاكمية).
چوارەم: لە ڕووی بەڕێوەبەرایەتی گەردوونەوە (الإدارة).
پێنجەم: لە ڕووی خاوەندارێتیی گەردوونەوە (الملك).
ئەمانە کردەوە پەروەردگارییەکانی ألله ن، دەبێ موسڵمان لەهەموو ئەمانە ألله تەوحید بکات.

(٢) لە بەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا بە پوختی باسی تەوحید کراوە لەژێر ڕۆشنایی ئایاتەکانی قورئانی پیرۆز.

(٣) سورەتی النساء، ئایەی ٦٠.

هەر بۆیەش دەبینین قەومەکەمان ئەسڵەن نازانن تاغوت چییە، بۆیەش بێباکانە دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و پەنجەی شایەتومانیان مۆر دەکەن، دەسەڵاتدارانیش بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەڵێن: دەنگدان پرۆسەیەکی دێمۆکڕاسییە! قەومەکەشم نازانن دێمۆکڕاسیەت چییە و مانا و مەبەستی چی لەخۆی گرتووە. الله فەرموویەتی {**أفحكم الجاهلية يبغون ومن أحسن من الله حكما لقوم يوقنون**}[١]. واتە: {ئایا ئەوانە حوکمی جاهیلیەتیان دەوێت؟ و ئایا حوکمی کێ باشترە لە حوکمی الله بۆ قەومێک کە بڕوای تەواویان هەیە؟}. ئەوەتا قەومەکەم، ببینن چۆن الله پێمان دەڵێت لە غەیری شەریعەت و حوکمی خۆی ئیتر تێکڕای شەریعەت و حوکمەکان بریتین لە حوکمی جاهیلیەت، ئەگەرچی ئەوان دەڵێن ئێمە مۆدێرنە و تازەین، بەڵام لەڕاستیدا ئەوان پەیڕەوی شەریعەتە دەستکردەکانی پێشی ئیسلام دەکەن.

بۆیەش بە ناوی الله و پشتیوانیی الله هەوڵدەدەم شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتی تاغوتتان پێ بناسێنم لەگەڵ چەند دروشم و بنچینەیەکی ئەم شەریعەتە. هەروەها حوکمەکانیان ڕوون دەکەمەوە لەسەر بنەمای ئایاتەکانی قورئان و فەرمایشتەکانی نێردراوەکەی -عليه الصلاة والسلام-. هەروەها ئەگەر پێویستی کرد ئەوا گوفتاری زانایانی ئەهلی سوننە -رحمهم الله- دەهێنمە ناو باسەکە. بەڵام

---

(١) سورەتی المائدة، ئایەی ٥٠.

زۆرتر دەمەوێ بابەتەکە بە قورئان و سوننە ڕوون بکەمەوە -پشتیوان بە الله.

داواکارم الله من و خوێنەران سوودمەند بکات و ڕێنیشاندەرمان بێت بەرەو بەدەست هێنانی عیلمی شەرعیی، هەروەها دڵمان پاک بکاتەوە تاکو لە کتێبەکەی تێبگەین و کردەوەی پێ بکەین و حەق و ناحەق لەیەکتر جیا بکەینەوە -اللهم آمین.

عبدالإله عبدالعدل
٤/جمادي الآخرة/١٤٤٠

بەشی یەکەم

ناساندنی دێمۆکڕاسیەت و بنچینەکانی و دروشمەکانی لەگەڵ حوکمەکانیان

بابەتی یەکەم: سەرهەڵدان و مانای دێمۆکڕاسیەت.
بابەتی دووەم: پاڵنەرەکانی چەسپاندنی دێمۆکڕاسیەت لە خاکی موسڵمانان.
بابەتی سێیەم: بنچینەکانی دێمۆکڕاسیەت.
بابەتی چوارەم: دروشمەکانی دێمۆکڕاسیەت.

پێشەکییەکی گرینگ

پێناسەی تاغوتی شەریعەت

ئەی قەومەکەم، چاک بزانن کەوا الله فەرمانی پێمان کردووە کەوا کوفر بە تاغوت بکەین ئینجا باوەڕ بە ئەو بهێنین، هەر کەسێک باوەڕی بە الله هەبێت و بیپەرستێ کەچی کوفری بە تاغوت نەکردبێ ئەوا موسڵمان نییە، الله فەرموویەتی: {... **فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقى ...**}[1]. واتە: {... هەر کەسێک کوفر بە تاغوت بکات و ئیمان بە الله بهێنێت ئەوا بێگومان خۆی گرتووە بە پەتێکی پتەو ...}.

بێگومان ناشتوانرێت کوفر بە تاغوت بکرێت تاکو نەزانرێت تاغوت چییە، الله لە کتێبەکەیدا ڕوونی کردووەتەوە کەوا تاغوت چییە و جۆرەکانی چین و چۆنیش کوفر بە تاغوت و تاغوتپەرستەکان بکەین. ئەمەیان بە پوختیی لە بەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا باسکراوە.

یەکێک لە جۆرەکانی تاغوت کە الله لە کتێبەکەیدا باسی دەکات و پێویستە کوفری پێ بکرێت و بەڕائەتی لێ بکرێت بریتییە لە «**تاغوتی شەریعەت**».

---

(١) سورەتی البقرة، ئایەی ٢٥٦.

پێناسەی تاغوتی شەریعەت: هەر سیستەم و شەریعەت و دەستوور و یاسا و مەنهەج و پرۆگرامێک دەگرێتەوە لە غەیری شەریعەت و دەستووری ئیسلام. واتە هەر دەستوور و یاسایەک کەوا هەڵبژێردراوە لەلایەن دەسەڵاتداران بۆ حوکمڕانیی کردن، هەروەها داڕێژراوە لەلایەن دادوەر و حاکمەکان بۆ حوکمدان لەنێوان خەڵکیدا لەکاتی بوونی کێشە و ناکۆکییەکان. بەبێ ئەوەی لەسەر بنەمای ئیسلام داڕێژرابێ.

بەڵگەشمان لەسەر ئەم پێناسەیە بریتییە لەم ئایەتە پیرۆزە ڕۆشنەی الله: {**ألم تر إلى الذين يزعمون أنهم ءامنوا بما أنزل إليك وما أنزل من قبلك يريدون أن يتحاكموا إلى الطاغوت وقد أمروا أن يكفروا به ويريد الشيطان أن يضلهم ضلالا بعيدا**}[1]. واتە: {-ئەی محمد- ئەوە تۆ ئەو کەسانەت نەبینیوە کە وای پیشان دەدەن گوایە باوەڕیان بەو کتێبە هەیە کەوا بۆتۆ دابەزیوە هەروەها باوەڕیان بەو کتێبانەیشی پێشی تۆ هەیە -کەچی لە هەمان کاتدا- دەیشیانەوێت حوکم بگەڕێننەوە بۆ لای تاغوت لەکاتێکدا فەرمانیان پێکراوە تاکو کوفری پێ بکەن، شەیتانیش دەیەوێت گومڕایان بکات بە گومڕاییەکی دوور}.

کاتێک تەدەبوڕ و تێڕامان دەکەین لەم ئایەتە پیرۆزەی الله، دەگەینە ئەنجامی چەند خاڵێک:

---

(١) سورەتی النساء، ئایەی ٦٠.

یەکەم: الله لە ئایاتەکەدا ئەو کەسانەی بە درۆ خستەوە کەوا خۆیان وەکو موسڵمان پیشان دەدا؛ ئەمەش چونکە کوفریان بە تاغوت نەکردبوو. کەواتە هەرگیز هیچ کەسێک ئیماندار و موسڵمان نییە ئەگەر سەرەتا تاغوتەکان نەناسێت و کوفر بە تاغوتەکان و تاغوتپەرستەکان نەکات، ئەگەرچی نوێژکەر و ڕۆژووگر و موجاهیدیش بێت، هیچ کامێکیان سوودی نییە و لەلایەن الله بەدرۆ دەخرێتەوە. جا ئەی قەومەکەم بەجوانیی خۆتان لە تەوحید ئاشنا بکەن، منیش بەپوختیی بۆتانم باس کردووە لەبەشی کۆتایی، دواتر چاک تێی ڕابمێنن بۆ ئەوەی عیبادەت و دیندارییەکەتان بەفیڕۆ نەچێ.

لە هەمان کاتیشدا بۆمان دەرکەوت کە ئیمان تەنها بە دەم و زمان نییە، ئەمەش وەڵامێکە بۆ ئەو مەلایە خائین و دینفرۆش و فێڵبازانەی کەوا دەڵێن: خەڵکینە هەر کەسێک بڵێت "لا إله إلا الله" ئەوا موسڵمانە و نابێ کەس تەکفیری بکات ئەگەرچی کوفر و شیرکیشی لێ ببینرێ! ئەوەتا الله بە ئاشکرا کەسانێکی تەکفیر کرد کە بانگەشەی موسڵمانێتیان دەکرد! ئیتر بۆچی خیانەت لە الله دەکەن و دینەکەی الله دەشێوێنن لەم قەومە بەستەزمانە؟

دووەم: لە ئایەتە پیرۆزەکەدا چاک دەردەکەوێت کەوا لە غەیری شەریعەتی ئیسلام ئیتر تێکڕای شەریعەت و دەستوورەکانی تر "تاغوت" ن، حوکمی تاغوتیش زۆر ئاشکرایە کە دەبێت تەکفیر بکرێت و نابێ حوکمی پێ بکرێت، و هەروەها دەبێ تەکفیری هەر

کەسێک بکرێت کەوا تاغوت دەپەرستێ و باوەڕی بە تاغوتە و حوکمی کێشەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ تاغوت، هەروەک لە لاپەڕی ٨ ئاماژەم پێکرد. کەواتە هەر کەسێک نەیەوێت قورئان ببێتە حاکم بۆ چارەسەری کێشەکەی ئەوا بەبێ هیچ گومانێک ئەو کەسە موشریکە و باوەڕی بە تاغوت هەیە، هەر کەسێکیش باوەڕی بە تاغوت هەبێ ئەوا کافرە؛ چونکە الله دەفەرمووێت کوفری پێ بکەن، کەچی ئەو مومارەسەی دەکات.

نموونەی حوکم و شەریعەتە تاغوتییەکان زۆرن، وەکو: دیمۆکراسیەت، عەلمانیەت، شیوعیەت، لیبراڵیەت، ئیشتیراکیەت، لە هەمان کاتدا کتێبە پووچەڵ و دەستکردەکانی گاور و جولەکەکان. ئەمانە کۆمەڵێک شەریعەتی تاغوتن و لە بری شەریعەتە پاک و بێگەردەکەی الله حوکمیان پێ دەکرێت لەنێوان خەڵک، هەر کەسێک کێشەکانی بگەڕێنێتەوە بۆ دادگای وڵاتێک کە بە شەریعەتێکی تاغوت بەڕێوە دەچێ ئەوا گومان لە کافربوونی نییە؛ چونکە حوکمی گەڕاندووەتەوە بۆ لای تاغوت، ئیتر ئایەتەکەی پێشووی لەسەر جێبەجێ دەبێت.

سێیەم: کاتێک تێڕامان لە ئایەتە پیرۆزەکە دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە تەنها شەریعەت و یاسایە دەستکردەکە تاغوت نییە، بەڵکو ئەو دادوەرەش دەبێتە تاغوت کە حوکم دەکات بە شەریعەت و یاسایە تاغوتییەکان.

جا بۆیەش ئەهلی تەوحید هیچ گومانێکیان لەوە نییە کە تێکڕای شەریعەت و یاسایە دەستکردەکان تاغوتن جگە لە شەریعەت و یاسایە پیرۆزەکەی الله. هەروەها گومانمان لەوە نییە کە ئەو دادوەرەی حوکم بەو یاسا دەستکردانە دەکات ئەوا ئەویش تاغوتە.

ئەم پێشەکییەش لەبەر دوو هۆکاری گرینگ باسکرا:

هۆکاری یەکەم: تاکو خوێنەر بزانێت کەوا لەم کتێبەدا کاتێک باسی "دێمۆکڕاسیەت" دەکەین ئەوا قسەمان لەسەر بابەتێکی زۆر هەستیار و ترسناکە، ئەویش بابەتی "تاغوتی شەریعەت"ـە، بۆیەش دەبێ خوێنەر بەتەواویی خۆی بپارێزێت لەم تاغوتە نوێیە، خۆ ئەگەر کەسێک مومارەسەی هەر دروشمێکی ئەو شەریعەتە تاغوتییە بکات ئەوا بەبێ گومان پێی کافر دەبێت ئەگەرچی خۆیشی بە موسڵمان بزانێت، ئایەتە پیرۆزەکەی پێشووش ڕۆشنترین بەڵگەیە. لە بەشی داهاتوودا باسی چەند بنچینە و دروشمێکی شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتی تاغوت دەکەم بۆ ئەوەی خۆتانی لێ بپارێزن. بابەتەکە زۆر لەوە ترسناکترە کە مەلا خائینەکان ئاسانیان کردووە لەبەرچاوی خەڵک.

هۆکاری دووەم: دەمەوێت خوێنەران چاک ئەوە بزانن کە بابەتی "تاغوتی شەریعەت" زۆر جیاوازە لە بابەتی "الحكم بغير ما أنزل الله". بۆیەش دەبینین مەلایە دینفرۆشەکان ئەم دوو بابەتە لە

خەڵک تێکەڵ دەکەن؛ چونکە چاک دەزانن ئەم قەومە پشتیان لە قورئان کردووە و لێکۆڵینەوە ناکەن، جا با بەیەکەوە بزانین جیاوازیی ئەم دووانە چییە:

جیاوازیی یەکەم: تاغوتی شەریعەت بریتییە لە شەریعەت و دەستوورێکی کامل و فراوان و گشتگیر کە پێکهاتووە لە ژمارەیەکی زۆر لە یاسای جۆراوجۆر لە هەموو بوارەکانی ژیان، واتە دەستوورێکی فراوانە و داڕێژراوە بۆ ئەوەی سەروەر بکرێت بۆ بەڕێوەبردنی تەواوی خاکەکە لە هەموو ڕوویێک. یاساکانیشی لەسەر بنەمای خواست و ئارەزووی کەسانێک دانراون، یاخود بە دەنگدان دانراون، بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ شەریعەتی الله.

بۆ نموونە: شەریعەتی دێمۆکڕاسیەت بەتەواویی پێناسەی تاغوتی شەریعەتی لەسەر جێبەجێ دەبێت؛ چونکە شەریعەتێکی فراوانە و دەوڵەتانێکی پێ بەڕێوە دەبرێت، لە هەمان کاتیشدا بنچینە و ئەسڵ و دروشمەکانی دێمۆکڕاسیەت بەتەواویی پێچەوانەی ئیسلامن، بۆیەش دێمۆکڕاسیەت تاغوتی شەریعەتە.

بەڵام الحكم بغير ما أنزل الله: حاڵەتێکە کە لە خاکەکە هیچ شەریعەتێکی تاغوت سەروەر نییە بەڵکو شەریعەتی الله سەروەرە، بەڵام حاکمە موسڵمانەکە لە حاڵەتێک یان چەند حاڵەتێکی کەمدا پشت لە حوکمی قورئان و فەرموودە دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵکو خۆی بەشێوازێکی تر چارەسەری دەکات، جا

ئەمەش بە هەر هۆکارێک بێت. بۆ نموونە حاکمێک هەیە لەناو دەوڵەتێکی ئیسلامیی کەوا حوکمەکانی لەسەر بنەمای شەرع دەدات، بەڵام کاتێک براکەی دەهێننە لای و تۆمەتی زینای دەدەنە پاڵ، ئیتر ئەو حاکمە برای خۆی خۆشدەوێت و نایەوێ ئابڕووی بچێت بۆیەش ئیتر حوکمەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و دەڵێت بێ تاوانە و نابێ حەددی زینای لەسەر جێبەجێ بکرێت!

جیاوازیی دووەم: لە تاغوتی شەریعەت هەر کەسێک مومارەسەی شەریعەتە تاغوتەکە بکات یاخود باوەڕی بە یەکێک لە بنچینەکانی شەریعەتە تاغوتەکە هەبێت یاخود حوکمی کێشەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە ئەوا بەبێ گومان یەکسەر کافر دەبێت؛ چونکە خودی شەریعەتەکە تاغوتە و دەبێ کوفری پێ بکرێت نەک مومارەسە بکرێت و حوکمی کێشەکانی بۆ لای بگەڕێندرێتەوە!

بەڵام لە "الحكم بغير ما أنزل الله" دا بابەتەکە بەپێی حاڵی کەسەکان دەگۆڕێت و نابێ یەکسەر حوکمی کافر بوون بدرێت، واتە ئەگەر -بۆ نموونە- حاکمەکە لە خاکی دەوڵەتی ئیسلامیدا باوەڕی تەواوی بە حوکمی دەست بڕین هەبوو کەچی حوکمی پێ نەکرد لەپێناوی بەرژەوەندیی خۆی یاخود لەپێناوی بەرژەوەندیی کەسەکە ئەوا لەو حاڵەتەدا کافر نییە، بەڵکو موسڵمانێکی فاسقە، یاخود موسڵمانێکی زاڵمە. بەڵام ئەگەر حوکمی دەست بڕین جێبەجێ نەکات لەبەر ئەوەی باوەڕی بە حوکمەکە نەبێ ئەوا بەبێ

گومان پێی کافر دەبێ؛ چونکە حوکمێکی شەرعیی ڕەتکردووەتەوە کە بەڵگەی ڕۆشنی لەسەرە.

بەڵگەش لەسەر ئەو سێ حاڵەتەی "فاسق" و "زاڵم" و "کافر" بریتییە لە هەر سێ ئایەتی الله: {... **ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الفاسقون**}(١). واتە: {... جا هەر کەسێک حوکم نەکات بەوەی کە الله دایبەزاندووە ئەوا ئەو کەسانە فاسقن}.

هەروەها: {... **ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الظالمون**}(٢). واتە: {... جا هەر کەسێک حوکم نەکات بەوەی کە الله دایبەزاندووە ئەوا ئەو کەسانە زاڵمن}.

هەروەها: {... **ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون**}(٣). واتە: {... جا هەر کەسێک حوکم نەکات بەوەی کە الله دایبەزاندووە ئەوا ئەو کەسانە کافرن}.

بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو حاڵەتەی "تاغوتی شەریعەت" و "الحكم بغير ما أنزل الله" تەنها دەبێ بزانین لە خاکەکەدا دەسەڵاتدارەکان چ شەریعەتێکیان سەروەر کردووە و دادوەرانیش حوکم بە چ شەریعەتێک دەکەن، ئەگەر زانرا لە خاکەکەدا شەریعەتێکی غەیری ئیسلام (وەکو دێمۆکڕاسیەت) سەروەرکراوە و

---

(١) سورەتی المائدة، ئایەی ٤٧.

(٢) سورەتی المائدة، ئایەی ٤٥.

(٣) سورەتی المائدة، ئایەی ٤٤.

حوکمی پێدەکرێ ئەوا بێگومان خاکەکە دارولکوفرە و دەسەڵاتدار و حاکمەکانیشی تاغوتپەرستن.

بەڵام ئەگەر بینیمان خاکەکە بە شەریعەتی الله بەڕێوەدەچێت و کێشەکانیش بە قورئان و سوننە یەکلا دەکرێنەوە نەک هیچ شەریعەتێکی دەستکرد و تاغوتی وەکو عەلمانیەت و دێمۆکراسیەت، ئەوا بێگومان خاکەکە دارولئیسلامە و دەسەڵاتدارانیشی وەلی ئەمرن و حاکمەکانیشی موسڵمانن ئەگەرچی کەموکوڕیشیان هەبێت.

مەلا دینفرۆشەکان ئەم دوو باسە لە خەڵک تێکەڵ دەکەن؛ تاکو دەسەڵاتداران بپارێزن لە تەکفیر کردن، بۆ ئەوەی خەڵک هەرگیز بیری بۆ شتێک نەچێت بەناوی "تاغوتی شەریعەت"، ئەوان چاک دەزانن ئەگەر خەڵک بزانن تاغوتی شەریعەت چییە ئەوا هیچیتر بەشداریی لە دروشمەکانی دێمۆکراسیەت ناکەن.

ناساندنی دێمۆکراسیەت و بنچینەکانی و دروشمەکانی لەگەڵ حوکمەکانیان

بابەتی یەکەم: سەرهەڵدان و مانای دێمۆکراسیەت.

دێمۆکراسیەت (Democracy) لە بنچینەدا لە دوو وشەی یۆنانی پێکهاتووە کە بریتین لە "Demos" کە بەمانای "گەل" دێت. هەروەها وشەی "Kratos" کە بەمانای "دەسەڵات" دێت.

کەواتە دێمۆکراسیەت: بریتییە لە حوکمڕانی کردنی گەلێک بە دەستی خۆیان، بەجۆرێک کە هیچ حوکم و هێزێک گەورەتر نەبێت لە حوکم و بڕیارەکانی گەلەکە.

دێمۆکراسیەت لەپاش ڕاپەڕینی فەڕەنسییەکان لە ساڵی ١٧٨٩ سەریهەڵدا؛ هەموو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بێزاربوونی خەڵک لە حوکمڕانییە پیس و چەوت و پووچەڵەکەی گاورە موشریکەکان، ئەوان ستەمێکی زۆریان لە خەڵک دەکرد و حەقی خەڵکیان بە ناحەق دەخوارد و خۆیان کردبووە پەروەردگار و خوای خەڵک: واتە ڕەهبان و پاپایەکان ئینجیلی ئەسڵیان دەشاردەوە و بەدڵی خۆیان شەریعەتیان دادەڕشت و خەڵکیان ناچار دەکرد تاکو گوێڕایەڵی حوکمە دەستکردەکانیان ببن لەکاتێکدا کەوا الله

شەریعەتێکی گونجاوی بۆیان ناردبوو بەڵام قەشەکان شاردیانەوە. کەواتە قەشەکان هەم خیانەتیان لە الله دەکرد و هەمیش خیانەتیان لە مرۆڤەکان دەکرد.

خەڵکەکەش هەڵسان بە بەرپاکردنی شۆڕش لەدژی قەشەکان، ئەوەبوو لەنێو گێژاوی کوفرێکەوە دەرهاتن و چوونە ناو گێژاوێکی تری کوفر! شەریعەتی دێمۆکراسیەتیان ڕاگەیاند و بڕیاریاندا ئیتر مرۆڤەکان خۆیان یاسا بۆخۆیان دابنێن ئەگەرچی یاسا و خواستەکانیان پێچەوانەی ئاینەکان بێت.

بەداخەوە، هەر ئەمەیە سەرئەنجامی خیانەت و شاردنەوەی پەیامی الله.

کەواتە زانیمان دێمۆکراسیەت بەمانای "حوکمی گەل" دێت، بەجۆرێک کە هیچ حوکمێک گەورەتر نییە لە حوکم و بڕیارەکانی گەلەکە.

با بزانین حوکمی ئەمە چییە...

دەڵێم: ڕێک بەپێچەوانەی شەریعەتی دێمۆکراسیەت، لە شەریعەتی ئیسلامدا گەل حاکم نییە و نابێ حوکمە شەرعییەکان دابڕێژێت، هەروەها حوکمەکانی گەل ناکەونە سەرووی هەموو حوکمێک، بەڵکو "شەریعەتی الله" لە حوکمی مرۆڤەکان گەورەترە، بۆیەش نابێ مرۆڤ هیچ حوکم و یاسایەک دابڕێژێت کەوا پێچەوانەی ئایاتەکانی الله بێت، بەڵام زۆر ئاساییە ئەگەر مرۆڤەکان

یاسا دابڕێژن لە بابەتە جۆراوجۆرەکانی ژیان، بەو مەرجەی یاساکە بەرهەڵستی شەریعەتی الله نەکات.

الله فەرموویەتی: {**إن الحكم إلا لله ...**}[1] واتە: {بەڕاستیی حوکمدان تەنها بۆ الله یە ...}. هەروەها فەرموویەتی: {**... ولا يشرك في حكمه أحدا**}[2] واتە: {... هیچ کەسێک بەشدار نییە لە حوکمەکانی ئەو -واتە الله}.

لەم ئایاتە پیرۆزانە -هەروەها ژمارەیەک ئایەتی تریش- دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە یەکێک لە کارە پەروەردگارییەکانی الله (واتە الربوبية) بریتییە لە یاسادانان و حاکمیەت. پێویستە لەو کارەدا مرۆڤەکان الله تەوحید بکەن، واتە: نابێ بەهیچ جۆرێک هاوبەش بۆ الله دابنێن لە یاسادانان (واتە التشريع) و حاکمیەت، هەروەک چۆن نابێ هاوبەش دابنێن لە پەرستن. هەر چ کەسێکیش باوەڕی وابێت کەوا مرۆڤەکانیش دەتوانن شەریعەتێکی بەرفراوان دابڕێژن بەبێ گەڕانەوەیان بۆ شەریعەتی الله، ئەوا بێگومان موشریکن، زانایان بەم جۆرە شیرکە دەڵێن (شرك الطاعة).

الله فەرموویەتی: {**... ألا له الخلق والأمر ...**}[3]، واتە: {... مەگەر هەموو دروستکردن و فەرمانێک هەر بۆ الله نییە؟ ...}. لەم ئایەتە پیرۆزەوە تێدەگەین ئەو زاتەی سیفەتی دروستکەر (خالق) ی

---

(١) سورەتی یوسف، ئایەی ٤٠.
(٢) سورەتی الكهف، ئایەی ٢٦.
(٣) سورەتی الأعراف، ئایەی ٥٤.

هەیە، هەر ئەویش شایەنی ئەوەیە شەریعەت و فەرمانەکان دەرکات و مرۆڤیش پابەندی بێت. کەچی دەبینین مرۆڤەکان ئەمڕۆ بەدوای کۆمەڵێک مرۆڤی یاسادانەر و پەرڵەمانتار کەوتوون کە هاوشێوەی ئەوان مرۆڤن! توانای دروست کردنی بوونەوەرێکیان نییە!، ئاگایان لە چۆنیەتی دروستبوونی خۆیشیان نەبووە! کەچی ئەوەتا خۆیان کردووەتە دانەری شەریعەت و یاسا و فەرمانە دەستکردەکان! خەڵکەکەش خۆشیان دەوێن و پەنجەی شایەتومانیان بۆ مۆر دەکەن و دەیانپەرستن!

کەوابێ هەر کەسێک باوەڕی بە "حوکمی گەل" هەبوو، واتە باوەڕی وابوو کە مرۆڤەکان هێز و توانایان هەیە تاکو یاسادابنێن لە هەموو ڕوویێکەوە بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ هیچ سنوورێک، ئەوا بێگومان ئەو کەسە موشریکە و شیرکەکەیشی گەورەیە؛ چونکە زانایان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە هەر جۆرە شیرکێک کەوا لە قورئان باسکرابوو ئەوا شیرکی گەورەیە و ئەنجامدەرەکەی پێی لە دین دەچێتە دەرەوە بەبێ هیچ عوزرێک، ئەگەرچی جاهیل بێت و نەشزانێ کارەکەی کوفرە، ئەگەرچی خۆیشی بە موسڵمان بزانێ، ئایاتەکانی لاپەڕی پێشوو باشترین بەڵگەن لەسەر تاک و تەنهایی الله لەڕووی یاسادانان و داڕشتنی شەریعەت. مرۆڤیش لەو کارەدا هیچ ڕۆڵی نییە.

بابەتی دووەم: پاڵنەرەکانی چەسپاندنی دێمۆکڕاسیەت لە خاکی موسڵمانان.

پاڵنەری یەکەم: مەلایە دینفرۆشەکان (علماء السوء).

بێگومان کارێکی وا ئاسان نییە کەوا شەریعەتێکی وەکو دێمۆکڕاسیەت بچەسپێت لەناو قەومێک کە شانازیی بە دینەکەی الله بکەن! بەڵام کۆمەڵێک پاڵنەر هەن ئەگەر لەناو هەر قەومێکدا هەبوون ئەوا بە ئاسانیی دێمۆکڕاسیخوازەکان ئەو قەومە دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی شەریعەتە پیسەکەیان.

ئەی قەومەکەم، ئەی قەومی کورد، بەڕاستیی ئەم پاڵنەرانەی باسیان دەکەم وەکو دەرد و نەخۆشین، لەناو هەر قەومێکدا ئەم نەخۆشییانە بوونیان هەبێت ئەوا ئیللا دەکەونە بەر شاڵاوی دێمۆکڕاسیەت یاخود هەر شەریعەتێکی تری تاغوت. بێگومان ئەم نەخۆشییانە لەناو قەومی کورد هەبوون و ئێستاش ماون بۆیەش دێمۆکڕاسیەت بەسەرتان سەپێندراوە، با بزانین چین...

جا گرینگترین و یەکەمین پاڵنەر بۆ ئەوەی دێمۆکڕاسیەت -یاخود هەر شەریعەتێکی تاغوتی تر- لەناو خاکی موسڵمانان خۆی بسەپێنێت بریتییە لە بوونی مەلایە دینفرۆشەکان (علماء السوء).

دەتوانین پێناسەیان بکەین بەوەی: کەسانێکن کە الله حیکمەت و زانستی شەڕعیی بەشێوازێکی فراوان پێداون و دەتوانن بەتەواویی

قەومەکەیان هۆشیار بکەنەوە و شارەزایان بکەن لە دینەکەی الله، بەڵام لەبەر ئەوەی تەقوای الله لەدڵیاندا نییە، بۆیەش دینەکە بۆ قەومەکەیان باس ناکەن و لێیانی دەشارنەوە، لە هەمان کاتیشدا قەومەکەیان گومڕا دەکەن، حەق دەکەن بە ناحەق، ناحەقیش دەکەن بە حەق. جا بەهۆی ترسەوە بێت، یاخود بەهۆی وەرگرتنی پارە بێت لە دەسەڵاتدارە ستەمکار و تاغوتەکانیان، یاخود هەر هۆکارێکی تر.

الله -تبارك وتعالى- باسی زاناکانی جولەکە و گاورەکانمان بۆ دەکات؛ تاکو زاناکانی ئیسلام عیبرەتی لێ وەرگرن و خیانەت لە قەومەکانیان نەکەن و دینەکە وەکو خۆی بگەیەنن و نەیشارنەوە، هەروەک فەرموویەتی: {**وإذ أخذ الله ميثاق الذين أوتوا الكتاب لتبيننه للناس ولا تكتمونه فنبذوه وراء ظهورهم واشتروا به ثمنا قليلا فبئس ما يشترون**}[١] واتە: {جا ئەو کاتەی الله پەیمانی لەو کەسانە وەگرت کە زانستی کتێبەکانیان هەبوو (واتە تەوڕات و ئینجیل) بەوەی کە -زانستەکەیان- بۆ خەڵک ڕوون بکەنەوە و نەیشارنەوە، کەچی خستیانە سەر پشتی خۆیان و فرۆشتیان بە نرخێکی کەم، ئای کە خراپ و بێسوودە ئەو شتەی کڕیویانە}.

هەروەها الله فەرموویەتی: {**إن الذين يكتمون ما أنزل الله من الكتاب ويشترون به ثمنا قليلا أولئك ما يأكلون في بطونهم إلا النار ولا يكلمهم الله يوم القيامة ولا يزكيهم ولهم عذاب أليم**}[٢] واتە:

---

(١) سوڕەتی آل عمران، ئایەی ١٨٧.

(٢) سوڕەتی البقرة، ئایەی ١٧٤.

{بەڕاستیی ئەو کەسانەی کەوا ئەو زانستە دەشارنەوە کە الله لەناو کتێبەکەی دایبەزاند (واتە تەوڕات)، هەروەها دەیفرۆشن بە نرخێکی کەم، ئەوا ئەو کەسانە هیچ ناخۆن لەناو سکیان جگە لە ئاگر، هەروەها الله لە ڕۆژی هەڵسانەوە (القيامة) قسەیان لەگەڵ ناکات و پاکیان ناکاتەوە -لە تاوانەکانیان- هەروەها سزای بەئێشیان بۆ هەیە}.

هەروەها الله -عز وجل- دەفەرمووێ: {**الذين ءاتيناهم الكتاب يعرفونه كما يعرفون أبنآءهم وإن فريقا منهم ليكتمون الحق وهم يعلمون**}[1]. واتە: {ئەوانەی کە کتێبمان پێدابوون (واتە قەشە و حاخامەکان) چاک پێغەمبەر دەناسن هەروەک چۆن منداڵەکانیان دەناسن، بەڕاستیی کۆمەڵێکیان حەق دەشارنەوە لەکاتێکدا دەشزانن حەقە}.

ئەوەتا ئەی قەومەکەم، وەک بینیتان الله چۆن باسی حاخام و قەشەکانمان بۆ دەکات، پێمان ڕادەگەیەنێت زانستێکی زۆریان هەبوو لەبارەی تەوڕات و ئینجیل، تەنانەت دەیانزانی پێغەمبەرمان -صلى الله عليه وسلم- لەسەر حەقە، بەڵام خیانەتیان لە الله کرد و شاردیانەوە لەپێناوی بڕێکی کەم لە ماڵی دونیا. بێگومان الله لە دوو ئایەتەکەدا وەسفی ماڵی دونیای بە "ثمنا قليلا" کردووە؛ ئەمەش چونکە حاخام و قەشەکان ئەگەر بەقەد ئەم زەویەش ماڵ و سامان

(١) سورەتی البقرة، ئایەی ١٤٦.

بەدەست بهێنن بەهۆی شاردنەوەی دینەکەیان، ئەوا هێشتا نرخەکەی هیچ نییە بەبەراورد بەم کتێبانەی بۆیان دابەزیبوو، بۆیەش سەرئەنجام لە دونیا و دوارۆژدا ڕیسوا دەبن.

جا ئەی قەومەکەم، توندترین هۆشداریتان پێدەدەم، بەڕاستی لەناو ئوممەتی محمد دا ئەم جۆرە مەلایانە زۆر زۆرن کە لەسەر ڕێچکە پیسەکەی گاور و جولەکەن، جا نەکەن سەرسام بن بە سیمای مەلاکان، نەکەن هەڵخەڵەتێن بن بە عەمامە و جبەکانیان، نەکەن سەرسام بن بە ڕیش و گوفتارە بریقەدارەکانیان، نەکەن سەرسام بن بە گریان و فرمێسکەکانیان، نەکەن سەرسام بن بە زۆریی ژمارەی کتێب و دەرسەکانیان. بەڵکو خۆیان و دەرس و کتێبەکانیان هەڵسەنگێنن و بەراوردیان بکەن بە قورئان و سوننە، بزانن ئایا بانگەوازی تەوحید دەکەن یان نا، بزانن خەڵک فێر دەکەن کەوا چۆن کوفر بە تاغوت بکەن یاخود نا. بزانن هەرگیز بەهۆی بانگەوازەوە تووشی ئازار و ناڕەحەتیی و ئەشکەنجە بوونەتەوە یان نا. ئەگەر هەرگیز باسی تەوحیدیان بۆ خەڵک نەکردبوو ئەوا لێیان بترسن و لێیان دوور بن؛ چونکە ئەمانە بازرگانیی بە شەریعەتەکەی الله دەکەن هاوشێوەی حاخام و قەشەکان.

لەوانەیە خوێنەر بپرسێ: مەلایە دینفرۆشەکان چۆن ڕۆڵ دەبینن لە چەسپاندنی دێمۆکڕاسیەت؟!

له وەڵامدا دەڵێم: ئەو مەلایانە بە دوو شێواز دەبنە هۆکاری چەسپانی دێمۆکڕاسیەت، یەکەم: بە شێوازی ناڕاستەوخۆ. دووەم: بەشێوازی ڕاستەوخۆ.

یەکەم: شێوازی ناڕاستەوخۆ: لەم حاڵەتەدا مەلایە دینفرۆشەکە بەهۆی کۆمەڵێک کردەوەی خۆیەوە خەڵکەکە لە شەریعەتی الله دوور دەخاتەوە بەرەو دێمۆکڕاسیەتی تاغوت. ئەمەش بەم ڕێگایانە:

١- مەلا دینفرۆشەکان یەکەم کاریان ئەوەیە کە تەوحید لە خەڵک دەشارنەوە. لەوانەیە بپرسن و بڵێن: تەوحید پەیوەندیی چی هەیە بە دێمۆکڕاسیەت؟! لە وەڵامدا دەڵێم: پەیوەندیی تەواوی پێی هەیە؛ چونکە هیچ کەسێک نابێتە موسڵمان بەبێ تەوحید، تەوحیدیش دروست نابێت تاکو کەسەکە کوفر بە تاغوت نەکات هەروەک الله فەرموویەتی: {**... فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقى ...**}[1]. واتە: {... جا هەر کەسێک کوفر بە تاغوت بکات و ئیمان بە الله بهێنێت ئەوا بێگومان خۆی گرتووە بە پەتێکی پتەو ...}. بێگومان جۆرێکی تاغوتیش بریتییە لە "تاغوتی شەریعەت"، ئەمەش بە پوختیی لە لاپەڕی ٨ باسکرا. جا دێمۆکڕاسیەتیش شەریعەتێکی تاغوتە هەروەک باسم کرد، کەواتە دەپرسم: چۆن بە کەسێک دەگووترێت موسڵمان و موەحید لەکاتێکدا ئەو کەسە کوفری بە دێمۆکڕاسیەت نەکردووە؟!

---

(١) سورەتی البقرة، ئایەی ٢٥٦.

جا ئەم کردەوەیەی مەلایە دینفرۆشەکان زۆر ترسناکە و هاندەرێکی چاکە بۆ ئەوەی ئەم قەومە بە ئاسانیی تەسلیمی شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتی تاغوت بن؛ چونکە لەوەو پێش هیچ شتێکیان نەبیستووە و نازانن هەموو شەریعەتێک تاغوتە جگە لە شەریعەتی الله. بەڵکو مەلایە فێڵبازەکە هەر ئاوای فێرکردوون کەوا بڵێن "لا إله إلا الله" ئەوا ئیماندارن و هەرگیز ئیمانیان هەڵناوەشێتەوە مەگەر بڵێن خوا بوونی نییە!!

٢- لەدوای ئەوەی ئەم مەلایە دینفرۆشانە تەوحیدیان لە خەڵک شاردەوە لەکاتێکدا ئەسڵ و بناغەی موسڵمانێتیە، ئیتر مەشغوڵیان دەکەن بە کۆمەڵێک بابەتی تر کەوا بچووکن لە ئاستی تەوحید، بەجۆرێک کە ئەگەر خەڵک ئەنجامیشیان بدات ئەوا لێیان قەبوڵ ناکرێت؛ چونکە تەوحیدیان نییە. وەکو: نوێژ و ڕۆژوو و ئادابەکانی سەفەر و تەجوید و ڕیش و پانتۆڵی کورت و نیقاب و هتد...، ئەمانە کۆمەڵێک بابەتی شەڕعین کە دەکەونە دوای زانینی تەوحید، خۆ ئەگەر کەسێک نەزانێت تەوحید چییە کەچی خۆی بە نوێژ و ڕۆژوو و تەجوید خەریک بکات ئەوا با چاک بزانێت هیچی لێ قەبوڵ ناکرێت؛ چونکە الله فەرموویەتی {**فاعلم أنه لا إله إلا الله واستغفر لذنبك ...**}[١]. واتە: {- ئەی محمد- جارێ چاک بزانە کەوا هیچ پەرستراوێک نییە جگە لە الله و -ئینجا- داوای لێخۆشبوون بکە بۆ تاوانەکانت ...}.

---

(١) سورەتی محمد، ئایەی ١٩.

ئەوەتا بە ئاشکرا الله پێمان ڕادەگەیەنێت کەوا زانینی تەوحید و ئەسڵەکانی ئیمان دەکەوێتە پێش ئەنجامدانی عیبادەتەکان. ئەی قەومەکەم، مەلایە دینفرۆشەکان بەوە بناسنەوە کە بەپێچەوانەی ئەم ئایەتە دەجووڵێنەوە، واتە خەڵکیان مەشغوڵ کردووە بە کۆمەڵێک بابەت، کەچی تەوحید و بناغەکانی ئیمان لە خەڵک دەشارنەوە!

ئەم کارەی مەلایە دینفرۆشەکان کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر خەڵک هەبووە، وەک بینیومانە کەسانێک مومارەسەی دروشمەکانی دێمۆکراسیەت دەکەن، بۆ نموونە دەچن و پەنجەیان مۆر دەکەن و دەنگ دەدەن، کاتێکیش هۆشدارییان پێدەدەی و پێیان دەڵێیت ئێوە کافربوونە بەهۆی مومارەسەکردنی شەریعەتێکی تاغوت، ئیتر پێت دەڵێن: کاکە ئەوەتا ڕیشدارین، کاکە ئەوەتا دەڵێین لا إله إلا الله، کاکە ئەوەتا نوێژکەرین. ئیتر بۆچی تەکفیرمان دەکەی؟!

ئەمەش بەرهەمی پەروەردەی ئەم جۆرە مەلایە دینفرۆشانەیە کە خەڵک فێردەکەن تا وابزانن ئیسلام واتە نوێژ و ڕۆژوو. کەچی بانگەوازی تێکڕای پێغەمبەران -عليهم الصلاة والسلام- بۆ تەوحید و کوفر بە تاغوت بووە، هەروەک الله فەرموویەتی: {**ولقد بعثنا في كل أمة رسولا أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت ...**}[١]. واتە: {بەڕاستیی ئێمە لەناو هەموو ئوممەتێک نێردراوێکمان ناردووە کە -پێیان دەڵێت-: الله بپەرستن و دوورکەونەوە لە تاغوت ...}.

---

(١) سورەتی النحل، ئایەی ٣٦.

٣- کردەوەیەکی تری مەلایە دینفرۆشەکان ئەوەیە کە حیکمەت و زانستەکەیان بەکاردێنن بۆ ئەوەی پارەی خەڵک بەدەست بهێنن، دەبینین بە خەڵک دەڵێن: فڵانە کۆمەڵە بکوژن و کارەکەتان جیهادە و شەهیدن. کەچی خۆیان لەماڵەوە دانیشتوون و لە ژیانیاندا جیهادیان نەکردووە! یاخود پێشگری "شێخ" و "سەید" بەخۆیانەوە دەلکێنن و خەڵکە گومڕا و موشریکەکەش دێنە لایان و لێیان دەپاڕێنەوە و نوشتە و دوعایان لێ وەردەگرن! یاخود تیایاندایە کەوا زۆر زۆر دژی ئافرەتن! بەجۆرێک کە ئازاری ئافرەتیان داوە لەسەر چەند تاوانێکی بچووک کەوا ئەسڵەن لە ئیسلامدا ئافرەتەکە شایەنی سزا نەبووە! یاخود جیاوازییان دەکرد لەنێوان کوڕ و کچ لە بابەتەکانی وەکو خوێندن و گرینگی پێدان و هتد...، یاخود ئەم مەلایە فێڵبازانە خەڵک دەترسێنن و دەڵێن: خەڵکینە نەکەن خۆتان بە زانستە دونیاییەکان مەشغوڵ بکەن، ئەمانە عیلمی شەیتانن و حەڕامە و نابێ بخوێندرێ! یاخود دەڵێن تەلەفیزیۆن حەڕامە!

ئەم کارە سەیروسەمەرانە هیچیان لە ئیسلامدا بوونیان نییە، بەڵکو ئەو مەلایە دینفرۆشانە لەسەر خەڵکی دەیکەنە دین، بەمەش خەڵکێکی زۆر لەناو قەومەکە ڕقیان لە مەلاکان دەبێتەوە و ڕقیان لە دینیش دەبێتەوە. جا ئەم قەومە هێندە جاهیلیشن کە ناتوانن بچن و خۆیان قورئان بخوێننەوە تاکو ڕاستییەکانیان بۆ دەرکەوێت، هەر بۆیەش ڕوو لە شەریعەتێکی دەستکردی وەکو دێمۆکڕاسیەت دەکەن.

دووەم: شێوازی ڕاستەوخۆ: لەم حاڵەتەدا مەلایە دینفرۆشەکە هەر خۆی بە شانازییەوە باوەڕی بە دێمۆکڕاسیەت هەیە و خەڵکی بۆ هان دەدات! و پێیان دەڵێت: ئیسلام هیچ کێشەیەکی لەگەڵ دێمۆکڕاسیەت نییە!. ئیتر چەند ئایەت و فەرموودەیەک تەئویل دەکات و قەناعەت بەم قەومە دەهێنێت و ئیتر لەسەر بنەمای فەتوای ئەم مەلایە دینفرۆشە خەڵک دەچنە سەر سندوقەکان و پەنجەیان مۆر دەکەن وادەزانن جیهادە!

ئەم مەلایانەش دوو جۆریان هەیە:

جۆری یەکەم: مەلاکە خۆی باوەڕی بە دێمۆکڕاسیەت هەیە و شانازیشی پێوە دەکات و بەناوی ئیسلامەوە فەتوا دەدات و دەڵێت دێمۆکڕاسیەت و ئیسلام هیچ جیاوازیان نییە. ئیخوانە تاغوتپەرستەکان باشترین نموونەن. لە کوردستانیشدا ئەم ئیخوانییانە بەسەر سێ حیزب دابەش بوونە: کۆمەڵ، یەکگرتوو، بزووتنەوە.

ئاگاداریان بن قەومەکەم، بەڕاستی ئەمانە زۆر ترسناکترن لە پارتی و یەکێتی تاغوتپەرست؛ چونکە دوو پێڵاوەکەی ئەمریکا (پارتی و یەکێتی) مومارەسەی دێمۆکڕاسیەت دەکەن و حیساب بۆ ئیسلام ناکەن، کەچی ئەم حیزبە ئیخوانییانە بەناوی ئیسلامەوە مومارەسەی دێمۆکڕاسیەت دەکەن و چەناد ئایات و فەرموودەیەک

تەئویل دەکەن! هەمیشە گومان دەخەنە دڵی عەبدە جاهیلەکان؛ بۆ ئەوەی دێمۆکڕاسیەتی تاغوت لەدڵی ئەم قەومە ساویلکەیە شیرین بکەن، لەم کتێبەدا بەشێکی تەواو تەرخان کراوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ئایەت و فەرموودانەی کەوا -بەحیسابی خۆیان- کردوویانەتە بەڵگە بۆ شەرعیەتدان بە دێمۆکڕاسیەت!

جۆری دووەم: مەلایە دینفرۆشەکە دەڵێت دێمۆکڕاسیەت کوفرە، بەڵام ئەوەی مومارەسەی دێمۆکڕاسیەت بکات ئەوا کافر نییە و موسڵمانە! سبحان الله! کەسێک مومارەسەی تاغوت بکات و موسڵمانیش بێت! ئەمەیان لە لاپەڕی ٨ بەپوختیی ڕوونکرایەوە کەوا ئەستەمە کەسێک هەبێت و باوەڕی بە جۆرێک لە جۆرەکانی تاغوت هەبێت کەچی موسڵمانیش بێت! کەچی ئەم کۆمەڵێک مەلای دینفرۆش هەن عەقیدەیان ئاوایە.

ئەی قەومەکەم، وریابن، باشترین نموونەی ئەم جۆرە مەلایە دینفرۆشانە بریتین لە بەناو سەلەفییەکان. لە بەشی وەڵامدانەوەی شوبهەکاندا بەئیزنی الله وەڵامی بەڵگەکانیان دەدرێتەوە. لێرە هیچ ناڵێم تەنها بە کورتیی باسم کرد.

بابەتی دووەم: پاڵنەرەکانی چەسپاندنی دیمۆکڕاسیەت لە خاکی موسڵمانان.

پاڵنەری دووەم: دەسەڵاتدارە خۆسەپێنەر و ستەمکارەکان.

لەدوای مەلایە دینفرۆش و خائینەکان، ئیتر دەسەڵاتدارە خۆسەپێنەرە ستەمکارەکان بە پلەی دووەم ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لەوەی کە خەڵک بە ئاڕاستەی دیمۆکڕاسیەت بڕۆن.

ئەم دەسەڵاتدارانە کۆمەڵێک کەسن کە دیمۆکڕاسیخواز نین بەڵام حوکم بە شەریعەتی الله ناکەن، واتە کەسانێکی خۆسەپێنەری تاغوتن وەکو فیڕعەون، بە زەبری هێز و ئەمن و ئاسایش خۆیان سەپاندووە و قەومەکانیان دەچەوسێننەوە و ستەمیان لێدەکەن. کۆمەڵێک لە مەلایە دینفرۆشەکان پاڵپشتیان دەکەن و بوونەتە داروودەستەی ئەم دەسەڵاتدارە فیڕعەون و تاغوتانە.

هەر کاتێکیش زانایەکی ئەهلی تەوحید بانگەوازی ئەو دەسەڵاتدارە تاغوتە بکات و بیترسێنێ و پێی بڵێ تەسلیمی الله ببە، ئەوا بەپەلە ئەم دەسەڵاتدارە لەڕێگای داروودەستەکەیەوە خوێنی ئەم زانایە موەحیدە دەڕێژن یاخود دەیخەنە زیندان و ناهێڵن دەنگی بگاتە لای کەس؛ ئەمەش بۆ ئەوەی خەڵک بەهەموو شێوەیەک بێ ئاگا بن لە حەقیقەتی تەوحید و دینەکەیان.

بەڵگەشمان زۆرە لە قورئاندا کەوا قەومە خۆسەپێنەرە تاغوتەکانچیان بەسەر پێغەمبەران هێناوە و چەندە هەڕەشەیان لێکردوون:

ئەوەتا خەریک بوو پێغەمبەر إبراهیم -صلی الله علیه وسلم- بەرد باران بکەن[1]، دواتر بردیانە ناو ئاگر و هەوڵیاندا بیسووتێنن بەڵام الله -تبارك وتعالی- ڕزگاری کرد[2]، ئەوەتا خەریک بوو پێغەمبەر شعیب -علیه الصلاة والسلام- بەرد باران بکەن[3]، ئەوەتا خەریک بوو سێ پێغەمبەرەکەی ناوچەی ئەنتاکیە بەرد باران بکرێن[4]، بەهەمان شێوە هەڕەشەی بەرد باران کردن لە پێغەمبەر نوح کرا[5]، ئەوەتا کاتێک فیرعەون هیچی بۆ نەمایەوە، هەڕەشەی بەند کردنی لە پێغەمبەر موسا کرد[6]، دواتر هەر بەمەش نەوەستا، کە بینی ژمارەی ئەهلی تەوحید و ئیمان زۆر بوونە، ئەوە بوو گووتی: دەست و قاچەکانتان دەبڕم، دواتریش لە خاچتان دەدەم[7]، ئەوەتا نەوەکانی ئیسرائیل دەستیان بە خوێنی پێغەمبەران سوور ببوو! [8]، ئەوەتا قەومەکانی پێشووش کاتێک پێغەمبەرەکانیان بانگەوازیان

(١) سوڕەتی مريم، ئایەی ٤٦.
(٢) سوڕەتی الأنبياء، ئایەی ٦٨ و ٦٩.
(٣) سوڕەتی هود، ئایەی ٩١.
(٤) سوڕەتی يس، ئایەی ١٨.
(٥) سوڕەتی الشعراء، ئایەی ١١٦.
(٦) سوڕەتی الشعراء، ئایەی ٢٩.
(٧) سوڕەتی الأعراف، ئایەی ١٢٤.
(٨) سوڕەتی آل عمران، ئایەی ١١٢.

دەکردن ئەوانیش هەڕەشەی دەرکردنیان لێدەکردن[1]، بەتایبەت کە قەومی لوط بڕیاریاندا بە دەرکردنی لوط و ئیمانداران[2]، ئەوەتا بەسەرهاتی حەوت گەنجەکە (أصحاب الكهف) ئاشکرایە کە بەهۆی بانگەوازکردنەوە خەریک بوو قەومەکەیان بەرد بارانیان بکەن[3] بەڵام پێشوەختە الله -عز وجل- وەحی بۆیان نارد و ڕایانکردە ئەشکەوت لەگەڵ سەگەکەیان[4]، ئەوەتا کەسانێک لە قەومەکانی پێشوو ئێسک و گۆشتیان لەیەکتر جیا دەکرایەوە و بە مشار و ئامێری تیژ دەیانکوشتن تەنها بەهۆی بانگەوازەکەیان[5]، ئەمە جگە لەوەی کەوا کافرانی مەککە پلانیان دانابوو تاکو پێغەمبەری خۆشەویستمان بەند بکەن، یان دەربەدەری بکەن، یاخود بیکوژن[6].

ئەم هەموو پێغەمبەرە پایەدارە -صلى الله عليهم وسلم- لەلایەن قەومە تاغوت و خۆسەپێنەرەکانیان دەمکوت دەکران و لەناو دەبران؛ تەنها لەبەر ئەوەی بانگەوازی تەوحیدیان دەکرد و قەومەکانیان دەترساند.

---

(١) سورەتی إبراهيم، ئایەی ١٣.

(٢) سورەتی النمل، ئایەی ٥٦.

(٣) سورەتی الكهف، ئایەی ٢٠.

(٤) سورەتی الكهف، ئایەی ١٦.

(٥) کتێبی صحيح البخاري > كتاب المناقب > باب علامات النبوة في الإسلام > فەرموودەی ژمارە: ٣٦١٢.

(٦) سورەتی الأنفال، ئایەی ٣٠.

جا کاتێک زانایە موەحید و حەقبێژەکان نەمان یاخود دەستبەسەر کران، ئەوا خەڵک بەتەواویی گومڕا دەبن و کەسیان نییە ڕێنموورییان بکات بەرەو حەق، بۆیەش ئیتر ئەو خەڵکە بێکەس دەبن و شەیتانیش دەیانخاتە تەڵەی خۆی. هەروەک هاوەڵی خۆشەویست سەلمانی فارسی -رضي الله عنه- فەرموویەتی: «**لا يزال الناس بخير ما بقي الأول حتى يتعلم الآخر، فإذا هلك الأول قبل أن يتعلم الآخر، هلك الناس**»(١). واتە: «**خەڵک لەسەر خێر و هیدایەت دەبن تا ئەو کاتەی خەڵکەکە خۆیان لە پێشینەکان فێربکەن، جا ئەگەر پێشینەکان لەناوچوون بەر لە فێربوونی خەڵکەکە، ئەوا خەڵکەکە لەناودەچن**». مەبەستی ئەم هاوەڵە ئەوەیە: خەڵک تا ئەو کاتە لەسەر هیدایەت دەبن کە زاناکان لەناویان بن و خۆیان لێوە فێربکەن، بەڵام ئەگەر زاناکان لەناویان نەمان و خەڵکەکەش هیچ شتێک فێر نەببوون، ئەوا ئەو خەڵکە بەتەواویی لەناو دەچن.

کەواتە: دەسەڵاتدارە تاغوتەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لەوەی خەڵک ڕابکەن بەرەو دێمۆکڕاسیەت! لەلایەکەوە زاناکان و بانگخوازە ڕاستبێژەکان دەکوژن و لە لایەکی تریشەوە ستەم لە خەڵکەکە دەکەن، بەمەش قەومەکە هیچ ئاگاداری شەریعەتی الله نابن و ئاواتەخوازن ژیانی دونیایان خۆشبێت و بیریان لای دواڕۆژ

---

(١) کتێبی سنن الدارمي > المقدمة > باب في ذهاب العلم > فەرموودەی ژمارە: ٢٥٥.

نییە، ئیتر بەوپەڕی کوێرایەتییەوە ڕادەکەن بەرەو شەریعەتێکی تاغوت، ئەویش دێمۆکڕاسیەتە.

بابەتی دووەم: پاڵنەرەکانی چەسپاندنی دیمۆکڕاسیەت لە خاکی موسڵمانان.

پاڵنەری سێیەم: هەوڵ نەدانی خەڵک بۆ بەدەستهێنانی زانستی شەرعیی.

زانیمان کەوا مەلایە گومڕاکەرەکان و دەسەڵاتدارە خۆسەپێنەرەکان پێکەوە دەبنە هۆکارێکی بەهێز تاکو خەڵک شەریعەتی دیمۆکڕاسیەتی تاغوت قەبوڵ بکات.

بەڵام ئەم دووانە بەتەنها هۆکار نین، بەڵکو کەمتەرخەمیی خودی قەومەکە هۆکارێکی زۆر بەهێزە بۆ چەسپانی دیمۆکڕاسیەت لە خاکەکەیان؛ چونکە ئەم خەڵکە بەتەواویی خۆیان دابڕاندووە لە دینەکەی الله، ئەوەتا قورئان لەناوماڵەکانیانە، کتێبەکانی فەرموودە هەموویان لەبەردەستن، هەر فەرموودەیەکیش ناڕوون بێت ئەوا زانایانی ئەهلی سوننە ڕوونیان کردووەتەوە و لە ئینتەرنێتەوە زانیاری تەواوت دەست دەکەوێت، کەچی هێشتا ئەم قەومە ئامادەی بەدەستهێنانی زانستی شەرعیی نەبوون.

هاوەڵی پایەدار عبدالله بن مسعود -رضي الله عنه- دەفەرمووێت: «**اغدوا عالما أو متعلما أو مستمعا، ولا تكن الرابع فتهلك**»[1]. واتە: «**ببە زانا، یاخود ببە فێرخواز، یاخود ببە گوێگر، بەڵام مەبە چوارەمیان؛ ئەگینا لەناودەچیت**».

---

(١) کتێبی سنن الدارمي > المقدمة > باب في ذهاب العلم > فەرموودەی ژمارە: ٢٥٤.

لەوانەیە ئەم قەومە هەموویان نەتوانن ببن بە زانا، بەڵام خۆ زۆربەیان دەیانتوانی ببن بە قوتابی و فێرخواز (متعلم)، کەچی نەیانکرد. تەنانەت خۆ دەیانتوانی تەنها ببن بە گوێگر (مستمع)، واتە تەنها کتێبی زانایان بخوێننەوە و گوێ لە دەرس و وتارە تۆمارکراوەکانیان بگرن. کەچی ئەوەندەشیان نەکرد. هەر بۆیەش دەبینین ئەم قەومە بەتەواویی دابڕان لە دینەکەی الله، بۆیەش گوفتارەکەی عبدالله بن مسعود لەسەریان جێبەجێ بوو، ئەوەتا بوونەتە قەومێکی زیادەڕۆ لە خۆشەویستیی دونیا و پارە، ئەگەر شەریعەتی پەروەردگاریان ببیستایە ئەوا لە دڵیان گران و ناخۆش بوو، بۆیەش شەیتان شەریعەتێکی بۆیان بەرجەستە کرد کەوا هاوشێوەی خوڕەوشتی خۆیانە، ئەویش شەریعەتی دیمۆکڕاسیەتی تاغوتە.

هەر بۆیەش الله پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئەگەر هەر قەومێک دەیەوێت خۆشگوزەران بێت و دڵیان ئاسوودە بێت و الله لێیان ڕازی بێت، ئەوا پێویستە لە خۆیانەوە دەست پێبکەن و تەسلیمی شەریعەتەکەی الله ببن و وازبهێنن لە شەریعەتە تاغوتەکان، وەک فەرموویەتی: {**... إن الله لا يغير ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم ...**}[١]. واتە: {... بەڕاستیی الله بارودۆخی هیچ قەومێک ناگۆڕێت تاکو خۆیان بارودۆخی نەفسی خۆیان نەگۆڕن ...}.

---

(١) سورەتی الرعد، ئایەی ١١.

ئەمە یاسای الله یە، هەر کاتێک عەبدەکانی زیادەڕۆیی بکەن لە کار و پارە و خۆشەویستی دونیا، ئەوا ئیللا زەلیل و سەرشۆڕ دەبن و هەرگیز ئەم سەرشۆڕییەش یاخەیان بەرنادات تاکو حاڵ و بارودۆخیان نەگۆڕن و تەسلیمی الله نەبنەوە. هەروەک نێردراوی الله فەرموویەتی «**إذا تبايعتم بالعينة، وأخذتم أذناب البقر، ورضيتم بالزرع، وتركتم الجهاد، سلط الله عليكم ذلا لا ينزعه حتى تراجعوا إلى دينكم**»[١]. واتە: «**ئەگەر کڕین و فرۆشتنتان بەشێوازی "العينة"[٢] کرد، هەروەها کەوتنە دوای کلکی چێڵەکان، هەروەها ڕازی بوون بە کشتوکاڵ، هەروەها دەستبەرداری جیهاد بوون، ئەوا الله سەرشۆڕییەکتان بەسەردا دەسەپێنێ و لاینادات تاکو نەگەڕێنەوە بۆ دینەکەتان**».

بەڵێ ئەی قەومەکەم، بەڕاستیی ئێوەش زۆر بەتوندیی ئەم دونیایەتان گرتووە، و هەمیشە بیرتان لەلای ماڵ و پارە و کارکردنە، بەجۆرێک کە لەپێناوی دونیادا پشتتان هەڵکردووە لە الله و نێردراوەکەی و کتێبەکەی و شەریعەتەکەی. ئەسڵەن ئاگاتان لە تەوحید نەماوە، چ جای ئەوەی باسی جیهادتان بۆ بکرێت، گەورەترین خەمتان بریتییە لە پارە و ژیانی دونیا، هەر بۆیەش بەداخەوە ئەمەیە حاڵتان بۆیەش الله تووشی زەلیلی و سەرلێشێوانی کردوون! دەبینین دەوڵەتانی کوفری وەکو ئەمریکا و ڕووسیا و

---

(١) کتێبی سنن أبي داود > كتاب البيوع > باب النهي عن العينة > فەرموودەی ژمارە: ٣٤٦٢.
(٢) العينة: جۆرێکە لە کڕین و فرۆشتنی ڕیبا. لە کتێبە فیقهییەکان باسکراوە.

ئیسرائیل بە ئارەزووی خۆیان بەکارتان دەهێنن و بەکوشتنتان دەدەن و دواتریش خۆتان و خاکەکەشتان دەفرۆشن، کەچی ئێوە هەر پێیان سەرسامن و ڕقیشتان لە ئەهلی تەوحید دەبێتەوە کاتێک بانگەوازتان دەکەن.

الله -تبارك وتعالى- لەبەر ئەم کردەوانەتان دڵەکانتان وەردەگێڕێتەوە و حەق و ناحەقتان لێ تێکەڵ دەکات، بەمەش هەر لەخۆتانەوە ڕقتان لە شەریعەتی الله دەبێتەوە و ئارەزووی شەریعەتێکی تاغوتی وەکو دیمۆکراسیەت دەکەن! چاکیش بزانن الله زوڵم لە عەبدەکانی ناکات، ئەوە عەبدەکانن دەستپێشخەرن و زوڵم لە نەفسی خۆیان دەکەن، هەروەک دەفەرمووێ: {**ذلك بما قدمت أيديكم وأن الله ليس بظلام للعبيد**}[1]. واتە: {ئەمەی کە بەسەرتان هات بەهۆی دەستپێشخەریی و کردەوەکانی خۆتانەوە بووە، بەڕاستی الله ستەمکار نییە لە بەرامبەر عەبدەکانی}.

---

(١) سورەتی الأنفال، ئایەی ٥١.

بابەتی دووەم: پاڵنەرەکانی چەسپاندنی دیمۆکراسیەت لە خاکی موسڵمانان.

پاڵنەری چوارەم: دیمۆکراسیەت بە زەبری هێز سەپێندرا لەلایەن ئەمریکا و ڕۆژئاوا.

لەدوای کوشتار و کپ کردنی مامۆستایە ڕاستبێژەکان، هەروەها بەهێزبوونی کۆمەڵێک دەسەڵاتداری ستەمکاری فیرعەون، هەروەها دابڕانی خەڵکەکە لە دینی الله، هەموو ئەمەش خەڵکەکەی هاندا بۆ ئەوەی بیر لە شەریعەتێک بکەنەوە کە ئازادییان پێبدات و بەتەواویی ببن بە قەومێکی دونیایی.

ڕۆژئاواش هەر ئەوەیان دەوێت، ئیتر خۆیان وەکو فریاڕەس و دڵسۆزی ئەم قەومی کوردە پیشاندا و گوتیان شەریعەتێکتان بۆ دەهێنین کە بەتەواویی ئازادتان بکات.

جا پێویستە ئەوە بزانین کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ بەزەبری هێز نایەنە هیچ خاکێک بۆ سەپاندنی دیمۆکراسیەتی تاغوت، بەڵکو بە گشتیی کارەکەیان بە دوو هەنگاوە:

هەنگاوی یەکەم: لەم هەنگاوەدا ئەمریکا و ڕۆژئاوا هەر لە ناوخۆی خاکەکەدا کۆمەڵێک جاشی دیمۆکراسیخواز پەروەردە دەکەن؛ تاکو بانگەوازی خەڵکەکە بکەن بەرەو دیمۆکراسیەت، هەروەها بۆ ئەوەی دیمۆکراسیەت لەدڵی خەڵکەکە شیرین بکەن. لە

هەموو چینێکی خەڵکەکە کۆمەڵێک کەسی زمان لووس و حەماسی دەهێنن، بۆ نموونە مەلایەکی دینفرۆش دەهێنن و لە ڕێگای کەناڵەکانیانەوە بەناوبانگی دەکەن و ئەویش وتار دەدات و هانی خەڵک دەدات و دەڵێت: ئیسلام و دێمۆکڕاسیەت هیچ کێشەیەکیان نییە خەڵکینە!! لە چینی ئافرەتانیش چەند ئافرەتێکی بەدڕەوشت پەیدا دەکەن تاکو سۆزی ئافرەتان بۆخۆیان ڕاکێشن، ئیتر دەڵێ: ئەی ئافرەتینە ئێمە دەزانین ئێوە ئازادیتان دەوێت، تەنها دێمۆکڕاسیەت مافی ئێوە دەدات!! لەلایەکی تریشەوە چەند فیلم و دیمەنێکی ژیانی ئەمریکیی و ڕۆژئاواییەکان بۆ ئەم قەومە لێدەدەن و دەڵێن ئەها سەیرکەن ژیان چەندە خۆشە ئەگەر دێمۆکڕاسیەت حوکم بکات! ئەها سەیر بکەن کوڕ و کچ چەندە بە ئازادییەوە خەریکی پەیوەندی خۆشەویستین بەبێ ئەوەی هیچی یەکتریش بن! ئەها سەیر بکەن ئەم کوڕە یاخود ئەم کچە بەدڵی خۆی جلی پۆشیوە و کەسیش سەرزەنشتی ناکات! ئەها سەیرکەن چۆن دایک و باوک مافیان نییە تەداخولی منداڵەکانیان بکەن!. یاخود شانازیی بە داهێنانەکانیان دەکەن و گوایە پێشکەوتنەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ بوونی شەریعەتی دێمۆکڕاسیەت!!!

ئەم هەنگاوەش کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەیە، بەتایبەت ئەگەر قەومەکە دابڕاو بن لە مامۆستایە حەقبێژەکان و هیچ کەسێک نەبێت کە حەقیقەتی ئەم شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتە بۆیان ئاشکرا بکات، ئیتر خەڵکەکە گومڕا و بێکەس و دونیاپەرست بوونە و زۆر

به سەرسامییەوە ئاواتەخوازی شەریعەتی دیمۆکڕاسیەتی تاغوت دەبن، بەتایبەت کە دەبینن چەند پیاوێکی عەمامە بەسەریش پاڵپشتیان دەکەن و دەڵێن ئیسلام و دیمۆکڕاسیەت هیچ کێشەیان نییە! ئیتر ئەم قەومە بەتەواویی دەکەونە داوی شەیتان و بەتەواویی لەڕووی نەفسییەوە ئامادەن بۆ قەبوڵ کردنی دیمۆکڕاسیەت، ئەمریکا و ڕۆژئاواش لە هەنگاوی یەکەمدا هەر ئەوەیان دەوێت.

هەنگاوی دووەم: ئیتر وڵاتانی ڕۆژئاوا پلانێکی تۆکمە دادەڕێژن و بەیەکەوە هەڵمەتێک دەست پێدەکەن بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتە ستەمکارەکەی خاکەکە، ئیتر خەڵکەکەش لە ناوخۆی خاکەکەدا پێشوازیان لێدەکەن و بگرە ئەوانیش چەک هەڵدەگرن و کارئاسانییان بۆ دەکەن، بەمەش بەتەواویی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەماوەیەکی کەمدا دەست بەسەر خاکەکەدا دەگرن و شەریعەتە ژەهراوییە تاغوتەکەیان پێشکەش دەکەن.

خۆپیشاندانە فراوانەکانی خەڵکی ئیرانیش زۆرتر سەلماندی کە ئەمریکا لە ناوخۆی ئیراندا توانیویەتی دڵی زۆرینەی خەڵکەکە بۆخۆی کێش بکات و دیمۆکڕاسیەتیان لەلا شیرین بکات و ئاواتەخواز بوون ئەمریکا پاڵپشتیان بکات.

خۆ ئێمە گومانمان لە کافرێتی سەددام و حاکمە تاغوتەکانی ئیران نییە، بەڵکو تەنها ئامانجمان بریتییە لە ڕوونکردنەوەی

سیاسەتی دێمۆکڕاسیخوازەکان بۆ سەپاندنی دێمۆکڕاسیەت لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان.

لەوانەیە خوێنەر بپرسێت: بۆچی ئەمریکا و ڕۆژئاوا هێندە هەوڵی چەسپاندنی دێمۆکڕاسیەت دەدەن لە تێکڕای دەوڵەتان؟ چ قازانجێک لە دێمۆکڕاسیەت دەکەن؟

بێگومان هۆکارەکان زۆر زۆرن تاکو ئەمریکا و ڕۆژئاوا هەوڵی لەناوبردنی ڕژێمە تاغوتییەکان بدەن و خۆیان تاغوتی دێمۆکڕاسیەت بخەنە شوێنی. گرینگترین سوودەکانیش دەتوانین بڵێین ئەمانەن:

سوودی یەکەم: ئەمریکا دەیەوێت هێز و تواناکەی خۆی بگەیەنێتە سەرتاپای زەوی لەڕێگای دێمۆکڕاسیەت؛ ئەمەش چونکە لە جیهانی دێمۆکڕاسیەتدا ئەمریکا خودای تێکڕای دەوڵەتە دێمۆکڕاسیەکانە و هەموویان دەبێت ڕێزی ئەمریکا بگرن و لەکاتی کێشەکانیاندا هانا بۆ ئەمریکا بەرن.

سوودی دووەم: ئەمریکا دەیەوێت هاوڵاتییە ئەمریکییەکان پلەوپایەیان لە تێکڕای مرۆڤەکانی وڵاتانی تر گەورەتر بێت، بێگومان شەریعەتی دێمۆکڕاسیەت بگاتە هەر خاکێک ئەوا ئیللا لەو خاکەدا ئەمریکییەکان بە چاوێکی جیاواز و گەورە سەیر دەکرێن و ڕێزیان دەگیرێت و تەنانەت لە هاوڵاتیانی خاکەکە زیادتریش مافیان پێدەدرێت!

سوودی سێیەم: ئەمریکییەکان زۆرینەیان گاورن، بەڵام ئیتر دەرکەوت دینەکەیان چەندە شێواوە و چەندە زوڵمی تێدایە، بۆیەش ئیتر ناتوانن حوکم بە دینەکەیان بکەن، جا لە ڕێگای دیمۆکڕاسیەتەوە دەیانەوێت تێکڕای دینەکانی تریش وەکو دینی خۆیان کپ بکەن، وە نابێت هیچ دینێک لە جیهانی دیمۆکڕاسیەتدا عیززەتی هەبێت!

سوودی چوارەم: ئەمریکا لەڕێگای چەسپاندنی دیمۆکڕاسیەتەوە ئەوا لە هەر خاکێکدا بەپێی توانا هەوڵدەدات پارە و داهات و سامانی خاکەکە لەناوبەرێت و بیبات، هەروەها جەنگێکی ئابووری گەورەی پێدەکات و یاری بە نرخی دراوەکانی خاکەکە دەکات و لە ئاستی دۆلار سووکیان دەکات.

سوودی تریش زۆرن کەوا ئەمریکا لەڕێگای دیمۆکڕاسیەتەوە چنگی کەوتووە.

بابەتی سێیەم: بنچینەکانی دێمۆکڕاسیەت.

بنچینەی یەکەم: گەل سەرچاوەی یاسادانان و هەموو شتێکە.

ئەی قەومەکەم، هەروەک چۆن شەریعەتی ئیسلام لە کۆمەڵێک بنچینە و ڕوکن پێکهاتووە، ئاواش شەریعەتی تاغوتی دێمۆکڕاسیەتیش لە کۆمەڵێک بنچینە و ڕوکن پێکهاتووە کە بە ١٨٠ پلە پێچەوانەن لەگەڵ دینەکەی الله.

لە شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتدا **مرۆڤ** خۆی یاسا دادەڕێژێت لەسەر خواستی **گەل**.

ئەی قەومەکەم، سەیری هەردوو دەستەواژەکە بکەن (مرۆڤ و گەل)، ئایا هیچ ئاماژەیەکی تێدایە بۆ الله؟! کوانێ ڕۆڵی الله؟! لەڕاستیدا لە شەریعەتی دێمۆکڕاسیەت الله بوونی نییە و یاساکانیش بەپێی کتێبەکەی الله دانارێژرێن، بەڵکو مرۆڤ خۆی ڕۆڵی یاسادانەر (واتە المشرع) دەبینێ، هەروەها مرۆڤ ڕۆڵی ئەو کەسەش دەبینێت کە پێویستە گوێڕایەڵیی یاساکانی بکرێت (واتە المطاع)، هەروەها لەم پێناوەشدا ئەو مرۆڤانە سزای هەر کەسێک دەدەن کە یاسا دەستکردەکانیان پێشێل بکەن!

ئەوەتا هەروەک لەماددەی پێنجەمی دەستووری بۆگەن و جاهیلیەتی عیراقیی هاتووە: سەروەریی بۆ یاسایە، گەلیش سەرچاوەی دەسەڵات و شەرعیبوونیەتی، کە بەهۆی دەنگدانی

ڕاستەوخۆ و نهێنییەوە لەڕێی دامودەزگا دەستوورییەکانەوە ئەنجامی دەدات!

تەنانەت لە یاسای تێکڕای وەزارەتەکانی حوکومەتە تاغوتپەرستەکەی کوردستاندا بەناوی گەلەوە دەستپێدەکات! واتە نووسراوە "**بەناوی گەل**"! إنا لله وإنا إليه راجعون.

کەواتە بەتەواویی تایبەتمەندییەکانی الله پەکخران، ئیتر مرۆڤەکان بوونەتە (پەرستراو - المألوه) و (گوێڕایەڵی کراو - المطاع) و (یاسادانەر - المشرع)، ئەمەش بەتەواویی یەکلای دەکاتەوە کەوا مەبدەئی شەریعەتی دیمۆکراسیەت بریتییە لەوەی الله پەک بخرێت و مرۆڤەکان خۆیان لەڕێگای دەنگدانەوە کۆمەڵێک مرۆڤی دیاریکراو هەڵدەبژێرن کە پێیان دەگووترێ "پەڕلەمانتار"، ئەو مرۆڤانە لە شوێنێک کۆدەبنەوە بەناوی "پەڕلەمان"، لەو شوێنەدا پێکەوە دەستوورێکی دەستکردی فراوان دروست دەکەن کە پێکهاتووە لە ژمارەیەکی زۆر زۆر لە یاسا و حەلال و حەڕامەکان، هەموو ئەم یاسا و حەلال و حەڕامانەش لەسەر بنەمای "دەنگدانی پەڕلەمانتارەکان" دانراون نەک لەسەر بنەمای کتێبەکەی الله!، واتە: ئەگەر زۆرینەی پەڕلەمانتارەکان دەنگ بدەن لەسەر پرۆژە یاسایەک کەوا پێچەوانەی حوکم و ئایاتەکانی کتێبەکەی الله بێت ئەوا دەبێتە یاسای فەرمیی و لە خاکەکەدا کاری پێدەکرێ! گرینگ ئەوەیە زۆرینەیان ڕازین لەسەری! پەنا بە الله.

ئەم پەڕلەمانتارانەش چۆن دروست بوون؟! بێگومان بە دەنگدان و هەڵبژاردنیان لەلایەن گەل! کەواتە ئەم پەڕلەمانتارە تاغوتانە دروست نابن گەر خەڵکەکە خۆیان نەچن و پەنجەی شایەتومانیان مۆر نەکەن و دەنگ نەدەن، بەڵام ئەگەر وایانکرد ئەوا بێگومان ئیتر بەدەستەکانی خۆیان کۆمەڵێک مرۆڤ دەکەن بە خودای خۆیان!

لەوانەیە خوێنەر بڵێت: خۆ ئێمە پەڕلەمانتارەکان ناپەرستین ئیتر چۆن دەبنە خودای ئێمە!

لەڕاستیدا ڕێک دەبنە خودا، هەروەک چۆن کاتێک نێردراوی الله -علیه السلام- ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {**إتخذوا أحبارهم ورهبانهم أربابا من دون الله والمسيح ابن مريم ومآ أمروا إلا ليعبدوا إلاها واحدا لا إله إلا هو سبحانه عما يشركون**}(١). واتە: {-گاورەکان- ئەحبارِ و ڕەهبانەکانیان کردبووە پەروەردگار لەبری الله، هەروەها بەهەمان شێوە مەسیحی کوڕی مەڕیەم (واتە عیسا)، بەڵام فەرمانیان پێنەکراوە تەنها بەوە نەبێت کە یەک پەرستراو بپەرستن، هیچ پەرستراوێک نییە جگە لە ئەو، پاک و دوورە لەو شتانەی دەیکەنە هاوبەش}. ئیتر ئەوەبوو گاورێک بەناوی "عدي" بە پێغەمبەری فەرموو: بەڵام خۆ ئێمە نایانپەرستین. پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- وەڵامی دایەوە: «**بلى، إنهم حرموا عليهم الحلال، وأحلوا**

---

(١) سورەتی التوبة، ئایەی ٣١.

لهم الحرام، فاتبعوهم، فذلك عبادتهم إياهم»[١]. واتە: «**بەڵێ، ئەوان حەلالەکانیان لەسەر حەڕام دەکردن، حەڕامەکانیشیان لێ حەلال دەکردن، خەڵکەکەش شوێنیان دەکەوتن، جا ئەمە عیبادەتی خەڵکەکە بوو بۆ ئەوان**».

نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو ئەگەر موسڵمان گوێڕایەڵی بەشێکی شەریعەتە تاغوتەکان بێت ئەوا پێی مورتەد دەبێت و ئیمانی هەڵدەوەشێتەوە، هەروەک الله دەفەرمووێت: {**إن الذين ارتدوا على أدبارهم من بعد ما تبين لهم الهدى الشيطان سول لهم وأملى لهم * ذلك بأنهم قالوا للذين كرهوا ما نزل الله سنطيعكم في بعض الأمر والله يعلم إسرارهم**}[٢]. واتە: {ئەوانەی کە هەڵگەڕانەوە بەرەو دواوە لەدوای ئەوەی حەقیان بۆ ڕوون بووەوە ئەوا -ئەو کەسانە- شەیتان بۆیانی ڕازاندبووەوە و هیوای پێیان دابوو * ئەمەش چونکە ئەوان بەو کافرانەی گووت کەوا ڕقیان لەوە دەبووەوە کە الله دایبەزاندبوو (واتە قوڕئان): ئێمە لە هەندێک بابەت و فەرماندا گوێڕایەڵیتان دەکەین، هەروەها الله بە نهێنییەکانیان دەزانێت}.

کەواتە الله حوکمی مورتەدی بەسەر ئەو کەسانە سەپاند کە تەنها لە هەندێک بابەتدا گوێڕایەڵی تاغوتپەرستەکان بوون و پێیان گووتبوون کە لە بەشێکی بابەتەکاندا پابەندی شەریعەتەکەی ئێوە دەبین. بەمەش کافر بوون.

---

(١) تەفسیری إبن کثیر -رحمه الله- بۆ سوڕەتی التوبة، ئایەی ٣١.

(٢) سوڕەتی محمد، ئایەی ٢٥ و ٢٦.

کەواتە ئەی قەومەکەم، هۆشداریتان پێ دەدەم، شیرک هەر ئەوە نییە کە سوجدە و دوعا و نوێژ بکەن بۆ غەیری الله، بەڵکو ئەوەتا وەک لە فەرموودەکەوە دەرکەوت کە هۆکارێکی موشریک بوونی گاورەکان ئەوەبوو کە قەشە و پاپاکانیان بەدڵی خۆیان حەلال و حەڕامیان دادەنا و شەریعەتیان دادەڕشت، خەڵکەکەش شوێنیان دەکەوتن و خۆشیاندەویستن و گوێڕایەڵیان دەبوون. لەکاتێکدا یاسادانان کارێکی الله یە و کەس بۆی نییە لێی بسەنێتەوە و بیداتە دەستی دروستکراوێک! هەروەک فەرموویەتی: {**إن الحكم إلا لله ...**}[١] واتە: {بەڕاستیی حوکمدان تەنها بۆ الله یە ...}. هەروەها فەرموویەتی: {**... ولا يشرك في حكمه أحدا**}[٢] واتە: {... هیچ کەسێک بەشدار نییە لە حوکمەکانی ئەو -واتە الله}.

لە شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتدا هەمان حاڵەت بەردەوامە، تەنها ئەوە نەبێت کە خودایە دەستکردەکە ناوی گۆڕاوە لە "پاپا" بۆ "پەڕلەمانتار"، بەڵام ئەرکەکانیان وەکو خۆی ماوەتەوە و حەڕام و حەلال بەدڵی خۆیان دادەڕێژن و دەیسەپێنن لەسەر دەنگدەرەکانیان، بەبێ گەڕانەوە بۆ شەریعەتی الله.

لە شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتی تاغوتدا هیچ شتێک هێڵی سوور نییە، بەڵکو ئەو یاسایانە دەبنە هێڵی سوور کە پەڕلەمانتارە تاغوتەکان دایدەڕێژن. ئەگەر بە زۆرینەی دەنگ ڕێکبکەون لەسەر حەلال

---

(١) سورەتی یوسف، ئایەی ٤٠.

(٢) سورەتی الكهف، ئایەی ٢٦.

کردنی حەڕامێک یان حەڕام کردنی حەلالێک، ئەوا ئیتر دەبێتە یاسا و دەیسەپێنن. کەواتە کێ بەرپرسە لەم کوفرەی پەڕلەمانتارەکان؟ بێگومان دەنگدەرەکان.

ئەوەتا الله لە شەریعەتی ئیسلامدا چەندین شتی حەڕام کردووە، وەکو ڕیبا و زینا و ماددە هۆشبەرەکان و دزیکردن و شتانی تریش... هەروەها بۆ هەر یەکێکیشیان سزای تایبەتی داناوە. کەچی لەو خاکانەی کەوا بە شەریعەتی دیمۆکڕاسیەت بەڕێوەدەچن، دەبینین کەوا پڕیەتی لە جۆرەها شێوازی ڕیبا، هەروەها زیناکردنیش ئەگەر بە ڕەزامەندیی هەردوولا بێت ئەوا ئاساییە، لەگەڵ ئەوەشدا دزیکردن و ماددەی هۆشبەر قەدەغەکراوە، بەڵام ئایا لەسەر بنەمای شەریعەتی الله قەدەغەیان کردووە؟! نەخێر بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو یاسایانەی کە پەڕلەمانتارە تاغوتەکان دایانڕشتووە. لە یاساکانیاندا سزای تایبەتیشیان بۆ دزی داناوە کە ئەویش بەند کردنە!، کەچی لە شەریعەتی الله دزیکردن حوکمەکەی دەستبڕینە -ئەگەر مەرجەکانی تێدا هاتەجێ-، بەڵام دیمۆکڕاسیخوازەکان ئەسڵەن باوەڕیان بەم حوکمە نییە.

هەر بۆیەش الله دەفەرموێت: {**أفحكم الجاهلية يبغون ومن أحسن من الله حكما لقوم يوقنون**}[١]. واتە: {ئایا ئەوانە حوکمی

---

(١) سورەتی المائدة، ئایەی ٥٠.

جاهیلیەتیان دەوێت؟ و ئایا حوکمی کێ باشترە لە حوکمی الله بۆ قەومێک کە بڕوای تەواویان هەیە؟}.

کەسانێکی گومڕا دەبینین دەڵێن: کاکە ئێمە گوێڕایەڵی ئەم حوکومەتە ناکەین لە کارە هەڵەکانیان!

دەڵێم: کەوایە مادام گوێڕایەڵیی ناکەی ئەوا بۆچی پەنجەی شایەتومانت مۆر کرد و بەشدار بوویت لە هەڵبژاردنی پەرڵەمانتارە تاغوتەکان؟ مەگەر نازانیت بەمکارەت مومارەسەی دیمۆکراسیەتی تاغوتت کرد؟ مەگەر نازانیت کەوا تەنها مۆر کردنی پەنجەت بەسە کەوا دەیسەلمێنێ تۆ کوفرت بە تاغوتی شەریعەت نەکردووە؟! لەڕاستیدا هەر خراپەکاریی و یاسایەکی کوفر لە پەرڵەمان دەرچێ ئەوا دڵنیابە تۆ هاوبەشیانیت؛ چونکە تۆ بە پەنجەت دروستت کردن و بەردەوامیت پێیاندا و ژمارەی دەنگدەرانت زیاد کرد[1].

لە شەریعەتی ئیسلامدا پێویستە دەسەڵاتدار و هاونیشتیمانیان پێکەوە پابەندی شەریعەتی الله بن، هەم دەسەڵاتدارەکە پێویستە حوکمڕانیی خەڵک و خاکەکە بکات بە شەریعەتە پیرۆزەکەی الله. هەمیش لەسەر خەڵکەکە واجبە کەوا کێشە و ناکۆکییەکانیان بە شەریعەتی الله چارەسەر بکەن. بەبێ ئەوەی هیچ لایەکیان بگەڕێنەوە بۆ شەریعەتە دەستکردە تاغوتییەکان. هەروەک الله بە

(١) لە لاپەڕی ٢٠٢ بەدواوە لەم پەڕتووکە وەڵامی چەند گومان و پرسیارێک دراوەتەوە لەبارەی مومارەسەکردنی دیمۆکراسیەت، بەتایبەتی ئەو قسە پووچەڵەی کە دەڵێن: ئێمە دەنگ دەدەین بۆ هێنانەوەی شەریعەتی ألله!

پێغەمبەری فەرموو: {**وأنزلنا إليك الكتاب بالحق مصدقا لما بين يديه من الكتاب ومهيمنا عليه فاحكم بينهم بما أنزل الله ولا تتبع أهوآءهم عما جاءك من الحق ...**}[1]. واتە: {-ئەی محمد- ئێمە کیتابمان بۆت دابەزاند بەحەق، -ئەم کتێبە- بەڕاست دانەری کتێبەکانی پێشی خۆیەتی و شاهێدە لەسەریان، بۆیەش حوکم لەنێوانیان بدە بەوەی کە الله دایبەزاندووە و شوێنی هەوا و ئارەزووەکانیان مەکەوە لەو حەقەی کە بۆت نێردراوە ...}.

لەکۆتاییدا تێبینییەکی پێویست: کە باسی حوکم کردن بە ئیسلام دەکرێت، کەسانێکی بیر تەسک دەڵێن: قورئان چارەسەری تێکڕای بابەتە دونیاییەکانی تێدا نییە. لە وەڵامدا دەڵێین: ئیسلام شەریعەتێکی کاملە و بۆ حوکمڕانیی و سیاسەتیش هاتووە، بۆ چارەسەری کێشەکانی خەڵک هاتووە. جا ئەگەر پێشهات و بابەتێک دروست بوو کەوا لەڕووی شەڕعەوە قسەی لەسەر نەکرابوو، ئەوا زۆر ئاساییە و بگرە پێویستیشە کەوا وەلی ئەمرەکانی موسڵمانان (واتە دەسەڵاتداران) کۆببنەوە و ڕاوێژ بکەن لەگەڵ "أهل الحل والعقد"، ئینجا یاسا و حوکمی تایبەت بۆ بابەتەکە دابڕێژن، بەو مەرجەی کە یاساکانیان هیچ بەرهەڵستییەکی لەگەڵ ئیسلام تێدا نەبێت. کەواتە ئەسڵەن ئەمە هەر کێشە نییە.

---

(١) سورەتی المائدة، ئایەی ٤٨.

بابەتی سێیەم: بنچینەکانی دیمۆکراسیەت.

بنچینەی دووەم: ئازادیی بیروباوەڕ.

لە شەریعەتی دیمۆکراسیەتدا ئازادییەکی تەواو دراوەتە مرۆڤ لەڕووی بیروباوەڕ، گۆڕینی دینیش هیچ گرفتێکی تێدا نییە جا ئەگەر موسڵمانێک هەڵگەڕێتەوە و ببێتە گاور و دواتریش ببێتە مولحید، هیچی کێشە نین.

لە وەڵامدا دەڵێم: ئەگەر ئەم ژیانە بۆ گاڵتە دروست بکرایە و مرۆڤیش بە سودفە دروست ببووایە، یاخود الله -عز وجل- خۆی ڕاگەیاندبووایە کەوا ئێوە ئازادن لە بیروباوەڕ، ئەوا بێگومان ئێمەی عەبدەکانی الله هیچ کێشەمان نەدەبوو لە ئازادیی بیروباوەڕ، هەرگیزیش قسەمان لەسەری نەدەکرد. بەڵام ئەوەتا الله خۆی پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئێمەی مرۆڤ دروست نەکراوین بۆ هیچ شتێک جگە لە پەرستنی ئەو نەبێت، وەک دەفەرمووێت: {**وما خلقت الجن والإنس إلا ليعبدون**}[1]. واتە: {جنۆکە و ئینسانم دروست نەکردووە تەنها بۆ پەرستن نەبێت}.

ئەی قەومەکەم، لەم ئایاتانە تێدەگەن؟ پەروەردگارمان ئیمانی ئەو کەسانەمان بۆ بەدرۆ دەخاتەوە کە شەریعەتی اللە ڕەت دەکەنەوە و موناقەشە لەسەر حەڕام و حەلالەکان دەکەن، هۆشداریمان پێدەدات کە نەکەین بەرەوڕووی حوکمە شەڕعییەکان بووەستینەوە، ئەگینا سزایەکی ئابڕووبەر لە هەردوو دونیا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. جا ئەی دەبێ حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت کە باوەڕی بە "بیروڕای زۆرینە" هەیە و پێی وایە ئەگەر زۆرینەی خەڵک لەسەر شتێک ڕێکبکەون ئەوا نابێ قسەیان ڕەت بکرێتەوە؟!

(١) سورەتی الرعد، ئایەی ٤١.

بابەتی سێیەم: بنچینەکانی دیمۆکڕاسیەت.

بنچینەی حەوتەم: مرۆڤەکان یەکسانن.

بنچینەیەکی تری ئەم شەریعەتە تاغوتە بریتییە لەوەی کە دەڵێن: مرۆڤەکان یەکسانن و هیچ جیاوازییەک لەنێوانیان نییە ئەگەرچی بیروباوەڕ و دینیان جیاواز بێ، هەروەها هەموو ئاین و کتێبە ئاسمانییەکان هاوتای یەکترن و هیچیان لە هیچیان ڕێزدارتر نین، دەبێ هەموویان بە یەک چاو سەیر بکرێن.

هەروەک لە دەستووری بۆگەنی عیراقیی لە ماددەی ١٤ نووسراوە: عیراقییەکان یەکسانن لە بەردەم یاسادا بەبێ جیاوازیی ڕەگەز یان نەژاد یان نەتەوە یان بنەچە یان ڕەنگ یان ئاین یان مەزهەب یان بیروباوەڕ یان بۆچوون یان بارودۆخی ئابووری یان کۆمەڵایەتیی.

کەواتە لەم دەستوورە جاهیلیەتەدا جیاوازیی لەنێوان دوو مرۆڤ نییە ئەگەرچی دوو مرۆڤەکە لەم خاڵانەی خوارەوە جیاواز بن:

ئـ: بەبێ جیاوازیی ڕەگەز.

ب: بەبێ جیاوازیی نەتەوە.

پ: بەبێ جیاوازیی ڕەنگ.

ت: بەبێ جیاوازیی دین.

ج: بەبێ جیاوازیی مەزهەب.

چ: بەبێ جیاوازیی بیروباوەڕ.

ح: بەبێ جیاوازیی بۆچوون (بیروڕا).

ئێستاش بە پێویستی دەزانم هەڵوەستەیەک لەسەر بەشێکی ئەم خاڵانە بکەم و لەسەر بنەمای شەریعەتە قەبوڵکراوەکەی الله (واتە ئیسلام)، تاکو بزانین ئاخۆ بەڕاستیی مرۆڤەکان لەم خاڵانەی سەرەوەدا یەکسانن یاخود نا!

ئـ: حوکمی بە یەکسان دانانی مرۆڤەکان لە ڕووی ڕەگەز:

زۆرجار بیستوومانە دێمۆکڕاسیخوازە تاغوتپەرستەکان چەواشەکاریی دەکەن و دەڵێن ئیسلام جیاوازیی لەنێوان پیاو و ئافرەت دەکات. بەلای ئەم دێمۆکڕاسیخوازانە ئافرەت پیاوە و پیاویش ئافرەتە. واتە هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نییە.

بەڵام کاتێک دێین و سەیری واقیع دەکەین لە ڕووی شەڕعیی و هەروەها لە ڕووی مێژوویی، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەدرێژایی هەموو سەردەمەکان پیاو و ئافرەت جیاواز بوونە لە یەکتر، جیاوازییەکەش بە دوو شێوازە:

شێوازی یەکەم: بناغە و بونیادی پیاو و ئافرەت لە یەکتر جیاوازن: سەرەتا پێویستە ئەوە وازح بێت کە ئێمەی ئەهلی تەوحید کێشەمان لەوە نییە کە ئافرەت و پیاو دوو بوونەوەری دروستکراوی

الله ن، هەردوو لایەن فەرمانیان پێکراوە الله بەتەنها بپەرستن، هەردوو لایەن ڕێزیان لێگیراوە، هەردوو لایەن پاداشت و سزایان بۆ دانراوە. ئەمەش لە کتێبەکەی الله بە ڕوونیی باس کراوە و ئێمەش ئیمانمان بەم ڕاستییە هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو کتێبەکەی الله ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا پیاو و ئافرەت لەڕووی بناغەی دروستبوونیان (بُنية) لە یەکتر جیاوازن، واتە: کۆمەڵێک تایبەتمەندیی لە پیاودا هەیە و لە ئافرەتدا نییە یاخود کەمە، بەپێچەوانەوەش کۆمەڵێک تایبەتمەندیی لە ئافرەتدا هەیە و لە پیاودا نییە یاخود کەمە. لە نموونەی ئەو تایبەتمەندییانەی پیاوان و ئافرەتان لێی جیاوازن:

لە ڕووی هێزەوە: کاتێک سەیری قورئانی پیرۆز دەکەین، هەروەها کاتێک سەیری کتێبە مێژووییەکان دەکەین، بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کەوا پیاو و ئافرەت لە ڕووی هێزەوە بناغەیان جیاوازە، هەر بۆیەش لەو کارانەی کە هێز و ماندووبوونێکی زۆری پێویستە هەمیشە پیاوان تێیدا ناسراون و ئەنجامی دەدەن لە سەرانسەری جیهان، وەکو جەنگ کردن و ئەنجامدانی پیشە و کارە قورسەکان لەپێناوی پەیداکردنی بژێوی ژیان، هەروەها بەڕێوەبردنی ئەرکە هەستیارەکانی دەوڵەت و سیاسەت کردن.

هەر بۆیەش الله -تبارك وتعالى- باسی حاڵی جولەکەکانمان بۆ دەکات و دەڵێت: {**... بعثنا عليكم عبادا لنآ أولي بأس شديد**

...}[1]. واتە: {... عەبدەکانمان ناردە سەرتان کەوا زۆر تۆڵەسێن و توند و تۆکمە بوون ...}. جا بێگومان ئەو عەبدانەی الله کەوا باسکراون پیاون؛ چونکە جیهاد کردن ئەرکی پیاوانی موسڵمانە. کەواتە الله سیفەتی "هێز" و "توندیی" دایە پاڵ ڕەگەزی نێر.

سەبارەت بە ڕەگەزی مێ، بێگومان الله -تبارك وتعالى- پێمان دەفەرمووێت کەوا ئەم ڕەگەزەی بە لاوازتر دروست کردووە، هەروەک دەفەرمووێت: {**ووصينا الإنسان بوالديه حملته أمه وهنا على وهن ...**}[2]. واتە: {وەسیەت و فەرمانمان بە مرۆڤ کردووە کەوا ڕێزی دایک و باوکی بگرێت، -هەروەک چۆن- دایکەکە مرۆڤەکەی هەڵگرتووە لە سکیدا بە لاوازیی و لەسەر لاوازیی ...}.

هەروەک ئیمامی الطبري -رحمه الله- لە تەفسیری بڕگەی "وهنا على وهن" لە ئایەتەکەدا دەفەرمووێت واتە: ضعفا على ضعف[3]. کەواتە ئافرەت لە بنەڕەت و بناغە لاوازە، ئینجا بەهۆی هەڵگرتنی منداڵەکەی لە سکیدا لاوازتر دەبێت.

لە ڕووی سکپڕیی و منداڵ بوون (حَمل): یەکێکی تر لەو تایبەتمەندییانەی کە ئافرەت لە پیاو جیا دەکاتەوە بریتییە لە سکپڕیی و منداڵ بوون، الله ئەمەی کردووەتە تایبەتمەندیی ئافرەت، هەروەک

---

(١) سورەتی الإسراء، ئایەی ٥.

(٢) سورەتی لقمان، ئایەی ١٤.

(٣) تەفسیری الطبري -رحمه الله- بۆ سورەتی لقمان، ئایەی ١٤.

فەرمووی: {**ووصينا الإنسان بوالديه حملته أمه ...**}[1]. واتە: {وەسیەت و فەرمانمان بە مرۆڤ کردووە کەوا ڕێزی دایک و باوکی بگرێ، -هەروەک چۆن- دایکەکە مرۆڤەکەی هەڵگرتووە لە سکیدا ...}.

کەواتە ئەم تایبەتمەندییەش یەکێکە لە جیاوازییەکانی پیاو و ئافرەت کە دەیسەلمێنێ پیاو و ئافرەت لە ڕووی بناغە و بونیادی دروست بوونیان جیاوازیان هەیە و یەکسان نین.

لە ڕووی بەڕێوەبردنی ماڵ و پەروەردە کردنی منداڵ: ئەمەش جیاکەرەوەیەکی ترە لەنێوان ڕەگەزی پیاو و ئافرەت، کە بریتییە لە بەڕێوەبردنی ماڵ و منداڵ، ئەمەش ئەرکێکە کە بۆ ئافرەت زۆر ئاسانترە بەڵام بۆ پیاو زۆر قورسترە، بەپێچەوانەی سیاسەت و کاری قورس و جەنگ و هتد.. کە پیاو تێیاندا بەهێزە و ئافرەتیش لاوازە، لەم ئەرکەدا ئافرەت بەهێزە و پیاو لاوازترە.

هەر بۆیەش الله -عز وجل- ئەرکی پەروەردە کردنی منداڵی خستووەتە سەر شانی ئافرەت، وەک فەرموویەتی: {**والوالدات يرضعن أولادهن حولين كاملين ...**}[2]. واتە: {دایکان پێویستە شیر بدەنە منداڵەکانیان بۆ ماوەی دوو ساڵی تەواو ...}.

---

(١) سورەتی لقمان، ئایەی ١٤.

(٢) سورەتی البقرة، ئایەی ٢٣٣.

هەروەک بینیمان، الله ئەرکی بەخێوکردن و "رضاعة" ی بۆ ئافرەت تەرخان کرد؛ چونکە الله خۆی دروستکاری پیاو و ئافرەتە و دەزانێت ئەرکی بەخێو کردنی منداڵ بۆ ئافرەت ئاسانترە و بۆ پیاویش قورسترە. بەڵام بێگومان الله -سبحانە وتعالی- لە بابەتی بەخێوکردنی منداڵیش ئەرکی پیاوی دیاریکردووە کە بریتییە لە دەستەبەر کردنی پێداویستییەکانی بەخێوکردن بۆ ئافرەتەکەی، هەروەها دەبێ لەلای ئافرەتەکە بێت و ئەرکی بۆ ئاسان بکات، وەک لە هەمان ئایەت الله فەرمووی: {... **وعلى المولود له رزقهن وكسوتهن بالمعروف ...**}[1]. واتە: {... وە لەسەر خاوەنی منداڵەکەیە (واتە باوکەکە) کە ڕزق و کاڵای ئافرەتەکان بە شێوازێکی باش دەستەبەر بکات ...}.

لە ڕووی سووڕە جەستەییەکان: ئەویش بریتییە لەو بارودۆخە تایبەتانەی کە تووشی ڕەگەزی مێ دەبن لەدوای باڵغ بوونەوە و لە پیاواندا نین، وەکو سووڕی مانگانە. ئەمەش جیاوازییەکی تری نێوان پیاو و ئافرەتە لە ڕووی بناغەی دروست بوونیان.

لە ڕووی جوانیی و خۆڕازاندنەوە: ئەمەش جیاوازییەکی تری بنچینەییە لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ. ئەگەرچی الله هەموو دروستکراوەکانی بە ڕێکیی دروستکردووە، بەڵام تایبەتمەندییەکی زۆرتری داوەتە ئافرەت ئەویش "جوانی" یە. ئەم تایبەتمەندییە لە

---

(١) سورەتی البقرة، ئایەی ٢٣٣.

قورئاندا ئاماژەی پێکراوە وەکو سیفەتێکی ئافرەت بەڵام بۆ پیاوان هیچ قسەی لەسەر نەکراوە بۆیەش دەیسەلمێنێ لە ڕووی جوانییەوە ئافرەت جوانییەکەی زیادترە.

هەروەک الله -سبحانه وتعالى- لەم دوو ئایەتەدا دەفەرمووێت: **{قل للمؤمنين يغضوا من أبصارهم ويحفظوا فروجهم ذلك أزكى لهم إن الله خبير بما يصنعون * قل للمؤمنات يغضضن من أبصارهن ويحفظن فروجهن ولا يبدين زينتهن إلا ما ظهر منها ...}**[1]. واتە: {-ئەی محمد- بە پیاوانی باوەڕدار بڵێ چاویان بپارێزن (لە سەیرکردنی حەڕام و نامەحرەم) و داوێنیان بپارێزن، ئەمە باشترە بۆیان، بەڕاستیی الله ئاگادارە بەوەی کە ئەوان دەیکەن * -ئەی محمد- بە ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ چاویان بپارێزن (لە سەیرکردنی حەڕام و نامەحرەم) و داوێنیان بپارێزن و هەروەها جوانییەکەیان دەرنەخەن جگە لەوەی کە دەرکەوتووە ...}.

لە ئایەتی یەکەمدا دەرکەوت پیاو پێویستە دوو شتی خۆی بپارێزێت: (چاوەکان) و (داوێن) ی. بەڵام لە ئایەتی دووەمدا دەرکەوت ئافرەت پێویستە سێ شتی خۆی بپارێزێت: (چاوەکان) و (داوێن) و (جوانییەکەی). ئەمەش دەیسەلمێنێ ئەم تایبەتمەندییە لە ئافرەتدا زاڵترە و دەبێ زۆرتر هەوڵی داپۆشینی بدات.

---

(١) سورەتی النور، ئایەی ٣٠ و ٣١.

هەروەها ئافرەت هەر بە سروشتی خۆی زۆرتر بایەخ بە جوانییەکەی دەدات و خەریکی ڕازاندنەوەی ڕووخسار و جەستە و سیمایەتی، ئەم تایبەتمەندییەش جیای دەکاتەوە لە ڕەگەزی نێر؛ چونکە ڕەگەزی نێر هێندەی مێ خەریکی خۆڕازاندنەوە نین.

شێوازی دووەم: پیاو و ئافرەت لە ئەحکامەکانی شەریعەتی الله دا لەیەکتر جیاوازن: لە شێوازی یەکەمدا ئەوەمان ڕوون کردەوە کە هەر خودی ڕەگەزی نێر و مێ جیاوازن لە ڕووی بناغەی دروست بوونیان و تایبەتمەندییەکانیان. لەم شێوازەشدا ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە چۆن الله -سبحانه وتعالی- لە دینە قەبوڵکراوەکەی خۆیدا (واتە ئیسلام) ئەم دوو ڕەگەزەی لە یەکتر جیاکردووەتەوە لە هەندێک ئەحکامی شەڕعیی. ئەمەش لە چەند ڕووێکەوە:

لە ڕووی کارکردن و پەیداکردنی بژێوی ژیان: لە شەریعەتی ئیسلامدا الله فەرمانی کردووە بەوەی ڕەگەزی نێر ئەرکی بەخێوکردن و پەیداکردنی بژێوی ژیان بگرێتە ئەستۆ، ئافرەتیش ئەرکی بەڕێوەبەردنی ماڵ و منداڵی لەسەر شانە. هەروەک الله فەرموویەتی: {**الرجال قوامون على النساء بما فضل الله بعضهم على بعض وبما أنفقوا من أموالهم ...**}[1]. واتە: {پیاوان بەهێز و بەڕێوەبەرن بەسەر ئافرەتان بەوەی کە الله فەزڵ و پلەوپایەی هەندێکیانی داوەتە سەر

---

(١) سورەتی النساء، ئایەی ٣٤.

هەندێکیان، هەروەها بەوەی کە پیاوان ئەرک و نەفەقەیان دەکێشن بە پارەکانیان ...}.

ئەمەش ئەوپەڕی دادوەریی و بەزەیی و حیکمەتی لێوە بەدی دەکرێت؛ چونکە گومان لەوە نییە ڕەگەزی نێر هێز و توانای ئەنجامدانی ئەرکە قورسەکانی پێدراوە و دەتوانێت ئەنجامیان بدات بەڵام ڕەگەزی مێ ناتوانێت هەمان ئەم ئەرکە قورس و سەختانە بکات. بەڵکو الله ئاسانکاریی بۆ ڕەگەزی مێ کردووە و ئەرکێکی ئاسانی پێی بەخشیوە ئەویش بریتییە لە بەڕێوەبردنی ماڵ و منداڵەکان. ئەمەش ئەرکێکە کە لەگەڵ هێز و توانا و بونیادی جەستەی ئافرەت گونجاوە. خۆ ئەگەر ئەرکی کارکردن و بژێوی ژیان بە ئافرەت ڕاسپاردرابووایە سەرەڕای لاوازییە سروشتییەکەی، هەروەها ئەرکی بەخێوکردنی ماڵ و منداڵیش بە پیاو ڕاسپاردرابووایە سەرەڕای بەهێزییە سروشتییەکەی، ئەوا کێشە و ئاڵۆزییەکی گەورە پەیدا دەبوو.

جا دێمۆکڕاسیخوازە بەدڕەوشتەکان زۆرجار دەڵێن ئەمە زوڵمە و پێویستە ئافرەتیش کار بکات! جا ئێمە لە وەڵامدا دەڵێین: خۆ ئەگەر لە شەریعەتی ئیسلامدا الله بیگووتایە با پیاوان ئیسراحەت بکەن و لە ماڵەوە بمێننەوە و ئافرەتانیش بڕۆنە دەرەوە و کار بکەن. ئەوا بێگومان ئەوکاتیش دووبارە دەمدرێژییان دەکرد و دەیانگووت ئەمە زوڵمە و چۆن دەبێت ئافرەت کاری دەرەوە بکات و ئافرەت لاوازە و نابێ لە دەرەوە کار بکات!

بینیتان قەومەکەم؟ دێمۆکرِاسیخوازەکان تەنها چەواشەکارن، ئەسڵەن باوەڕیان بەر گوفتار و ڕەخنەکانی خۆیشیان نییە، کەس پێیان هەڵناخەڵەتێ جگە لە خەڵەفاوێکی بەستەزمانی دوور لە دین.

دەی ئەگەر ڕاست دەکەن دێمۆکرِاسیخوازەکان فەرموون ئافرەتەکانی خۆتان بنێرن بۆ کرێکاریی و هەڵگرتنی بلۆک و پاڵدانی عەرەبانە و فیتەریی! فەرموون ئافرەتەکانتان بنێرن تاکو لە دەرەوە کاری ئاسنگەریی و دارتاشیی بکەن یاخود غاز بفرۆشن!

ئەی قەومەکەم، دەزانن دێمۆکرِاسیخوازەکان حەز دەکەن ئافرەت چ کارێک بکات؟! حەز دەکەن ببێتە "سکرتێر" لای پیاوێکی خاوەن کۆمپانیا! یاخود جلێکی نیمچە ڕووت بپۆشێت و بیهێننە سەر کاناڵێک و ببێتە "پێشکەشکاری بەرنامە" و قسەی زل بکات و سەرنجی گەنجان بۆخۆی ڕاکێشێ و نەزەری بکەن! یاخود دەمدرێژیی بەرامبەر الله و نێردراوەکەی و شەریعەتەکەی بکات. یاخود دەیانەوێت ئافرەتان بنێرنە هۆڵی لەشجوانیی و مەلەوانگە!

ئەی قەومی من، ئایا کەسێک لە دێمۆکرِاسیخوازەکانتان بینیوە کەوا دایکی یان ژنەکەی یان کچەکەی یان خوشکەکەی یەکێک لەم کارانەی سەرەوە بکات؟! نەخێر، بەڵکو ئەم دێمۆکرِاسیخوازانە تەنانەت لەگەڵ بانگەوازە بریقەدارەکەی خۆیشیان ڕاستگۆ نین، تەنها دەیانەوێت ئافرەتان لە ماڵەکانیان بهێننە دەرەوە و دایانبڕێنن لە خزمەتکردنی هاوسەر و منداڵەکانیان، تەنها بۆ ئەوەی جوانییەکانیان

ببینن و شەهوەتی دڵە بۆگەن و تاریکەکەیان دامرکێننەوە، ئێمەی ئەهلی تەوحید چاک دەیانناسین.

لە ڕووی میرات (میراث): ئەم خاڵە لەلایەن دێمۆکڕاسیخوازە تاغوتپەرستەکان زۆرجار دەورووژێندرێت؛ بۆ ئەوەی دڵی ئافرەتان بۆخۆیان کێش بکەن. بیستوومانە کە دەڵێن: چۆن دەبێت لە میراتگریدا پیاو دوو هێندەی ئافرەت وەرگرێ!

با بزانین حەقیقەتی بابەتی میرات چییە لە شەریعەتی الله.

بێگومان دێمۆکڕاسیخوازەکان زۆر درۆزن و فێڵبازن، لەم خاڵەشدا ڕاست ناکەن؛ چونکە الله -تبارك وتعالی-ئەحکامی میراتی جۆراوجۆر کردووە بەپێی حاڵەتەکان، با بزانین چۆن:

حاڵەتی یەکەم: لەم حاڵەتەدا پیاو دوو هێندەی ئافرەتەکە وەردەگرێت، هەروەک فەرمووی: {**یوصیکم الله في أولادکم للذکر مثل حظ الأنثیین ...**}[1]. واتە: {الله وەسیەتتان بۆ دەکات سەبارەت بە منداڵەکانتان (لەکاتی میرات) بەوەی کە بۆ ڕەگەزی نێر بەقەد دوو ڕەگەزی مێ بێت ...}.

حاڵەتی دووەم: لە حاڵەتێکی تر الله پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئەگەر پیاو یاخود ئافرەتە مردووەکە دایک و باوکی نەبوو و تەنها خوشک و برای هەبوو، ئەوا لەم حاڵەتەدا خوشک و براکە

(١) سورەتی النساء، ئایەی ١١.

بەیەکسانیی میراتیان بەردەکەوێت! هەروەک فەرموویەتی: {**... وإن كان رجل يورث كلالة أو امرأة وله أخ وأخت فلكل واحد منهما السدس فإن كانوا أكثر من ذلك فهم شركاء في الثلث ...**}[1]. واتە: {... ئەگەریش میراتگرەکانی مردووەکە (جا پیاو بووبێ یان ئافرەت) کەسانێکی تر بوون جگە لە دایک و باوک و منداڵ، لە هەمان کاتیشدا مردووەکە برایەک و خوشکێکی هەبووبێ ئەوا بۆ هەر یەکێک لە برا و خوشکەکە ڕێژەی یەک لەسەر شەشیان بەردەکەوێ، ئەگەریش زیادتر بوون لە برا و خوشکێک ئەوا هاوبەشن لە وەرگرتنی یەک لەسەر سێ ...}. کەواتە لەم حاڵەتەدا پیاو و ئافرەت یەکسان بوون لە میرات! ئەی بۆچی دێمۆکراسیخوازە فێڵبازەکان قسەیەک لەسەر ئەم خاڵە ناکەن؟!

حاڵەتی سێیەم: لە حاڵەتێکی تردا ئافرەت لە پیاو زۆرتری بەردەکەوێت! بەتایبەت ئەگەر مردووەکە هیچ منداڵی نەبوو و تەنها دایک و باوکی مابوون، ئەوا سێ بەشی میراتەکە بۆ دایکەکەیە. هەروەک الله فەرموویەتی: {**... فإن لم يكن له ولد وورثه أبواه فلأمه الثلث ...**}[2]. واتە: {... ئەگەریش مردووەکە هیچ منداڵی نەبوو و دایک و باوکی میراتگر بوون، ئەوا یەک لەسەر سێی بۆ ئافرەتەکەیە ...}. ئەی قەومەکەم تۆ بڵێی بۆچی دێمۆکراسیخوازەکان قسە لەسەر ئەم ئایاتانە نەکەن؟!

---

(١) سورەتی النساء، ئایەی ١٢.

(٢) سورەتی النساء، ئایەی ١١.

بێگومان جیاوازیی تریش زۆرن لەنێوان ئێمە و دێمۆکڕاسیخوازەکان لە ڕووی بابەتی ڕەگەز، بانگەشەکانی ئەوان تەنها قسەی بریقەدارە و زیانی بۆ تاک و خێزان و کۆمەڵگە هەیە، بەڵام یاساکانی الله پڕیەتی لە بەرژەوەندیی بۆ هەردوو ڕەگەزەکە، بەداخەوە لەم کتێبەدا ناتوانم وەڵامی تێکڕای چەواشەکارییەکانیان بنووسم؛ چونکە بابەتەکەمان لەسەر شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتی تاغوتە.

ب: حوکمی بە یەکسان دانانی مرۆڤەکان لە ڕووی بیروباوەڕ:

ئەگەرچی بە درێژیی وەڵامی ئەم چەواشەکارییەمان دایەوە لە لاپەڕی ٥٣ تا ٦٥، بەڵام لێرەش تۆزێکی تر قسەی لەسەر دەکەین، با بزانین ئایا مرۆڤێک کە پەروەدگاری گەردوون دەناسێت و بە تاک و تەنهایی الله دەپەرستێت هاوتایە لەگەڵ مرۆڤێکی تر کەوا الله ناناسێت و شەریکی بۆ بڕیارداوە؟!

بێگومان لە دەستووره بۆگەنەکەی عیراق و لە بیروباوەڕی دێمۆکڕاسیخوازەکاندا بەڵێ یەکسانن، کەچی لە شەریعەتی الله دا ئەم مرۆڤە موشریکانە پلەیان لە ئاژەڵ نزمترە. ڕاستە نەوەکانی ئادەم ڕێزیان لێگیراوە و مەلائیکە سوجدەی ڕێزیان بۆیان بردووە، بەڵام هەر کاتێک نەوەکانی ئادەم بەو ئەرکە هەڵنەستان کەوا الله لە پێناویدا دروستیکردوون، ئەوا بێگومان پلەیان زۆر نزمتر دەبێت لە ماڵات[1]؛

(١) ماڵات: ئەو ئاژەڵە حەلالکراوانەن کە ڕادەگیرێن، وەکو: مەڕ، حوشتر، مانگا، بزن و هتد...

چونکە ماڵات هۆشمەندیی و عەقڵی پێ نەدراوە بۆیەش لێی ناگیرێت، هەروەها تایبەتمەندییەکی ئاژەڵ ئەوەیە کە گوێڕایەڵی خاوەنەکەیەتی، بەڵام ئەمانە عەقڵیان پێدراوە و دەتوانن حەق و ناحەق جیابکەنەوە، بەڵام ناحەق هەڵدەبژێرن و هەرگیز گوێڕایەڵی الله نین، جا ئایا ئەمانە لە ئاژەڵیش نزمتر نین؟! الله لە بارەیانەوە فەرموویەتی: {... **لهم قلوب لا يفقهون بها ولهم أعين لا يبصرون بها ولهم ءاذان لا يسمعون بها أولئك كالأنعام بن هم أضل ...**}[١]. واتە: {... ئەوان (واتە کافران) دڵیان هەیە بەڵام بەهۆیەوە بیرناکەنەوە لە حەق، هەروەها چاویان هەیە بەڵام بەهۆیەوە سەیری حەق ناکەن، هەروەها گوێیان هەیە بەڵام بەهۆیەوە گوێبیستی حەق نابن، ئەوانە وەکو ئاژەڵانن بەڵکو گومڕاتریشن ...}.

الله پێمان دەفەرمووێت موسڵمان و کافر یەکسان نین، کەچی دێمۆکڕاسیخوازە تاغوتپەرستەکان دەڵێن نەخێر یەکسانن! لەڕاستیدا یەکسان نین، نە لە ئەحکامی دونیا یەکسانن لەلای الله، نە لە ناو گۆڕیش، نە لە ڕۆژی قیامەتیش، نە لە شوێنە هەمیشەییەکەیان یەکسانن (واتە بەهەشت و ئاگر). ئەی قەومەکەم، ئیتر بۆچی پشت لە شەریعەت و گوفتارەکانی پەروەردگارمان بکەین و ڕوومان لە کەسانێکی دونیاپەرستی دێمۆکڕاسیخواز بێت؟!

ج: حوکمی بە یەکسان دانانی مرۆڤەکان لە ڕووی مەزهەب:

---

(١) سورەتی الأعراف، ئایەی ١٧٩.

ئەمەش خاڵێکی ترە کە لەلای دیمۆکڕاسیخوازەکان جێگەی بایەخە و لە دەستوورە جاهیلیەتەکەی عیراقدا نووسراوە مرۆڤەکان یەکسانن بەبێ جیاوازیی مەزهەبەکانیان. مەبەستیان ئەوەیە کە موسڵمانێکی موەحید یەکسانە لەگەڵ "شیعە" و "سۆفی" و "ئیخوانی"! ئەمەش بە درێژتر لە لاپەڕی ٥٣ تا ٦٣ باسکراوە، لێرەش بە کورتیی باسم کردووە.

جا ئایا ئەهلی تەوحید یەکسانن لەگەڵ ئەمانە؟ نەخێر، چونکە:

١- موسڵمانێکی موەحید یەکسان نییە لەگەڵ "شیعە"؛ چونکە موسڵمانەکە تەنها الله دەپەرستێت و خۆشەویستیی بۆ تێکڕای هاوەڵەکانی پێغەمبەر هەیە، بەڵام شیعە موشریکەکە بەتەنها الله ناپەرستێ بەڵکو (علي) و (حسين) یش دەپەرستێت و هانای بۆ دەبات، هەروەها تەنها چەند دانەیەک لە هاوەڵانی پێغەمبەریان بەلاوە موسڵمانە، ئەوانی تریش بە کافر دەزانن، بەتایبەتیش (عمر) و (عائشة) و (أبي بكر) بە لایانەوە کافرن و شوێنیان دۆزەخە. کەی ئەم موشریکە پیسانە یەکسانن لەگەڵ موسڵمانێک کە تەوحیدی هەیە؟ کەچی لە شەریعەتی دیمۆکڕاسیەتدا یەکسانن.

٢- موسڵمانێکی موەحید یەکسان نییە لەگەڵ "سۆفی"؛ چونکە موسڵمانەکە خۆشەویستی بۆ زانایان هەیە و لەسەر سوننەت دینداریی دەکات، بەڵام هەرگیز زانایان بە پیرۆز نازانێ و هاوار ناکاتە گۆڕەکانیان. بەڵام سۆفیە گۆڕپەرستەکان زیادەڕەویی لە

خۆشەویستیی هەندێک لە زاناکانیان دەکەن و دەیانپەرستن و لێیان دەپارێنەوە، هەروەها زۆرینەی کردەوەکانیان بیدعەیە و دژی سوننەتەکانن، هەروەها ئەهلی تەوحید بە کافر دەزانن! کەچی لە شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتدا ئەم دووانە یەکسانن.

٣- موسڵمانێکی موەحید یەکسان نییە لەگەڵ "ئیخوانی"؛ چونکە موسڵمانەکە باوەڕی بە هیچ شەریعەتێکی تاغوت نییە، تەنها باوەڕی بە شەریعەتی الله هەیە، هەروەها موسڵمانەکە باوەڕی بە پارچەگەرێتی نییە بەڵکو دەیەوێت موسڵمانان کۆببنەوە و بەیعەت بە ئیمامێک بدەن بەبێ سەرپەرشتی و مۆڵەتی کافران. بەڵام ئیخوانییەکان نەک هەر باوەڕیان بە دێمۆکڕاسیەتە، بەڵکو تەنانەت یەکێک لە سەرانیان دەڵێت: ئێمە لەپێناوی دێمۆکڕاسیەت کوشتار دەکەین!. هەروەها ئەڕدۆگانی تاغوت و ئیخوانیی دەڵێت: ئێمە بە دێمۆکڕاسیەت و عەلمانیەت گەیشتووینەتە ئەمڕۆ! هەروەها باوەڕیان بە مومارەسەی دێمۆکڕاسیەت هەیە، هەروەها گاور و جولەکە و شیعە بە برای خۆیان دەزانن. جا چۆن ئەم تاغوتپەرستانە لەگەڵ موسڵمانێکی موەحید هاوتا دەکرێن؟

بێگومان لە شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتدا هەموو ڕەگەز و دین و مەزهەبەکان یەکسانن؛ چونکە ئەوان ئەسڵەن دان نانێن بە بوونی پەروەردگارێک بۆ ئەم گەردوونە! لە عەقڵیەتی دێمۆکڕاسییەکاندا ئەم ژیانە سودفە و فەوزایە، هیچ دروستکارێکیشی نییە! بۆیەش بەلایانەوە مرۆڤەکان هەموویان یەکسانن سەرەڕای بیروباوەڕ

جۆراوجۆرەکانیان، هەروەها تێکڕای دینەکان و کتێبەکان بە یەکسان دەزانن.

لە وەڵامدا ئێمەی موسڵمانان و ئەهلی تەوحید دەڵێین: هەرگیز عەقڵی مرۆڤ قەبوڵی ئەوە ناکات ئەم گەردوونە بەبێ دروستکارێک دروست بووبێت، یاخود بەبێ ئامانج دروست بووبێت، منی نووسەر کاتێک سەیری دەوروپشتم دەکەم هیچ شتێک نابینم کە بەبێ هۆکار و بە سودفە دروست بووبێت، بەڵکو هەر یەک لەو شتانەی لە دەوروپشتمن لەپێناوی ئامانجی تایبەت دروست کراون. جا ئەگەر مێزێک و کورسییەک و دیوارێک دروستکاریان هەبێت و لەپێناوی ئامانجێک دروستکرابن، ئیتر چۆن مرۆڤ بەم هەموو توانا و عەقڵە بەهێزەی کە هەیەتی بەبێ هۆکار و بەبێ ئامانج پەیدابووە؟!

نەخێر، بەڵکو ئێمەی موسڵمان باوەڕمان وایە پەروەردگارێک ئێمەی دروست کردووە و بەردەوامیمان پێدەدات، هەر ئەویش دەستوور و ڕێسای بۆمان داناوە؛ تاکو پەیڕەوی بکەین و لێی لانەدەین. ئەمەش لەلاپەڕەی ٥٣ بەدواوە ڕوون کراوەتەوە لە ڕووانگەی شەریعەتی الله.

بێگومان لە شەریعەتی الله دا مرۆڤەکان هەموویان لە مرۆڤێتی یەکسانن و ئەمە شتێکی وازحە، هەروەها مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی ڕێز لێگیراوە، هەروەک الله فەرموویەتی: {**ولقد كرمنا**

بني ءادم وحملناهم في البر والبحر ورزقناهم من الطيبات فضلناهم على كثير ممن خلقنا تفضيلا}[1]. واتە: {بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەکانی ئادەم گرتووە و هەڵمانگرتوون لە وشکانی و دەریادا و هەروەها ڕۆزییە پاکەکانمان پێداون و پلەوپایەمان بەرزتر کردوونە لەسەر زۆرێک لەوانەی دروستمان کردوون}.

بەڵام لەپاش ئەوەی الله –سبحانه وتعالی- مرۆڤی دروستکرد و ڕێزی لێگرت، ئیتر ئیبلیس بە ئاشکرا ڕایگەیاند هەرگیز دەستبەرداری مرۆڤەکان نابێت تا گومڕایان نەکات، وەک الله دەفەرمووێ: {**قال ربي بما أغويتني لأزين لهم في الأرض ولأغوينهم أجمعين**}[2]. واتە: {-ئیبلیس گووتی:- ئەی پەروەردگارم، لەبەر ئەوەی تۆ منت گومڕا کرد ئەوا منیش جوانیی و خۆشییەکانیان بۆ دەڕازێنمەوە لەسەر زەوی و هەموویان گومڕا دەکەم}.

هەر بۆیەش شەیتان توانی لە سەردەمی قەومەکەی نوحەوە خەڵک بەرەو شیرک هان بدات، لەوکاتەوە مرۆڤەکان بەسەر چەندین بیروباوەڕ و دینی پووچەڵ دابەش بوونە و هەموویان غەیری الله دەپەرستن. پەرستن بە هەموو جۆرەکانیەوە، نەک تەنها نوێژ کردن و ڕۆژوو گرتن بۆ غەیری الله.

---

(١) سورەتی الإسراء، ئایەی ٧٠.

(٢) سورەتی الحجر، ئایەی ٣٩.

مادام ئیتر مرۆڤەکان پەرتەوازە بوون و لە تەوحیدی الله لایاندا، ئیتر بێگومان پلەوپایەشیان یەکسان نابێت و هەندێکیان لە هەندێکیان پایەدارترن. هەروەها هەندێکیشیان پلەیان لە ئاژەڵیش نزمترە، ئەمەش لە لاپەڕی ١١٦ و ١١٧ باسکرا.

الله لە چەند ئایەتێکدا باسی باوەڕداران و موشریکەکان دەکات، دواتریش دەفەرمووێت: {**مثل الفريقين كالأعمى والأصم والبصير والسميع هل يستويان مثلا أفلا تذكرون**}[١]. واتە: {نموونەی ئەو دوو کۆمەڵەیە وەکو کوێر و نابیستە لەگەڵ چاوساغ و بیسەر، جا ئایا ئەم دووانە وەک یەکن؟! ئەوە ئێوە یاد ناکەنەوە؟!}.

هەروەها دەفەرمووێت: {**أفنجعل المسلمين كالمجرمين**}[٢]. واتە: {ئایا موسڵمانان و ستەمکارەکان وەکو یەکتر لێبکەین؟!}. کەچی دێمۆکڕاسیخوازە پیسەکان دەڵێن بەڵێ موسڵمان و موجریم هاوتان!

هەروەها الله دەفەرمووێ: {**أم نجعل الذين ءامنوا وعملوا الصالحات كالمفسدين في الأرض أم نجعل المتقين كالفجار**}[٣]. واتە: {ئایا ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکان دەکەن یەکسانیان بکەین لەگەڵ ئەوانەی کە فەساد و خراپەکاریی

---

(١) سورەتی هود، ئایەی ٢٤.
(٢) سورەتی القلم، ئایەی ٣٥.
(٣) سورەتی ص، ئایەی ٢٨.

دەکەن لەسەر زەوی؟ یاخود ئەو کەسانەی لەخواترس و پارێزکارن یەکسانیان بکەین لەگەڵ تاوانکاران؟}.

الله لە کتێبەکەیدا جیاوازیی لەنێوان مرۆڤەکان دەکات و پێمان دەفەرمووێت کەوا شوێنی باوەڕداران و ئەهلی تەوحید بەهەشتە و هەمیشەش لێیان ڕازییە، هەروەها شوێنی ئەو کافرانەش دۆزەخە کە شەریعەتی ئیسلامیان ڕەتکردووەتەوە. هەروەک دەفەرمووێ: {**وعد الله المؤمنين والمؤمنات جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها ومساكن طيبة في جنات عدن ورضوان من الله أكبر ذلك هو الفوز العظيم**}[1]. واتە: {الله بەڵێنی بە باوەڕدارانی پیاو و ئافرەت داوە کە دەیانخاتە ناو باخاتێک کە لەژێریدا ڕووبارەکان تێپەڕ دەبن و بە نەمریی لەناویدا دەمێننەوە و هەروەها بەڵێنی خانووی چاکی پێداون لەناو باخچە و بەهەشتە هەمیشەییەکان. هەروەها ڕەزامەندیی الله -لە هەموویان- گەورەترە، ئا ئەمەیە سەرکەوتنی گەورە}. هەروەها الله دەفەرمووێ: {**إن الذين كفروا بئاياتنا سوف نصليهم نارا...**}[2]. واتە: {ئەوانەی کە کوفریان بە ئایاتەکانمان کرد ئەوا دەیانگەیەنین بە ئاگر ...}.

ئەی قەومەکەم، هەرگیز مرۆڤی باوەڕدار لەگەڵ مرۆڤی موشریک یەکسان نین لەڕووی پلەوپایە و ئەحکامەکان، بەڵکو مرۆڤە باوەڕدارەکان ڕێزیان لێگیراوە و مرۆڤە موشریکەکانیش

---

(١) سورەتی التوبة، ئایەی ٧٢.

(٢) سورەتی النساء، ئایەی ٥٦.

هەمیشە لە کتێبەکەی الله ترسێندراون و هەڕەشەیان لێکراوە و وەکو کەسانێکی نەزان و گومڕا و دۆڕاو باسکراون؛ تاکو دڵیان بەخەبەر بێتەوە و ئیمان بهێنن و لە هەردوو دونیادا سەربەرز بن.

کەچی دێمۆکڕاسیخوازە تاغوتپەرستەکان ژینگەیەک دروست دەکەن، بەجۆرێک کە نەک جیاوازیی لەنێوان موسڵمان و موشریک ناکەن، بەڵکو ئەسڵەن جیاوازیی لەنێوان شەریعەتی الله (واتە ئیسلام) ناکەن لەگەڵ شەریعەت و دینە پووچەڵەکانی تر! بەمەش جیل لەدوای جیل پەیدا دەبن و هەست بە هیچ جیاوازییەک ناکەن لە نێوان موسڵمان و ناموسڵمان، جیاوازیی ناکەن لە نێوان حەق و ناحەق.

هەر بۆیەش دەسەڵاتدارە تاغوتپەرستەکان بە ئاشکرا دەڵێن "برا مەسیحییەکان"، هەروەها "برا ئێزدییەکان"، هەروەها "برا کاکەیی و زەردەشتییەکان" و هتد...، دەبینین بۆ هەر یەکێک لەم دینە پووچەڵانە پشووی ڕەسمیان داناوە و زۆر ڕێزیان لێدەگرن و دەیانپارێزن و ڕێگایان بۆ خۆشدەکەن تاکو لەسەر شیرکەکانیان بەردەوام بن.

ئەمەش ڕێگا خۆشکەرە تاکو پەیڕەوانی دینە پووچەڵەکان هیچ هەست بە گومڕایی و شیرکی خۆیان نەکەن؛ چونکە دەبینن کەوا ئەوان لەگەڵ موسڵمانەکان جیاوازییان پێ ناکرێت لەلایەن حوکومەتە تاغوتپەرستەکان. هەروەک چۆن لە خاکی باشووری

کوردستاندا هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان موسڵمانێکی موەحید لەگەڵ ئێزدیەکی شەیتانپەرست!، هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان جەژنی ڕەمەزانی موسڵمانان لەگەڵ جەژنی سەری ساڵی گاورەکان! هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان کتێبەکەی الله (قورئان) لەگەڵ ئاڤێستای زەردەشتییەکان.

بابەتی چوارەم: دروشمەکانی دێمۆکڕاسیەت.

دروشمی یەکەم: ئازادیی پارچەگەرێتیی و دامەزراندنی حیزب (فرە حیزبی).

شەریعەتی دێمۆکڕاسیەت کۆمەڵێک دروشم و پڕۆسەی هەیە کە هەر کەسێک پەیڕەوی بکات و مومارەسەی یەکێک لەو دروشمانە بکات ئەوا مومارەسەی دێمۆکڕاسیەتی تاغوتی کردووە.

لەم شەریعەتە تاغوتیەدا دەرگا کراوەیە بۆ هەر کەسێک کەوا جەماعەتێکی تایبەت دروست بکات لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و بیروڕایەکی تایبەت لەدوای ئەوەی دامەزرێنەرەکانی حیزبەکە ڕازی بوون بە دەستووری خاکەکە، جا ئیتر ئەو حیزبە بانگەشەی بیروباوەڕەکەی خۆی دەکات و بەشێکی قەومەکە پێی سەرسام دەبن و بەدەمیەوە دەچن، کەواتە لێرەدا قەومەکە بوونەتە دوو بەش. ئیتر حیزبێکی تریش دروست دەبێت و تۆزێک جیاوازە لە حیزبەکانی تر، ئیتر بەشێکی تری قەومەکە بۆ لای ئەو حیزبە نوێیەش دەچن، بەمەش قەومەکە دەبنە سێ پارچە. ئیتر هێواش هێواش هەرچەند حیزب دروست بێت ئەوا زۆرتر قەومەکە پارچە پارچە دەبن و هەر یەکێکیشیان خۆیان بە فریاڕەسی قەومەکەیان دەزانن لەکاتێکدا هەر ئەوان تەفرەقە و دووبەرەکییان خستە ناو قەومەکەیان!

کاتێک سەیری شەریعەتە بێگەردەکەی الله دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت الله -تبارك وتعالى- بەخراپە باسی حیزبایەتی و پارچەگەرێتیی کردووە، هەروەک نموونەمان بۆ دەهێنێتەوە بە گاور و جولەکەکان، دەفەرمووێت: {**ولا تكونوا كالذين تفرقوا واختلفوا من بعد ما جاءهم البينات وأولئك لهم عذاب عظيم**}[١]. واتە: {نەکەن وەکو ئەوانە بکەن کە پارچە پارچە بوون و جیاوازییان لەنێوان دروست بوو لەدوای ئەوەی بەڵگەکانیان پێگەیشتبوو، ئەوانە سزای گەورەیان بۆ هەیە}.

هەروەها فەرموویەتی: {... **ولا تكونوا من المشركين * من الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعا كل حزب بما لديهم فرحون**}[٢]. واتە: {-ئەی موسڵمانان- لەسەر مەنهەجی موشریکەکان مەبن * ئەوانەی کە دینەکەیان پارچە پارچە کرد و بوونە چەند کۆمەڵەیەک، هەموو پارچە و حیزبێک دڵخۆشن بەوەی لەدەستیانە}.

هەروەها هەمیشە الله -تبارك وتعالى- فەرمانی بە یەکگرتنی موسڵمانان کردووە لە چوارچێوەی قورئانەکەی و تەوحید. هەروەک فەرموویەتی: {**واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا ...**}[٣]. واتە: {هەمووتان بەیەکەوە خۆتان بە پەتی الله بگرن و پەرتەوازە مەبن ...}.

---

(١) سورەتی آل عمران، ئایەی ١٠٥.

(٢) سورەتی الروم، ئایەی ٣١ و ٣٢.

(٣) سورەتی البقرة، ئایەی ١٨٣.

هەروەها الله -سبحانه وتعالى- فەرموویەتی: {**شرع لكم من الدين ما وصى به نوحا والذي أوحينا إليك وما وصينا به إبراهيم وموسى وعيسى أن أقيموا الدين ولا تتفرقوا فيه ...**}(١). واتە: {شەریعەتمان بۆتان دارِشتووە لە دین بەوجۆرەی کە وەسیەت کرا بۆ نوح، هەروەک ئەوەی وەحیمان بۆ تۆ نارد و هەروەها وەسیەتمان کرد بۆ إبراهیم و موسا و عیسا بەوەی کە دامەزراو بن لەسەر دین و پارچەگەرێتیی تێدا مەکەن ...}.

کەواتە تێکرِای پێغەمبەران -علیهم الصلاة والسلام- هۆشدارییان پێدراوە تاکو نەکەونە پارچەگەرێتی.

نەک هەر پارچەگەرێتی، بەڵکو تەنانەت الله -عز وجل- هۆشداریمان پێدەدات کە خۆمان لە ناکۆکیش بپارێزین؛ چونکە ناکۆک بوون هەنگاوی یەکەمە بۆ پارچەگەرێتی و حیزبایەتی. هەروەک دەفەرموێت: {**... ولا تنازعوا فتفشلوا وتذهب ريحكم ...**}(٢). واتە: {... دەمەتەقێ و ناکۆک مەبن لەگەڵ یەکتر ئەگینا دەشکێن و شکۆمەندیتان نامێنێ ...}.

تەنانەت الله -سبحانه- لەپێناوی لەناوبردنی پەرتەوازەیی لەناو موسڵماناندا فەرمان بە کوشتنی ئەو کۆمەڵانە دەکات کە هەوڵی پارچە کردنی دین و بیروباوەرِی موسڵمانان دەدەن، هەروەک

---

(١) سورەتی الشورى، ئایەی ١٣.
(٢) سورەتی الأنفال، ئایەی ٤٦.

فەرموویەتی: {**وقاتلوهم حتى لا تكون فتنة ويكون الدين كله لله ...**}[1]. واتە: {بیانکوژن بۆ ئەوەی نەبنە مایەی فیتنە و ئاژاوە هەروەها بۆ ئەوەی دینداریی کردن هەمووی بۆ الله بێت ...}.

هەموو ئەم ئایاتانە دەیسەلمێنن شەریعەتی ئیسلام لەم خاڵەشدا بەهەموو شێوەیەک دژی شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتە؛ چونکە لە شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتدا پارچەگەرێتی و حیزبایەتی بنچینەن بۆ ئەم شەریعەتە تاغوتە. بەڵام لە شەریعەتی الله دا موسڵمانان پێویستە لەسەریان کۆببنەوە لە دەوری شەریعەتی الله، دەبێ کۆببنەوە لەژێر سێبەری ئیمامی موسڵمانان. نابێت هیچ کەسێک لە موسڵمانان خۆی لە کۆمەڵی موسڵمانان جیابکاتەوە بەهەر بیانوویێک بێت. بەڵگەشمان زۆرە لەبارەی چارەنووسی ئەو جەماعەتانەی لە کۆمەڵی موسڵمانان جیا بوونەوە ئیتر چیان بەسەرهات، بۆ نموونە:

١- لە سەردەمی خەلیفەی باوەڕداران أبي بكر الصديق -رضي الله عنه- کۆمەڵێک کەس خۆیان جیاکردەوە لە موسڵمانان و گووتیان ئێمە بەهەموو شتێکی ئیسلام ڕازین تەنها زەکات نادەین. خەلیفەی باوەڕداران لێیان خۆش نەبوو و ئەم پارچەگەرێتیەی لێیان قەبوڵ نەکرد، بەڵکو کوشتارێکی زۆری لێکردن تاکو ئەو کاتەی پەشیمان بوونەوە و تەسلیمی خەلیفەی موسڵمانان بوون و ڕازی بوونەوە بە پێدانی زەکات[2].

---

(١) سورەتی الأنفال، ئایەی ٣٩.

(٢) کتێبی صحيح البخاري > كتاب الزكاة > باب وجوب الزكاة > فەرموودەی ژمارە: ١٣٩٩.

٢- كه‌سانێک په‌یدا بوون كه‌ بانگه‌شه‌ی پێغه‌مبه‌رایه‌تیان ده‌كرد، ئه‌وه‌ بوو كوشتاریان كرا و له‌ناوبران، هه‌ندێكیشیان ته‌وبه‌یان كرد و په‌شیمان بوونه‌وه‌. ژماره‌یان زۆره‌، به‌تایبه‌تیش ئه‌وه‌ی كه‌ له‌ سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- زۆر ناودار بوو بریتی بوو له‌ مسيلمة الكذاب، ئه‌ویش له‌ جه‌نگی اليمامة له‌ناوبرا[١].

٣- خه‌واریجه‌كانیش له‌ هه‌ردوو خه‌لیفه‌ی باوه‌ڕداران عثمان بن عفان و علي بن أبي طالب -رضي الله عنهما- هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه‌ و ته‌كفیریان كردن به‌هۆی هه‌ڵه‌ تێگه‌یشتن له‌ چه‌ند ئایه‌تێكی قورئان، ئیمامی عه‌لی نێردراوی بۆیان نارد و هه‌ڵه‌كانیانی بۆ ڕاست كردنه‌وه‌ به‌ڵام ته‌سلیم نه‌بوون و ده‌ستیان چووه‌ خوێنی باوه‌ڕداران، بۆیه‌ش ئیمام عه‌لی جه‌نگی له‌دژیان به‌رپا كرد و زۆرینه‌یانی كوشت و لاوازی كردن[٢].

٤- شیعه‌كانیش خۆیان له‌ موسڵمانان جیاكرده‌وه‌ و به‌ ئیمام عه‌لی ـیان گووت: تۆ خودای! ئه‌وه‌بوو ئیمام عه‌لی زۆرێكیانی

(١) كتێبی السيرة النبوية لإبن هشام > به‌رگی سێیه‌م > غزوة أحد > قتل وحشي لمسيلمة > لاپه‌ڕی: ٣٥.

(٢) كتێبی البداية والنهاية لإبن كثير > به‌رگی شه‌شه‌م > كتاب دلائل النبوة > إخباره –صلى الله عليه وسلم– عن الخوارج وقتالهم > لاپه‌ڕی: ٢٤١.

سووتاند[1]. بەهەمان شێوە قەدەرییەکانیش لەلایەن خەلیفەکانی موسڵمانانەوە دەکوژران[2]؛ بەهۆی باوەڕ نەهێنانیان بە قەدەری الله.

لە شەریعەتی الله تاکە حیزبێک کە ڕێگای پێدرابێت بریتییە لە "حیزبی الله"، کە ئەویش بریتییە لە "قورئان" و "سوننەتی پێغەمبەر". هەر کەسێکیش لەم حیزبە لابدات ئەوا بەبێ گومان لەسەر مەنهەجێکی داهێنراوە نەک مەنهەجی سەلەفی ساڵح.

کەچی لە شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتی تاغوتدا زۆر ئاساییە مرۆڤەکان پارچەگەرێتی بکەن لەسەر بنەمای بیروباوەڕی جیاواز! **ئەمەش لە چەند ڕوویێکەوە زیانی بۆ قەومەکە هەیە:**

زیانی یەکەم: حیزبایەتی دەبێتە هۆی دروست بوونی لێکترازانێکی گەورە لەناو قەومەکە، بەمەش بەتەواویی قەومەکە لاواز و بێ ڕێز دەبن.

زیانی دووەم: حیزب هۆکارێکە بۆ موشریک بوونی مرۆڤەکان؛ چونکە هەر کەسێک خۆشەویستیی بۆ حیزبێک هەبێت ئەوا دەچێتە سەر دین و بیروڕای حیزبەکە، بەمەش دەبێتە عەبدی ئەوان، ئەمەش لە چەند ڕوویێکەوە:

---

(١) کتێبی سنن الترمذي > أبواب الحدود > باب ما جاء في المرتد > فەرموودەی ژمارە: ١٤٥٨.

(٢) کتێبی السنة لعبدالله بن أحمد بن حنبل > سئل عن القدرية والصلاة خلفهم وما جاء فيهم > لاپەڕی: ٤٢٩.

ڕووی یەکەم: لە ئیسلامدا موسڵمانان باوەڕیان بە هەموو ئەو شتانە هەیە کە لە دینەکەیان باسکراوە. بەهەمان شێوە ئەو کەسەی دەچێتە ڕیزی حیزبێک ئەوا حیزبەکە باوەڕیان بە هەر شتێک بێت ئەوا کەسەکەش باوەڕی پێ دەبێت، حیزبەکە ڕقیان لە هەر شتێک بێت ئەویش ڕقی لێ دەبێتەوە!

ڕووی دووەم: لە ئیسلامدا موسڵمانان کۆمەڵێک بابەت بە پیرۆز دەزانن، وەکو الله و نێردراوەکانی و کتێبەکان و هاوەڵانی پێغەمبەر و دروشمەکانی ئیسلام. کەچی لەناو حیزبەکەدا دامەزرێنەرانی حیزبەکە زۆر پیرۆزن و هەمیشە گرینگیان پێدەدرێت و پلەوپایەی تایبەتیان هەیە و بوونەتە تاغوت، جا ئەو کەسەی کە خۆشەویستیی بۆ حیزبەکە هەیە دەبێ کارەکتەرەکانی حیزبەکە بەپیرۆز و هێڵی سوور بزانێت و بایەخ بە قسە و بیروڕاکانیان بدات!

ڕووی سێیەم: لە ئیسلامدا موسڵمانان برای یەکترن و یەکتریان خۆشدەوێت و پارێزگاریی لە یەکتر دەکەن لەپێناوی الله، هەروەها ڕقیان لە ئەهلی کوفر و شیرک دەبێتەوە لە پێناوی الله ئەگەرچی کافرەکە باوک و دایکیشی بێت. ئەمەش لە ئیسلامدا پێی دەگووترێ (الولاء والبراء). کەچی لە شەریعەتی دیمۆکراسیەتدا حیزبییەکان خۆشەویستی و ڕق لێبوونەوە لەسەر بنەمای حیزبەکەیان دادەمەزرێنن، واتە ئەوەی لەگەڵ حیزبەکەیان بێت زۆرتر خۆشیان دەوێت و ئەوەیشی لەگەڵ حیزبێکی تر بێت کەمتر خۆشیان دەوێت! بۆیەش بینیومانە چەندین برای ناو یەک خێزان پەیوەندیان

لەگەڵ یەکتر پچڕاندووە تەنها لەبەر جیاوازیی حیزبەکانیان! یاخود بینیمان هەردوو حیزبە تاغوتپەرستەکەی کوردستان (پارتی و یەکێتی) بە هەزاران چەکداری یەکتریان کوشت (براکوژیی) کە هاوزمانی خۆیان بوون و هەردوو لایەنیش دێمۆکڕاسیخواز بوون! ئەمەیە بەرهەمی پارچەگەرێتی کە بنچینەیەکی دێمۆکڕاسیەتی تاغوتە.

زیانی سێیەم: پارچەگەرێتی سوودی زۆری هەیە بۆ ناحەزانی قەومەکە؛ چونکە ناحەزەکان دەتوانن سوود لە حیزبێک ببینن و بەکرێی بگرن تاکو لەڕێگایەوە زیان بە قەومەکە بگەیەنن. ئەمەشمان بینیوە لە خاکی باشووری کوردستان، هەروەک چۆن لە کاتی سەددامەوە تاکو ئێستاش دەوڵەتە تاغوتپەرستە نێودەوڵەتییەکان سوود لەم دوو حیزبە تاغوتپەرستە دەبینن و بەکاریان دێنن بۆ لەناوبردن و ڕیسواترکردنی ئەم قەومە. ئەمەیە بەرهەمی پارچەگەرێتییەکەی دێمۆکڕاسیەت کە سەرئەنجام بووە بەڵا بەسەر ئەم قەومە.

ئەی قەومەکەم، خۆ بینیتان ئەم بنچینەیەی دێمۆکڕاسیەت چەندە زیانی گەورە دەگەیەنێت بە قەومەکان، هەم لەسەر بنەمای تاک، هەم لەسەر بنەمای کۆمەڵگە. هەر بۆیەش لە ئیسلامدا بە توندترین شێواز پارچەگەرێتیی ڕەت کراوەتەوە.

تاکە کۆمەڵەیەک لەناو ئەم ئوممەتە کە دەیانەوێ بەناوی ئیسلامەوە مومارەسەی دیمۆکراسیەت بکەن بریتین لە حیزبی ئیخوان، ئەم کۆمەڵەیە هەر لە سەرەتاوە لەسەر بنەمایەک دروستبوو کە پێچەوانەی دینە، دامەزرێنەرەکەشی لە تاغوتێکی گۆڕپەرست بەلاوە هیچی تر نییە، ئەمەش بە شاهێدی خودی کتێبی نووسەرە ئیخوانییەکان. بەداخەوە لە هەموو دەوڵەتێکدا ئەم ئیخوانییانە کۆمەڵێک بەچکە حیزبیان دروست کردووە، لە باشووری کوردستانیش سێ دانە حیزبن. جا لەو کاتەوە تاکو ئێستا ئەم کۆمەڵەیە لە کوفر و شیرک و بیدعە و دژایەتی کردنی قورئان و سونە و ئەهلی تەوحید و موجاهیدان بەلاوە هیچی تریان لێ نەبینراوە. لە لاپەڕی ٢٧٩ بەلاوە وەڵامی زۆرێک لە بەڵگەکانیان دەدەمەوە. -بەپشتیوانیی الله.

بابەتی چوارەم: دروشمەکانی دێمۆکڕاسیەت.

دروشمی دووەم: هەڵبژاردن و دەنگدان.

هەروەک لەلاپەڕی ٤٥ تا ٥٢ ڕوونکرایەوە، پیرۆزترین شت لە شەریعەتی دێمۆکڕاسیەت بریتییە لە مرۆڤ و گەل. هێزی ئەم شەریعەتە پەیوەستە بە مومارەسەی دروشمەکانی دێمۆکڕاسیەت لەلایەن گەلەکە.

یەکێکیش لە دروشمەکان کە زۆرینەی قەومەکەم تێیکەوتوون بریتییە لە "هەڵبژاردن و دەنگدان"، لەم دروشمەدا حوکومەتە تاغوتپەرستەکە بەهۆی هەر پێشهاتێکەوە یاخود بەهۆی کاتی هەڵبژاردنی حیزبە تاغوتپەرستەکانەوە کۆمەڵێک بنکە دەکاتەوە و خەڵکەکەش دەچن و دەنگ دەدەن و پەنجەی شایەتومانیان مۆر دەکەن بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆیان!

خۆی پێویستە ئەوە بزانین کە هەڵبژاردن شتێک نییە پەیوەست بێت بە شەریعەتی دێمۆکڕاسیەت، هەروەها هەڵبژاردن خۆی لەخۆیدا هیچ کێشەیەکی تێدا نییە لە شەریعەتی الله، بەڵام ئامانجی هەڵبژاردنەکە گرینگە؛ چونکە ئەگەر هەڵبژاردنەکە بە ئامانجێکی ئاسایی ئەنجام بدرێت و هیچ کوفر و شیرکێک لە دەنگدانەکە نەبێت ئەوا ئاساییە، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردن و دەنگدانەکە لەپێناوی

ئامانجێکی کوفر و شیرک بێت یاخود بە سەرپەرشتی حوکومەتێکی تاغوتپەرست بێت، ئەوا بێگومان دەنگدەرەکە پێی موشریک دەبێت.

هەر بۆ نموونە هەڵبژاردنی پەڕلەمانتاران، **با بزانین بۆچی ئەو کەسەی دەنگ بە پەڕلەمانتارێک بدات ئەوا پێی موشریک دەبێت:**

هۆکاری یەکەم: دەنگدەر موشریک دەبێ چونکە مومارەسەی دروشمێکی شەریعەتی دیمۆکراسیەتی تاغوتی کردووە، لەکاتێکدا الله فەرمانی پێمان کردووە کوفر بە تاغوتەکان بکەین، یەکێکیش لە تاغوتەکان بریتییە لە "تاغوتی شەریعەت"، ئەمەش لە لاپەڕی ٨ بەدواوە باسکراوە.

هۆکاری دووەم: پەڕلەمانتار کۆمەڵێک دەسەڵات و مافی پێدراوە کە ئەم ئەرکانە تەنها مافی الله ـن، نەک هیچ مرۆڤێک، یەکێک لە ئەرکەکانی پەڕلەمانتار بریتییە لە یاسادانانێکی بێ سنوور! واتە بەیەکەوە ئەندامەکانی پەڕلەمان شەریعەتێکی فراوان دادەڕێژن لەسەر بنەمای ویستی گەل، نەک لەسەر بنەمای شەریعەتی الله. کەواتە یەکێک لە کارەکانی الله پەکخرا، ئەویش "حاکمیەت" بوو. لەکاتێکدا الله دەفەرمووێت: {**إن الحكم إلا لله ...**}[1]. واتە: {بەڕاستیی دادگەرێتیی و حوکمدان تەنها مافی الله یە ...}.

هۆکاری سێیەم: هەروەها ئەرکێکی تری پەڕلەمانتار بریتییە لە لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە تاکو بزانێت ئایا حوکومەت بە باشیی

---

(١) سورەتی یوسف، ئایەی ٤٠.

مومارەسەی دێمۆکڕاسیەت دەکات یاخود نا! کەواتە هەمیشە لە هەوڵدایە بۆ پەرەپێدانی بنچینەکانی شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتی تاغوت لە خاکی باشووری کوردستان. ئەو بنچینە پیسانەی کە باسمان کرد: ئازادیی بیروباوەڕ، ئازادیی ڕادەربڕین، جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت (عەلمانیەت)، یەکسانیی لەنێوان موسڵمان و کافر، هی تریش کە باسکران لە لاپەڕی ٤٥ تاکو ١٢٥. کەواتە پەڕڵەمانتار هەوڵدەدات زۆرتر ئەم بنچینە پیسانەی دێمۆکڕاسیەت جێگیر بن!

هۆکاری چوارەم: هۆکارێکی تریش بۆ کافر بوونی دەنگدەر ئەوەیە کە بە دەنگدان و مۆر کردنی پەنجەی شایەتومانی ئیتر پاڵپشتی دێمۆکڕاسیخوازە موشریکەکان دەکات و بەهێزیان دەکات و ڕێگایان بۆ خۆش دەکات تاکو بنچینەکانی دێمۆکڕاسیەت بچەسپێنن لە خاکی کوردستان. ئەمەش دەبێتە هۆی پەرەسەندنی شەریعەتی دێمۆکڕاسیەت لە خاکەکە. هەر بۆیەش دەبینین زۆرجار دەسەڵاتدارە تاغوتپەرستەکانی کوردستان بە دڵێکی خۆشەوە دەڵێن: خەڵکی کوردستان خەڵکێکی دێمۆکڕاسیخوازن و ئەوەتا ڕێژەی دەنگدان زیادترە لە ٧٠٪ یاخود هەر ڕێژەیەکی تر...

جا ئەی قەومەکەم، ئەی ئەو کەسەی دەتەوێت دەنگ بدەیت، ئەمانە لە گرینگترین ئەرکەکانی پەڕڵەمانتارە تاغوتەکانن، ئەمانە ئەو کارانەن کە پەڕڵەمانتار دەیانکات لەناو بینایە بۆگەنەکەی پەڕڵەمان. ئیتر کاتێک تۆ پەنجەی شایەتومانت بۆ یەکێک لەم پەڕڵەمانتارانە مۆر بکەیت یاخود خۆشتبووێت ئەوا بەبێ گومان تۆ موشریک

بوویت؛ چونکە تۆ پاڵپشتی کەسێکی تاغوت دەکەیت کە سیفەتی حاکمیەت و یاسادانانی الله ـی داگیرکردووە و خۆی یاسا و حەلال و حەڕامەکان دادەنێت و فەڕزی دەکات لەسەر ئەم قەومە. بەبێ گومان ئەم دەنگدانە موشریکت دەکات.

لەوانەیە کەسانێک بڵێن: ئەی ئەگەر حیزبی ئیسلامیی دروست بکەین و دەنگیان پێ بدەین لەپێناوی گەڕاندنەوەی شەریعەتی الله؟ ئەمەیان حوکمی چییە؟

لە وەڵامدا دەڵێم: ئەمە پرسیارێکی زۆر گرینگە و دەبێ هەموو لایەک (بە تایبەت ئیخوانییەکان) وەڵامی ئەم پرسیارە بزانن؛ چونکە زۆرێکیان لەسەر بنەمای ئەم پرسیارە باوەڕیان بە حیزبایەتیی هەیە و بە جیهادی دەزانن! زۆرجار پێمان دەڵێن: ئێوە چۆن حیزبە ئیسلامییەکان و ئەندامەکانیان و دەنگدەرانیان بە کافر دەزانن؟ خۆ ئەوان لەپێناوی دیمۆکراسیەت حیزبایەتی ناکەن بەڵکو دەیانەوێت لەم ڕێگایەوە دینی ئیسلام بگەڕێننەوە، چۆن تەکفیریان دەکەن؟!

با بزانین بۆچی ئەحزابی بەناو ئیسلامیی کافرن، بۆچی ئەندام و دەنگدەرەکانیان کافرن.

دەبێ سەرەتا ئەوە بزانین کە یەکەم هەنگاوی چەسپاندنی دیمۆکراسیەت لە هەر خاکێکدا بریتییە لە "دانانی دەستوور"، تەنانەت دروستکردنی ئەم دەستوورە دەکەوێتە پێش دروستکردنی حوکومەت؛ چونکە دەبێت لە سەرەتادا دەستوور و شەریعەتێک

بوونی هەبێت تا لەسەر بنەمای ئەم دەستووره حوکومەتێک دروست بکرێت. هەروەک چۆن کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٣ حیزبی "بعث" ی تاغوت لە عیراقدا لەناوچوو، ئیتر ئەمریکا ڕاستەوخۆ حوکومەتێکی دێمۆکڕاسی دروست نەکرد، بەڵکو لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٥ بەدواوە ئینجا حوکومەتی عیراق دروست بوو؛ ئەمەش چونکە لەم ماوەیەدا لیژنەیەک ڕێکخرابوو تاکو هەڵسێ بە نووسینی شەریعەت و دەستوورێک تاکو حوکومەتی عیراق بیکاتە بەرنامەی حوکمڕانیی خۆی.

دەستوورەکەش دروستکرا لەلایەن کۆمەڵێک دێمۆکڕاسیخواز لە هەموو نەتەوەکانی عیراق، ئینجا حوکومەتێک لەسەر بنەمای دەستوورەکە ڕاگەیەندرا. دەستوورەکە بەتەواویی تێکڕای بنچینە کوفرەکانی دێمۆکڕاسیەتی لەخۆی گرتووە کە باسمان کرد، بۆیەش گومان لەوە نییە کە هەر خاکێک ئەم دەستوورەی تێدابێت ئەوا دارولکوفرە، هەر زانایەکی ئەهلی سوننە ئەم دەستوورە بخوێنێتەوە ئەوا گومانی لەوە نامێنێت عیراق و کوردستان دارولکوفرن.

جا حیزبی سیاسیش ئەگەر تەنانەت بەناوی ئیسلامیشەوە دروست بکرێت لە عیراق و کوردستان (و شوێنەکانی تریش) ئەوا لەبەر ئەم هۆکارانە کافرن بە دەنگدەرانیشیانەوە:

هۆکاری یەکەم: هەر کەسێک بیەوێت حیزبی سیاسی دروست بکات ئەوا دەبێت ڕازی بێت بەوەی لە چوارچێوەی دەستووری

عیراقیی سیاسەت بکات، خۆ ئەگەر ڕازی نەبێت بەم مەرجە ئەوا هەر لە سەرەتاوە ناهێڵن حیزبیش دروست بکات! کەواتە هیچ هیچ حیزبێک نییە لەم عیراق و کوردستانە کە ئیللا ڕازی بووە بە تێکڕای مەرجە کوفرەکانی دەستووری عیراقیی. تەنانەت ئەگەر بەناوی ئیسلامیشەوە حیزب دروست بکات ئەوا قەت مۆڵەتی پێ نادرێت کە باوەڕی بە یەک ماددەی دەستووری عیراقیی نەبێت لەکۆی ١٤٤ ماددە.

ئەم دەستوورە بۆگەنەی عیراق و تێکڕای دەستوورە تاغوتەکانی وڵاتانی تر، هەموویان وەکو دینیان لێهاتووە، ئەمەش چونکە دین دوو جۆرە، یەکەمیان بریتییە لە "دینی حەق" ئەویش دینی تێکڕای پێغەمبەرانە -عليهم الصلاة والسلام-، بەتایبەت دینی ئیسلام کەوا دینی ئوممەتی محمدە. دووەمیشیان بریتییە لە "دینی مەلیکی"، ئەمەش بە بەڵگەی فەرمایشتی الله: {**... ما كان ليأخذ أخاه في دين الملك ...**}[1]. واتە: {... لە دین و دەستووری پاشای میسڕدا نەبوو کەوا یوسف براکەی خۆی بپارێزێت و بیهێڵێتەوە ...}.

کەواتە هەر دەستوور و شەریعەتێک لە غەیری شەریعەتی الله بریتییە لە تاغوت، هەروەها بریتییە لە دینی مەلیکی. بەتایبەتیش دەستووری بۆگەنی عیراقیش یەکێکە لە دینە مەلیکییەکان و لەلایەن مرۆڤە شەیتانییەکان دانراوە، تێکڕای حیزبەکانیش دانیان پێداناوە،

---

(١) سورەتی یوسف، ئایەی ٧٦.

بەمەش موشریک بوونە؛ چونکە الله دەفەرمووێت: {**... وإن الشياطين ليوحون إلى أوليآئهم ليجادلوكم وإن أطعتموهم إنكم لمشركون ...**}[١]. واتە: {... بەڕاستیی شەیتانەکان وەحی دەنێرن بۆ لای مرۆڤە پاڵپشتەکانیان تاکو دەمەتەقێ لەگەڵ ئێوە بکەن، جا ئێوەش ئەگەر گوێڕایەڵیان بکەن ئەوا بێگومان موشریکن ...}.

هەر بۆیەش تێکڕای ئەحزابەکان و تەنانەت ئیخوانییەکانیش موشریکن؛ چونکە گوێڕایەڵ و پابەندی ئەو دەستوورەن کە لەلایەن پاڵپشتەکانی شەیتانەوە داڕێژراوە. جا ئەم موشریک بوونە هەنگاوی یەکەمی حیزبە بەناو ئیسلامییەکانە.

هۆکاری دووەم: بۆ ئێمە ئاشکرایە کە لە شەریعەتی الله دا بەهەموو شێوازێک دژایەتی حیزبایەتی و پارچەگەرێتیی کراوە و لەم پێناوەدا هاوەڵان -رضي الله عنهم- ئەو کەسانەیان کوشتووە کە هۆکاری پارچەگەرێتی بوون. ئەمەش لە لاپەڕی ١٢٦ تا ١٣٤ باسکرا.

بەڵام ئەو کەسە بەناو موسڵمانەی کە دەیەوێت حیزبێکی بەناو ئیسلامیی دروست بکات ئەوا دەبێ بەتەواویی ئەم هەڵوێستەی ئیسلام ڕەت بکاتەوە و باوەڕی بە حیزبایەتی و پارچەگەرێتیی هەبێت! هەروەها دەبێ دان بە هەموو هەر حیزبێکی تریش بنێت کە بوونیان هەیە، وەکو "شیوعی" و "نەتەوەپەرستی" و "ئێزدی" و "خاچ

---

(١) سورەتی الأنعام، ئایەی ١٢١.

پەرست"، نابێ لە بەرنامەی حیزبەکەیدا پرۆژەیەکی تێدابێ دژی هیچ بیروباوەڕێک بێت! خۆ ئەگەر حیزبێک باوەڕی پارچەگەرێتیی و یەکسانیی نەبوو ئەوا ئەسڵەن بۆی نییە حیزبیشی هەبێت! کەواتە ئەی قەومەکەم، ئەو حیزبە بەناو ئیسلامییانە هەموویان دانیان بە دەستوورە تاغوتەکە ناوە، هەروەها باوەڕیان بە پارچەگەرێتیی هەیە لە چوارچێوەی شەریعەتی دیمۆکراسیەت، هەروەها دژی هیچ بیروباوەڕێکی کوفر ناوەستنەوە، هەروەک چۆن یەکێک لە ئەندامەکانی حیزبی کۆمەڵی بەناو ئیسلامیی لە کاناڵی NRT لە بەرنامەی "دووجار بیربکەوە" گووتی: ئەگەر ئێمە هێز و دەسەڵاتمان گرتە دەست ئەوا دەستوورێکی "نائیسلامیی" دەنووسین کە تێیدا دان بنێت بە یەکسانیی و پێکەوەژیانی کۆمەڵگا!

وەڵڵاهی بە گوێیەکانی خۆم بیستم و بە چاوەکانی خۆم بینیم. ئیتر ئەمانە چ جیاوازییان هەیە لەگەڵ پارتی و یەکێتی تاغوتپەرست و پێڵاوی ئەمریکا؟ ئەمریکا هەر ئەوەی دەوێت کە دەستوورەکە نائیسلامیی بێ.

ئەی قەومەکەم، چۆن ئەمانە حوکمی الله دەگەڕێننەوە لەکاتێکدا خۆیان باوەڕیان بە پارچەگەرێتی و دەستووری نائیسلامی و یەکسانی نێوان موسڵمان و کافر هەبێت؟! هەرگیز ئەم مرۆڤە پیسانە ناتوانن حوکمی الله بگەڕێننەوە بەڵکو هەمیشە دژایەتی ئەحکامەکانی ئیسلامیان کردووە لەپێناوی ڕەزامەندیی دڵی ڕۆژئاوا

و دێمۆکراسیخوازەکان و قەومی کورد. چۆن پەنجەی شایەتومانت مۆر دەکەیت بۆ ئەم ئیخوانییە دینفرۆشانە؟

تەنانەت کاتێک گۆڤارێک پرسیار لە کوڕی حسن البنا دەکات و دەپرسن: ڕاتان چییە لەبارەی بوونی حیزب بۆ تێکڕای بیروباوەڕەکان بۆ نموونە شیوعیەکان؟ لە وەڵامدا کوڕەکەی حسن البنا گووتی: مافی خۆیانە حیزبیان هەبێ!

ئەمە چ بیروباوەڕێکی جاهیلانەیە کە ئیخوانییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن! ئیزن بۆ شیوعیەک و گاورێک و شەیتانپەرستێک هەبێت و حیزب دروست بکەن و بنکەی حیزبیان هەبێت، هەروەها کاناڵیان هەبێت و بانگەواز بۆ بیروباوەڕی خۆیان بکەن، ئەگەریش زۆرینەی خەڵکەکە دەنگیان پێیاندا ئەوا دەگەنە هێز و دەسەڵات! جا ئەی ئیخوانییەکان پێمان ناڵێن کامە ئایەت و فەرموودە ئیزن بەم بیروباوەڕە پووچەڵەی ئێوە دەدات؟ هاوار بۆ حاڵی ئەو کەسەی پەنجەی شایەتومانی بۆ ئێوە مۆر بکات.

بۆیەش ئەی قەومەکەم، نەکەن هەڵخەڵەتێن بە سەر و ڕیش و قسە بریقەدارەکانی ئەندامی حیزبە بەناو ئیسلامییەکان؛ چونکە ملکەچی دەستوورە بۆگەنەکەی عیراقن و خاڵ بە خاڵیان قەبوڵ کردووە ئەگینا ئەسڵەن نەیاندەهێشت! هاوار بۆ حاڵی ئەو کەسەی پەنجەی شایەتومانی خۆی مۆر دەکات بۆ ئەم ئیخوانییە مورتەدانە.

هۆكاری سێیەم: شەریعەتی دێمۆكڕاسیەت هەر بەم كافربوونەی حیزبە بەناو ئیسلامییەكان ناوەستێ، بەڵكو زۆرتر دەیانخاتە ناو شیرک و كوفر، ئەویش لەدوای دروست كردنی حیزبەكە و دان پێدانانی حیزبەكە بە دەستوورە كوفرینەكەی عیراق، ئینجا ئەگەر دەنگ بهێنن و بگەنە پەڕلەمان ئەوا پێویستە سوێندی یاسایی یاخود سوێندی دەستووریی بخۆن! با بزانین ئەم كوفرە گەورەیەش چییە.

ئەی قەومەكەم، كاتێک تۆ دەچیت و خۆت موشریک دەكەیت و دەنگ بە پیاوێكی بەناو موسڵمانی دێمۆكڕاسیخواز دەدەیت و ئەویش دەگاتە پەڕلەمان و دەبێتە تاغوتێكی ئەم پەڕلەمانە، ئەوا لە پێش دەستبەكاربوونی فەرمانی پێدەكرێت لەبەردەم ئەندامەكانی پەڕلەمان دەستی لەسەر كتێبەكەی الله (قورئان) دابنێت و سوێندێكی دەستووری بخوات كە ئەمەش دەقی سوێندەكەیە بە وەرگێڕدراوی كوردیی:

سوێند دەخۆم بە الله ی بەرز و مەزن، كە هەڵبستم بە ئەنجامدانی ئەرک و بەرپرسیارێتییە یاساییەكانم، بەوپەڕی لێبڕاویی و دڵسۆزییەوە، هەروەها پارێزگاریی لە سەربەخۆیی و سەروەریی عیراق بكەم، هەروەها بەرژەوەندییەكانی گەلەكەم لەبەرچاو بگرم، هەروەها شەونخونیی بكەم بۆ پاراستنی سەلامەتیی زەویەكەی و ئاسمانەكەی و ئاوەكەی و سامانەكەی و هەروەها سیستەمە دێمۆكڕاتیەكەی، هەروەها كار دەكەم بۆ پاراستنی ئازادییە گشتیی و

تایبەتییەکان، هەروەها بۆ سەربەخۆیی دادگاکان، هەروەها پابەند بوون بە جێبەجێ کردنی یاساکان بە ئەمانەت و بێلایەنییەوە، الله شاهێدە بەوەی کە دەیڵێم.

خۆ دەبینن ئەی قەومەکەم، ئەو کەسەی کە تۆ لەپێناویدا مومارەسەی دێمۆکراسیەتی تاغوتت کرد، ئەوەتا وا سوێند دەخوات بەم خاڵانە:

١- سوێند دەخوات بە الله بەوەی ئەو ئەرکانە ئەنجام بدات کە دەستووره پیسەکەی عیراق بۆی داناوە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە (واتە ئیخڵاس). واتە بەوپەڕی ئیخڵاسەوە ئەرکە کوفرەکانی دەکات.

٢- سوێند دەخوات بە الله بەوەی پارێزگاریی لە شەریعەتی دێمۆکراسیەتی تاغوت بکات لە خاکی عیراق.

٣- سوێند دەخوات بە الله بەوەی ئازادییەکان بپارێزێت، وەکو ئازادیی بیروباوەڕ و ئازادیی بیروڕا و ئازادیی بڵاوکردنەوەی بیروڕایە کوفرەکان و هتد...

٤- سوێند دەخوات بە الله بەوەی کار بکات لەپێناوی سەربەخۆ کردنی دادگاکان تاکو بەوپەڕی ئازادییەوە حوکم بکەن لەسەر بنەمای ئەو یاسایە دەستکردە تاغوتییانەی کە لە بینایە پیسەکەی پەرلەمانەوە دەردەچن ئەگەرچی پێچەوانەی شەریعەتی الله بن.

٥- سوێند دەخوات بە الله بەوەی هەڵسێت بە جێبەجێ کردنی یاساکانی دەستوور و یاسایە دەرچووەکانی ناو پەڕلەمان، بەبێ ئەوەی لێیان لابدات، ئەگەرچی یاساکان کوفر و سەرپێچیش بن لە شەریعەتی الله دا.

لەکۆتایی ئەم پێنج سوێندە کوفرەیدا دان بەوەش دەنێت کە الله شاهێدە بەسەری و دەیبینێت! گوفتارەکانی وەک ئەوەن بڵێت: خوایە سوێند بە تۆ دەخۆم کە کوفرت بەرامبەر بکەم! هەروەک جولەکەکان کە دەیانگووت "سمعنا وعصینا"! واتە: خودایە گوێبیستت بووین و سەرپێچیت دەکەین!

دەی هاوار بۆ حاڵی ئەو ئەندام پەڕلەمانە، ئەوەتا گومان نەما لە کافرێتییەکەی، ئەم کوفرە گەورەیەش یەکەم هەنگاوی کوفرەکانی داهاتوویەتی لەناو بینای پەڕلەمان. هاوار بۆ حاڵی ئەو کەسەی پەنجەی شایەتومانی خۆی بۆ مۆر کردووە.

جا لێرەدا ئەندام پەڕلەمانە ئیخوانییەکان فێڵێک لە دەنگدەرانیان دەکەن، پێیان دەڵێن: ئێمە ئەم سوێندەمان بە حەزی خۆمان نەخوارد بەڵکو ناچاربووین، هەروەها ئێمە لەکاتی سوێند خواردنەکە نیەتمان گەڕاندنەوەی حوکمی الله بوو نەک حوکمی دێمۆکڕاسیەت! هەروەها ئەگەر هێز و دەسەڵاتمان گرتە دەست ئەوا دژی سوێندەکە دەجووڵێینەوە.

بێگومان ئەم شوبهەیەش خۆڵی کردووەتە چاوی زۆرێک لەو دەنگدەرانەی کە بەوپەڕی جەهل و بێ ئاگاییەوە دەنگیان بەم فێڵبازانە داوە. لە وەڵامی ئەم فێڵەدا دەڵێم: ئەم گوفتارەی ئیخوانییەکان هەرگیز نابێتە ڕێگر لە بەردەم تەکفیر کردنی ئەوان و دەنگدەرانیشیان، ئەمەش لەبەر چەند خاڵێک:

١- ئەوان دەڵێن ئێمە ناچاربووین بۆ ئەوەی ئەم سوێندە کوفرە بخۆین، لە وەڵامدا دەڵێم: نەخێر ناچار نەبوون ئەم سوێندە کوفرە بخۆن؛ چونکە ئەسڵەن خۆیان باوەڕیان بە ناوەڕۆکی سوێندەکە هەیە، باوەڕیان بە دەستووری عیراقیی هەیە، باوەڕیان بە دێمۆکراسیەت هەیە، ئەگەر باوەڕیان بە هەموو ئەمانە نەبێت ئەوا ئەستەمە بگەنە پەڕلەمان، بەڵام مادام گەیشتنە پەڕلەمان ئەوا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی باوەڕیان پێیەتی.

لەگەڵ ئەمەشدا با بزانین ئایا ئەم ئیخوانییانە بیانووی ناچاربوون (إكراه) دەیانگرێتەوە یان نا؟! لە وەڵامدا دەڵێم: نەخێر تەنانەت ئەم بیانووەش نایانگرێتەوە؛ چونکە عوزری ناچارکردن (إكراه) تەنها کەسێک دەگرێتەوە کە لەژێر هەڕەشە و ئەشکەنجەدان و لێدان و سووتاندن و بڕینەوەی لەشیدا زۆر ناچار بکرێت بەوەی گوفتارێک یاخود کردارێکی کوفر دەربڕێت. ئەمەش مەنهەجی ئەهلی سوننەیە، بەتایبەت ئیمام أحمد بن حنبل و ئیمام إبن حجر العسقلاني و شێخی ئیسلام إبن تيمية -رحمهم الله-. بەڵام ئایا ئەم ئەندام پەڕلەمانە ئیخوانییانە ئەم بیانووە دەیانگرێتەوە؟ ئایا کاتێک

سوێندە کوفرەکە دەخۆن چەک لەسەریان دانراوە و ناچارن بۆ ئەوەی مومارەسەی دیمۆکڕاسیەت و پەرلەمانتاریی بکەن؟!

ناواللە بەڵکو بەوپەڕی ئاسوودەییەوە سوێندەکە دەخۆن و سووریشن لەسەر سوێندەکەیان، ئەسڵەن زۆر جددی تریشن لە حیزبە دیمۆکڕاسیخوازەکانی تر لە داواکردنی شەریعەتی دیمۆکڕاسیەت! کەواتە ئەی قەومەکەم ئاگاداربن، ئەم بیانووە تەنها فێڵێکە و هەرگیز نابێتە بەڵگەی شەرعیی؛ چونکە ئەمانە هەر لە سەرەتاوە بە حەزی خۆیان باوەڕیان بە دیمۆکڕاسیەت هێناوە و مومارەسەی دەکەن و حیزبیان بۆی دروست کردووە و چوونەتە پەرلەمان، هەرگیز هیچ شتێک و هێزێک ناچاری نەکردوون.

٢- ئەوان دەڵێن ئێمە نیەتمان لە سوێندەکەدا گەڕاندنەوەی حوکمی اللە بوو نەک حوکمی دیمۆکڕاسیەت، لە وەڵامدا دەڵێم: تەنانەت ئەگەر نیەتیان گەڕاندنەوەی حوکمی اللە بووبێ ئەوا هیچ سوودی بۆیان نییە و نابێتە بەربەست لەبەردەم کافر بوونیان؛ ئەمەش چونکە ئەو پەڕلەمانتارە ئیخوانییانە لەسەر فەرمانی دەستووری عیراقیی سوێندەکەیان خواردووە. لەم حاڵەتەشدا نیەتی دڵ ناخوات، هەروەک نێردراوی اللە -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «**اليمين على نية المستحلِف**»(١). واتە: «**سوێند**

(١) کتێبی صحيح مسلم > كتاب الأيمان والنذور > باب يمين الحالف على نية المستحلف > فەرموودەی ژمارە: ١٦٥٤.

خواردن وەستاوەتە سەر نیەت و مەبەستی ئەو کەسەی داوای سوێند خواردنەکەی کردووە».

جا لەسەر بنەمای ئەم فەرموودەیەی سەرەوە دەپرسم: ئایا ئەندام پەرڵەمانە ئیخوانییەکان بە حەزی خۆیان سوێندە کوفرینەکەیان خوارد یان لەسەر فەرمان و داوای دەستوور؟ بێگومان لەسەر فەرمانی دەستوور سوێندیان خواردووە، دەقی سوێندەکە دەکەوێتە ماددەی ٥٠ لە دەستووری عیراقیی، تیایدا فەرمانکراوە بەوەی هەموو ئەندامەکانی پەرڵەمان ئەم سوێندە بخۆن. کەواتە بە حەزی خۆیان سوێندیان نەخواردووە.

جا لەم حاڵەتەدا مادام سوێندەکانیان لەژێر فەرمانی دەستوورە تاغوتەکە خوارد، کەواتە هەمان فەرموودەی سەرەوەیان لەسەر جێبەجێ دەبێت و ئیتر کەوتنە ژێر کاریگەریی ڕواڵەتی سوێندەکە و نیەتی دڵیشیان بێسوودە.

بەهەمان شێوە ئیمامی النووي -رحمه الله- لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا پێمان ڕادەگەیەنێت نیەتی دڵ و هەروەها "التورية" هیچ سوودیان نییە بۆ ئەو کەسەی سوێند دەخوات مادام داوای سوێند خواردنی لێکراوە[١].

٣- دەڵێن ئەگەر هێز و دەسەڵاتمان گرتە دەست ئەوا دژی سوێندەکە دەوەستینەوە، منیش دەڵێم: سوێند بە الله لەم قسەیەشیان

(١) کتێبی صحيح مسلم بشرح النووي > بەرگی یازدەهەم > لاپەڕی ژمارە: ١٦٨ و ١٦٩.

ڕاست ناکەن؛ چونکە ئەوەتا یەکێک لە ئەندامەکانی حیزبی کۆمەڵی ئیخوانیی لە کاناڵی Kurdsat News ی یەکێتی تاغوتپەرستدا بە ئاشکرا گووتی پێویستە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامیی لەژێر ڕەزامەندیی و پشتیوانی ئەمریکا بێت! ئەوەتا عەلی باپیری تاغوت لە کاناڵی Rudaw لە بەرنامەی "لەگەڵ ڕەنج" بە ئاشکرا گووتی دەبێ دەوڵەتی ئیسلامیی بە شێوازێکی کۆنفیدڕاڵیی و سەردەمیانە دروست بکرێت! ئەوەتا لە میسڕ دەسەڵاتیان گرتە دەست، هیچ گۆڕانکارییەک ڕوویدا؟ حوکم و شەریعەتی الله جێبەجێ کرا؟ ئەسڵەن ئەوەتا تاکو ئێستاش دژایەتی ئەهلی تەوحید دەکرێت لە بیابانی سیناء تەنها لەبەر ئەوەی داوای شەریعەتی الله دەکەن! ئەوەتا ئەڕدۆگانی سەرۆکی تورکیا پیاوێکی تاغوت و ئیخوانییە، لە لوتکەی هێز و دەسەڵاتدایە، ئایا حوکم بە دینەکەی الله دەکات لە خاکی خۆی؟ ئەسڵەن ئەوە فیلمە تورکییەکان بوون کە ئەخلاقی قەومی کورد و عەڕەبیان تێکدا و بە ئاڕاستەی بێڕەوشتیی و غەڕامیاتیان بردن. ئەوەتا بە ڤیدیۆ بەردەستە کەوا ئەڕدۆگان لە چاوپێکەوتنێک لە کاناڵی الجزیرة دەڵێت: ئێمە بە دێمۆکڕاسیەت و عەلمانیەت گەیشتووینەتە ئەمڕۆ.

٤- کاتێک سەیری ژیاننامە و ئاکاری پێغەمبەری خۆشەویست دەکەین لە مەککە، دەبینین هەرگیز کاری لەمجۆرەی نەکردووە! هەرگیز خۆی تێکەڵی سیاسەتە بۆگەنەکەی قوڕەیش نەکرد، بەڵکو بە ئاشکرا بەڕائەتی لێکردن و لاوازیی قەبوڵ کرد نەک لەگەڵیان

دابنیشێت و بەم ڕێگایە خۆی بگەیەنێتە هێز! بۆیەش ئەم ڕێگایەی ئەوان گرتوویانەتە بەر بەهەموو شێوازێک دژی بانگەوازی تێکڕای پێغەمبەرانە؛ چونکە بانگەوازی پێغەمبەران بەشێوازی بەڕائەت بووە، واتە بەڕائەتیان لە قەومی خۆیان کردووە و بانگەوازیان کردوون و بەشێک نەبوونە لە سیاسەتی دەسەڵاتدارە تاغوتییەکانی خۆیان، هەرگیز نەچوونەتە ڕیزەکانیان، هەر بۆیەش زۆرێکیان ئازار دەدران یاخود دەکوژران، ئەمەش لە لاپەڕی ٣٢ و ٣٣ باسکرا.

ئەی قەومەکەم، ئەوەتا ئەم فێڵەی ئیخوانییەکانتان بۆ دەرکەوت کە چۆن بەناوی ئیسلامەوە مومارەسەی دیمۆکڕاسیەت دەکەن و ئێوەی نەزانیش بەکاردەهێنن بۆ مەبەستە ناشەڕعیی و پیسەکەیان، زانیتان ئەوان ڕاست ناکەن کە دەڵێن ناچارین سوێندە کوفرینەکە بخۆین! هەروەها دەرکەوت ڕاست ناکەن کاتێک دەڵێن نیەتمان گەڕاندنەوەی حوکمی خوایە نەک دیمۆکڕاسیەت! ئیتر چ بیانووێکتان بۆ ماوەتەوە تا دەنگ بدەن و مومارەسەی دروشمێکی دیمۆکڕاسیەت بکەن؟

ئەی خوێنەری زانستخواز، ئەوە بۆت دەرکەوت دەنگدان بە حیزبەکان واتە مومارەسەکردنی دروشمێکی دیمۆکڕاسیەت، الله پێمان دەڵێت کوفر بکەن بە تاغوت، کەچی ئەمانە باوەڕیان پێیەتی و خەڵکیشی بۆ هان دەدەن. بۆیەش هیچ گومانێک نییە لە کافرێتی ئەو کەسەی کە پەنجەی شایەتومانی خۆی مۆر دەکات و دەنگ دەدات؛ چونکە دەبێ کوفر بە تاغوت بکرێت نەک مومارەسەی

دروشمەکانی بکرێت، ئەگینا موسڵمانێتی دروست نابێت، هەروەک الله فەرموویەتی: {**... فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقى ...**}(١). واتە: {... هەر کەسێک کوفر بە تاغوت بکات و ئیمان بە الله بهێنێت ئەوا بێگومان خۆی گرتووە بە پەتێکی پتەو ...}.

لە بەشی دووەمدا لە لاپەڕی ٢٠٢ بەدواوە بە درێژیی وەڵامی گومانەکانی تری ئیخوانییەکان دەدەمەوە کە کەسانێکی نەزان و ساویلکەی پێ هەڵدەخەڵەتێنن.

---

(١) سورەتی البقرة، ئایەی ٢٥٦.

بابەتی چوارەم: دروشمەکانی دێمۆکراسیەت.

دروشمی سێیەم: دەستاودەست کردنی دەسەڵات.

دروشمێکی تر لە دروشمەکانی دێمۆکراسیەتی تاغوت، بریتییە لە دەستاودەست کردنی دەسەڵات، یاخود ئاڵوگۆڕ کردنی دەسەڵات، هیچ حیزبێکیش مۆڵەتی دروست بوونی پێنادرێت تاکو باوەڕی تەواو بەم دروشمە نەهێنێت. ئەگەر دەشڵێین: ئایا حیزبە بەناو ئیسلامییەکان دانیان بەم دروشمە ناوە؟ لە وەڵامدا دەڵێم: بەڵێ باوەڕی تەواویان پێیەتی و دانیان پێدا ناوە ئەگینا هەرگیز مۆڵەتی دروستکردنی حیزبیان پێ نەدەدرا، بەڵام نایانەوێت خەڵک بیزانێت؛ چونکە ئەگەر خەڵک بۆی دەرکەوت ئەمانە باوەڕیان بە دەستاودەست کردنی دەسەڵات هەیە ئەوا ئەو تۆزە خەڵکەی کە دەنگیشیان پێدەدەن ئیتر لێیان هەڵدەگەڕێنەوە و هیچی تر پەنجەیان مۆر ناکەن بۆ هیچ حیزبێک.

مەبەست لە دەستاودەست کردنی دەسەڵات: بریتییە لە دروشمێکی شەریعەتی دێمۆکراسیەتی تاغوت کە تێیدا هەر حیزبێک زۆرترین ڕێژەی دەنگی هێنا ئەوا دەبێتە دەسەڵاتدار بۆ ماوەی چوار ساڵ، دواتر ئەگەر حیزبێکی تر دەنگی زۆرتری هێنا ئەوا دەبێ حیزبە دەسەڵاتدارەکە وازبهێنێت لە دەسەڵات و تەسلیمی حیزبەکەی تر ببێت.

کەواتە دوو خاڵ بەدی دەکرێت:

١- ئەو حیزبەی هێز و دەسەڵات دەگرێتە دەست ئەوا لە ماوەی چوار ساڵی حوکمڕانیەکەیدا هەوڵدەدات بەشێکی بیروباوەڕی خۆی بچەسپێنێت. لە وەڵامیشدا دەڵێم: لە شەریعەتی الله دا هەرگیز ڕێگا بە بیروباوەڕە پووچەڵەکان نادرێت کە بانگەشە بۆخۆیان بکەن، تەنانەت نابێت بهێنرێنە ناو بەشێک لە سیاسەتی حوکمڕانی دەوڵەتی ئیسلامیی، چ جای ئەوەی بکرێنە دەسەڵاتدار و حوکم بکەن! هەموو ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەوان دژی موسڵمانانن و هەرگیز بەرژەوەندیی موسڵمانانیان ناوێت بەڵکو هەرچۆنێک پێیان بکرێت ئەوا زیان بە موسڵمانان دەگەیەنن، بۆیەش دەبێ لەپێش هەموو شتێک لە سیاسەتی دەوڵەتی ئیسلامیی دوور بخرێنەوە، هەروەک الله فەرمانمان پێدەکات: {**يأيها الذين ءامنوا لا تتخذوا بطانة من دونكم لا يألونكم خبالا ودوا ما عنتم قد بدت البغضآء من أفواههم وما تخفي صدورهم أكبر قد بيننا لكم الآيات إن كنتم تعقلون**}[1]. واتە: {ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، دۆست و هاوکارێک بۆخۆتان دامەنێن کە لەخۆتان نەبێت، ئەوان لە زیان پێگەیاندنی ئێوە درێغی ناکەن، ئەوان ئاواتەخوازی نارەحەتیی ئێوەن، لە دەمیانەوە توڕەیی و قین دەردەکەوێت، ئەوەیشی کە لە دڵیان دەیشارنەوە زۆر قین و ڕقێکی گەورەترە، بەڕاستیی ئێمە ئایاتەکانمان بۆتان ڕوون کردووەتەوە ئەگەر ئێوە بیر بکەنەوە}.

---

(١) سورەتی آل عمران، ئایەی ١١٨.

ئەوەتا لە ئایەتەکەدا وشەی "من دونکم" بەکارهاتووە، واتە هەرگیز نابێت موسڵمانان کەسێک بکەنە یاوەر و پاڵپشتی خۆیان کەوا موسڵمان نەبێت! تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش نابێت ئیزن بە ئەهلی کوفر و شیرک بدرێت کە ئاگاداری بارودۆخی سیاسی دەوڵەتی ئیسلامیی ببن، ئیتر چ جای ئەوەی ڕێگایان بدرێت تا خۆیان بەسەر موسڵمانان زاڵ بکەن. ئەم خاڵە بەتەواویی پێچەوانەی شەریعەتی الله یە.

٢- ئەگەر لەدوای چوار ساڵ حوکمڕانیی حیزبێکی تر دەنگی زۆرینەی بەدەست هێنا ئەوا دەبێ حیزبە دەسەڵاتدارەکە ملکەچ بێت و دەسەڵاتی تەسلیم بکات، ئەمەش ئەستەم نییە و زۆر ئاساییە! لە وەڵامی ئەم خاڵەشدا دەڵێم: لە شەریعەتی الله دا تەنها موسڵمان حوکم دەکات و تەنها بە شەریعەتی الله حوکم دەکات نەک شەریعەتێکی تری دەستکرد و تاغوت، هەروەها ماوەکەیشی دیاریکراو نییە بەڵکو خەلیفەی موسڵمانان هەمیشە لەسەر حوکم دەمێنێ و هەمیشە حوکم بە شەریعەتی الله دەکات تاکو مردن، موسڵمانانیش لەسەریان واجبە گوێڕایەڵی خەلیفەی موسڵمانان بکەن مادام حوکم بە شەریعەتی الله دەکات، هەروەک الله فەرموویەتی: {**يأيها الذين ءامنوا أطيعوا الله وأطيعوا الرسول وأولي الأمر منكم فإن تنازعتم في شيء فردوه إلى الله والرسول إن كنتم تؤمنون بالله واليوم الآخر ذلك خير وأحسن تأويلا**}[1]. واتە: {ئەی

---

(١) سورەتی النساء، ئایەی ٥٩.

ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە، گوێڕایەڵی الله بکەن و گوێڕایەڵی نێردراوەکەی بکەن و هەروەها -گوێڕایەڵی- ئەو دەسەڵاتدارانەش کە لە خۆتانن، ئەگەریش ناکۆکیتان بۆ دروست بوو لە هەر شتێک ئەوا بیگەڕێننەوە بۆ لای الله و نێردراوەکەی ئەگەر باوەڕدارن بە الله و ڕۆژی دوایی، ئەمە چاکتر و باشترە -بۆ ئێوە}.

سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، لە شەریعەتی ئیسلامدا دەستاودەست کردنی دەسەڵات بوونی هەیە، بەڵام لە موسڵمانەوە بۆ موسڵمان، نەک لە موسڵمانەوە بۆ کافر و موشریک و بەپێچەوانەوە! هەرگیز نابێ ئەهلی کوفر هێز و دەسەڵاتیان هەبێت، جا ئەگەر بە خۆشیی داوای بکەن یاخود بە جەنگ و ناخۆشیی، هەرگیز موسڵمانان نابێت تەنازول لە حوکمی الله بکەن بۆ یەک ڕۆژیش. کەچی لە شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتدا حوکمڕانیی هەر حیزبێک ماوەکەی تەنها چوار ساڵە و هەموو حیزبەکانیش ئەگەری سەرکەوتنیان هەیە جا ئێزدی بێت یان کاکەیی! پەنا بە الله لەم شەریعەتە تاغوتە کە دەرگا بۆ زاڵکردنی ئەهلی کوفر دەکاتەوە بەسەر ئەهلی تەوحید و ئیسلام.

لە ئیسلامدا بە یەکێک لەم سێ شێوازە موسڵمانێکی تر دیاری دەکرێت بۆ ئەوەی ببێتە خەلیفە و ئەمیری موسڵمانان:

شێوازی یەکەم: ئەهلی "حل وعقد" هەڵدەستن بە پێدانی پەیمان (بیعة) بە موسڵمانێکی شیاو، ئیتر دەکرێتە خەلیفەی

باوەڕداران. ئەمەش هەمان شێوازی هەڵبژاردنی أبي بكر الصديق بوو -رضي الله عنه.

شێوازی دووەم: خەلیفەی موسڵمانان خۆی هەڵسێت بە دەستنیشان کردنی موسڵمانێک تاکو لەدوای ئەو ببێتە خەلیفەی موسڵمانان. ئەمەش هەمان شێوازی دەستنیشان کردنی عمر بن الخطاب بوو لەلایەن أبي بكر الصديق -رضي الله عنهما-، دەشکرێ خەلیفەی موسڵمانان بە یاوەریی ئەهلی "شوری" هەڵسن بە دەستنیشان کردنی موسڵمانێک تاکو لەدوای خەلیفەکە ببێتە خەلیفە و ئەمیری باوەڕداران. ئەمەش شێوازی دەستنیشان کردنی عثمان بن عفان بوو لەلایەن عمر بن الخطاب -رضي الله عنهما.

شێوازی سێیەم: لە سەردەمێکدا هیچ خەلیفەیەکی موسڵمانان نەبوو ئینجا موسڵمانێکی موەحید کەوا زانست و دانایی و خیبرە و جوامێریی تێدابێت و خۆی بسەپێنێت بە زەبری لەشکر و هێزێکی پتەوی موسڵمانان پاڵپشتی بکەن و خاکێکی دیاریکراو بخاتە ژێر فەرمانڕەوایەتی خۆی، ئەوا خەلیفەی موسڵمانانە و دەبێت هەموو موسڵمانانی خاکەکەی بەیعەتی پێ بدەن و گوێبیست و گوێڕایەڵی بن مادام حوکم بە شەریعەتی الله بکات و موسڵمان بێت. ئەمەش شێوازی خەلیفە عبدالملك بن مروان بوو -رضي الله عنه- کاتێک معاوية و کوڕەکەی (یزید) -رضي الله عنهما- خیلافەتیان کۆتایی پێهات و موسڵمانان پەرتەوازە ببوون، ئیتر عبدالملك گەیشتە

دەسەڵات و موسڵمانان و زانایانی سەلەفی ساڵح -رضي الله عنهم أجمعين- پابەند بوون بە گوێڕایەڵ بوونی.

هەر کاتێکیش خەلیفەی باوەڕداران بۆ ماوەی یەک ڕۆژیش پشتی لە شەریعەتی الله کرد و بڕیاریدا شەریعەت و دەستوورێکی تاغوت بهێنێتە شوێنی و حوکمڕانیی پێ بکات، ئەوا بێگومان ئەو کەسە چیتر وەلی ئەمری شەرعیی موسڵمانان نییە بەڵکو کوفری بەواحی لێ بینراوە و کافر بووە، هەروەک هاوەڵی پایەدار عبادة بن صامت -رضي الله عنه- باسی پەیمان و بەیعەتی هاوەڵان دەکات بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە ئاوا بووە: «... **بايعنا على السمع والطاعة على منشطنا ومكرهنا، وعسرنا ويسرنا، وأثرة علينا، وأن لا ننازع الأمر أهله، إلا أن تروا كفرا بواحا عندكم من الله فيه برهان**»[(١)]. واتە: «... **بەیعەتمان دایە پێغەمبەر لەسەر گوێڕایەڵ بوون (بۆ دەسەڵاتدار) لە هەردوو حاڵەتی چالاکیی و ناخۆشی، هەروەها لە هەردوو حاڵەتی تەنگانە و ئاسوودەیی، وە حەقەکانیان بدەین (ئەمەیە مەبەستی أثرة علينا، والله أعلم)، هەروەها ململانێی کاربەدەستان نەکەین مەگەر کوفرێکی وازح و ڕۆشنیان لێ ببینرێت و لەلایەن الله بەڵگە هەبێت لەسەر کوفرەکە**».

کەواتە خەلیفەی موسڵمانان تا ئەو کاتە خەلیفەیە کە حوکم بە شەریعەتی الله بکات و هیچ کردارێک یاخود گوفتارێک دەرنەبڕێت

(١) کتێبی صحيح البخاري > كتاب الفتن > باب قول النبي -صلى الله عليه وسلم-: "سترون بعدي أمورا تنكرونها" > فەرموودەی ژمارە: ٧٠٥٦.

کە کوفر و شیرکی گەورە بێت، ئەگەری کوفر و شیرکی گەورەی لێ نەبینرا ئەوا موسڵمانە ئەگەرچی ستەمکاریش بێت، بەڵام ئەگەر کوفر و شیرکی گەورەی لێ بینرا و شەریعەتی الله پەک بخات و حوکم بە تاغوت بکات، یاخود خۆشەویستیی بۆ ئەهلی کوفر هەبێت یاخود باوەڕی بە ئازادییە بێ سنوورەکانی بیروباوەڕ و ڕادەربڕین هەبوو ئەوا بێگومان کافرە، موسڵمانان دەبێ تەکفیری بکەن و کوشتاری بکەن ئەگەر هێزیان هەبوو، ئەگەریش هێزیان نەبوو ئەوا دەبێ ئامادەکاریی بکەن بۆ لەناوبردنی ئەم دەسەڵاتدارە لەپێناوی گەڕاندنەوەی حوکمی الله.

بابەتی چوارەم: دروشمەکانی دێمۆکڕاسیەت.

دروشمی چوارەم: خۆپیشاندان.

یەکێکی تر لە دروشمەکانی شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتی تاغوت بریتییە لە "خۆپیشاندان"، ئەویش بریتییە لەوەی ئەگەر خەڵکەکە نارازیی بوون لە یاسایەکی حوکومەتە تاغوتپەرستەکە، یاخود هەر کێشەیەکی گشتییان هەبوو، ئەوا سەرەتا مۆڵەتی خۆپیشاندان لە حوکومەتەکە وەردەگرن، ئینجا دواتریش کۆدەبنەوە لە شوێنێکی دیاریکراو و لەوێدا بە شێوازی شیعر و هوتاف و بەرزکردنەوەی جۆرەها دروشم نارەزایی خۆیان دەردەبڕن، بەو مەرجەی نابێ بگاتە ئاستی توندوتیژیی و شەڕ و ئاژاوە، خۆ ئەگەر وایان کرد ئەوا حوکومەتە تاغوتپەرستەکە لەڕێگای هێزە ناوخۆییەکانەوە هەوڵی بڵاوکردن و تێکدان و بێدەنگ کردنی خۆپیشاندەران دەدەن تاکو دۆخەکەیان ئاسایی بکەنەوە. جا ئەگەر حوکومەت بە باشی زانی ئەوا وەڵامی نارەزایەتی خەڵکەکە دەداتەوە، ئەگەریش بە باشی نەزانی ئەوا بێدەنگیان دەکات و وەڵامیان ناداتەوە.

با بەیەکەوە بزانین حوکمی خۆپیشاندان چییە لە ڕووانگەی شەریعەتی الله، هەروەها با بزانین لە شەریعەتی الله هیچ شوێنگرەوەیەک (واتە البدیل) دانراوە بۆ خۆپیشاندان یاخود نا.

بێگومان لە هەر وڵاتێکدا ئەگەر خەڵکەکە ناڕازیی بوون ئەوا لەبەر یەکێک لەم دوو هۆکارەیە:

١- ناڕازین لە خودی دەسەڵاتدارەکانیان.

٢- ناڕازین لە شێوازی حوکمڕانی کردنیان.

دەکرێت لە یەکێکیان ناڕازی بن، دەشکرێت لە هەردووکیان.

جا با بزانین حوکمی شەرعیی ئەم دوو حاڵەتەی سەرەوە چییە.

حاڵەتی یەکەم: ناڕازی بوون لە خودی دەسەڵاتدارەکە.

دەسەڵاتداری هەر وڵاتێک یان ئەوەیە کە موسڵمانە، یانیش کافرە، جا ئەگەر موسڵمان بوو ئەوا زۆر چاکە و نیعمەتی الله یە بۆ عەبدە موسڵمانەکانی، بۆیەش دەبێ بە وەلی ئەمری خۆیانی بزانن و دوعای خێری بۆ بکەن و پشتگیریی بکەن و نوێژ و جیهادی لەپشت بکەن مادام موسڵمانە و ئەهلی تەوحیدە، ئەگەریش دەسەڵاتدارەکە کافرێکی موشریک یان عەلمانی یان زەردەشتی و گاور و ئێزدی بوو، ئەوا موسڵمانان دوو ڕێگاچارەیان لەپێشە:

ڕێگاچارەی یەکەم: ئەگەر دەوڵەتێکی ئیسلامیی بوونی هەبوو کە دەسەڵاتدارانی موسڵمان و ئەهلی تەوحید بوون، ئەوا لەسەر موسڵمانان واجبە -ئەگەر توانایان هەبوو- ئەوا هیجرەت بکەن بۆ خاکی فەرمانڕەوایەتی ئەو دەسەڵاتدارانە.

هەروەک چۆن موسڵمانان هیجرەتیان دەکرد لە شاری مەککەوە بۆ لای نێردراوی الله -صلى الله عليه وسلم- بۆ ئەوەی لەژێر حوکم و فەرمانڕەوایەتی ئەودا بژین و پشت هەڵبکەن لە خاکێک کە تیایدا خۆیان و دینەکەیان بێدەنگ دەکرێن.

ئەگەریش توانایان نەبوو بە هەر هۆکارێکی جەستەیی، یاخود نەشارەزایی، یاخود بەهۆی نەبوونی توانای دارایی، ئەوا لێیان ناگیرێت و عوزری شەرعیان بۆ هەیە، بەڵام ئەگەر دەوڵەتێکی ئیسلامیی بوونی هەبوو و دەسەڵاتدارانی موسڵمان بوون و کەسانێکیش خۆیان بە موسڵمان بزانن بەڵام هیجرەت بۆ ئەو خاکە نەکەن و ئەوا تووشی سزای دونیا و دوارۆژ دەبنەوە، هەروەک الله فەرموویەتی: {**إن الذين توفاهم الملائكة ظالمي أنفسهم قالوا فيم كنتم قالوا كنا مستضعفين في الأرض قالوا ألم تكن أرض الله واسعة فتهاجروا فيها فأولئك مأواهم جهنم وسآءت مصيرا * إلا المستضعفين من الرجال والنسآء والولدان لا يستطيعون حيلة ولا يهتدون سبيلا * فأولئك عسى الله أن يعفو عنهم وكان الله عفوا غفورا**}[1]. واتە: {بەڕاستیی ئەو کەسانەی کە فریشتە گیانیان دەکێشێت لەکاتێکدا ئەوان ستەمیان لەخۆیان کردبوو، ئیتر -فریشتەکان- لێیان دەپرسن: ئێوە حاڵتان چۆن بوو؟ ئەوانیش دەڵێن: ئێمە لاواز بووین لەسەر زەوی. -فریشتەکانیش- لێیان دەپرسنەوە: مەگەر زەوییەکەی الله فراوان نەبوو تاکو هیجرەتی تێدا بکەن؟.

(١) سورەتی النساء، ئایەی ٩٧ تا ٩٩.

بەڕاستیی ئەوانە چارەنووسیان دۆزەخە، ئای لەم چارەنووسە نالەبارە * تەنها ئەو پیاو و ئافرەت و منداڵانە نەبێت کە لاوازن و توانای خۆ دەرباز کردنیان نییە و ڕێگاکەیشی نازانن * جا ئەمانە دەکرێت الله لێیان ببورێت، بەڕاستی الله لێبووردە و چاوپۆشیکار بووە}.

ڕێگاچارەی دووەم: ئەگەر دەوڵەتێکی ئیسلامیی بوونی نەبوو کە دەسەڵاتدارانی موسڵمان و ئەهلی تەوحید بن، ئەوا موسڵمانان ئەگەر توانایان هەبوو ئەوا دەبێ لەژێر جەماعەتێکی شەڕعیی کۆببنەوە و ئەمیرێک دیاری بکەن و بەیعەتی پێبدەن و جیهاد ڕابگەیەنن لەسەر بنەمای شەریعەتی الله بۆ جێبەجێ کردنی حوکمی الله، بەڵام نەک بەو جۆرەی کە لەژێر سەرپەرشتی و ڕەزامەندیی دەسەڵاتدارە کافرەکانی خاکەکە دروست بکرێ!، بەڵکو دەبێ موسڵمانان خۆیان بەم ئەرکە شەڕعییە هەڵسن و هیچ گوێ نەدەن بە دەسەڵاتدارە کافرەکە ئەگەرچی دژایەتیان بکەن.

ئەگەریش موسڵمانان توانایان نەبوو تەنانەت جەماعەتێکی شەڕعیش دروست بکەن و جیهاد لەدژی سەرانی کوفر بکەن لە خاکەکە، ئەوا عوزریان بۆ هەیە و ئیتر دەبێ بانگەوازی تەوحید بکەن بە زمانیان و هەروەها بە جۆرەها ڕێگای تری وەکو کتێب و پەیام و بڵاوکراوەی دەنگیی و ڤیدیۆیی. هەروەها دەبێ بەڕائەت لە سەرانی کوفر بکەن لە خاکەکە و هەروەها قەومەکەیان هۆشیار بکەنەوە لە کوفری دەسەڵاتدارانیان؛ تاکو خەڵکەکە پەشیمان ببنەوە

و ئیتر ڕێژەی ئەهلی تەوحید زۆرتر بکەن تا ئەو ئاستەی بتوانن جەماعەت دروست بکەن و ڕووبەڕووی سەرانی کوفر بووەستن.

کەواتە لە شەریعەتی ئیسلامدا ئەگەر دەسەڵاتدار کافر بێت ئەوا ڕێگاچارەی شەڕعیی بریتییە لە هیجرەت، یاخود دروستکردنی جەماعەتێکی شەڕعیی و خۆ ئامادە کردن و کۆکردنەوەی هێز بۆ جیهادکردن، ئەگەریش نەکرا ئەوا موسڵمانان بەپێی توانایان بانگەواز بۆ دینی الله دەکەن و بەڕائەت لە کافرانی خاکەکەیان دەکەن.

هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ خۆپیشاندان؛ چونکە خۆپیشاندان لە شەریعەتی دیمۆکڕاسیەتدا پێویستی بە مۆڵەتی خودی دەسەڵاتدارە کافرەکە هەیە! هەروەها نابێ بەجۆرێک هەڵسوکەوت بکەیت کە دەسەڵاتدارە کافرەکە پێی خۆش نەبێت، جا ئەگەر مۆڵەتت نەدات ئەوا هەر بۆت نییە خۆپیشاندان بکەیت! کەچی بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتیی هەمیشە پێغەمبەران هیچ حیسابێکیان بۆ قەومە موشریکەکانیان نەکردووە و ئیزنیان لێ وەرنەگرتوون بەڵکو ڕاستەوخۆ بانگەوازی تەوحیدیان کردووە و قەومەکانیان ترساندووە.

حاڵەتی دووەم: ناڕازی بوون لە شێوازی حوکمڕانی دەسەڵاتدارەکە.

شێوازی حوکمڕانی کردنی دەسەڵاتدارەکەش هۆکارێکە بۆ ناڕەزایەتی قەومەکە، جا با بزانین لەم حاڵەتەشدا هیچ ئاماژەیەک دوور و نزیک بۆ خۆپیشاندان هەیە یاخود نا.

بەگشتیی دەسەڵاتدارەکان دوو جۆرن لەڕووی شێوازی حوکمڕانییەوە:

جۆری یەکەم: ئەو دەسەڵاتدارانەن کە موسڵمانن و حوکم بە شەریعەتی الله دەکەن لە سەرانسەری خاکەکەیان و باوەڕیان بەهیچ شەریعەتێکی تاغوت نییە، بەڵام کەموکوڕییان هەیە و مافی خەڵکەکە نادەن یانیش جۆرێک لە ستەمکارییان بەرامبەر خەڵکەکە هەیە و جارجارەش کەموکوڕیان دەبێت و حوکمێکی شەرعیی دەوەستێنن تاکو ماوەیەکی دیاریکراو یان بۆ کەسێکی دیاریکراو. لەم حاڵەتەدا ئەو دەسەڵاتدارە موسڵمانە و خاکەکەشی دارولئیسلامە؛ چونکە ستەمەکانی دەسەڵاتدارەکە نەگەیشتووەتە ئاستی دەرکەوتنی کوفر، واتە هیچ کوفرێکی نەکردووە و لە خاکەکەیشیدا ڕێگای نەداوە بە دەرکەوتنی دروشمەکانی کوفر و شیرک و تاغوت.

لەم حاڵەتەدا نێردراوی الله -صلى الله عليه وسلم- فەرمانمان پێدەکات بەوەی گوێڕایەڵی ئەم جۆرە دەسەڵاتدارە بین ئەگەرچی

ستەمکار و دەستدرێژیشە، مادام حوکم بە شەریعەتی الله بکات و دژایەتی تاغوتەکان بکات و جیهاد بکات. هەروەک فەرموویەتی: «**"يكون بعدي أئمة لا يهدون بهداي، ولا يستنون بسنتي، وسيقوم فيهم رجال قلوبهم قلوب الشياطين في جثمان إنس". قال: قلت: كيف أصنع يا رسول الله إن أدركت ذلك؟. قال: "تسمع وتطيع للأمير، وإن ضرب ظهرك، وأخذ مالك فاسمع وأطع"**»(١).

واتە: «**"لەدوای مندا کۆمەڵێک دەسەڵاتدار دەبن کە لەسەر ڕێنمویی من نابن، هەروەها لەسەر ڕێگای من ناڕۆن، ئیتر پیاوانێکیان تێدا هەڵدەکەوێت کە دڵیان دڵی شەیتانەکانە لە لەشی مرۆڤ". دەڵێت (واتە حذیفة بن الیمان): منیش گووتم: ئەی نێردراوی الله ئایا من چیبکەم ئەگەر گەیشتمە ئەوکاتە؟. گووتی: "گوێبیست و گوێڕایەڵی فەرمانڕەوا دەبیت، ئەگەرچی لەپشتت بدات و ماڵەکەت ببات ئەوا هەر گوێبیست و گوێڕایەڵ ببە"**».

ئەوەتا ئەی قەومەکەم، نێردراوی الله پێمانی ڕاگەیاند ئەگەرچی تووشی دەسەڵاتدارێکی ئاوا دڕندە و خراپ بوون ئەوا هەر دەبێ گوێڕایەڵی بکەن مادام حوکم بە شەریعەتی الله بکات و حوکمە شەڕعییەکان پەک نەخات. جا ئەگەر ستەمیشی زۆر توند بوو ئەوا لەسەر موسڵمانانە کە کەسانێکی زانا و خاوەن حیکمەت بنێرنە لای ئەو دەسەڵاتدارە تاکو بەنهێنی قسەی حەقی بۆ بکات و بیترسێنێت،

(١) کتێبی صحيح مسلم > كتاب الإمارة > باب الأمر بلزوم الجماعة عند ظهور الفتن، وتحذير الدعاة إلى الكفر > فەرموودەی ژمارە: ١٨٤٧.

هەروەک نێردراوی الله -عليه الصلاة والسلام- فەرموویەتی: «**أفضل الجهاد كلمة عدل عند سلطان الجائر**»[1]. واتە: «**باشترین جیهاد بریتییە لە گوفتاری دادپەروەرانە لەلای دەسەڵاتدارێکی ستەمکار**».

ئەم جۆرەی یەکەمی دەسەڵاتداران سەرەڕای ستەمکارییەکانیان بەڵام هەر لەسەر موسڵمانان واجبە گوێڕایەڵیان بکەن مادام حوکم بە شەریعەتی الله بکەن.

جۆری دووەم: ئەو دەسەڵاتدارانەن کە موسڵمان نین و حوکم بە شەریعەتێکی دەستکرد و تاغوت دەکەن و لە هەمان کاتیشدا ستەم لە خەڵکەکە دەکەن. ئەم جۆرە دەسەڵاتدارانە تاغوتپەرست و کافرن، خاکەکەشیان دارولکوفرە بەهۆی ئەوەی کوفری گەورەیان لێ بینراوە و لە خاکەکەشیاندا دروشمەکانی کوفر و شیرک بەبێ هیچ ترسێک دەرکەوتوون. بۆیەش بچووکترین هەڵوێست لەبەرامبەریان ئەوەیە کە تەکفیر بکرێن، ئەگەر هێزیش هەبوو ئەوا دەبێ کوشتاریان بکرێت و لەناو ببرێن، ئەگەریش هێز نەبوو ئەوا دەبێ ئەهلی تەوحید کۆببنەوە و یەکبگرن لەپێناوی کۆکردنەوەی هێزی پێویست بۆ ئەم ئەرکە شەرعییە. ئەگەریش موسڵمانان ئەوەندەیان بۆ نەکرا ئەوا لەسەریان واجبە بیروباوەڕیان ئاشکرا بکەن و بەجۆرەها شێواز قەومەکەیان ئاگاداربکەنەوە لە شەریعەتی الله؛

---

(١) کتێبی سنن أبي داود > کتاب الملاحم > باب في الأمر والنهي > فەرموودەی ژمارە: ٤٣٤٤.
ئەم فەرموودەیە پلەی صحیح نییە بەڵکو "حسن" ە.

تاکو ژمارەی شوێنکەوتەکانی ئەم دەسەڵاتدارە تاغوتپەرستانە کەم بکەنەوە.

هەروەک هاوەڵی پایەدار عبادة بن صامت -رضي الله عنه- باسی پەیمان و بەیعەتی هاوەڵان دەکات بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە ئاوا بووە: «... **بايعنا على السمع والطاعة على منشطنا ومكرهنا، وعسرنا ويسرنا، وأثرة علينا، وأن لا ننازع الأمر أهله، إلا أن تروا كفرا بواحا عندكم من الله فيه برهان**»(١). واتە: «... **بەیعەتمان دایە پێغەمبەر لەسەر گوێڕایەڵ بوون (بۆ دەسەڵاتدار) لە هەردوو حاڵەتی چاڵاکیی و ناخۆشی، هەروەها لە هەردوو حاڵەتی تەنگانە و ئاسوودەیی، وە حەقەکانیان بدەین (ئەمەیە مەبەستی أثرة علینا، والله أعلم)، هەروەها ململانێی کاربەدەستان نەکەین مەگەر کوفرێکی وازح و ڕۆشنیان لێ ببینرێت و لەلایەن الله بەڵگە هەبێت لەسەر کوفرەکە**».

جا لێرەدا کەسانێک دەڵێن: کاکە ئێمە خۆپیشاندان دەکەین چونکە توانای جیهادمان نییە بۆیەش دەمانەوێ داوای مافەکانمان بکەین بە خۆپیشاندان. ئەوەتا پێغەمبەریش فەرموویەتی: «**من رأى منكم منكرا فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع**

(١) کتێبی صحيح البخاري > كتاب الفتن > باب قول النبي –صلى الله عليه وسلم–: "سترون بعدي أمورا تنكرونها" > فەرموودەی ژمارە: ٧٠٥٦.

فبقلبه، وذلك أضعف الإيمان»[1]. واتە: **«هەر کەسێک لەناو ئێوەدا شتێکی حەڕامکراو و نەشیاوی بینی ئەوا با بەدەستەکانی بیگۆڕێت، ئەگەریش نەیتوانی ئەوا بە زمانی، ئەگەریش نەیتوانی ئەوا بە دڵی، ئەمەش لاوازترینی ئیمانە»**.

لە وەڵامی ئەم کەسانە دەڵێین: ئەگەر خۆتان بە موسڵمان دەزانن ئەوا پێویستە سەرەتا لەپێناوی مافەکانی الله و شەریعەتەکەی و نێردراوەکەی لەماڵەکانتان بێنە دەرەوە بۆ جیهاد کردن، نەک لەپێناوی "نان" و "مووچە" و "خۆشگوزەرانیی". ئەی قەومەکەم، ئێوە تەنها بیرتان لای مووچە و خۆشگوزەرانییە، بۆیەش ئەگەر ژیانتان خۆشبکرێ ئەوا ئەسڵەن گوێ نادەن بە حەقەکانی الله، ئەسڵەن هەر بیر لەوە ناکەنەوە ئاخۆ شەریعەتی الله جێبەجێ دەکرێت یاخود نا. بەڵکو خۆم چەندین جار بیستوومە لە چەندین خۆپیشاندەر کە دەڵێن: ئێمە دەمانەوێ دیمۆکڕاسیەتی ڕاستەقینە جێبەجێ بکرێت!

ئەگەریش کەسێک هەیە کە توانای جیهادی نییە بەڵام دەیەوێت ناڕەزایەتی دەربڕێ لەسەر کوفرەکانی حوکومەت، ئەوا پێی دەڵێم: براکەم، دەبێ لەسەر سوننەتی پێغەمبەران ناڕەزایەتی دەربڕین، نەک بە شێوازی دیمۆکڕاسیخوازەکان. لە شەریعەتی الله هیچ شتێک نییە بەناوی خۆپیشاندان، بەڵکو هەروەکو فەرموودەکەی سەرەوە

---

(١) کتێبی صحیح مسلم > کتاب الإيمان > باب بيان كون النهي عن المنكر من الإيمان وأن الإيمان يزيد وينقص وأن الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر واجبان > فەرموودەی ژمارە: ٧٨.

باسکرا، ئەگەر توانای جیهادت هەبوو ئەوا جیهاد بکە، ئەگەریش توانای جیهادت نەبوو ئەوا بە زمانت بانگەواز بۆ شەریعەتی الله بکە لە خزمەکانتەوە ئینجا دۆست و دراوسێ و ناسیارەکانت لەسەر بنەمای زانست و حیکمەت، هەروەها لە ڕێگای ئینتەرنێت، ئەگەر ئەوەشت بۆ نەکرا ئەوا لەدڵەوە پێت ناخۆشبێت.

بەڵام ئەگەر تۆ دەتەوێت بەشێوازێکی دوور لە سوننەت و دوور لە مەنهەجی پێغەمبەران ناڕەزایەتیی دەربڕیت بەرامبەر کوفر، ئەوا والله سەرکەوتوو نابیت و ڕێگاکەت ناشەرعییە ئەگەرچی نیەتی دڵیشت باش بێت، لە لاپەڕی ٣٣٧ تا ٣٤٣ وەڵامی ئەو کەسانەم داوەتەوە کە گوێ نادەن بەوەی کارەکانیان شەرعییە یان نا، تەنها دەڵێن نیەتی دڵمان پاکە!

بەشی دووەم

وەڵام و هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر دێمۆکڕاسیەت و دەنگدان، لەگەڵ وەڵامی گومانەکان

بابەتی یەکەم: گوفتاری زانایانی ئەهلی سوننە لەبارەی حوکم کردن بە شەریعەتە تاغوت و دەستکردەکان.

بابەتی دووەم: دەنگدانی تۆ مانای چی دەگەیەنێت؟

بابەتی سێیەم: وەڵامدانەوەی گومانەکان.

وەڵام و هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر دێمۆکڕاسیەت و دەنگدان، لەگەڵ وەڵامی گومانەکان

بابەتی یەکەم: گوفتاری زانایانی ئەهلی سوننە لەبارەی حوکم کردن بە شەریعەتە تاغوت و دەستکردەکان.

لە بەشی یەکەم -بەفەزڵی الله-شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتی تاغوتمان ناساند لەگەڵ بنچینە و دروشمەکانی، هەروەها هەڵسەنگاندنمان بۆی کرد لەسەر بنەمای شەریعەتی پاک و بێگەردی پەروەردگارمان، لەسەر بنەمای قورئان و سوننە. ئیتر بەتەواویی ڕوون بوویەوە کە دێمۆکڕاسیەت شەریعەتێکی تاغوتە و پێویستە موسڵمان کوفری پێ بکات، هەروەها کوفر بەو کەسانەش بکات کە باوەڕیان بە دێمۆکڕاسیەتە؛ چونکە حوکمی تاغوت ئەوەیە کە دەبێت کوفری پێ بکرێت. ئەمەش لە لاپەڕی ٨ ڕوون کرایەوە.

لەم بابەتەدا بۆ زۆرتر سەلماندنی گوفتارەکانم، ئیتر هەڵساوم بە کۆکردنەوەی گوفتاری ژمارەیەکی زۆر لە زانایە ناودار و دیارەکانی ئەهلی سوننە -رحمهم الله أجمعين- لەم بارەیە؛ چونکە گوفتاری زانایان زۆرتر دەیسەلمێنێ من لەسەر بنەمایەکی حەق بانگەوازتان دەکەم بە فەزڵی الله.

فەرموون ئێوە و گوفتاری زاناکان:

یەکەم: ئیمامی إبن حزم الأندلسي -رحمه الله- (ساڵی ٤٥٦ ی هیجری مردووە):

ئیمامی إبن حزم الظاهري -رحمه الله- دەڵێت: «**من حكم بحكم الإنجيل مما لم يأت بالنص عليه وحي في شريعة الإسلام فإنه كافر مشرك خارج عن الإسلام**»[١].

واتە: «**هەر کەسێک حوکم بە ئەحکامەکانی ئینجیل بکات بەبێ ئەوەی لە شەریعەتی ئیسلامدا ڕێگای پێدرابێت ئەوا ئەو کەسە کافرێکی موشریکە، دەرچووە لە ئیسلام**».

گەر مرۆڤ کافر ببێ لەبەرئەوەی حوکم بە کتێبێکی مەنسوخی ئاسمانی بکات! ئەی دەبێ حوکمی ئەم دەسەڵاتدارە تاغوتپەرستانە چی بێت لەکاتێکدا شەریعەتێکیان بە ئارەزووی خۆیان داهێناوە و خستوویانەتە شوێنی حوکمی الله؟ ئەی دەبێ حوکمی پشتیوانان و دەنگدەرەکانیان چی بێت؟! پەنا بە الله لەم کوفرە گەورەیە.

هەروەها إبن حزم -رحمه الله- دەڵێت: «**إحداث الأحكام لا يخلو من أحد أربعة أوجه إما إسقاط فرض لازم كإسقاط بعض الصلاة أو بعض الصيام أو بعض الزكاة أو بعض الحج أو بعد حد الزنى أو حد القذف أو إسقاط جميع ذلك**

---

(١) کتێبی الإحكام في أصول الأحكام > بەرگی پێنجەم > الباب الثالث والثلاثون > لاپەڕی ژمارە: ١٧٣.

وإما زيادة في شيء منها أو إحداث فرض جديد وإما إحلال محرم كتحليل لحم الخنزير والخمر والميتة وإما تحريم محلل كتحريم لحم الكبش وما أشبه ذلك

وأي هذه الوجوه كان فالقائل به مشرك لاحق باليهود والنصارى والفرض على كل مسلم قتل من أجاز شيئا من هذا دون استتابة ولا قبول توبة إن تاب واستصفاء ماله لبيت مال المسلمين لأنه مبدل لدينه وقد قال صلى الله عليه وسلم: من بدل دينه فاقتلوه»[١].

واته: «دروستكردن و داڕشتنی حوکمەکان بەدەر نییە لە یەکێک لەم چوار جۆرە: یان ئەوەیە کە فەڕیزەیەک پەک بخرێت، وەکو پەکخستنی چەند نوێژێک یان چەند ڕۆژووێک یان چەند زەکاتێک یان چەند حەجێک!، یاخود پەکخستنی چەند سزایەکی زیناکار، یاخود پەکخستنی چەند سزایەکی تۆمەتبەخشی زینا، یانیش پەکخستنی هەموویان پێکەوە.

یانیش ئەوەیە کە زیادکردن بکرێت بۆ حوکمەکانی ئیسلام. یان داهێنانی فەڕزێکی تازە، یانیش حەلال کردنی حەڕامێک، هەروەکو حەلال کردنی گۆشتی بەراز و مەی و گۆشتی مردوو. یاخود حەڕام کردنی حەلالێک، وەکو حەڕام کردنی گۆشتی مەڕ و هاوشێوەی.

(١)کتێبی الإحكام في أصول الأحكام > بەرگی شەشەم > الباب السادس والثلاثون > لاپەڕی ژمارە: ١١٠.

جا هەر جۆرێک لەم جۆرانەی داڕشتنی حوکم، بکەرەکەی بەهۆیەوە دەبێتە موشریک، چووەتە ڕیزی جولەکە و گاورەکان، هەروەها فەڕزە لەسەر هەموو موسڵمانێک کە هەر کەسێک بکوژن کە ڕێگا بدات بە هەر جۆرێک لەم جۆرانەی داڕشتنی حوکم، پێویست ناکات داوای تەوبەی لێ بکرێت، هەروەها نابێ تەوبەشی لێ وەرگیرێت ئەگەر تەوبە بکات. هەروەها ماڵ و سامانەکەشی لێ دەبرێت بەرەو "بیت المال" ی موسڵمانان؛ چونکە ئەمجۆرە کەسە دینەکەی گۆڕیوە، نێردراوی الله -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: هەر کەسێک دینی خۆی گۆڕی ئەوا بیکوژن». واتە مورتەدە.

جا بەڕاستیی شەریعەتی دێمۆکراسیەت هەموو ئەم کوفرانەی تێدایە، هەمیشە ئەگەرێک هەیە بۆ ئەوەی حەلالێک قەدەغە بکرێت، یان بەپێچەوانەوە! ئەوەتا لە پەڕلەمانە پیسەکەی کوردستان چەندین حەلالکراو قەدەغە کران، بۆ نموونە پێویستە وێنەی سەر ناسنامە (نفوس) ڕیشی تێدا نەبێت! لەکاتێکدا هێشتنەوەی ڕیش واجبە لەسەر پیاوی موسڵمان. لەلایەکی ترەوە زیناکردن و مەیخۆریی بە فەرمیی ڕێگایان پێدراوە، لەکاتێکدا لە ئیسلام ئەمانە حەڕامن.

دووەم: ئیمامی أبو یعلى بن الفراء -رحمه الله- (ساڵی ٤٥٨ ی هیجری مردووە):

ئیمامی أبو یعلى الفراء دەڵێت: «**ومن اعتقد تحليل ما حرم الله بالنص الصريح، أو من رسوله صلى الله عليه وسلم أو أجمع المسلمون على تحريمه فهو كافر، كمن أباح شرب الخمر ومنع الصلاة والصيام والزكاة، وكذلك من اعتقد تحريم شيء حلله الله أو أباحه بالنص الصريح أو أباحه رسوله صلى الله عليه وسلم مع العلم بذلك فهو كافر**»(١).

واتە: «**هەر کەسێک باوەڕی بە حەلاڵ کردنی ئەو شتانە هەبێت کە الله حەڕامی کردوون بە وازحی، یاخود نێردراوەکەی -صلى الله عليه وسلم- حەڕامی کردووە یاخود ئیجماعی موسڵمانان لەسەر حەڕامیەتی شتەکە هەبێت، ئەوا ئەو کەسە کافرە، بۆ نموونە ئەو کەسەی ئارەق خواردنی بەلاوە ئاساییە ئەگەر بخورێتەوە یان نا، یاخود ئەو کەسەی ڕێگریی لە نوێژ و ڕۆژوو و زەکات بکات، بەهەمان شێوە ئەو کەسەی باوەڕی بە حەڕام کردنی ئەو شتانە هەبێت کە الله حەلالی کردوون یاخود موباحی کردوون بە وازحی یاخود لەڕێگای نێردراوەکەی -صلى الله عليه وسلم- سەرەڕای ئەوەی زانستیشی هەیە ئەوا ئەو کەسە کافرە**».

(١) کتێبی المعتمد في أصول الدين > بەرگی یەکەم > لاپەڕی ژمارە: ٢٧١.

گوفتارەکەی ئەم ئیمامە پایەدارە -رحمه الله- ڕوونە کەوا ئەگەر کەسێک حەڕامکراوێک حەلال بکات یاخود بەپێچەوانەوە، ئەوا گومان لە کافر بوونەکەی نییە بەو مەرجەی ئاگاداری حوکمەکەی بێت لە ئیسلام.

لەوانەیە کەسانێک بیانوو (عذر) بهێننەوە بۆ دەسەڵاتدارە تاغوتپەرستەکان و بڵێن: کاکە ئەمانە لەوانەیە نەزانن دیمۆکڕاسیەت تاغوتە! بۆیەش بیانووی "جەهل" دەیانگرێتەوە.

لە وەڵامدا دەڵێم: هەر حوکمێک کە لە قورئاندا باسکرابوو ئەوا بە گەیشتنی قورئان بۆ شوێنەکە ئیتر بیانوو بۆ خەڵکەکە نییە ئەگەر لێکۆڵینەوە لە قورئان نەکەن و نەزانن حەلال و حەڕامەکان چین؛ چونکە ئیتر قورئانیان لەبەردەستە و توانای فێربوونیان هەیە بەڵام خۆیان هەوڵی بۆ نادەن، ئەمەش یەکێکە لە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام.

بۆیەش دەپرسم: ئایا لە خاکی کوردستاندا عیلمی شەرعیی بەردەست نییە؟! قورئان و تەفسیرەکانی بەردەست نین؟! توانای بەدەستهێنانی زانستی شەرعیی نییە؟!

بێگومان بەردەستن، ئەسڵەن بە کەمتر لە ٥٠٠٠ دینار دەتوانیت بەشدار بیت لە ئۆفەری ئینتەرنێتی ڕۆژانە، بەمەش لەماوەی ٢٤ کاژێردا دەتوانی کتێبی قورئانی پیرۆز و دەیان کتێبی تەفسیر و کتێبی عەقیدەی ئەهلی سوننە دابەزێنی بەشێوەی کتێبی ئەلیکترۆنی

(PDF) بەبێ ئەوەی تەنانەت پێویست بەوە بکات لەماڵەکەشت بڕۆیتە دەرەوە!! کەوابێ ئایا هیچ عوزر و بیانوویێک بۆ ئەم دەسەڵاتدارانە ماوەتەوە لەبەردەم تەکفیر نەکردنیان لەکاتێکدا دژی شەریعەتی الله ن و توانای بەدەستهێنانی زانستیشیان هەیە؟! ناوالله هیچ بەربەستێکیان لەپێش نییە، بەڵکو بە حەز و خواستی خۆیان دژایەتی شەریعەتی الله دەکەن و حوکم بە تاغوت دەکەن.

سێیەم: القاضي عياض -رحمه الله- (ساڵی ٥٤٤ ی هیجری مردووە):

ئەم گەورە ئیمامە چەندین گوفتاری لێ تۆمار کراوە لەبارەی ئەو دەسەڵاتدارەی کە شەریعەتی ئیسلام پەکدەخات و حوکمی دیکە دادەنێتە جێگای، ئیمامی النووي -رحمه الله- لە شەڕحی "صحيح مسلم" باسی کردوون، کە ئەمانەن: «**قال القاضي عياض أجمع العلماء على أن الإمامة لا تنعقد لكافر وعلى أنه لو طرأ عليه الكفر انعزل قال وكذا لو ترك إقامة الصلوات والدعاء إليها قال وكذلك عند جمهورهم البدعة قال وقال بعض البصريين تنعقد له وتستدام له لأنه متأول قال القاضي فلو طرأ عليه كفر وتغيير للشرع أو بدعة خرج عن حكم الولاية وسقطت طاعته ووجب على المسلمين القيام عليه وخلعه ونصب إمام عادل إن أمكنهم ذلك**»[١].

واتە: «**القاضي عياض دەڵێت: زانایان کۆڕان لەوەی دەسەڵاتداریی بۆ کافر نابێت، ئەگەر دەسەڵاتدار کوفری ئەنجامدا ئەوا دەسەڵاتی لێ دەسەنرێتەوە. هەروەها قاضي عياض دەڵێت: بەهەمان شێوە ئەگەر دەسەڵاتدارەکە ئەنجامدانی نوێژی تەرک کرد یاخود بانگەوازی بۆ ئەنجامدانی نوێژ نەکرد (واتە پێی کافر دەبێت). هەروەها قاضي عياض دەڵێت: هەندێک لە زانایانی بەسڕا (البصرة) دەڵێن کەوا بەیعەت و دەسەڵاتی پێدەدرێت چونکە تەئویلی**

---

(١) کتێبی صحيح مسلم بشرح النووي > كتاب الإمارة > باب وجوب الطاعة الأمراء في غير معصية.

هەیە.هەروەها قاضي عیاض دەڵێت: خۆ ئەگەر کوفری لێ بینرا و شەریعەتی گۆڕی و بیدعەی کرد ئەوا حوکمی دەسەڵاتدارێتییەکەی هەڵدەوەشێتەوە و هیچیتر گوێڕایەڵی ناکرێت و واجبە لەسەر موسڵمانان لێی هەڵسن و لایبەرن و دەسەڵاتدارێکی دادپەروەر بهێننە شوێنی ئەگەر توانایان هەبوو».

چوارەم: ئیمامی النووي -رحمه الله- (ساڵی ٦٧٦ ی هیجری مردووە):

ئیمامی نەوەوی لە شەرحەکەی بۆ کتێبی "صحیح مسلم" باسی ئەو فەرموودەیە دەکات کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمان دەکات گوێڕایەڵی دەسەڵاتدارە خراپەکان بین، ئیتر ئیمام نەوەوی دەفەرمووێت: «**فأمر النبي -صلى الله عليه وسلم- بطاعة ولي الأمر ولو كان بهذه الخساسة ما دام يقودنا بكتاب الله تعالى. قال العلماء: معناه ما داموا متمسكين بالإسلام والدعاء إلى كتاب الله تعالى على أي حال كانوا في أنفسهم وأديانهم وأخلاقهم**»[1].

واتە: «**نێردراوی الله -صلی الله علیه وسلم- فەرمانی کرد بە گوێڕایەڵی کردنی وەلی ئەمر ئەگەرچی بەم ئاستەش بێ نرخ بێت، مادام حوکمڕانی خەڵک بکات بە کتێبەکەی الله، جا زانایانیش دەڵێن: مادام ئەم وەلی ئەمرانە دەستیان گرتووە بە شەریعەتی ئیسلام و بانگەواز بۆ کتابی الله ئەکەن ئەوا دەبێ گوێڕایەڵی بکرێن بەبێ ئەوەی گوێ بدرێت بە حاڵ و دین و ڕەوشتیان**».

کەواتە: تا ئەو کاتە گوێڕایەڵی دەسەڵاتدار دەکرێت و بە موسڵمان دەزانرێت ئەگەر حوکم بە شەریعەتی الله بکات و ڕێگریی بکات لە دروشمەکانی تاغوت و کوفر و شیرک، ئەگەرچی خودی

(١) کتێبی صحیح مسلم بشرح النووي > كتاب الحج > باب إستحباب رمي الجمرة العقبة يوم النحر راكبا.

دەسەڵاتدارەکە پیاوێکی زیناکای بەدڕەوشتیش بێت. هەربۆیەش ئەم ئیمامە -رحمه الله- لەبارەی حجاج دەڵێت: «**وحجة الجمهور أن قيامهم على الحجاج ليس بمجرد الفسق بل لما غير من الشرع وظاهر من الكفر**»[١].

واتە: «**بەڵگەی جمهور کەوا هەڵسانەوە لە حجاج تەنها لەبەر تاوان (فسق) نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە شەریعەتی گۆڕی و کوفری پیشاندا**».

---

(١) كتێبی صحيح مسلم بشرح النووي > كتاب الإمارة > باب وجوب الطاعة الأمراء في غير معصية.

پێنجەم: شێخی ئیسلام، إبن تیمیة –رحمه الله– (ساڵی ٧٢٨ ی هیجری مردووە):

شێخی ئیسلام لەبارەی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان نییە بە حوکمڕانی کردن بە شەریعەتی الله، دەفەرمووێت: «**ولا ريب أن من لم يعتقد وجوب الحكم بما أنزل الله على رسوله فهو كافر، فمن استحل أن يحكم بين الناس بما يراه هو عدلا من غير اتباع لما أنزل الله فهو كافر؛ فإنه ما من أمة إلا وهي تأمر بالحكم بالعدل، وقد يكون العدل في دينها ما رآه أكابرهم، بل كثير من المنتسبين إلى الإسلام يحكمون بعاداتهم التي لم ينزلها الله سبحانه وتعالى، كسوالف البادية، وكأوامر المطاعين فيهم، ويرون أن هذا هو الذي ينبغي الحكم به دون الكتاب والسنة.**

وهذا هو الكفر، فإن كثيرا من الناس أسلموا، ولكن مع هذا لا يحكمون إلا بالعادات الجارية لهم التي يأمر بها المطاعون، فهؤلاء إذا عرفوا أنه لا يجوز الحكم إلا بما أنزل الله فلم يلتزموا ذلك، بل استحلوا أن يحكموا بخلاف ما أنزل الله فهم كفار، وإلا كانوا جهالا»[1].

واتە: «**گومان لەوە نییە کە هەر کەسێک باوەڕی بە واجبێتی حوکمکردن بەوە نەبێت کە الله دایبەزاندووەتە سەر نێردراوەکەی ئەوا**

(١) کتێبی منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة القدرية > بەرگی پێنجەم > لاپەڕی ژمارە: ١٣٠.

کافره، هەر کەسێکیش ئەوە بە حەلال دابنێت کەوا حوکم بەجۆرێکی تر بکات کە بەلایەوە دادپەروەرییە بەبێ ئەوەی شوێنی ئەوە بکەوێت کە دابەزیوە (واتە قورئان) ئەوا کافرە؛ چونکە هیچ ئوممەتێک نییە و ئیللا هەوڵدەدات حوکمڕانی بە دادگەرییەوە بکات، دادگەریش لە سیستەم و دینی ئەواندا بریتییە لە بیروڕای سەرکردەکانیان. بەڵکو زۆرێک لەوانەی خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام حوکم بەو دابونەریتانە دەکەن کەوا الله -سبحانە وتعالی- داینەبەزاندووە، وەکو پێشینە گوندنشینەکان، یاخود وەکو ئەو فەرماندانەی کەوا پێویستە گوێڕایەڵیان بن، هەروەها وای دەبینن کە پێویستە حوکم بەمە بکرێت لەبری کتێبەکەی الله و سوننەت.

ئەمەش کوفرە، بەڕاستی زۆرێک لە خەڵک تەسلیم بوونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حوکم ناکەن ئیللا بە دابونەریتەکانیان نەبێ کە دەسەڵاتدارانیان فەرمانیان پێدەکەن، جا ئەمانە کاتێک زانیان کەوا نابێ حوکم بکرێت بە غەیری ئەوەی الله دایبەزاندووە کەچی هەر پابەند نەبوون و بەڵکو بە حەلالیان زانی کە حوکم بە غەیری ئەوە بکەن کە الله دایبەزاندووە ئەوا کافرن، ئەگینا جاهیلن».

جا لێرەدا دەکرێت کەسانێک بڵێن: ئەوەتا شێخ إبن تیمیة پێی وایە نابێ یەکسەر ئەو کەسانە تەکفیر بکرێن کە حوکم بە شەریعەتی الله ناکەن، بەڵکو ئەوەتا بیانووی "جەهل" ی بۆیان هێنایەوە چونکە دەکرێ ئاگایان لە دینی الله نەبێت.

له وەڵامدا دەڵێم: بەڵێ ئەگەر کەسێک تازە بوویێتە موسڵمان یاخود لە ناوچەیەک بژیەت کە دووربێت لە زانستی شەرعیی، ئەوا ئەو کەسە بیانووی "جەهل" دەیگرێتەوە و یەکسەر تەکفیر ناکرێت، بەڵام ئەگەر کەسێک خۆی بەلاوە موسڵمان بێت و لەناو جەرگەی خاکی موسڵمانان بێت و بە ئاسانیی دەستی بگاتە قورئان و زانستی شەرعیی کەچی هەر سوور بێت لەسەر حوکم کردن بە شەریعەتێکی تاغوت ئەوا ئەو کەسە هەرگیز عوزری "جەهل" نایگرێتەوە؛ چونکە ئەو کەسە خۆی پشتی لە زانستی شەرعیی هەڵکردووە و ئینکاریی لێدەکات و نایهەوێت فێربێت. کەواتە کەوتووەتە ناو هەڵوەشێنەرەوەیەکی ئیسلام، کە ئەویش بریتییە لە: هەوڵ نەدان بۆ بەدەستهێنانی زانستی شەرعیی لەکاتێکدا توانای بەدەستهێنانی هەبێت. هەروەک الله فەرموویەتی: {**ومن أظلم ممن ذكر بئايات ربه ثم أعرض عنها إنا من المجرمين منتقمون**}[1]. واتە: {جا کێ لەوە ستەمکارترە کە ئایاتەکانی پەروەردگاری خرابێتە یاد و ئینجا پشتی لێ بکات؟ ئێمە تۆڵەسێنەرین لە تاوانباران}.

هەروەها شێخ إبن تيمية -رحمه الله- دەڵێت: «**والإنسان متى حلل الحرام - المجمع عليه- أو حرم الحلال -المجمع عليه- أو بدل الشرع -المجمع عليه- كان كافرا مرتدا باتفاق الفقهاء**»[2].

---

(١) سورەتی السجدة، ئایەی ٢٢.

(٢) کتێبی مجموع الفتاوى > بەرگی سێیەم > فصل: فيما قاله المؤلف للطيبرسي رسول نائب السلطان > دفع ما احتجت به الجهمية على نفي العلو.

واتە: «**مرۆڤ هەرکاتێک حەڕامێک حەلال بکات کە زانایان هاوڕان لەسەر حەڕامێتییەکەی، یاخود حەلالێک حەڕام بکات کە زانایان هاوڕان لەسەر حەلالێتییەکەی، یاخود حوکمێکی شەریعەت بگۆڕێت کەوا زانایان هاوڕان لەسەری، ئەوا ئەو کەسە کافرێکی موڕتەدە بە کۆڕای زانایان**».

هەروەها کاتێک لەبارەی مەغۆلەکان پرسیارکرا لە شێخ إبن تیمیة کە گوایە مەغۆلەکان شایەتومان دەهێنن و دەڵێن ئێمە باوەڕمان بە ئیسلام هەیە بەڵام حوکم بە یاسق دەکەین نەک شەریعەتی ئیسلام. لە وەڵامدا إبن تیمیة فەرمووی: «**كل طائفة ممتنعة عن التزام شرائع الإسلام الظاهرة المتواترة من هؤلاء القوم أو غيرهم فإنه يجب قتالهم حتى يلتزموا شرائعه، وإن كانوا مع ذلك ناطقين بالشهادتين وملتزمين بعض شرائعه، كما قاتل أبو بكر والصحابة رضي الله عنهم مانعي الزكاة**»[1]. واتە: «**هەموو ئەو کۆمەڵانەی کە ڕێگریی دەکەن لە پابەند بوون بە دروشمەکانی شەریعەتی ئیسلام جا لە قەومی مەغۆلەکان بن یان هەر قەومێکی تر، ئەوا پێویستە کوشتاریان بکرێت تاکو پابەند دەبن بە دروشمەکانی شەریعەت، ئەگەرچی شایەتومان بهێنن و پابەندی بەشێکی شەریعەتی ئیسلام بن، هەروەک چۆن أبو بکر و هاوەڵان هەڵسان بە کوشتاری ئەوانەی زەکاتیان نەدەدا**».

---

(١) کتێبی الكلمات النافعة في المكفرات الواقعة > لاپەڕی ژمارە: ٣٤٣.

بێگومان ڕووداوەکەی خەلیفەی باوەڕداران أبي بكر الصديق – رضي الله عنه– ڕوون و ئاشکرایە، کاتێک کۆمەڵێک لەوانەی خۆیان بە موسڵمان دەزانی و تەوحیدیان هەبوو و جیهادیان دەکرد و نوێژکەر و ڕۆژووگریش بوون، بەڵام تەنها لەبەر ئەوەی ڕازی نەبوون بە پێدانی زەکات، بۆیەش ئیتر تەکفیر کران و کوشتاریان کرا لەلایەن أبي بكر الصديق، هەروەک لەبارەیانەوە فەرمووی: «**والله لأقاتلن من فرق بين الصلاة والزكاة**»[1]. واتە: «**والله کوشتاری هەر کەسێک دەکەم کە جیاوازیی بخاتە نێوان نوێژ و زەکات**».

ئەوانەی زەکاتیان نەدەدا پابەندی هەموو شتێکی ئیسلام بوون تەنها زەکات نەبێ، بەڵام هەر کوشتاریان کرا لەلایەن خەلیفەی موسڵمانان أبي بكر الصديق، ئیتر دەبێ حوکم ئەم دێمۆکڕاسیخواز و تاغوتپەرستانەی ئێستا چۆن بێت کە ئەسڵەن باوەڕیان بە هیچ حوکمێکی ئیسلام نییە و دژایەتیی شەریعەتی الله دەکەن؟! هاوار بۆ حاڵی ئەو کەسەی مومارەسەی دروشمەکانیان دەکات و باوەڕیان پێدەکات و خۆشەویستی بۆ ئەم دێمۆکڕاسیخوازانە هەیە.

تەنانەت شێخی ئیسلام –رحمه الله– لەم بارەیە ڕوونکردنەوەی زۆرتر دەدات و ڕێک دەڵێی باسی ئەم دێمۆکڕاسیخوازانە دەکات، دەفەرمووێت: «**فأيما طائفة ممتنعة امتنعت عن بعض الصلوات المفروضات أو الصيام أو الحج أو عن التزام تحريم الدماء**

(١) کتێبی صحيح البخاري > كتاب الزكاة > باب وجوب الزكاة > فەرموودەی ژمارە: ١٣٩٩ و ١٤٠٠.

والأموال أو الخمر أو الزنا أو الميسر أو نكاح ذوات المحارم أو عن التزام جهاد الكفار أو ضرب الجزية على أهل الكتاب أو غير ذلك من التزام واجبات الدين أو محرماته التي لا عذر لأحد في جحودها أو تركها والتي يكفر الواحد بجحودها. فإن الطائفة الممتنعة تقاتل عليها وإن كانت مقرة بها، وهذا مما لا أعلم فيه خلافا بين العلماء»[١].

واته: «**جا هەر کۆمەڵەیەک ڕێگریی لە نوێژە فەرزەکان بکات یاخود ڕۆژووگرتن یاخود حەج، یاخود پابەند نەبێت بە حەڕامکردنی ڕژانی خوێن بە ناحەق، هەروەها پابەند نەبێت بە حەڕامکردنی ئارەق و داوێنپیسی و قومار و هاوسەرگیری مەحرەمەکان، یاخود پابەند نەبێت بە کوشتاری کافران و وەرگرتنی سەرانە لە ئەهلی کیتاب (گاور و جولەکە) یاخود پابەند نەبێت بە هەر واجب و حەڕامکراوێکی ئەم دینە کەوا هیچ بیانووی تێدا نییە بۆ هیچ کەسێک ئەگەر پێی پابەند نەبوو و هەروەها پێی کافر دەبێت. لەم حاڵەتەدا پێویستە ئەم کۆمەڵەیە کوشتاریان بکرێت ئەگەرچی دان بنێن بە واجبێتی و حەڕامێتی شتەکان، ئەمەش یەکێکە لەو شتانەی کە هیچ خیلافێکی لێ نابینم لەنێوان زانایان**».

وەک بینیتان، شێخ إبن تیمیة –رحمه الله– لەم فەتوایەدا پێمان ڕادەگەیەنێت کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان زانایانی ئیسلام نەبووە لە

(١) کتێبی الكلمات النافعة في المكفرات الواقعة > لاپەڕی ژمارە: ٣٤٣.

سەردەمی ئەودا لەبارەی هەر کەسێک یان هەر کۆمەڵەیەک کەوا لە حوکمڕانیکردن پابەند نەبن بە حەلال و حەڕامەکان، تەنانەت ئەگەر دانیشی پێدا بنێن و بڵێن دەزانین حەلالەکان حەلالن و حەڕامەکانیش حەڕامن، هەر کافرن مادام حوکمەکەیان پەکخست لە حوکمڕانیی.

هەروەها دەڵێت: «**الشرع المنزل من عند الله تعالى وهو الكتاب والسنة الذي بعث الله به رسوله؛ فإن هذا الشرع ليس لأحد من الخلق الخروج عنه ولا يخرج عنه إلا كافر**»(١).

واتە: «**شەریعەتی دابەزێندراو لەلایەن الله -تعالى- کە بریتییە لەو قورئان و سوننەتەی کەوا الله هەڵسا نێردراوەکەی پێ نارد، هیچ کەسێکیش لەناو خەڵکیدا بۆی نییە لەم شەریعەتە بچێتە دەرەوە، هیچ کەسێکیش لێی ناچێتە دەرەوە جگە لە کافر**».

منیش دەڵێم: ئەگەر مرۆڤ بەهۆی دەرچوون لە شەریعەتی الله کافر ببێ، ئیتر دەبێ حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت کە شەریعەتێکی دەستکرد دادەڕێژێت کەوا لە دەیان خاڵدا دژی شەریعەتی الله یە؟! بێگومان ئەو کەسە کافرترە. ئەی دەبێ حاڵی ئەو بەناو موسڵمانە چۆن بێت کە پشت لە شەریعەتی الله دەکات و مومارەسەی شەریعەتە دەستکرد و تاغوتەکە دەکات؟!

(١) کتێبی مجموع الفتاوى > بەرگی یازدەهەم > الفرقان بين أولياء الرحمن وأولياء الشيطان > حديث "اجتمع آدم وموسى" ضل فيه فريقان.

شەشەم: إبن القيم -رحمه الله- (ساڵی ٧٥١ ی هیجری مردووە):

شێخ إبن القيم (کە قوتابی إبن تيمية بووە) -رحمهما الله-، لەبارەی ئەو کەسانەی کە حوکم بە شەریعەتە دەستکردەکان دەکەن، دەڵێت: «**ثم أخبر سبحانه أن من تحاكم أو حاكم إلى غير ما جاء به الرسول فقد حكم الطاغوت وتحاكم إليه**»[1]. واتە: «**پاشان الله -سبحانه- ڕایگەیاندووە کەوا هەر کەسێک حوکمڕانی بکات یاخود دادگەرێتی بگەڕێنێتەوە بۆ لای غەیری ئەوەی کەوا بۆ نێردراوەکە (واتە پێغەمبەر) هاتووە، ئەوا بێگومان حوکمی بە تاغوت کردووە و دادگەرێتی بۆ لای تاغوت گەڕاندووەتەوە**».

هەروەها شێخ إبن القيم -رحمه الله- حوکمی "دارولکوفر" بەسەر ئەو خاکانە دەدات کەوا بە شەریعەتی ئیسلام حوکمڕانیان تێدا ناکرێت، گوفتارەکەیشی تەنها هی خۆی نییە بەڵکو گوفتاری زۆرینەی زانایانی ئەهلی سوننەی نەقڵ کردووە بۆمان، هەروەک دەفەرموێت: «**قال الجمهور: دار الإسلام هي التي نزلها المسلمون وجرت عليها أحكام الإسلام، وما لم تجر عليه أحكام الإسلام لم**

---

(١) کتێبی إعلام الموقعين عن رب العالمين > بەرگی یەکەم > المتحاكمون إلى الطاغوت > لاپەڕی ژمارە: ٩٢.

يكن دار إسلام وإن لاصقها، فهذه الطائف قريبة إلى مكة جدا ولم تصر دار إسلام بفتح المكة، وكذلك الساحل»[1].

واتە: «**جمهوری زانایان دەفەرموون: دارولئیسلام ئەو خاکەیە کە موسڵمانان چوونەتە ناوی و ئەحکامەکانی ئیسلامی لەسەردا جێبەجێ دەکرێت، بەڵام هەر خاکێک ئەحکامەکانی ئیسلامی لەسەر جێبەجێ نەکرێت ئەوا نابێتە دارولئیسلام ئەگەرچی لکابێت بە دارولئیسلامێکەوە، ئەوەتا ناوچەی طائف زۆر نزیک بوو لە مەککە بەڵام هەر نەبووە دارولئیسلام لەکاتی فەتحی مەککە، بەهەمان شێوە ناوچەی ساحل**».

ئەی قەومەکەم، ئەگەرچی بابەتی دارولئیسلام و دارولکوفر بابەتێکی جیاواز و سەربەخۆیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە کە چاک بزانن لە هەر خاکێکدا شەریعەتێکی دەستکرد و تاغوتی وەکو "دێمۆکڕاسیەت" حوکمڕانی پێکرا و حەلال و حەڕامەکانی ئیسلام پەکخران و شەریعەتی ئیسلامیش خراپە ژێرپێ و کوفر و شیرکی گەورە لە خاکەکەدا بینرا ئەوا خاکەکە دارولکوفرە.

ئەی قەومەکەم، ببینن شێخ إبن القيم -رحمه الله- چۆن باسی سەرئەنجامی پشت کردن لە شەریعەتی الله دەکات، ببینن و خۆتان بڕیار بدەن کە ئاخۆ ئێوە ئەمڕۆ تووشی هەمان حاڵەت بوونەتەوە

---

(١) کتێبی إعلام الموقعين عن رب العالمين > بەرگی یەکەم > المتحاكمون إلى الطاغوت > لاپەڕی ژمارە: ٩٢.

یاخود نا. ئەو دەفەرمووێت: «**لما أعرض الناس عن تحكيم الكتاب والسنة والمحاكمة إليهما واعتقدوا عدم الاكتفاء بهما وعدلوا إلى الآراء والقياس والاستحسان وأقوال الشيوخ عرض لهم من ذلك فساد في فطرهم وظلمة في قلوبهم وكدر في أفهامهم ومحق في عقولهم وعمتهم هذه الأمور وغلبت عليهم حتى ربي فيها الصغير وهرم عليها الكبير فلم يروها مكرا فجاءتهم دولة أخرى قامت فيها البدع مقام السنن والنفس مقام العقل والهوى مقام الرشد والظلال مقام الهدى والمنكر مقام المعروف والجهل مقام العلم والرياء مقام الإخلاص والباطل مقام الحق والكذب مقام الصدق والمداهنة مقام النصيحة والظلم مقام العدل**»[1].

واتە: «**کاتێک خەڵک پشتیان هەڵکرد لە قورئان و سوننەت، هەروەها پشتیان کرد لەوەی حوکمی بۆ بگەڕێننەوە، هەروەها باوەڕیان بەوە بوو کە قورئان و سوننەت بەس نین، هەروەها ڕوویان کردە بیروڕا و قیاس و گوفتاری شێخەکان. ئەوا ئیتر فەساد و خراپەکاریی لە فیترەت و ناخیان پەیدابوو، هەروەها تاریکیی لەنێو دڵەکانیان پەیدا بوو، هەروەها تێگەیشتنیان ناڕوون بوو، هەروەها بیرکردنەوە و عەقڵیان لەناو چوو. ئیتر ئەم بابەتە هەموویانی گرتەوە و ئیتر مرۆڤە بچووکەکان پایەدار کران و مرۆڤە گەورەکانیش بێ توانا کران، ئیتر دەوڵەتێکی تر هات و نوێکاریی و بیدعەی لەناویاندا چەسپاند لەبری سوننەتەکان، هەروەها ئارەزووی خستە جێگەی**

(١) کتێبی الفوائد > آثار الإعراض عن تحكيم الكتاب والسنة > لاپەڕی ژمارە: ٦٥.

عەقڵ و بیرکردنەوە، هەروەها هەوا و حەزی خستە جێگەی بەرپرسیاریەتی، هەروەها سێبەر و تاریکیی خستە جێگەی هیدایەت، هەروەها خراپەکاریی خستە جێگەی چاکەکاریی، هەروەها نەزانینی خستە جێگەی زانست، هەروەها ناحەقی خستە جێگەی حەق، هەروەها درۆی خستە جێگەی ڕاستبێژیی، هەروەها خۆ بێدەنگ کردنی خستە جێگەی ئامۆژگاری کردن، هەروەها ستەمی خستە جێگەی دادوەریی».

کاتێک سەیری گوفتارەکەی شێخ إبن القيم -رحمه الله- دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە هەرکاتێک موسڵمانان پشتیان لە شەریعەتی الله کرد و ڕوویان لە شەریعەتە تاغوتەکان کرد ئەوا ئیتر ئەم گۆڕانکارییانە لە نەفس و کۆمەڵگایان ڕوودەدات:

١- دڵیان ڕەش دەبێت و حەق و ناحەق لە یەکتر جیا ناکەنەوە.

٢- ئەهلی تەوحید بە دوژمنی خۆیان دەزانن و ئەهلی کوفر و شیرکیش بە دۆست و برای خۆیان دەزانن، وە داوا لە ئەهلی کوفر دەکەن تاکو هاوکاریان بکەن بۆ لەناوبردنی ئەهلی تەوحید.

٣- مرۆڤی نەشیاو و هیچ و پووچ دەکرێتە خاوەن پلەی بەرز و ڕێزی لێ دەگیرێ، مرۆڤی شیاو و ڕێزدار و ئەهلی خیبرە و تەقواداریش پلەی نزم دەکرێت و بە چاوێکی خراپ و کۆنەپەرست و سەیری دەکرێت.

٤- له خاكه‌كه‌دا هێواش هێواش زانسته شه‌ڕعییه‌كان (هه‌روه‌ها دونیاییه‌كانیش) ده‌سڕێنه‌وه و مه‌لایه دینفرۆشه‌كان زۆر ده‌بن و ئیتر خه‌ڵكه‌كه حه‌ق و ناحه‌قیان لێ تێكه‌ڵ ده‌بێت و له‌ناو خاكه‌كه‌دا دروشمه‌كانی شیرك و كوفر و بیدعه سه‌رهه‌ڵده‌ده‌ن، هه‌روه‌ها دروشمه‌كانی ته‌وحید و ئیمان و وه‌لائوبه‌ڕاء و سوننه‌ت دژایه‌تیی ده‌كرێن.

٥- له‌نێو كۆمه‌ڵگاكه‌دا مرۆڤه له‌خواترس و ته‌قوادار و ئه‌مینه‌كان كه‌م ده‌بنه‌وه و ئیتر مرۆڤه شه‌هوه‌تباز و خائین و درۆزن و ناپاك و دونیاپه‌رست و فێڵبازه‌كان زۆر ده‌بن و ئیتر هێواش هێواش كه‌س متمانه‌ی به كه‌س نامێنێ و هیچ مانایه‌ك بۆ دۆستایه‌تیی و هاوڕێیه‌تیی و خزمایه‌تیی و برایه‌تیی نامێنێت.

٦- له‌نێو كۆمه‌ڵگاكه‌دا ڕاسته‌وخۆ جورئه‌ت و مه‌ردایه‌تی ده‌سڕێته‌وه و موسڵمانانیش ده‌كه‌ونه ژێر كاریگه‌ریی ئه‌م كۆمه‌ڵگایه گومڕایه، بۆیه‌ش ئیتر له‌پێش چاوی موسڵمانان و زانایاندا كوفر و تاوان و شیرك ئه‌نجام ده‌درێن به‌ڵام خۆیان بێده‌نگ ده‌كه‌ن و ده‌ڵێن كاكه ئێمه ناوێرین قسه‌ی حه‌ق بكه‌ین با تووشی به‌ڵایه‌ك نه‌بین. ئیتر زۆرتر خه‌ڵكه‌كه له‌نێو ئه‌م كوفر و شیركانه مه‌له ده‌كه‌ن و كه‌سیش نامێنێ دوو قسه‌ی حه‌قیان بۆ بكات، خۆ ئه‌گه‌ر بانگخوازێكی مه‌ردیش په‌یدابێ ئه‌وا هه‌ر خه‌ڵكه‌كه دژایه‌تی ده‌كه‌ن و ده‌نگی كپ ده‌كه‌ن.

٧- دادپەروەریی لە خاکەکە دەسڕێتەوە و زوڵم و سەرپێچی سەرهەڵدەدات و ئیتر چینێکی کۆمەڵگا ئازاد و خاوەن هێز دەبن و حیساب بۆ کەس ناکەن و تەنانەت سنووری یاسایە تاغوتییەکانیش دەبەزێنن و ستەم لە خەڵک دەکەن و حوکومەتە تاغوتپەرستەکەش پاڵپشتیان دەکات و ڕێگایان بۆ خۆش دەکات، چینەکەی تری کۆمەڵگاش بەتەواویی لاواز دەکرێن و نابێ هیچ هەڵەیەک بکەن و دەبێ پابەندی یاسایە کوفرینەکان ببن.

ئەی قەومەکەم، لێتان دەپرسم: مەگەر دانە بە دانەی ئەم خاڵانە بە زەقی نابینرێن لەنێوتان؟ ئەگەر دەڵێن "بەڵێ"، ئەوا چاک بزانن ئێوە پشتتان لە شەریعەتی الله کردووە و کۆمەڵێک مرۆڤتان کردووەتە خودا و دەنگیان پێدەدەن و پەنجەی شایەتومانی خۆتان مۆر دەکەن بۆیان، ئەوانیش بە یاسا تاغوتییەکان حوکمڕانیتان دەکەن، بەمەش دڵنیا بن ڕۆژ لە ڕۆژ حاڵتان خراپتر و خراپتر دەبێت تاوەکو تەسلیمی الله نەبنەوە.

حەوتەم: إبن كثير -رحمه الله- (ساڵی ٧٧٤ ی هیجری مردووە):

شێخ إبن كثير (ئەویش قوتابی شێخ إبن تيمية بووە) -رحمهما الله- گوفتاری گرینگی هەیە لەبارەی حوکمی شەریعەتە تاغوتەکان و هەروەها حوکمی ئەو دەسەڵاتدارە تاغوتپەرستانەی کە حوکمڕانی دەکەن بە شەریعەتە دەستکرد و تاغوتەکان.

شێخ إبن كثير لەبارەی ئەو کەسانەی کە دادگەرێتیان بۆ لای یاسق[١] دەگەڕاندەوە دەفەرمووێت: «**فمن ترك الشرع المحكم المنزل على محمد بن عبد الله خاتم الأنبياء وتحاكم إلى غيره من الشرائع المنسوخة كفر، فكيف بمن تحاكم إلى الياسا وقدمها عليه؟ من فعل ذلك كفر بإجماع المسلمين**»[٢].

واتە: « **هەر کەسێک ئەو شەریعەتە حاکم و دابەزێنراوە تەرک بکات کە دابەزیوەتە سەر محمد کوڕی عبدالله ی کۆتایی**

(١) یاسق یاخود یساق یاخود یاسا: بریتی بوو لە دەستوورێکی دەستکرد و تاغوت کە "جەنگیزخان" ی سەرۆکی مەغۆلەکان دایනابوو تا حوکمڕانی پێبکات لە خاکی موسڵمانان، دەستوورەکە تێکەڵ بوو لە حوکمەکانی قورئان و ئینجیل و تەوڕات، لەگەڵ چەند حوکمێکی دەستکردی خۆیشی، هەموو ئەمانەی تێکەڵ کردبوو بۆ حوکمڕانی کردن لە خاکی موسڵمانان!! بۆیەش زانایانی ئەهلی سوننە –رحمهم الله– پێکەوە تەکفیریان کرد. هەروەها پێموایە ئەم وشەی "یاسا" یەی کە لەم سەردەمەی ئێمەدا زۆر بەکاردێت و دەیبیستین، ئەوا سەرچاوەکەی بریتییە لە ناوی دەستوورەکەی جەنگیزخان –والله أعلم.

(٢) کتێبی البداية والنهاية > بەرگی سێزدەهەم > ثم دخلت سنة أربع وعشرين وستمائة فيها كانت عامة أهل تفليس الكرج فجاؤوا إليهم فدخلوها فقتلوا العامة والخاصة، ونهبوا وسبوا وخربوا وأحرقوا، وخرجوا على حمية، وبلغ ذلك جلال الدين فسار سريعا ليدركهم فلم يدركهم > وممن توفي فيها.

پێغەمبەران، وە ئیتر حوکمڕانیی بگەڕێنێتەوە بۆ یەکێک لە شەریعەتە مەنسوخ و هەڵوەشێندراوەکان ئەوا کافر بووە، ئەی چی بۆ حاڵی ئەو کەسەی حوکم بگەڕێنێتەوە بۆ لای "الیاسا" و بیخاتە پێش ئیسلام؟! هەر کەسێک وابکات ئەوا بە ئیجماعی موسڵمانان کافر بووە».

ئەی قەومەکەم، ئەگەر باوەڕتان بە منیش نییە خۆ ئەوەتا ئەمە شێخ إبن کثیر وای فەرمووە، ئەو زانایەی کە تەفسیرەکەی یەکێکە لە بەهێزترینی تەفسیرەکان، ئەو زانایەی کە کتێبی مێژووەکەی یەکێکە لە بەهێزترین سەرچاوەکان بۆ موسڵمانان، دەی فەرموون ئەمەیە تێگەیشتنی ئەم زانایە پایەدارە لە بابەتی داڕشتنی دەستوور و حوکمڕانی کردن پێی.

لە سەردەمی ئەو زانایەدا شەریعەتە تاغوتەکە ناوی "الیاسا" یاخود "یاسق" بوو، ئێستاش ناوەکەی بووەتە "دیمۆکراسیەت"، جیاوازیشیان ئەوەیە کە شەریعەتەکەی جەنگیزخان تێکەڵەیەک بوو لە هەموو دینەکان، بەڵام شەریعەتی دیمۆکراسیەت دوورە لە هەموو دینەکان. هەردووکیشیان تاغوتن و دژی شەریعەتی الله ـن؛ چونکە هەردووکیان خۆیان لەوە دەبیننەوە کە دینی الله لەگەڵ دینە دەستکرد و پووچەڵەکان بە هەمان چاو سەیر دەکەن.

هەروەها شێخ إبن كثير لە تەفسیری ئایەتی {**أفحكم الجاهلية يبغون ومن أحسن من الله حكما لقوم يوقنون**}[1]. لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا شێخ إبن كثير نموونە دەهێنێتەوە بە تەتەرەکان (مەغۆلەکان)، دەفەرمووێ: «**وكما يحكم به التتار من السياسات الملكية المأخوذة عن ملكهم جنكزخان، الذي وضع لهم اليساق وهو عبارة عن كتاب مجموع من أحكام قد اقتبسها عن شرائع شتى، من اليهودية والنصرانية والملة الإسلامية، وفيها كثير من الأحكام أخذها من مجرد نظره وهواه، فصارت في بنيه شرعا متبعا، يقدمونها على الحكم بكتاب الله وسنة رسوله صلى الله عليه وسلم. ومن فعل ذلك منهم فهو كافر يجب قتاله، حتى يرجع إلى حكم الله ورسوله -صلى الله عليه وسلم**»[2].

واتە: «**هەروەک چۆن تەتەرەکان (واتە مەغۆلەکان) حوکم دەکەن بەو سیاسەتە پاشاییەی کە لەلایەن پاشاکەیان جەنگیزخان بۆیان دانراوە، ئەو پیاوەی کە "اليساق" ی بۆیان دانا کەوا بریتییە لە دەستوورێکی تێکەڵ لە ئەحکامی شەریعەتە جیاوازەکان، لە دینی جولەکەکان و گاورەکان و ئیسلام، هەروەها ئەحکامی زۆریشی تێدایە کەوا جەنگیزخان بە بیرورِا و ئارەزووی خۆی دایناون. بەمەش ئیتر بووەتە شەریعەتێکی شوێنکەوتراو، بەجۆرێک کە دەیخەنە پێش شەریعەتی الله و سوننەتی نێردراوەکەی -صلى الله عليه وسلم-.**

(١) سورەتی المائدة، ئایەی ٥٠. بۆ زانینی مانا و ڕوونکردنەوەی ئایەتەکە بگەڕێوە بۆ لاپەڕی ٥٠.
(٢) تەفسیری إبن كثير -رحمه الله- بۆ سورەتی المائدة، ئایەی ٥٠.

هەر کەسێکیش لەوان (واتە مەغۆلەکان) ئەگەر وایکرد ئەوا کافرە و کوشتنیشی واجبە، تاکو دەگەڕێتەوە بۆ حوکمەکانی الله و نێردراوەکەی -صلى الله عليه وسلم».

هەروەها شێخ إبن كثير -رحمه الله- لە تەفسیرەکەیدا لەبارەی ئایەتی {**يأيها الذين ءامنوا أطيعوا الله وأطيعوا الرسول وأولي الأمر منكم فإن تنازعتم في شيء فردوه إلى الله والرسول إن كنتم تؤمنون بالله واليوم الآخر ذلك خير وأحسن تأويلا**}[1].

لە تەفسیری ئایەتەکەدا شێخ إبن كثير لەبارەی پارچە ئایەتی "فإن تنازعتم في شيء فردوه إلى الله والرسول إن كنتم تؤمنون بالله واليوم الآخر"، لەم بارەیەوە دەفەرموویێت: «**أي: ردوا الخصومات والجهالات إلى كتاب الله وسنة رسوله، فتحاكموا إليهما فيما شجر بينكم، فدل على أن من لم يتحاكم في مجال النزاع إلى الكتاب والسنة ولا يرجع إليهما في ذلك، فليس مؤمنا بالله ولا باليوم الآخر**»[2].

واتە: «**واتە: ناکۆکی و نەزانینەکانتان بگەڕێننەوە بۆ کتێبی الله و سوننەتی نێردراوەکەی، دادگەرێتیی و حوکمڕانیان پێ بکەن لەو بابەتانەی کە ناکۆکیتان لەبارەیانەوە هەیە، هەروەها ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەر کەسێک لە ناکۆکییەکاندا حوکم**

(١) سوڕەتی النساء، ئایەی ٥٩. بۆ زانینی مانا و ڕوونکردنەوەی ئایەتەکە بگەڕێوە بۆ لاپەڕی ١٥٣ و ١٥٤.

(٢) تەفسیری إبن كثير -رحمه الله- بۆ سوڕەتی النساء، ئایەی ٥٩.

نەگەڕێنێتەوە بۆ قوڕئان و سوننە، هەروەها نەگەڕێتەوە بۆ لایان لەبارەی کێشەکەی، ئەوا ئەو کەسە نە باوەڕی بە الله هەیە و نە بە ڕۆژی دوایی».

ئەی قەومەکەم، لە الله بترسن و تەسلیمی ببن لە هەموو ڕوویێکەوە، بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێمەدا بابەتی شەریعەتە تاغوتەکان بڵاون لەناو ئێوەدا و هیچیش ئاگادار نین، بۆیەش تەسلیمی الله ببن و هەرگیز مومارەسەی شەریعەتە دەستکرد و تاغوتەکان مەکەن. بەتایبەت شەریعەت و پەیکەرەکەی ئەم سەردەمە (واتە دیمۆکراسیەت)، بەتایبەتیش دروشمی "دەنگدان" کە زۆرینەی ئەم قەومە تێیکەوتوون و نازانن دەنگدان واتە مومارەسەکردنی شەریعەتێکی تاغوت، نازانن دەنگدان واتە هەڵبژاردنی کۆمەڵێک مرۆڤ تاکو لەبری الله یاسا دابڕێژن و شەریعەتی دیمۆکراسیەت بەهێز بکەن.

هەشتەم: محمد بن عبد الوهاب -رحمه الله- (ساڵی ١٢٠٦ ی هیجری مردووە):

شێخ إبن عبدالوهاب -رحمه الله- لە پەیامەکەی بەناوی "معنى الطاغوت" باسی پێنج سەرۆکەکەی تاغوتەکانمان بۆ دەکات، لە باسی دووەم جۆری تاغوتەکان دەفەرمووێت: «**الثاني: الحاكم الجائر المغير لأحكام الله تعالى. والدليل قوله تعالى: {ألم تر إلى الذين يزعمون أنهم ءامنوا بما أنزل إليك وما أنزل من قبلك يريدون أن يتحاكموا إلى الطاغوت وقد أمروا أن يكفروا به ...}**»[1].

واتە: «**دووەم: ئەو دەسەڵاتدارە ستەمکارەی کەوا ئەحکامەکانی الله -تعالی-دەگۆڕێت. بەڵگەش بریتییە لە فەرمایشتی الله: {-ئەی محمد- ئەوە تۆ ئەو کەسانەت نەبینیوە کە وای پیشان دەدەن گوایە باوەڕیان بەو کتێبە هەیە کەوا بۆتۆ دابەزیوە هەروەها باوەڕیان بەو کتێبانەیشی پێشی تۆ هەیە -کەچی لە هەمان کاتدا- دەیشیانەوێت حوکم بگەڕێننەوە بۆ لای تاغوت لەکاتێکدا فەرمانیان پێکراوە تاکو کوفری پێ بکەن ...}**».

هەروەها لە پەیامێکی تری بەناوی "نواقض الإسلام" باسی ١٠ خاڵی کردووە بە بەڵگەوە کە هەر کەسێک بکەوێتە ناو یەکێکیان ئەوا لەئیسلام دەچێتە دەرەوە، لە خاڵی چوارەمدا فەرموویەتی: «**الرابع: من اعتقد أن غير هدي النبي -صلى الله عليه وسلم- أكمل من**

---

(١) پەیامی "معنى الطاغوت" > خاڵی سێیەم.

هديه، أو أن حكم غيره أحسن من حكمه -كالذي يفضل حكم الطواغيت على حكمه-، فهو كافر»[1].

واتە: «**چوارەم: هەر کەسێک باوەڕی وابێت کەوا ڕێگایەک لە غەیری ڕێگای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تەواوترە، یاخود شەریعەت و حوکمێک هەیە کە باشترە لە حوکمی ئەو، -هەروەک ئەو کەسەی کە حوکمێکی تاغوت بە پایەدارتر و باشتر دادەنێت لە حوکمی ئەو-، ئەوا ئەو کەسە کافرە**».

جا لەو حاڵەدا شێخ محمد بن عبدالوهاب -رحمه الله- مەبەستی شەریعەتە تاغوتەکانە نەک "الحكم بغير ما أنزل الله"؛ چونکە لە لاپەڕی ٨ سەلماندم ئەم دوو حاڵە جیاوازن، دواتریش بە بەڵگەی زانایان زۆرتر دەیسەلمێنم إن شاء الله. کەواتە هەر کەسێک باوەڕی بە شەریعەتێک هەبێت لە غەیری شەریعەتی الله ئەوا ئەو کەسە کافرە؛ چونکە کوفری بە تاغوت نەکردووە و نەبووەتە موسڵمان بەوجۆرەی کە الله فەرمانمان پێدەکات.

لەکۆتایی پەیامەکەیدا شێخ محمد بن عبدالوهاب لەدوای ئەوەی باسی هەر ١٠ خاڵەکە دەکات، ئیتر دەڵێت: «**ولا فرق في جميع هذه النواقض بين الهازل والجاد والخائف، إلا المكره**»[2].
واتە: «**لەم هەڵوەشێنەرەوانە هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان ئەو**

(١) پەیامی "نواقض الإسلام" > خاڵی چوارەم.
(٢) پەیامی "نواقض الإسلام" > کۆتایی.

کەسەی کە بە گاڵتەوە دەکەوێتە ناو یەکێکیان، یاخود کەسێک کە بە جددیی دەکەوێتە ناو یەکێکیان، یاخود کەسێک کە بەهۆی ترسەوە بکەوێتە ناو یەکێکیان، تەنها ئەو کەسە نەبێ کە زۆریلێکراوە (واتە ئەویان پێی کافر نابێت)».

نۆیەم: سلیمان بن عبد الله بن محمد بن عبد الوهاب -رحمه الله- (ساڵی ١٢٣٣ ی هیجری مردووە):

سولەیمان یەکێکە لە نەوەکانی شێخ محمد بن عبدالوهاب -رحمهما الله-، ئەویش لە کتێبەکەی بەناوی "الدلائل في حكم موالاة أهل الإشراك" هەڵساوە بە کۆکردنەوەی ٢١ بەڵگە لەبارەی شێواز و نیشانە جۆراوجۆرەکانی پاڵپشتی کردنی ئەهلی کوفر؛ تاکو موسڵمان لێیان ئاگادار بێت و ئەنجامیان نەدات.

لە بەڵگەی حەوتەم ئەم ئایەتە پیرۆزەی داناوە کە الله -تعالی- فەرموویەتی: {**وقد نزل عليكم في الكتاب أن إذا سمعتم ءايات الله يكفر بها ويستهزأ بها فلا تقعدوا معهم حتى يخوضوا في حديث غيره إنكم إذا مثلهم إن الله جامع المنافقين والكافرين في جهنم جميعا**}[(١)]. واتە: {بەڕاستیی لەنێو کتابدا (واتە قورئان) بۆتان دابەزیوە کە ئەگەر بیستتان کەوا ئایاتەکانی الله کوفری پێدەکرێ یاخود گاڵتەی پێدەکرێ ئەوا لەگەڵیان دامەنیشن تاکو دەچنە سەر گوفتارێکی تر. -خۆ ئەگەر وانەکەن- ئەوا ئێوە وەکو ئەوانن (واتە کافرن)، بەڕاستیی الله کۆکەرەوەی مونافیق و کافرانە لە دۆزەخدا بەیەکەوە}.

شێخ سولەیمان -رحمه الله- لە nامیلکەکەیدا لەپاش دانانی ئایەتەکەوە دەفەرمووێت: «**فذكر تبارك وتعالى، أنه نزل على**

---

(١) سورەتی النساء، ئایەی ١٤٠.

المؤمنين في الكتاب: أنهم إذا سمعوا آيات الله يكفر بها، ويستهزأ بها فلا يقعدوا معهم، حتى يخوضوا في حديث غيره. وأن من جلس مع الكافرين بآيات الله، المستهزئين بها في حال كفرهم واستهزائهم: فهو مثلهم. ولم يفرق بين الخائف وغيره. إلا المكره.

هذا وهم في بلد واحد، في أول الإسلام. فكيف بمن كان في سعة الإسلام وعزه وبلاده، فدعا الكافرين بآيات الله المستهزئين بها إلى بلاده، واتخذهم أولياء وأصحاباً وجلساء، وسمع كفرهم واستهزاءهم واقرهم، وطرد أهل التوحيد وأبعدهم؟!!»[1].

واتە: «الله -تبارك وتعالى- لەم ئایەتەدا باسی کردووە کەوا لەناو ئەم کتێبەدا ئایەتی دابەزاندووەتە سەر موسڵمانان کەوا ئەگەر بیستیان ئایاتەکانی الله کوفر و گاڵتەیان پێدەکرێت ئەوا با لەلایان دانەنیشن تاکو دەچنە سەر گوفتارێکی تر. هەروەها هەر کەسێک ئەگەر لەگەڵ کافران دابنیشێت لەکاتی کوفر کردنیان بە ئایاتەکانی الله، یاخود لەگەڵ ئەوانەی گاڵتەجاڕن بە ئایاتەکانی الله ئەوا ئەو کەسە وەکو ئەوانە. هەروەها هیچ جیاوازییەکیش ناکرێت لەنێوان ئەو کەسەی کە بەهۆی ترسەوە لەلایان بمێنێتەوە یاخود هەر حاڵەتێکی تر، مەگەر کەسێک ناچارکرابێت.

جا ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەوان (واتە کافران و موسڵمانان) لە هەمان خاکن و لە سەرەتای هاتنی ئیسلامە. جا دەبێ حاڵی ئەو

(١) نامیلکەی الدلائل في حكم موالاة أهل الإشراك > الدليل السابع.

کەسە چۆن بێت کەوا لە سەردەمی فراوانیی ئیسلام و بەهێزیی ئیسلامدا بانگەشەی ئەو کەسانە بکات کە کافر و گاڵتەجاڕن بە ئایاتەکانی الله تاکو بێنە ناو خاکەکەی، هەروەها بە دۆست و هاوەڵی خۆی دایانبنێ و لەگەڵیان دابنیشێت، هەروەها گوێ لە کوفر و گاڵتەجاڕییەکانیان بگرێت و دانیان پێدا بنێت و هەروەها پشت لە ئەهلی تەوحید بکات و لێیان دوور بکەوێتەوە؟!».

ئەی قەومەکەم، بەڵێ ئەوە حاڵی ئێوەیە لەم سەردەمە؛ چونکە شەریعەتی الله تەواو بووە و ئایاتەکانی الله کۆکراونەتەوە و فەرموودە و سوننەتی پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- بە ئاسانی دەگاتە بەردەست. کەچی ئێوە ناتانەوێت و پشتتان هەڵکردووە لە شەریعەتی الله، لە هەمان کاتدا ڕووتان کردووەتە شەریعەتە دەستکرد و تاغوتەکان، هەروەها بانگەشەی تاغوتپەرست و دێمۆکڕاسیخوازەکان دەکەن تاکو حوکمتان بکەن! ئەوانیش بەوپەڕی ئازادییەوە لە کاناڵەکانیان سووکایەتی بە شەریعەتی الله و حوکمەکانی دەکەن و دژایەتی دەکەن، ئێوەش خۆتان بێدەنگ کردووە و ڕازین و بەشدار دەبن لە دەنگدانەکان و پەنجەی شایەتومانتان لە شەریعەتە تاغوتەکەی ئەوان مۆر دەکەن. کەچی کەسانێک کە دەیانەوێت حوکمی الله بگەڕێننەوە و ئاسوودەیی دونیا و قیامەتتان مسۆگەر بکەن، کەچی ئێوە پشتیان لێدەکەن و هاوکاری دێمۆکڕاسیخوازەکان دەبن تاکو ئەم موەحیدانە لەناوببەن و بێهێز بکرێن و دەنگیان نەگاتە قەومەکەیان.

ئەوەشمان بیر نەچێت کە ئایەتەکەی سەرەوە ڕێک لەسەر بینای پەرڵەمان جێبەجێ دەبێت! لەم شوێنەدا پەرڵەمانتارە تاغوتەکان کوفر بە ئایاتەکانی الله دەکەن و دژایەتیی دەکەن و دەیگۆڕن بە یاسای دەستکردی خۆیان، هەروەها گاڵتە بە یاساکانی الله دەکەن و بە "کۆنەپەرستی" ناوی دەهێنن.

لێرەدا من لە حیزبە بەناو ئیسلامییەکان دەپرسم: ئێوە زیادتر لە ٢٧ ساڵە لەنێو ئەم بینایە پیسەی پەرڵەماندا خۆتان جێگیر کردووە و ساڵانە لەپێش چاوەکانتان یاسای کوفرین دەردەکرێن و گاڵتە بە ئایاتی الله دەکرێ. ئایا قەت ئەم ئایەتە پیرۆزەتان نەخوێندووەتەوە؟ الله دەڵێت "فلا تقعدوا معهم"، کەچی ئێوە دەڵێن "ئێمە ئەوەندە مەقعەدەمان لە پەرڵەمان هەیە"!!! ئێوە شانازیی بە زۆریی کورسییەکانتان دەکەن لەم شوێنە پیسەدا. ئایا عیبرەتتان وەرنەگرت و بۆتان دەرنەکەوت کەوا ئێوە کافرن و مومارەسەی شەریعەتێکی تاغوت دەکەن و هەروەها بەشێکن لەم حوکومەتە تاغوتپەرستەی کە لە سەدان خاڵدا دژی شەریعەتی الله وەستاونەتەوە؟ عیبرەتتان وەرنەگرت؟ مەگەر ئێوە بەشێک نین لەم حوکومەتە؟ کەی پشتیان لێدەکەن و لەلای ئەم قەومە دان بەوە دەنێن کە ئێوە هەڵەتان کردووە و خۆتان و خەڵکتان بەرەو گێژاوی کوفر و تاغوت بردووە؟

هەروەها شێخ سولەیمان -رحمە الله- تەفسیری ئایەتێکی تری قورئان دەکات کاتێک الله -سبحانە وتعالی- فەرموویەتی: {**إن الذين ارتدوا على أدبارهم من بعد ما تبين لهم الهدى الشيطان سول**

لهم وأملى لهم * ذلك بأنهم قالوا للذين كرهوا ما نزل الله سنطيعكم في بعض الأمر والله يعلم إسرارهم}[١].

له تەفسیرەکەیدا دەڵێت: «**فأخبر تعالى أن سبب ما جرى عليهم من الردة وتسويل الشيطان وإملائه لهم، هو قولهم للذين كرهوا ما نزل الله سنطيعكم في بعض الأمر.**

فإذا كان من وعد المشركين الكارهين لما أنزل الله بطاعتهم في بعض الأمر كافرا وإن لم يفعل ما وعدهم به، فكيف بمن وافق المشركين الكارهين لما أنزل الله من الأمر بعبادته وحده لا شريك له وترك عبادة ما سواه من الأنداد والطواغيت والأموات، وأظهر أنهم على هدى، وأن أهل التوحيد مخطئون في قتالهم، وأن الصواب في مسالمتهم والدخول في دينهم الباطل؟ فهؤلاء أولى بالردة من أولئك الذين وعدوا المشركين بطاعتهم في بعض الأمر»[٢].

واتە: «**الله هۆکاری کەوتنە ناو ڕیددەی ئەوانی ڕاگەیاند هەروەها هۆکاری ڕازاندنەوە و هیوا پێدانی ئەوانی لەلایەن شەیتانەوە ڕاگەیاند، کە بریتی بوو لەوەی ئەوان بەو کەسانەیان گووتبوو کە ڕقیان لەوە بوو کەوا الله دایبەزاندووە: ئێمە لە هەندێک شتدا گوێڕایەڵتان دەبین.**

(١) سوڕەتی محمد، ئایەی ٢٥ و ٢٦. بۆ زانینی مانا و ڕوونکردنەوەی ئایەتەکە، بگەڕێوە بۆ لاپەڕی ٤٨ بەدواوە.

(٢) کتێبی مجموعة التوحيد > الرسالة الحادية عشرة.

جا ئەگەر کەسێک کافر کرابێت کە بەڵێنی بە موشریکەکان دابێت بەوەی لە هەندێک بابەت گوێڕایەڵیان بکات ئەگەرچی قسەکەی جێبەجێ نەکردبێ، ئەی دەبێ حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت کەوا هاوڕایە لەگەڵ ئەو موشریکانەی کەوا ڕقیان لەوەیە کە الله دایبەزاندووە و تێیدا فەرمانی بە پەرستنی تەنهایی خۆی کردووە و فەرمانی بە تەرکی پەرستنی تاغوت و مردووەکان کردووە؟ (دەبێ حاڵی ئەو چۆن بێت)، هەروەها دەبێ حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت کە وای پیشان بدات ئەوان (واتە موشریکەکان) ڕاستن و لەسەر حەقن، هەروەها ئەهلی تەوحیدیش هەڵەن لە کوشتارەکانیان؟ ئەم کەسانە لەپێشترن بۆ ئەوەی بە موڕتەد دابنرێن لەئاستی ئەوانەی کە لە ئایەتەکە بەڵێنیان بە موشریکەکان دابوو کەوا گوێڕایەڵیان بکەن».

مەبەستی شێخ سولەیمان ئەوەیە کە ئەگەر الله کەسانێک بە موڕتەد ناو بهێنێت بەهۆی گوێڕایەڵ بوونیان بۆ تاغوتەکان لە چەند حوکمێکی کەم، ئەی دەبێ حاڵی ئەو کەسانە چۆن بێت کە بەتەواویی گوێڕایەڵی موشریکەکانن و پاڵپشتیان دەکەن و لە هەمان کاتیشدا ئەهلی تەوحید بە هەڵە دەزانن؟! ئەمانە زۆر لەپێشترن بەوەی کە موڕتەد بووبێتنەوە؛ چونکە کوفری ئەمانە زۆر گەورەتریشە لە کوفری ئەو موڕتەدانەی کە ئایەتەکەیان لەسەر دابەزیبوو.

ئەمجارەیان شێخ سولەیمان تەفسیری ئایەتێکی تر دەکات کەوا الله فەرموویەتی: {**ألم تر إلى الذين يزعمون أنهم ءامنوا بما أنزل**

إليك وما أنزل من قبلك يريدون أن يتحاكموا إلى الطاغوت وقد أمروا أن يكفروا به ويريد الشيطان أن يضلهم ضلالا بعيدا}[١].

له تەفسیر و ڕوونكردنەوەی ئایەتەكە دەفەرموویت: «**ما تضمنه التوحيد، استلزمه من تحكيم الرسول -صلى الله عليه وسلم- في موارد النزاع، إذ هذا هو مقتضى الشهادة أن لا إله إلا الله، ولازمها الذي لا بد منه لكل مؤمن؛ فإن من عرف أن لا إله إلا الله، فلا بد من الإنقياد لحكم الله، والتسليم لأمره الذي جاء من عنده على يد رسوله محمد -صلى الله عليه وسلم-، فمن شهد أن لا إله إلا الله، ثم عدل إلى تحكيم غير الرسول في موارد النزاع، فقد كذب في شهادته**»[٢].

واتە: «**یەكێك لەوانەی بەشێكە لە تەوحید، بریتییە لە پابەند بوون بەوەی نێردراوی الله بكرێتە حاكم -صلى الله عليه وسلم- لەكاتی كێشە و ناكۆكییەكان، ئەمە بریتییە لە داواكاریی شایەتیدانی "لا إله إلا الله"، هەروەها ئەمە بریتییە لەو داواكارییە هەمیشەییەی كەوا پێویستە هەموو باوەڕدارێك بیهێنێتە دی؛ جا ئەگەر كەسێك زانی كەوا هیچ پەرستراوێك حەق نییە جگە لە الله (واتە لا إله إلا الله)، ئەوا ئیللا دەبێ تەسلیمی حوكمی الله ببێت، هەروەها تەسلیمی ئەو فەرمانانە ببێ كە لەڕێگای نێردراوەكەی (محمد) ناردوویەتی -صلى**

---

(١) سورەتی النساء، ئایەی ٦٠. بۆ زانینی مانا و ڕوونكردنەوەی ئایەتەكە بگەڕێوە بۆ لاپەڕی ٨ بەدواوە.

(٢) كتێبی تیسیر العزیز الحمید شرح كتاب التوحید > بەرگی یەكەم > لاپەڕی ژمارە: ٤٩٢

الله عليه وسلم-، جا هەر کەسێک شایەتی بدات بە "لا إله إلا الله" کەچی حوکم و دادگەرێتیی بگەڕێنێتەوە بۆ حوکمێک جگە لە حوکمی پێغەمبەر لەکاتی کێشە و ناکۆکییەکان، ئەوا لە شایەتییەکەیدا درۆ دەکات».

دەیەم: ئیمامی الشوكاني -رحمه الله- (ساڵی ١٢٥٠ ی هیجری مردووە):

ئەم ئیمامە پایەدارە تەفسیری ئایەتی الله دەكات كاتێک فەرموویەتی: {**فلا وربك لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لا يجدوا في أنفسهم حرجا مما قضيت ويسلموا تسليما**}[١].
واتە: {نەخێر سوێند بە پەروەردگاری تۆ (ئەی محمد) ئەوانە ئیماندار نین تاكو تۆ نەكەن بە دادوەر لە كێشەكانی نێوانیان، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا لەناو دەروونیان هیچ دڵتەنگیی و ناڕەحەتییەكیان نەبێت لە بڕیارەكەت، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا تەسلیم ببن بە تەسلیم بوونێكی تەواو}.

ئینجا ئیمامی الشوكاني پارچە پارچە تەفسیری ئایەتەكە دەكات و دەڵێت: «**{فلا وربك لا يؤمنون}، وفي هذا الوعيد الشديد ما تقشعر له الجلود وترجف له الأفئدة، فإنه أولا أقسم سبحانه بنفسه مؤكدا لهذا القسم بحرف النفي بأنهم لا يؤمنون، فنفى عنهم الإيمان الذي هو رأس مال صالحي عباد الله حتى تحصل لهم غاية هي تحكيم رسول الله، ثم لم يكتف سبحانه بذلك حتى قال: {ثم لا يجدوا في أنفسهم حرجا مما قضيت}، فضم إلى التحكيم أمرا آخر وهو عدم وجود حرج: أي حرج في صدورهم، فلا يكون مجرد التحكيم والإذعان كافيا حتى يكون من صميم القلب عن رضا**

(١) سورەتی النساء، ئایەی ٦٥.

واطمئنان وانثلاج قلب وطيب نفس، ثم لم يكتف بهذا كله، بل ضم إليه قوله {ويسلموا} أي يذعنوا وينقادوا ظاهرا وباطنا، ثم لم يكتف بذلك، بل ضم إليه المصدر المؤكد فقال {تسليما} فلا يثبت الإيمان لعبد حتى يقع منه هذا التحكيم ولا يجد الحرج في صدره بما قضى عليه، ويسلم لحكم الله وشرعه تسليما لا يخالطه رد ولا تشوبه مخالفة»[1].

واته: «{فلا وربك لا يؤمنون}، لەم ئایەتەدا بەڵێنێکی توند هەیە کە بەهۆیەوە پێستەکان گرژ و چالاک دەبن و عەقڵیان دەلەرزێت، الله لە سەرەتادا سوێندی بە خۆی خوارد و هەروەها بە حەرفێکی نەفی (واتە لا) سوێندەکەی تەئکید کردەوە بەوەی کە ئیمان ناهێنن، بەمەش الله ئیمانی لێیان نەهێشت، ئەو ئیمانەی کە سەروماڵی عەبدە ساڵحەکانی الله یە، ئەم نەبوونی ئیمانەش تا ئەو کاتەیە کە ئامانجێکیان تێدا دەبێت، ئەویش حوکم و دادگەرێتی کردنە بە نێردراوی الله، ئینجا الله –سبحانە– هەر بەوە نەوەستا تاکو فەرمووی {ثم لا یجدوا في أنفسهم حرجا مما قضیت}، کەواتە فەرمانێکی تریشی کرد کە ئەویش ئەوەیە کە نابێ هیچ نارەحەتییەک لە دەروونیان هەبێت. بۆیەش نابێ بەتەنها حوکمڕانی کردن و دادگەرێتیی بەس نییە تا ئەو کاتەی لە دڵەوە نەبێت و ڕەزامەندیی و ئاسوودەیی دڵ و دەروونی لەگەڵ نەبێت، هەر بەمەش نەوەستا، بەڵکو فەرمووی {ویسلموا}، واتە دەبێ پابەند بن لە ڕواڵەت و لە

---

(١) کتێبی فتح القدیر > بەرگی یەکەم > لاپەڕی ژمارە ٤٨٤.

ناخەوە، هەر بەمەش نەوەستا بەڵکو تەئکیدی کردەوە بە {تسليما}، کەوابێ ئیمانی عەبد دانامەزرێت تاکو ئەم جۆرە دادگەرێتییە نەکات و لە دڵیدا هیچ تەنگییەک نەبێت لەبارەی ئەو حوکمەی لەسەری دراوە، هەروەها دەبێ تەسلیمی حوکمی الله و شەریعەتەکەی ببێت، بەجۆرێک کە لەگەڵ تەسلیمەکەیدا هیچ ڕەتکردنەوە و سەرپێچییەکی لەگەڵ تێکەڵ نەکات».

ئەی قەومەکەم، بەڵێ الله لە ئایەتەکەدا سوێندی بە نەفسی خۆی خواردووە کەوا هیچ کەسێک نابێتە موسڵمان ئەگەر دڵی بۆ شەریعەتێک بچێت و حوکمڕانی بۆ بگەڕێنێتەوە لە غەیری شەریعەتی الله.

یازدەهەم: عبد الرحمن بن حسن بن محمد بن عبد الوهاب –رحمه الله– (ساڵی ١٢٨٥ ی هیجری مردووە):

عبدالرحمن یەکێکە لە نەوەکانی شێخ محمد بن عبدالوهاب –رحمهما الله–، ئەو زانایە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەی الله دەکات: {**ألم تر إلى الذين يزعمون أنهم ءامنوا بما أنزل إليك وما أنزل من قبلك يريدون أن يتحاكموا إلى الطاغوت وقد أمروا أن يكفروا به ويريد الشيطان أن يضلهم ضلالا بعيدا**}[١].

ئینجا ڕوونکردنەوە لەسەر وشەی "الطاغوت" دەدات لەنێو ئایەتەکە، دەڵێت: «**وكذلك من خالف حكم الله ورسوله، بأن حكم بين الناس بغير ما أنزل الله، أو مع جهل بذلك، أو طلب ذلك أن يتبع عليه، أو أطاعه فيما لا يعلم أنه حق، إذا كان المطيع له لا يبالي أكان أمره حقا أم لا، فهو طاغوت بلا ريب**»[٢].

واتە: «**بە هەمان شێوە ئەو کەسەی کە لایداوە لە حوکمی الله و نێردراوەکەی، بەوەی کە حوکمڕانیی خەڵک دەکات بە شەریعەتێک جگە لەوەی الله دایبەزاندووە، یاخود حوکم بە شەریعەتی الله دەکات –بە حیسابی خۆی– کەچی جەهلی هەیە لەبارەی حوکمەکانی الله، یاخود کەسەکە داوا بکات بەوەی شوێنی بکەون لەو کارەیدا، یاخود**

---

(١) سورەتی النساء، ئایەی ٦٠. بۆ زانینی مانا و ڕوونکردنەوەی ئایەتەکە بگەڕێوە بۆ لاپەڕی ٨ بەدواوە.

(٢) کتێبی قرة عيون الموحدين في تحقيق دعوة الأنبياء والمرسلين > باب قول الله –تعالى–: {ألم تر إلى الذين يزعمون ...} > لاپەڕی ژمارە: ٢٩٠.

گوێڕایەڵیی بکەن لە شتانێک کە خۆیشی نازانێت ئاخۆ لەسەر حەقە، جا ئەگەر شوێنی کەوتن و گوێڕایەڵیان کرد بەبێ ئەوەی بزانن کارەکانی لەسەر حەقن یان نا، ئەوا کەسەکە تاغوتە بەبێ هیچ گومانێک».

هەروەها شێخ عبدالرحمن -رحمه الله- تەفسیری ئایەتێکی ترمان بۆ دەکات کاتێک الله -جل جلاله- فەرموویەتی: {**إتخذوا أحبارهم ورهبانهم أربابا من دون الله ...**}[(١)].

لە تەفسیرەکەیدا عبدالرحمن دەفەرمووێت: «**فظهر بهذا أن الآية دلت على أن من أطاع غير الله ورسوله، وأعرض عن الأخذ بالكتاب والسنة في تحليل ما حرم الله، أو تحريم ما أحله الله، وأطاعه في معصية الله، واتبعه فيما لم يأذن به الله، فقد اتخذه ربا ومعبودا وجعله لله شريكا، وذلك ينافي التوحيد الذي هو دين الله الذي دلت عليه كلمة الإخلاص (لا إله إلا الله)**»[(٢)].

واتە: «**لەم ئایەتەوە دەردەکەوێت کە هەر کەسێک گوێڕایەڵی غەیری الله و نێردراوەکەی بکات، هەروەها پشت هەڵبکات لە قورئان و سوننەت، هەروەها حەڕامکراوەکان حەلال بکات یاخود حەلالکراوەکان حەڕام بکات، یاخود گوێڕایەڵیی کەسانێک بێت لە تاوان و سەرپێچیکردنی الله، هەروەها شوێنی کەسانێک بکەوێت لە**

---

(١) سورەتی التوبة، ئایەی ٣١. بۆ زانینی مانا و ڕوونکردنەوەی ئایەتەکە بگەڕێوە بۆ لاپەڕی ٤٧ بەلاوە.

(٢) کتێبی فتح المجيد شرح كتاب التوحيد > باب: تفسير التوحيد والشهادة أن لا إله إلا الله.

شتانێک کە اللە ڕێگای پێ نەداوە، ئەوا لەو حاڵەتەدا ئیتر پەروەردگار و پەرستراوێکی بۆخۆی دروست کردووە و هەروەها کردوویەتی بە هاوبەشی اللە، ئەمەش ئەو تەوحیدە هەڵدەوەشێنێتەوە کە بریتییە لە دینی اللە، ئەو تەوحیدەی کە بەڵگەیە لەسەر وشەی ئیخلاس (واتە لا إله إلا الله)».

هەروەها شێخ عبدالرحمن -رحمه الله- لە تەفسیری ئەم ئایەتەی اللە دەکات کاتێک فەرموویەتی: **{ألم تر إلى الذين يزعمون أنهم ءامنوا بما أنزل إليك وما أنزل من قبلك يريدون أن يتحاكموا إلى الطاغوت وقد أمروا أن يكفروا به ويريد الشيطان أن يضلهم ضلالا بعيدا}**[1].

لە تەفسیرەکەیدا دەفەرمووێت: «**فمن خالف ما أمر الله به ورسوله بأن حكم بين الناس بغير ما أنزل الله، أو طلب ذلك اتباعا لما يهواه ويريده، فقد خلع ربقة الإسلام والإيمان من عنقه وإن زعم أنه مؤمن، فإن الله تعالى أنكر على من أراد ذلك وأكذبهم في زعمهم الإيمان لما في ضمن قوله (يزعمون) من نفي إيمانهم، فإن (يزعمون) إنما يقال غالبا لمن ادعى دعوى هو فيها كاذب لمخالفته لموجبها وعمله بما ينافيها، يحقق هذا قوله (وقد أمروا أن يكفروا به)، لأن الكفر بالطاغوت ركن التوحيد - كما في آية البقرة -، فإن لم يحصل هذا الركن لم يكن موحدا، والتوحيد هو أساس الإيمان**

---

(١) سوڕەتی النساء، ئایەی ٦٠. بۆ زانینی مانا و ڕوونکردنەوەی ئایەتەکە بگەڕێوە بۆ لاپەڕی ٨ بەلاوە.

الذي تصلح به جميع الأعمال وتفسد بعدمه، كما أن ذلك بين في قوله تعالى (فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقى)، وذلك أن التحاكم إلى الطاغوت إيمان به»[1].

واته: «**هەر کەسێک پشت هەڵبکات لەو فەرمانانەی کە پەروەردگار و نێردراوەکەی کردوویەتی بەوەی کە حوکمڕانی لەنێوان خەڵک بکات بە غەیری ئەوەی کە دابەزێندراوە (واتە قورئان)، یاخود داوای حوکمڕانیکردن بکات بە غەیری شەریعەتی الله لەپێناوی ئارەزووەکانی دڵی، ئەوا ئەو کەسە ئیسلام و ئیمانی هەڵدەوەشێتەوە ئەگەرچی بانگەشەی ئەوە بکات کە باوەڕدارە، بەڕاستیی ئەوەتا الله ئەو قسەیەی ڕەتکردەوە و بەدرۆی خستەوە کاتێک بانگەشەی ئیمانداریان بکردایە هەروەک لە بڕگەی {یزعمون} دەردەکەوێت؛ چونکە "یزعمون" زۆرجار بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێت ئەگەر کەسێک بانگەشەیەکی درۆ بکات. ئەوەیشی کە ئەم گوفتارە پشتڕاست دەکاتەوە بریتییە لە پارچە ئایەتی {وقد أمروا أن یکفروا بە}؛ ئەمەش چونکە کوفر بە تاغوت بریتییە لە ڕوکنێکی تەوحید -هەروەک لە ئایەتی ٢٥٦ ی البقرة هاتووە- جا ئەگەر ئەم مەرجە نەهێنێتە دی (واتە کوفر بە تاغوت نەکات) ئەوا نەبووەتە موەحید، تەوحیدیش بناغەی ئەو ئیمانەیە کە بەهۆیەوە کردەوە چاکەکان قەبوڵ دەکرێن، بەبێ تەوحیدیش پووچەڵ و هەڵوەشاوە**

---

(١) کتێبی تیسیر العزیز الحمید في شرح کتاب التوحید > بەرگی یەکەم > لاپەڕی ژمارە: ٤٩٢ و ٤٩٣.

دەبن، هەروەک چۆن ئەمە ڕوونکراوەتەوە لە گوفتاری الله: {فمن یکفر بالطاغوت ویؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقى}، بۆیەش حوکم گەڕاندنەوە بۆلای تاغوت بەواتای ئەوە دێت کە ئیمانت بە تاغوتەکە هەیە».

ڕەحمەتی الله ببارێتە سەر شێخ عبدالرحمن، بەڵێ ئەوە کێشەی قەومی کوردە و نازانن تاغوت چییە و نازانن جۆرێکی تاغوت بریتییە لە شەریعەتە دەستکردەکان، بۆیەش ئەوەتا باوەڕیان بە دێمۆکراسیەتی تاغوت هەیە و بەشداری دروشمەکانی دەکەن و دەبنە ئەندام لە حیزبەکان یاخود حیزبەکانیان خۆشدەوێت یاخود دەنگ دەدەن بە حیزبەکان، هیچ هەست ناکەن ئەم کردەوانە بە مانای مومارەسەی تاغوت دێت، بۆیەش بەداخەوە زۆرێکیان کوفریان بە تاغوت نەکردووە و موسڵمان نین ئەگەرچی هەستیشیان پێ نەکردبێت.

دوازدەهەم: سليمان بن سحمان -رحمه الله- (ساڵی ١٢٩٢ ی هیجری مردووە):

شێخ سولەیمان تێکڕای تاغوتەکان بەسەر سێ جۆر پۆڵێن دەکات، هەروەک دەڵێت: «**الطاغوت ثلاثة أنواع: طاغوت حكم وطاغوت عبادة وطاغوت طاعة ومتابعة. والمقصود في هذه الورقة هو طاغوت الحكم، فإن كثيرا من الطوائف المنتسبين إلى الإسلام، قد صاروا يتحاكمون إلى عادات آبائهم، ويسمون ذلك الحق بشرع الرفاقة، كقولهم شرع عجمان، وشرع قحطان، وغير ذلك، وهذا هو الطاغوت بعينه، الذي أمر الله باجتنابه.**

ذكر شيخ الإسلام إبن تيمية في منهاجه، وإبن كثير في تفسيره: أن من فعل ذلك فهو كافر بالله. زاد إبن كثير: يجب قتاله، حتى يرجع إلى حكم الله ورسوله.

فإن كثيرا من الناس أسلموا ولكن مع هذا لا يحكمون إلا بالعادات الجارية ألتي يأمر بها المطاعون في عشائرهم، فهؤلاء إذا عرفوا أنه لا يجوز لهم الحكم إلا بما أنزل الله فلم يلتزموا ذلك، بل استحلوا أن يحكموا بخلاف ما أنزل الله، فهم كفار»[1].

---

(١) کتێبی الدرر السنية في الأجوبة النجدية > بەرگی دەیەم > لاپەڕی ژمارە: ٥٠٣ و ٥٠٤. پەڕەگرافی سێیەم ڕاستەوخۆ لەدوای پەڕەگرافی یەکەم و دووەم نییە لە سەرچاوەکە، بۆیەش من نێوانیانم دانەنا؛ تاکو درێژ نەبێتەوە.

واتە: «تاغوت سێ پۆلە: تاغوتی حوکم، تاغوتی پەرستن، تاغوتی گوێڕایەڵیی و شوێنکەوتن. جا ئەوەی کە لەم لاپەڕەیەدا مەبەستمە بریتییە لە تاغوتی حوکم. بەڕاستیی زۆرێک لەوانەی خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام، خەریکن حوکم دەگەڕێننەوە بۆ لای دابونەریتی باوک و باپیرانیان، هەروەها ناویان لێی ناوە شەریعەتی ڕەفاقە، وەکو دەڵێن شەریعەتی "عجمان" و شەریعەتی "قحطان" و هتد...، ئا ئەمە تاغوتە کەوا فەرمان کراوە بە دوورکەوتنەوە لێی.

شێخی ئیسلام إبن تیمیة لە کتێبی منهاج، هەروەها إبن کثیر لە کتێبی تەفسیرەکەی دەڵێن: هەر کەسێک ئەو کارە بکات (واتە حوکم بۆ لای شەریعەتی دەستکرد بگەڕێنێتەوە) ئەوا کافرە بە الله. تەنانەت إبن کثیر ئەمەیشی بۆ زیاد دەکات: پێویستە کوشتاریان بکرێت تاکو دەگەڕێنەوە بۆ حوکمی الله و نێردراوەکەی.

بەڕاستیی زۆرێک لە خەڵک تەسلیم بوونە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حوکم ناکەن ئیللا بە دابونەریتەکانیان نەبێ، ئەو دابونەریتانەی کە لەلایەن شێخەکانیان داڕێژراوە و فەرمانیان پێکراوە تاکو حوکمی پێبکەن، جا ئەو کەسانە ئەگەر زانیان کەوا نابێ حوکم بکەن ئیللا بەوە نەبێ کە الله دایبەزاندووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پابەند نەبوون و بە حەلالیان زانی کەوا حوکم بکەن بە غەیری ئەوەی الله دایبەزاندووە، ئەوا ئەو کەسانە کافرن».

جا لێرەدا دووبارە کەسانێک دەڵێن: ئەوەتا شێخ سولەیمان ئەمجۆرە کەسانەی تەکفیر نەکرد و گووتی پێویستە پێیان ڕابگەیەنرێت تاکو حوکم بە شەریعەتی الله بکرێت.

لە وەڵامدا دەڵێم: تەکفیر نەکردنیان لەلایەن شێخ سولەیمان بە مانای ئەوە نایەت کە ئەم کەسانە موسڵمان و موەحید بن، بەڵکو بێگومان کافرن بەڵام کافری جاهیل و کافری زانا هەیە. جا هەر کەسێک خۆی بە موسڵمان بزانێ و حوکم بە شەریعەتە تاغوتەکان بکات ئەوا بە کامە بەڵگە موسڵمانە؟! مەگەر الله نافەرموویت {... **فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقى ...**}[١]. واتە: {... هەر کەسێک کوفر بە تاغوت بکات و ئیمان بە الله بهێنێت ئەوا بێگومان خۆی گرتووە بە پەتێکی پتەو ...}؟؟ کەواتە چۆن کەسێک موسڵمانە کەوا حوکم بە تاغوت دەکات و کوفری پێ ناکات؟ بێگومان موسڵمان نییە، بەڵام دەکرێت کافرێکی زانا نەبێت بۆیەش ناتوانین بڵێین کافرێکی سزادراو و دۆزەخییە، ناشتوانین کوشتاری بکەین لەپێش بانگەوازکردن.

ئەوەتا الله -تبارك وتعالى- لە یەک ئایەتدا بە کەسانێک دەڵێت "موشریک"، هەر لە هەمان ئایەتدا پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئەو کەسانە نەزان و بێ ئاگان لە ئیسلام!، هەروەک فەرمووی: {**وإن أحد من المشركين استجارك فأجره حتى يسمع كلام الله ثم أبلغه**

---

(١) سورەتی البقرة، ئایەی ٢٥٦.

مأمنه ذلك بأنهم قوم لا يعلمون}[1]. واته: {-ئەی محمد- ئەگەر یەکێک لە موشریکەکان داوای پەناگە و مانەوەی کرد لەلای تۆ ئەوا تۆش پەنای بدە و بیهێڵەوە تا ئەو کاتەی گوفتارەکانی الله دەبیستێت (واتە قورئان)، ئینجا بیگەیەنە بە شوێنی سەلامەتی خۆی، ئەمەش چونکە ئەوان قەومێکی نەزانن}.

ئەوەتا هەروەک لە ئایەتەکەدا بینیمان لە سەرەتادا الله حوکمی موشریکی لەسەریان سەپاند پێش ئەوەی ئەو کەسانە ئایاتەکانی الله ببیستن! هەروەها لە کۆتایی ئایەتەکەش دووبارە پێمان دەڵێت "ذلك بأنهم قوم لا يعلمون"، کەواتە سەرەڕای ئەوەی نەزانن کەچی الله بیانووی بۆیان نەهێنایەوە و هەر بە موشریکی دانان.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت جۆرێک لە کافر و موشریک هەن کەوا نەزانن، ئەم جۆرە کافرانە سزا نادرێن لە قیامەت؛ چونکە لە دونیادا هیچ شتێکیان لەبارەی الله و قورئان و ئیسلام نەبیستووە.

ئەوەشمان بیرنەچێ کە شێخ سليمان بن سحمان -رحمه الله- لە گوفتارەکەیدا باسی کەسانێک دەکات کە ئەسڵەن دوورن لە قورئان و حوکمی الله و شەریعەتی ئیسلام، بۆیەش حوکمیان بە شەریعەتە تاغوت و دەستکردەکان کردووە، هەر بۆیەش دەڵێت پێویستە بانگەواز بکرێن. کەواتە ئەو مەبەستی کەسانێکی لادێ نشین و دوورە دەستە کەوا تەنانەت دەستیان ناگاتە قورئانیش.

---

(١) سورەتی التوبة، ئایەی ٦.

بەڵام ئایا لەم سەردەمە ئێمەدا ئەم کێشەیەمان ماوە؟ ئەوەتا ئەمڕۆ ئینتەرنێت هەیە و خەڵکی لادێ بەقەد خەڵکی شارەکان ئاگاداری باروودۆخەکانن! دەیان پڕۆگرامی شەرعیی و هەزاران کتێب و سەدان زنجیرە دەرس هەن لەبارەی عەقیدەی ئەهلی تەوحید.

ئەسڵەن هەموو لادێ نشینەکانی کوردستان دەستیان دەگاتە قورئان هەر لەناو لادێکەیان، هیچ لادێیەک نییە کە ئیللا -بەلایەنی کەمەوە- مزگەوتێکی لێیە، لادێ هەیە لەم کوردستانە نزیکەی ٥ مزگەوتی تێدایە! مزگەوتەکان پڕن لە قورئان. ئیتر چۆن ئەم لادێ نشینانەی کوردستان دەهێنرێنە ئاستی ئەو کەسانەی کە شێخ سلیمان باسیان دەکات؟! ئەوان ئەسڵەن دەستیان نەدەگەیشتە قورئانیش!

بەهەمان شێوە شێخ عبدالله بن عبدالرحمن أبا بطين -رحمه الله- لە باسی تاغوت دەڵێت: «**ويشمل أيضا كل من نصبه الناس للحكم بينهم بأحكام الجاهلية المضادة لحكم الله ورسوله**»(١).

واتە: «**هەروەها تاغوت هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە کەوا خەڵک دایانڕشتوون بۆ حوکمڕانی کردن لەنێوان خۆیان بە حوکمە جاهیلییەکان کە دژی حوکمی الله و نێردراوەکەین**».

---

(١) پەیامی "تعريف العبادة وتوحيدها لأبا بطين".

سێزدەهەم: حمد بن علي بن عتيق -رحمه الله- (ساڵی ١٣٠١ ی هیجری مردووە):

ئەم زانایە بەڕێزە تێبینی دەدات لەسەر ئایەتی پەروەردگار: {**أفحكم الجاهلية يبغون ومن أحسن من الله حكما لقوم يوقنون**}[(١)].

لە تێبینییەکەدا دەڵێت: «**قلت: ومثل هؤلاء ما وقع فيه عامة البوادي ومن شابههم، من تحكيم عادات آبائهم، وما وضعه أوائلهم من الموضوعات الملعونة التي يسمونها (شرع الرفاقة)، يقدمونها على كتاب الله، وسنة رسوله -صلى الله عليه وسلم-، ومن فعل ذلك فهو كافر، يجب قتاله حتى يرجع إلى حكم الله ورسوله**»[(٢)].

واتە: «**دەڵێم: نموونەی ئەو کەسانە بریتین لە خەڵکی گوندەکان و هاوشێوەکانیان، کە هەڵساون بە حوکمڕانی کردن بە دابونەریتی باوک و باپیرانیان، هەروەها حوکمڕانی کردن بەوەی پێشینەکانیان بۆیان داناون لە کۆمەڵێک یاسای مەلعون کەوا ناویان لێناوە (شرع الرفاقة)، ئەم حوکمە دەخەنە پێش کتێبی الله و سوننەتی نێردراوەکەی -صلى الله عليه وسلم-، هەر کەسێک ئاوا بکات ئەوا کافرە، واجبە کوشتاری بکرێت تاکو دەگەڕێتەوە بۆ حوکمی الله و نێردراوەکەی**».

---

(١) سورەتی المائدة، ئایەی ٥٠. بۆ زانینی مانا و ڕوونکردنەوەی ئایەتەکە بگەڕێوە بۆ لاپەڕی ٥٠.

(٢) کتێبی سبيل النجاة والفكاك من موالاة المرتدين والأتراك > فصل في ذكر جوابات عن إيرادات أوردها بعض المسلمين على أولاد شيخ الإسلام محمد بن عبد الوهاب -رحمهم الله تعالى وعفا عنهم- > المسألة الثانية: الأشياء التي يصير بها المسلم مرتدا > الأمر الرابع عشر: التحاكم إلى غير كتاب الله وسنة رسوله -صلى الله عليه وسلم- > لاپەڕەی ژمارە: ٥٩.

چواردەهەم: عبدالرحمن بن ناصر السعدي -رحمه الله- (ساڵی ١٣٧٦ ی هیجری مردووە):

زانای موفەسیری ناودار، عبدالرحمن السعدي -رحمه الله- لە تەفسیری ئایەتی: {**يأيها الذين ءامنوا أطيعوا الله وأطيعوا الرسول وأولي الأمر منكم فإن تنازعتم في شيء فردوه إلى الله والرسول إن كنتم تؤمنون بالله واليوم الآخر ذلك خير وأحسن تأويلا**}[١].

ئینجا شێخ عبدالرحمن السعدي لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: «**... لأن كتاب الله وسنة رسوله عليهما بناء الدين، ولا يستقيم الإيمان إلا بهما.**

فالرد إليهما شرط في الإيمان فلهذا قال: {إن كنتم تؤمنون بالله واليوم الآخر} فدل ذلك على أن من لم يرد إليهما مسائل النزاع فليس بمؤمن حقيقة، بل مؤمن بالطاغوت، كما ذكر في الآية بعدها {ذلك} أي: الرد إلى الله ورسوله {خير وأحسن تأويلا} فإن حكم الله ورسوله أحسن الأحكام وأعدلها وأصلحها للناس في أمر دينهم ودنياهم وعاقبتهم.»[٢].

واتە: «**... چونکە دین لەسەر کتێبی الله و سوننەتی نێردراوەکەی دامەزراوە، هەروەها ئیمان پتەو و دامەزراو نابێت بەبێ ئەم دووانە.**

---

(١) سورەتی النساء، ئایەی ٥٩. بۆ زانینی مانا و ڕوونکردنەوەی ئایەتەکە بگەڕێوە بۆ لاپەڕی ١٥٣ بەدواوە.

(٢) تەفسیری السعدي -رحمه الله- بۆ سورەتی النساء، ئایەی ٥٩.

بۆیەش گەڕانەوە بۆ لایان مەرجێکی ئیمانە، بۆیەش الله فەرموویەتی {إن كنتم تؤمنون بالله واليوم الآخر}، ئەمەش بەڵگەیە کەوا ئەو کەسەی لە ناکۆکییەکاندا نەگەڕێتەوە بۆ لایان (واتە بۆ قورئان و سوننە) ئەوا ئەو کەسە باوەڕدار نییە، بەڵکو باوەڕدارە بە تاغوت، هەروەک لە ئایەتی دواتردا باسکراوە (واتە ئایەتی ٦٠ لە سورەتی النساء)، ئینجا الله دەڵێت {ذلك} واتە: گەڕاندنەوەی حوکم بۆ الله و نێردراوەکەی {خير وأحسن تأويلا}، بەڕاستیی حوکمی الله و نێردراوەکەی باشترینی حوکمەکانن و دادپەروەرترینیانن و چاکسازن بۆ دین و دونیای خەڵک».

هەروەها شێخ عبدالرحمن السعدي دەفەرمووێت: «**الواجب على كل أحد أن لا يتخذ غير الله حكما، وأن يرد ما تنازع فيه الناس إلى الله ورسوله، وبذلك يكون دين العبد كله لله وتوحيده خالصا لوجه الله.**

وكل من حاكم إلى غير حكم الله ورسوله، فقد حاكم إلى الطاغوت، وإن زعم أنه مؤمن فهو كاذب. فالإيمان لا يصح، ولا يتم إلا بتحكيم الله ورسوله في أصول الدين وفروعه، وفي كل الحقوق ...»[1].

(١) کتێبی القول السديد شرح كتاب التوحيد > باب من أطاع العلماء والأمراء في تحريم ما أحل الله أو تحليل ما حرمه فقد اتخذهم أربابا.

واتە: «واجبە لەسەر هەموو کەسێک کەوا حوکم لە کەس وەرنەگرێت جگە لە الله، هەروەها ناکۆکییەکانی خەڵک بگەڕێنێتەوە بۆ لای الله و نێردراوەکەی (واتە حوکمی قورئان و سوننەت)، بەمەش دینی عەبدەکە هەمووی بۆ الله دەبێت و تەوحیدەکەیشی پاک دەبێت بۆ الله.

هەر کەسێک حوکم و دادگەرێتیی بگەڕێنێتەوە بۆ غەیری حوکمی الله و نێردراوەکەی ئەوا حوکمی بۆ لای تاغوت گەڕاندووەتەوە، ئەگەریش بانگەشەی ئەوەی کرد کە گوایە باوەڕدارە ئەوا درۆ دەکات. باوەڕی هیچ کەسێک ڕاست نییە و تەواو نابێ ئیللا بەوە نەبێ کە الله و نێردراوەکەی بکرێنە دادگەر و حاکم لە هەموو ئەسڵ و لقێکی دین، هەروەها لە هەموو مافێک ...».

پازدەهەم: أحمد شاکر -رحمه الله- (ساڵی ١٣٧٧ ی هیجری مردووە):

شێخ أحمد شاکر -رحمه الله- لەبارەی شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتی تاغوتەوە گوفتاری زۆری هەیە و بەڕاستیی یەکێک بوو لەو زانایانەی کە هەوڵیدا بەهەموو توانایەوە تاکو ئەم ئوممەتە ئاگادار بکاتەوە لە حەقیقەتی ئەم شەریعەتە بۆگەنە.

ئەم زانایە شەرحی گوفتارەکەی شێخ إبن کثیر دەکات کاتێک گووتبووی: «**فمن ترك الشرع المحكم المنزل على محمد بن عبد الله خاتم الأنبياء وتحاكم إلى غيره من الشرائع المنسوخة كفر، فكيف بمن تحاكم إلى الياسا وقدمها عليه؟ من فعل ذلك كفر بإجماع المسلمين**»[١].

لە شەرحی ئەم گوفتارەی شێخ إبن کثیر، ئیتر أحمد شاکر باسی شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتی تاغوت دەکات و دەفەرمووێت: «**أفيجوز مع هذا في شرع الله أن يحكم المسلمون في بلادهم بتشريع مقتبس عن تشريعات أوربا الوثنية الملحدة؟ بل تشريع تدخله الأهواء والآراء الباطلة، يغيرونه ويبدلونه كما يشاءون، لا يبالي واضعه أوافق شرعة الإسلام أم خالفها؟**

أفرأيتم هذا الوصف القوي من الحافظ ابن كثير في القرن الثامن لذاك القانون الوضعي، الذي صنعه عدو الإسلام جنكيز خان؟

---

(١) بۆ زانینی ماناکەی، بگەڕێوە لاپەڕی ١٩١ و ١٩٢.

ألستم ترونه يصف حال المسلمين في هذا العصر في القرن الرابع عشر، إلا في فرق واحد أشرنا إليه آنفا: أن ذلك كان في طبقة خاصة من الحكام، أتى عليها الزمن سريعا، فاندمجت في الأمة الإسلامية وزال أثر ما صنعت.

ثم كان المسلمون الآن أسوأ حالا وأشد ظلما وظلاما منهم، لأن أكثر الأمم الإسلامية الآن تكاد تندمج في هذه القوانين المخالفة للشريعة والتي هي أشبه شيء بذاك الياسق، الذي اصطنعه رجل كافر ظاهر الكفر.

هذه القوانين التي يصنعها ناس ينتسبون للإسلام، ثم يتعلمها أبناء المسلمين ويفخرون بذلك آباء وأبناء، ثم يجعلون مرد أمرهم إلى معتنقي هذا الياسق العصري ويحقرون من يخالفهم في ذلك، ويسمون من يدعوهم إلى الاستمساك بدينهم وشريعتهم رجعيا وجامدا، إلى مثل ذلك من الألفاظ البذيئة.

بل إنهم أدخلوا أيديهم فيما بقي في الحكم من التشريع الإسلامي، يريدون تحويله إلى ياسقهم الجديد بالهوينا واللين تارة، وبالمكر والخديعة تارة، وبما ملكت أيديهم من السلطان تارات، ويصرحون ولا يستحيون بأنهم يعملون على فصل الدولة عن الدين.

أفيجوز إذن مع هذا لأحد من المسلمين أن يعتنق هذا الدين الجديد، أعني التشريع الجديد! أو يجوز لأب أن يرسل أبناءه لتعلم

هذا واعتناقه واعتقاده والعمل به عالما كان الأب أو جاهلا؟ أو يجوز لرجل مسلم أن يلي القضاء في ظل هذا الياسق العصري وأن يعمل به ويعرض عن شريعة الله البينة؟ ما أظن أن رجلا مسلما يعرف دينه، ويؤمن به جملة وتفصيلا، ويؤمن بأن هذا القرآن أنزله الله على رسوله كتابا محكما لا يأتيه الباطل من بين يديه ولا من خلفه، وبأن طاعته وطاعة الرسول الذي جاء به واجبة قطعية الوجوب في كل حال، ما أظنه يستطيع إلا أن يجزم غير متردد ولا متأول بأن ولاية القضاء في هذه الحال باطلة بطلانا أصليا لا يلحقه التصحيح ولا الإجازة.

إن الأمر في هذه القوانين الوضعية واضح وضوح الشمس، هي كفر بواح لا خفاء فيه ولا مداورة، ولا عذر لأحد ممن ينتسب للإسلام كائنا من كان في العمل بها أو الخضوع لها أو إقرارها، فليحذر امرؤ لنفسه، وكل امرئ حسيب نفسه، ألا فليصدع العلماء بالحق غير هيابين، وليبلغوا ما أمروا بتبليغه، غير موانين ولا مقصرين»[١].

واته: «کەواتە ئایا لە شەریعەتی الله دا ڕێگا بە موسڵمانان دراوە کەوا حوکم بکەن بە شەریعەتێکی وەرگیراو لە شەریعەتی ئەوڕوپای مولحیدی بتپەرست؟ نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو لەناو ئەو شەریعەتەدا ئارەزوو و بیروڕای پووچەڵی تێدایە، هەروەها بە دڵی

(١) کتێبی عمدة التفسير > بەرگی چوارەم > لاپەڕی ژمارە: ١٧٣ و ١٧٤.

خۆیان گۆڕانکاریی لێدەکەن هەر چۆنێک بیانەوێت، دانەرەکەیشی هیچ بایەخ بەوە نادات کە ئاخۆ شەریعەتەکەی پاڵپشتی ئیسلامە یان دژیەتی.

ئایا ئەم وەسفە بەهێزەی إبن کثیر ـتان بینی بۆ ئەم شەریعەتە دەستکردە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی؟ ئەو شەریعەتەی کە لەلایەن جەنگیزخانی دوژمنی ئیسلام دروستکرا. ئایا نابینن کەوا وەسفی هەمان حاڵی موسڵمانان دەکات لەم سەردەمەی ئێستا کە سەدەی چواردەی کۆچییە؟ تەنها یەک جیاوازیی هەیە: ئەویش ئەوەیە کە کوفرەکەی ئەوکات تەنها چینی دەسەڵاتدارانی گرتبووەوە، بەڵام -ئەم شەریعەتەی ئێستا- تێکەڵ بەتەواویی ئوممەتی ئیسلامیی بووە.

ئێستا موسڵمانان حاڵیان ناخۆشترە و ستەم و تاریکییەکان زۆرترە لەوەی سەردەمی تەتار؛ چونکە خەریکە زۆرینەی ئوممەتانی ئیسلامیی خەریکە تێکەڵی ئەم شەریعەتانە دەبن کە پێچەوانەن لەگەڵ شەریعەتی الله، هەروەها ئەم شەریعەتانە زۆر لە یاسق دەچن، ئەو یاسقەی لەلایەن پیاوێکی کافرەوە دانرابوو کە کوفرەکانی خۆی ئاشکرا کردبوو.

ئەم یاسا و شەریعەتە دەستکردانەی ئەمڕۆ کەسانێک دروستی دەکەن کەوا خۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام، پاشانیش منداڵانی موسڵمانان فێری دەبن و باوکانیشیان شانازیی بەمە دەکەن، ئینجا بارودۆخ و کێشەکانیان دەگەڕێننەوە بۆ ئەو کەسانەی باوەڕدارن بەم

یاسقە نوێیە (واتە دادوەرەکان)، هەروەها بێڕێزیی بەرامبەر هەر کەسێک دەکەن کەوا وەکو ئەوان نەکات، هەروەها ئەگەر کەسێکیش بانگەوازیان بکات تاکو دەست بگرن بە دین و شەریعەتەکەیان ئەوا پێیان دەڵێن "کۆنەپەرست" و "مێشک بەستوو"، هەروەها وشەی تریش لەمجۆرە وشە قێزەونانە.

تەنانەت دەستیان بۆ هەر حوکمێکی شەریعەتی ئیسلام بردووە کە مابێتەوە، دەیانەوێ بیگۆڕن بۆ سەر شێوازی یاسقە نوێیەکەی خۆیان، جا هەندێکجار بە شێوازی گوفتاری جوان و شیرین وادەکەن، هەندێکجاریش بە فڕوفێڵ وادەکەن، هەندێکجاریش بە زەبری توانا و دەسەڵات وادەکەن، هەروەها بە شانازیی و بەبێ هیچ شەرمێک دەڵێن کەوا کار دەکەن بۆ دابڕاندنی دەوڵەت لە دین.

جا کەوابێ، ئایا ڕێگا هەیە بۆ موسڵمان تاکو مومارەسەی ئەم دینە نوێیە بکات و پێوەی پابەند بێت؟ مەبەستم ئەم شەریعەتە نوێیە (واتە دێمۆکراسیەت)، یان ئایا دەبێت باوک منداڵەکانی بنێرێت بۆ شارەزابوون لەم شەریعەتە و پابەند بوون پێوەی و باوەڕ بوون پێی و هەروەها کاری پێبکات؟ جا ئەگەر باوکەکە بزانێت یان نەزانێت ئایا هەر بۆی هەیە؟! یاخود ئایا بۆ پیاوێکی موسڵمان هەیە کە حوکم و بڕیاری قەبوڵ بکات لەژێر سێبەری ئەم یاسقە نوێیە و هەروەها کاری پێبکات و پشت هەڵبکات لە شەریعەتە ڕۆشنەکەی الله؟ باوەڕ ناکەم کەوا پیاوێک موسڵمان بێت و دینەکەی بناسێت و باوەڕی بە

هەمووی هەبێت و باوەڕی بەوە هەبێت کە ئەم قورئانە لەلایەن الله دابەزێندراوەتە سەر نێردراوەکەی و کتێبێکە کە لە هیچ لایەکەوە ناحەق ناتوانێ تێکەڵی ببێت، هەروەها بزانێت کەوا گوێڕایەڵ بوونی پێغەمبەر واجبێکی یەکلاکراوەیە لە هەموو حاڵەتێک، ئیللا دەبێ -ئەو جۆرە کەسە- دان بەوە بنێن کەوا بڕیارەکانی ئەم شەریعەتە پووچەڵن بەهەموو شێوەیەک و هەرگیز ڕاست نابن.

بەڕاستی حاڵی ئەم شەریعەتە دەستکردانە زۆر ئاشکرایە وەکو ئاشکرایی خۆر، ئەم شەریعەتە بریتییە لە کوفری بەواح (واتە کوفرێکی زۆر ڕۆشن) کەوا هیچ شاراوەیی و موناقەشەیەکی تێدا نییە، هەروەها هیچ عوزر و بیانووێک نییە بۆ هەر کەسێک کەوا خۆی بداتە پاڵ ئیسلام و لە هەمان کاتدا کار بکات لە چوارچێوەی ئەم شەریعەتە یاخود ملکەچی ببێت یاخود دانی پێدا بنێت، بۆیەش با مرۆڤ ئاگاداری خۆی بێت، هەموو مرۆڤێکیش تەنها خۆی بەسە. دەی با زانایان ڕوونی بکەنەوە و بەبێ ئەوەی ترسیان هەبێت، دەی با ئەوە بگەیەنن کەوا فەرمانیان پێکراوە تاکو بیگەیەنن، بەبێ کەمتەرخەمیی و کورتڕەویی».

لەم گوفتارە ڕۆشنەی شێخ أحمد شاکر -رحمه الله- بەتەواویی دەرکەوت کەوا شەریعەتە تاغوتەکان (بەتایبەتیش مەبەستی دێمۆکڕاسیەت بوو) بریتین لە کوفرێکی گەورە و بەواح، واتە زۆر ڕۆشنە و بەبەڵگەی ئایەتی قورئان دەسەلمێندرێت کەوا کوفرە،

بۆیەش تەنانەت بە کارێکی شەرعیی نەزانی کەوا بیانوو (واتە عذر) بهێنێتەوە بۆ ئەو کەسانەی خۆیان بە موسڵمان دەزانن و باوەڕیشیان بە دیمۆکراسیەت هەیە یان مومارەسەی دەکەن! بەڵکو ئەسڵەن گووتی بیانوو و عوزریان بۆ نییە؛ ئەمەش چونکە ئەم شەریعەتە تاغوتە دژی ژمارەیەکی زۆر زۆر لە ئایاتەکانی قورئانە، ناکرێ کەسێک خۆی بە موسڵمان بزانێت و باوەڕی بە قورئان هەبێت، کەچی پشت لەم هەموو ئایەتە موحکەمەی قورئان هەڵبکات و ڕووی لە شەریعەتێکی دەستکردی تاغوت بکات.

هەروەها دووبارە لەبارەی شەریعەتە دەستکردەکان دەڵێت: «**وصار هذا الدين الجديد هو القواعد الأساسية التي يتحاكم إليها المسلمون في أكثر بلاد الإسلام ويحكمون بها، سواء منها ما وافق في بعض أحكامه شيئا من أحكام الشريعة وما خالفها، وكله باطل وخروج، لأن ما وافق الشريعة إنما وافقها مصادفة لا اتباعا لها، ولا طاعة لأمر الله وأمر رسوله، فالموافق والمخالف كلاهما مرتكس في حمأة الضلالة، يقود صاحبه إلى النار لا يجوز لمسلم أن يخضع له أو يرضى به**»[1].

واتە: «**وای لێهاتووە ئەم دینە نوێیە بووەتە یاسای بنەڕەتیی کەوا موسڵمانان حوکمی بۆ دەگەڕێننەوە لە زۆرێک لە وڵاتانی ئیسلام، هەروەها حوکمی پێدەکەن، جا هیچ جیاوازییەکی نییە ئەگەر لە**

---

(١) کتێبی عمدة التفسير > بەرگی سێیەم > لاپەڕی ژمارە: ٢١٤ و ٢١٥.

هەندێک ئەحکامدا لەگەڵ ئیسلام یەک بگرێتەوە یاخود لێی لابدات، هەمووی هەر پووچەڵە و دەرچوونە لە حوکمی الله؛ چونکە ئەو حوکمانەی کە هاوتان لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام ئەوا بە سودفە هەمان حوکم دەرچوونە نەک وەکو شوێنکەوتن بۆ شەریعەتی ئیسلام، نەک بۆ گوێڕایەڵی بۆ فەرمانی الله و فەرمانی نێردراوەکەی. جا ئەو ئەحکامانەی کە یەکسانن لەگەڵ ئیسلام یاخود ئەو ئەحکامانەی کە جیاوازن، هەردووکیان پیسبوونە لەنێو گومڕایی، هەروەها خاوەنەکەیان دەخەنە ناو ئاگر، نابێ موسڵمان ملکەچیان ببێت یاخود ڕازی بێت پێیان».

ئەم گوفتارەی شێخ أحمد شاکر وەڵامێکە بۆ ئەو کەسانەی دەڵێن: کاکە ڕاستە شەریعەتی ئەم خاکە دێمۆکڕاسیەتە، بەڵام خۆ چەند حوکمێکی ئیسلامیشی تێدایە!!

لە وەڵامدا شێخ أحمد شاکر ڕوونی کردەوە کەوا ئەوان هەرگیز لەپێناوی جێبەجێ کردنی فەرمانی الله وایان نەکردووە، بەڵکو دەکرێت حاڵەتێکی ناچاریی یاخود سودفە بووبێت.

ئەوەشمان بیرنەچێ کە ئەگەر حوکمێکی ئیسلامیش بەکاربهێنن ئەوا ناهێڵن حوکمەکە دژی بنچینەکانی دێمۆکڕاسیەتەکەیان بێت و سنووری دێمۆکڕاسیەت ببەزێنێت! بەڵکو ئیسلامێکیان دەوێت کە ژێردەستە و ملکەچی دێمۆکڕاسیەت بێت و سنووری نەبەزێنێت. هەر بۆیەش ئێمە سوورین لەسەر تەکفیر کردنی ئەم دەسەڵاتدارە

تاغوتپەرستانەی کوردستان و خەڵکە پشتیوانەکەیان؛ چونکە الله -سبحانه وتعالی- دین و شەریعەتێکی ناتەواوی ناوێت، بەڵکو دەیەوێت دین هەمووی بۆ ئەو بێت نەک تەنها بەشێک! هەروەک فەرمووی: {**وقاتلوهم حتى لا تكون فتنة ويكون الدين كله لله ...**}[1]. واتە: {بیانکوژن بۆ ئەوەی نەبنە مایەی فیتنە و ئاژاوە هەروەها بۆ ئەوەی دینداریی کردن هەمووی بۆ الله بێت ...}.

---

(١) سورەتی الأنفال، ئایەی ٣٩.

شازدەهەم: محمد بن إبراهيم بن عبد اللطيف -رحمه الله- (ساڵی ١٣٧٧ ی هیجری مردووە):

شێخ محمد بن إبراهيم -رحمه الله- باسی کۆمەڵێک لە شێوازەکانی حوکمڕانیی دەکات کەوا ئەنجامدەرانیان پێی کافر دەبن، لە خاڵی پێنجەمدا دەڵێت: «**الخامس: وهو أعظمها وأشملها وأظهرها معاندة للشرع ومكايزة لأحكامه ومشاقة لله ولرسوله ومضاحاة بالمحاكم الشرعية إعدادا وإمدادا وأرصادا وتأصيلا وتفريعا وتشكيلاً وتزيغا وحكما وإلزاما ومراجع مستمدات فكما أن للمحاكم الشرعية مراجع ومستعدات مرجعها كلها إلى كتاب الله وسنة رسول -صلى الله عليه وسلم- فلهذه المحاكم مراجع هي القانون الملفق من شرائع شتى وقوانين كثيرة في القانون الفرنسي والقانون الأمريكي والقانون البريطاني وغيرها من القوانين ومن مذاهب بعض المدعيين المنتسبين إلى الشريعة وغير ذلك فهذه المحاكم إلأن في كثير من أمصار الإسلام مهيأة مكملة مفتوحة إلابواب والناي إليها أسراب إثر أسراب، يحكم بينهم بما يخالف السنة والكتاب من أحكام ذلك القانون وتلزمهم به وتقرهم وتحتمه عليهم فأي كفر فوق الكفر وأي مناقضة لشهادة أن محمداً رسول الله بعد هذه المناقضة؟!!**»[1].

واتە: «**پێنجەم: ئەمەیان بە گەورەترین و فراوانترین و ئاشکراترین**

(١) پەیامی "تحكيم القوانين" > خاڵی پێنجەم.

شێواز دژی شەریعەتە و پێچەوانە و دژی الله و نێردراوەکەیەتی لە هەموو ڕوویەکی وەکو دارشتن و بنچینەکان و بڕگەکان و ڕێکخستنەکانی و حوکمەکانی و هەروەها سەرچاوەکانی یاساکانی. جا هەروەک چۆن دادگایە شەڕعییەکان سەرچاوەی خۆیان هەیە کە دەگەڕێنەوە بۆ کتێبی الله و سوننەتی نێردراوەکەی -صلی الله علیە وسلم-، ئەمانەش سەرچاوەکانیان بریتین لە قانونی فەڕەنسی و ئەمریکی و بەریتانی و هەروەها ڕێبازی ئەوانەی کە خۆیان داوەتە پاڵ شەریعەتی الله. ئەم دادگایانە لە ئێستادا بوونیان هەیە لە هەموو ناوچەکانی ئیسلام بەجۆرێک کە ئامادەن و دەرگایان کراوەتە. حوکم لەنێوان خەڵک دەکەن بە پێچەوانەی سوننەت و قورئان لەڕێگای ئەحکامی قانونەکانیان، هەروەها خەڵک پابەند دەکەن و دانیان پێدەنێن و دەیانسەپێنن لەسەریان، جا کامە کوفر دەکەوێتە سەرووی ئەم کوفرە؟ هەروەها کامە هەڵوەشێنەرەوەی شەهادەی "محمد رسول الله" وەکو ئەم هەڵوەشێنەرەوەیە؟!».

بەڕاستیی شێخ محمد -رحمە الله- ڕاستی فەرموو؛ چونکە هیچ دەوڵەتێکی دیمۆکڕاسیخواز نییە کە ئیللا شوێنکەوتە و پشت ئەستوورە بە ئاداب و یاساکانی ئەوڕوپا و ئەمریکا! ئەوان چۆن یاسا دابنێن و هەرچی بە باش بزانن ئەوا ئەوانیش لەسەر ڕێبازی ئەوان دەڕۆن.

جا بەڕاستیی حوکم کردن بە تاغوت گەورەترین هەڵوەشێنەری شەهادەیە، بەتایبەتیش بۆیە شێخ محمد بن إبراهیم جەختی لەسەر

هەڵوەشانەوەی بڕگەی "محمد رسول الله" کرد؛ چونکە یەکێک لە مەرجەکانی باوەڕهێنان بە پێغەمبەر ئەوەیە کە دەبێت موسڵمانەکە ڕازی بێت بە حوکم و سوننەتەکانی پێغەمبەر. بەڵام ئەگەر ڕووی لە ڕێباز و شەریعەت و سوننەتێکی تر کرد جگە لە سوننەتی پێغەمبەر، ئەوا گومانی تێدا نییە کە ئەو شەخسە بێباوەڕە، هەروەک الله -تبارك وتعالى- دووپاتی دەکاتەوە: {**فلا وربك لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لا يجدوا في أنفسهم حرجا مما قضيت ويسلموا تسليما**}[1]. واتە: {نەخێر سوێند بە پەروەردگاری تۆ (ئەی محمد) ئەوانە ئیماندار نین تاکو تۆ نەکەن بە دادوەر لە کێشەکانی نێوانیان، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا لەناو دەروونیان هیچ دڵتەنگیی و نارەحەتییەکیان نەبێت لە بڕیارەکەت، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا تەسلیم ببن بە تەسلیم بوونێکی تەواو}.

هەروەها لە بەشێکی تری هەمان پەیامدا دەڵێت: «**ولا يجوز استبدال الشريعة الإلهية بالقوانين الوضعية التي ما أنزل الله بها ومن سلطان، وإسناد مثل هذه المشاكل إلى أهل القوانين من إسناد الأمر إلى غير أهله، لأنه من التحاكم إلى الطاغوت الذي أمر الله بالكفر به في قوله: {ألم تر الذين يزعمون أنهم آمنوا بما أنزل إليك وما أنزل من قبلك يريدون أن يتحاكموا إلى الطاغوت وقد أمروا أن يكفروا به ويريد الشيطان أن يضلهم ضلالا بعيدا}.**

(١) سورەتی النساء، ئایەی ٦٥. بۆ زانینی ڕوونکردنەوەی ئایەتەکە بگەڕێوە بۆ لاپەڕی ٢٠٤ بەلاوە.

وقد انكر الله على من أعرض عن التحاكم إلى شرعه وعدل إلى القوانين والاراء التي لا مسند لها من الشريعة، فقال: {أفحكم الجاهلية يبغون ومن أحسن من الله حكما لقوم يوقنون} فمن حكم القوانين فقد عدل عن الحق إلى ضده»[١].

واته: «نابێ شەریعەتی الله بگۆڕدرێ بەو شەریعەتە دەستکردانەی کە الله بەڵگەی لەبارەیان نەناردووەتە خوارەوە، هەروەها گەڕاندنەوەی کێشەکان بۆ لای پیاوانی قانون (واتە دادوەرە تاغوتەکان) وەکو ئەوە وایە کە کێشە بۆ لای کەسێک ببەیتەوە کە پسپۆڕی بوارەکە نەبێت؛ چونکە ئەمە جۆرێکە لە گەڕاندنەوەی حوکم بۆ لای تاغوت کەوا فەرمان کراوە بەوەی کوفری پێ بکرێت هەروەک الله فەرموویەتی: {-ئەی محمد- ئەوە تۆ ئەو کەسانەت نەبینیوە کە وای پیشان دەدەن گوایە باوەڕیان بەو کتێبە هەیە کەوا بۆتۆ دابەزیوە هەروەها باوەڕیان بەو کتێبانەیشی پێشی تۆ هەیە -کەچی لە هەمان کاتدا- دەیشیانەوێت حوکم بگەڕێننەوە بۆ لای تاغوت لەکاتێکدا فەرمانیان پێکراوە تاکو کوفری پێ بکەن، شەیتانیش دەیەوێت گومڕایان بکات بە گومڕاییەکی دوور}.

هەروەها الله ئەو کەسانەی ڕەت کردەوە کەوا پشتیان هەڵدەکرد لەوەی حوکم بۆ شەریعەتەکەی بگەڕێننەوە و لەبری ئەوە حوکمیان بۆ یاسا دەستکردەکان و بیروڕایەکان دەگەڕاندەوە کەوا لە شەریعەتی

(١) کتێبی "الفتاوى ورسائل محمد بن إبراهيم آل الشيخ".

ئیسلامدا هیچ بنەمایەکیان نییە، بۆیەش الله فەرمووی: {ئایا ئەوانە حوکمی جاهیلیەتیان دەوێت؟ و ئایا حوکمی کێ باشترە لە حوکمی الله بۆ قەومێک کە بڕوای تەواویان هەیە؟}. جا هەر کەسێک حوکم و دادگەرێتیی بۆ لای یاسا دەستکردەکان بگەڕێنێتەوە ئەوا کەواتە دادگەرێتیی بۆ دژی حەق گەڕاندووەتەوە».

حەڤدەهەم: محمد حامد الفقي -رحمه الله- (ساڵی ١٣٧٨ ی هیجری مردووە):

شێخ محمد حامد الفقي -رحمه الله- لەبارەی شەریعەتە دەستکردەکان گووتی: «**الذي يستخلص من كلام السلف أن الطاغوت كلما صرف العبد وصده عن عبادة الله وإخلاص الدين والطاعة لله ورسوله، ويدخل في ذلك بلا شك الحكم بالقوانين الأجنبية عن الإسلام وشرائعه وغيرها من كل ما وضعه الإنسان ليحكم بها في الدماء والفروج والأموال وليبطل بها شرائع الله من إقامة الحدود وتحريم الربا والزنا والخمر ونحو ذلك مما أخذت هذه القوانين تحللها وتحميها بنفوذها ومنفذيها والقوانين نفسها طواغيت وواضعوها ومروجوها طواغيت**»(١).

واتە: «**بەپوختیی لە گوفتارەکانی سەلەف دەردەکەوێ کە تاغوت بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی لاڕێ کردنی عەبدەکان هەروەها دوورخستنەوەیان لە بەندایەتی کردنی الله هەروەها دیندارییەکی بێگەرد و گوێڕایەڵ بوون بۆ الله و نێردراوەکەی، بێگومان بەشێکیش لەم تاغوتە بریتییە لە حوکمڕانی کردن بەو یاسایانەی جیاوازن لە ئیسلام و شەریعەتی ئیسلام، ئیتر هەر یاسایەک کەوا مرۆڤەکان دایاننابێت بۆ ئەوەی حوکمڕانیی پێ بکەن لە ڕووداوەکانی خوێن و داوێن و سامان، هەروەها لەپێناوی پەک**

(١) کتێبی فتح المجيد.

خستنی شەریعەتی الله وەکو جێبەجێ کردنی سزا شەڕعییەکان و حەڕام کردنی ڕیبا و زینا و ئارەق و هاوشێوەکانیان کەوا لەلایەن ئەم شەریعەتە دەستکردانەوە حەلال کراون و ڕێگایان پێدراوە و تەنانەت پارێزگاریشیان لێدەکەن، ئیتر هەم خودی یاساکان تاغوتن، هەمیش دانەری یاساکانیش تاغوتن».

هەژدەهەم: عبد الرحمن بن محمد القحطاني -رحمه الله- (ساڵی ١٣٩٢ ی هیجری مردووە):

شێخ عبدالرحمن یەکێکە لە زانایانی ئەهلی سوننە، لە شەرحی "کتاب التوحيد" تەفسیری ئایەتی الله دەکات کاتێک فەرموویەتی: **{ألم تر إلى الذين يزعمون أنهم ءامنوا بما أنزل إليك وما أنزل من قبلك يريدون أن يتحاكموا إلى الطاغوت وقد أمروا أن يكفروا به ويريد الشيطان أن يضلهم ضلالا بعيدا}**(١).

لە شەرحی ئایەتەکەدا دەڵێت: «**ترجم المصنف -رحمه الله- بهذه الآية، الدالة على كفر من أراد التحاكم إلى غير كتاب الله وسنة نبيه -صلى الله عليه وسلم-، وإن كان مع ذلك يدعي الإيمان بما أنزل الله على رسوله والمرسلين قبله، كما ذكر ذلك في سبب نزولها أنها نزلت في رجل من الأنصار ورجل من اليهود تخاصما، فجعل اليهودي يقول: بيني وبينك محمد، وذلك يقول: بيني وبينك كعب بن الأشرف، كما ذكره المصنف. أو أنها نزلت في جماعة من المنافقين ممن أظهر الإسلام وأبطن الكفر، أرادوا أن يتحاكموا إلى حكام الجاهلية أو غير ذلك، والآية أعم من ذلك كله، فحيث كان التوحيد هو معنى شهادة أن لا إله إلا الله مشتملا على الإيمان بالرسول -صلى الله عليه وسلم- مستلزما له، نبه المصنف على ما تضمنه التوحيد واستلزمه، من تحكيم الرسول -صلى الله عليه**

---

(١) سورەتی النساء، ئایەی ٦٠. بۆ زانینی مانا و ڕوونکردنەوەی بگەڕێوە بۆ لاپەڕی ٨ بەلاوە.

وسلم- في موارد النزاع؛ إذ هذا هو مقتضى الشهادة ولازمها، فمن عرفها لا بد له من الانقياد لحكم الله، والتسليم لأمره الذي جاء على يد رسوله -صلى الله عليه وسلم-، فمن شهد أن لا إله إلا الله، ثم عدل إلى تحكيم غير الرسول -صلى الله عليه وسلم- في موارد النزاع، فقد كذب في شهادته. ومعنى الآية أن الله أنكر على من يدعي الإيمان بما أنزله الله على رسوله وعلى الأنبياء قبله، وهو مع ذلك يريد أن يتحاكم في فصل الخصومات إلى غير كتاب الله وسنة رسوله -صلى الله عليه وسلم»(١).

واته: «دانەری کتێب (مەبەستی دانەری کتاب التوحید ـە، واتە شێخ محمد بن عبد الوهاب) -رحمە الله- بەم ئایەتە ڕوونکردنەوەی داوە کەوا بەڵگەیە لەسەر کافرێتی هەر کەسێک کە بیەوێت دادگەرێتیی بگەڕێنێتەوە لای غەیری الله و سوننەتی پێغەمبەرەکەی -صلی الله علیه وسلم- ئەگەرچی لەگەڵ ئەوەشدا بانگەشەی ئەوە بکات کە گوایە ئیمانی بە قورئان و کتێبەکانی پێشووش هەیە. هەروەک چۆن باسی هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە دەکرێت کەوا لەسەر پیاوێکی ئەنساریی و جولەکەیەک دابەزی کاتێک کێشەیەک لەنێوانیان دروست ببوو، ئیتر جولەکەکە گووتبووی: با محمد بکەینە دادوەری نێوانمان. کەچی پیاوە ئەنسارییەکە گووتی: نەخێر با کەعبی کوڕی ئەشرەف بکەینە دادوەری نێوانمان. -هەروەک چۆن دانەری کتێب باسی کردووە-. یاخود -دەگووترێ- ئایەتەکە

(١) کتێبی حاشیة کتاب التوحید > باب قول الله تعالى: {ألم تر إلى الذين يزعمون أنهم ءامنوا ...}.

دابەزی لەسەر کۆمەڵێک لە مونافیقەکان (واتە دووڕووەکان) کەوا لە ڕووالەتدا ئیسلامیان پیشاندەدا لەخۆیان کەچی لەناخیاندا کوفریان شاردبووەوە، هەروەها دەیانویست دادگەرێتیی بگەڕێننەوە بۆ لای حوکمە جاهیلییەکان. ئایەتەکە لە هەموو ئەمانە فراوانترە، هەروەک چۆن تەوحید واتە مانای "لا إله إلا الله"، کە ئەمەش باوەڕهێنان بە پێغەمبەر دەگرێتەوە -صلی الله علیه وسلم-. دانەری کتێبیش ئەمەی ڕاگەیاندووە کەوا یەکێک لەو شتانەی دەچێتە ژێر مانای تەوحید بریتییە لە دادگەرێتی کردنی نێردراوی الله -صلی الله علیه وسلم- لەکاتی ناکۆکییەکان؛ چونکە ئەمەیە داواکاریی و سەلمێنەری شەهادە، جا هەر کەسێک بیزانێت ئەوا هەر دەبێت پابەند بێت بە حوکمی الله، هەروەها تەسلیمی فەرمانەکانی ببێت کەوا لەڕێگای نێردراوەکەیەوە -صلی الله علیه وسلم- ناردوویەتی. جا هەر کەسێک شایەتی بدات بە "لا إله إلا الله" و ئینجا دادگەرێتیی بگەڕێنێتەوە بۆ غەیری پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لەکاتی کێشەکان ئەوا لە شەهادەکەی درۆ دەکات. هەروەها مانای ئایەتەکە ئەوەیە کە الله بانگەشەی ئیمانی ئەو کەسانەی ڕەت کردەوە کە گوایە باوەڕیان هەبوو بە الله و نێردراوەکەی و نێردراوانی پێشووتریش، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەیویست حوکم بگەڕێنێتەوە بۆ غەیری کتێبی الله و سوننەتی نێردراوەکەی لەکاتی کێشەکاندا».

نۆزدەهەم: محمد الأمين الشنقيطي -رحمه الله- (ساڵی ١٣٩٣ ی هیجری مردووە):

زانای موفەسیری قورئانی پیرۆز، زانای ناسراوی ئەهلی سوننە، شێخ محمد الأمين الشنقيطي -رحمه الله- بەهەمان شێوەی زانایە خواویستەکانی تر هەوڵیداوە ئوممەتی محمد ئاگادار بکاتەوە لە گێژاوی شەریعەتە دەستکرد و تاغوتەکان.

شێخ الشنقيطي تەفسیری چەند ئایەتێکمان بۆ دەکات لە کتێبی تەفسیرەکەی، هەروەک دەڵێت: «**فمن الآيات القرآنية التي أوضح بها تعالى صفات من له الحكم والتشريع، قوله تعالى: {وما اختلفتم فيه من شيء فحكمه إلى الله ...}**[١]**، ثم قال مبينا صفات من له الحكم {ذلكم الله ربي عليه توكلت وإليه أنيب * فاطر السماوات والأرض جعل لكم من أنفسكم أزواجا ومن الأنعام أزواجا يذرؤكم فيه ليس كمثله شيء وهو السميع البصير * له مقاليد السماوات والأرض يبسط الرزق لمن يشاء ويقدر إنه بكل شيء عليم}**[٢]**، فهل في الكفرة الفجرة المشرعين للنظم الشيطانية من يستحق أن يوصف بأنه الرب الذي تفوض إليه الأمور ويتوكل عليه، وأنه فاطر السموات والأرض أي خالقهما ومخترعهما على غير مثال سابق، وأنه هو الذي خلق للبشر أزواجا...؟ فعليكم أيها المسلمون أن تتفهموا صفات من يستحق أن يشرع ويحلل ويحرم، ولا تقلبوا**

---

(١) سورەتی الشورى، ئایەی ١٠.

(٢) سورەتی الشورى، ئایەی ١٠ تا ١٢.

تشريعا من كافر خسيس حقير جاهل.

ومن الآيات الدالة على ذلك قوله تعالى {... له غيب السماوات والأرض أبصر به وأسمع ما لهم من دونه من ولي ولا يشرك في حكمه أحدا}[1]، فهل في الكفرة الفجرة المشرعين من يستحق أن يوصف بأن له غيب السموات والأرض؟ وأن يبالغ في سمعه وبصره لإحاطة سمعه بكل المسموعات وبصره بكل المبصرات؟ وأنه ليس لأحد دونه من ولي؟ سبحانه وتعالى عن ذلك علوا كبيرا.

ومن الآيات الدالة على ذلك قوله تعالى {ولا تدع مع الله إلها آخر لا إله إلا هو كل شيء هالك إلا وجهه له الحكم وإليه ترجعون}[2]، فهل في الكفرة الفجرة المشرعين من يستحق أن يوصف بأنه الإله الواحد وأن كل شيء هالك إلا وجهه؟ وأن الخلائق يرجعون إليه؟ تبارك ربنا وتعاظم وتقدس أن يوصف أخس خلقه بصفاته.

ومنها قوله تعالى {... إن الحكم إلا لله يقص الحق وهو خير الفاصلين}[3]، فهل فيهم من يستحق أن يوصف بأنه يقص الحق وأنه خير الفاصلين؟

ومنها قوله تعالى {قل أرأيتم ما أنزل الله لكم من رزق فجعلتم منه حراما وحلالا قل ءالله أذن لكم أم على الله تفترون}[4]، فهل في

---

(١) سورەتی الكهف، ئايەی ٢٦.
(٢) سورەتی القصص، ئايەی ٨٨.
(٣) سورەتی الأنعام، ئايەی ٥٧.
(٤) سورەتی يونس، ئايەی ٥٩.

أولئك المذكورين من يستحق أن يوصف بأنه هو الذي ينزل الرزق للخلائق، وأنه لا يمكن أن يكون تحليل ولا تحريم إلا بإذنه؟ لأن من الضروري أن من خلق الرزق وأنزله هو الذي له التصرف فيه بالتحليل والتحريم، سبحانه جل وعلا أن يكون له شريك في التحليل والتحريم»[1].

واتە: «لەو ئایاتە قورئانییانەی کەوا بە ڕوونیی باس لە سیفەتی حوکمدان و داڕشتنی شەریعەت دەکەن بۆ الله، بریتین لە ئایەتی: {هەر شتێک کە ناکۆکیتان لێی پەیدابوو ئەوا حوکمەکەی بۆ لای الله یە ...}، هەروەها لەدوای باسکردنی سیفەتی حوکم، بەڕوونی باسی سیفەتەکانی تری کردووە: {... ئا ئەمە الله ی پەروەردگاری منە و پشتم پێی بەستووە و -کێشەکانم- بۆ لای ئەو دەگەڕێنمەوە * دروستکەری ئاسمانەکان و زەوییە و هاوسەری بۆتان دروستکردووە هەر لەخۆتان، هەروەها لە ئاژەڵانیش هاوسەری دروست کردووە و بەمە ژمارەتان زۆر دەکات، هیچ شتێک نموونەی ئەو نییە و هەروەها ئەو بیسەر و بینەرە * کلیلەکانی دەسەڵاتداریی ئاسمانەکان و زەوی هی ئەون، ڕۆزی زیاد و فراوان دەکات کە بیەوێت و هەروەها لە هەر کەسێکیشی سنووردار دەکات کە بیەوێت، بەڕاستیی ئەو بەهەموو شتێک زانایە}، جا ئایا ئەو کافر و تاوانبارانەی شەریعەتە شەیتانییەکان دادەڕێژن هیچیان شایەنی ئەوەن کە پێیان بگووترێت "پەروەردگار" بەجۆرێک کە کێشەکان بۆ

---

(١) کتێبی أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن.

لایان بگەڕێندرێنەوە و پشتیان پێ ببەسترێت؟! یاخود ئایا دەتوانرێ بگووترێ ئەوان داهێنەری ئاسمانەکان و زەوین و دروستکاریانن؟! ئایا دەتوانرێت بگووترێت ئەوان هاوسەریان بۆ مرۆڤ دروستکردووە؟! ئەی موسڵمانان، پێویستە لەسەرتان ئاگاداری سیفەتەکانی ئەو زاتە بن کەوا شایەنی داڕشتنی شەریعەت و حەلال و حەڕامەکردنە، نەکەن شەریعەت لە کافرێکی کەموکوڕی جاهیلی بچووک.

هەروەها لەو ئایاتانەی کە سەلمێنەری ئەوەن، بریتین لە گوفتاری الله -تعالى-: {... غەیب و نهێنییەکانی ئاسمانەکان و زەوی هەر لای ئەون و هی ئەون، ئای چەندە بینەرە و چەندە بیسەرە، ئەوان هیچ پشتیوانێکیان نییە لەبری ئەو، هەروەها هیچ کەسێک لە حوکمەکانیدا هاوبەش نییە}، جا ئایا ئەو کافرە تاوانبارانەی شەریعەت دادەڕێژن هیچیان شایەنی ئەوەن کە وەسف بکرێن بەوەی نهێنییەکانی ئاسمان و زەویان لەلایە؟! هیچیان شایەنی ئەوەن کە وەسف بکرێن بە توانایەکی بێسنوور لە بیستن و بینین؟ بەجۆرێک کە بتوانن هەموو بیستراوێک ببیستن و هەموو بینراوێک ببینن؟! ئایا هیچیان لەبری الله پشتیوانیان هەیە؟! الله پاک و پایەدارترە لەوە.

هەروەها لەو ئایاتانەی کە سەلمێنەری ئەوەن، بریتین لە گوفتاری الله -تعالى-: {لەگەڵ الله هاوار بۆ پەرستراوی تریش مەکە، هیچ پەرستراوێک حەق نییە جگە لە ئەو، هەموو شتێک لەناو دەچێت

تەنها ڕووی ئەو نەبێت (واتە خودی خۆی)، حوکمدان هەر بۆ ئەوە و گەڕانەوەشتان هەر بۆ لای ئەوە}. جا ئایا ئەو کافرە تاوانبارانەی شەریعەت دادەڕێژن هیچیان شایەنی ئەوەن کە پێیان بگووترێت پەرستراوی تاک و تەنها؟! هەروەها ئایا شایەنی ئەوەن کە پێیان بگووترێت هەموو شتێک لەناودەچێت جگە لە ئەوان؟! هەروەها ئایا شایەنی ئەوەن کە پێیان بگووترێت بوونەوەرەکان بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە؟! پەروەردگارمان پاک و بێگەردە و پایەدار و پیرۆزترە لەوەی کە مرۆڤە کەموکوڕەکان بە سیفەتەکانی بچووێندرێن.

هەروەها الله دەڵێت: {... حوکمدان تەنها مافی ئەوە، حەق و ڕاستیی دەگێڕێتەوە و هەر ئەویش باشترینی جیاکەرەوەکانە}. جا ئایا هیچ کەسێک لەوان (واتە ئەو کافرانەی شەریعەت دادەڕێژن) شایەنی ئەوەن کە پێیان بگووترێت حەق دەگێڕنەوە؟! یاخود هیچیان شایەنی ئەوەن پێیان بگووترێت کە باشترینی جیاکەرەوەکانن؟!

هەروەها گوفتاری الله -تعالی-: {-ئەی محمد- بڵێ: ئایا ئەو ڕزقەتان بینیوە کە الله بۆتانی دابەزاندووە و ئێوەش هەندێکیانتان حەرام کردووە و هەندێکیشیانتان حەلال کردووە، بڵێ: ئایا الله مۆڵەتی پێداون یاخود درۆ بەدەم الله دەکەن؟!}، جا ئایا ئەو کەسانە (واتە ئەو کافرانەی شەریعەتە دەستکردەکان دروست دەکەن) هیچیان تێدایە کە شایەنی ئەوەبێت ڕزق دابەزێنێ بۆ بوونەوەرەکان؟! هیچیان شایەنی ئەوەن کە حەڕام و حەلال دانەنرێن

ئیللا بەئیزنی ئەو؟!

هەموو ئەمەش چونکە: پێویستە کەوا ئەو کەسەی ڕزق دروست دەکات و دایدەبەزێنێت هەر ئەویش مافی ئەوەی هەیە کە حەلاڵ و حەڕامەکانی لەدەست بێت، الله زۆر پاک و بێگەرد و بەرز و پایەدارترە لەوەی هاوبەش و شەریکی هەبێت لە حەلاڵ کردن و حەڕام کردن».

جا بەڕاستیی تێڕامانەکەی شێخ محمد الشنقیطي زۆر جوانە، چۆن حوکمدان و یاسادانان و شەریعەت داڕشتن بدرێتە دەستی مرۆڤ لەبری الله؟! لەکاتێکدا کەوا ڕزق و ژیاندن و مراندنی مرۆڤەکان لەدەستی الله یە، هەروەها بیسەری هەموو دەنگێک و بینەری هەموو دیمەنێک هەر الله یە، هەروەها دروستکاری هەموو شتێک هەر الله یە، هەر ئەویش ئاگاداری غەیب و نهێنییەکانی ئاسمانەکان و زەوییە بەبێ ئەوەی هیچ مرۆڤێک ئاگاداری ئەم حەقیقەتە گەورانە بێت.

ئیتر ئەی قەومەکەم، چۆن و بە چ بەڵگەیەک پشت لە پەروەردەکاری خۆتان هەڵدەکەن و گوێڕایەڵی شەریعەتەکەی ئەو نابن و هانا بۆ کۆمەڵێک مرۆڤی تاغوت و تاغوتپەرست دەبەن تاکو ئەوان یاساتان بۆ دابڕێژن لەبری الله؟!

بیستەم: محمد أمان الجامي -رحمه الله- (ساڵی ١٤١٥ ی هیجری مردووە):

شێخ محمد الجامي -رحمه الله- هۆشداریی توند دەداتە هەر کەسێک کە خۆی بە موسڵمان بزانێت و پەرستن بۆ الله بکات کەچی لەڕووی شەریعەت و حوکمڕانییەوە پشت بە حوکم و شەریعەتی غەیری الله ببەستێت.

هەروەک دەڵێت: «**لا بد أولا من الكفر بالطاغوت والإيمان بالله، ولو ءامن المرء بالله ووحده بالعبادة لكنه لم يكفر بالطاغوت في أي نوع من أنواع العبادات، إما في شعائر العبادة كالدعاء والإستغاثة والنذر، أو في توحيد الحاكمية، لو ءامن العبد ووحد الله في توحيد العبادة في شعائر العبادة، ولكن لم يوحد الله -سبحانه وتعالى- في حاكميته، ما قبل منه توحيد العبادة، بل لا بد أن تكفر بالطاغوت الكفر الشامل في جميع الأبواب، وتؤمن بالله الإيمان الكامل التي لا يتجزء، ومن يعبد الله وحده، لا يستغيث إلا بالله، لا يدعوا غير الله، نذره لله، والتقرب إلى الله بأنواع عبادات المعروفة، لكن يتحاكم إلى الطاغوت، ما نفعه هذا الإيمان، لا بد من الكفر بالطاغوت في جميع الأبواب، أي: من يتحاكم إلى غير ما أنزل الله ما نفعه توحيد العبادة، بل لا بد من الكفر بالطاغوت في جميع الأبواب**»[١].

(١) شرح التدمرية لمحمد أمان الجامي -رحمه الله- > فايلی یەکەم > خولەکی ٢٧ تا ٣٠.

واتە: «**پێویستە لە سەرەتادا کوفر بە تاغوت بکرێت و ئیمان بە الله بهێنرێت، خۆ ئەگەر مرۆڤ ئیمانی بە الله هێنا و لەڕووی پەرستنیشەوە بە تەنها پەرستنی بۆ کرد، بەڵام کوفری بە تاغوت نەکردبوو لە هەر جۆرێک لە جۆرەکانی عیبادەت، وەک دروشمە پەرستشییەکانی وەکو پاڕانەوە و هانا بۆ بردن و سەربڕینی ئاژەڵ، یاخود لەڕووی تەوحیدی حاکمیەت. خۆ ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بە الله هێنا و لەڕووی دروشمەکانی عیبادەتەوە بەتەنها الله بپەرستێ کەچی تەوحیدی الله نەکات لەڕووی حوکمدان و یاسادانانەوە، ئەوا یەکخواپەرستنەکەی سوودی بۆی نابێت. بەڵکو پێویستە ئیمانێکی تەواو بە الله بهێنرێت کەوا بەش بەش نەبێت. هەر کەسێک الله بەتەنها بپەرستێت، هاوار نەکات تەنها بۆ الله نەبێت، نەپاڕێتەوە تەنها لە الله نەبێت، هەروەها ئاژەڵ بەناوی ئەوەوە سەربڕێت و بە عیبادەتە شەڕعییەکان خۆی لە الله نزیک بکاتەوە، کەچی حوکم بۆ لای شەریعەتێکی تاغوت بگەڕێنێتەوە، ئەوا ئیمانەکەی سوودی بۆی نابێت، بەڵکو پێویستە کوفر بە تاغوت بکرێت لە هەموو جۆر و بەشەکانی**».

بینیمان کەوا گوفتارەکەی ئەم زانایە پایەدارە چەندە ڕۆشنە، ئەوەتا پێمان دەڵێت ئەگەر مرۆڤێک هەموو پەرستنەکان بۆ الله بکات و هیچ شیرکێک لەڕووی پەرستنەوە ئەنجام نەدات، ئەوا هێشتا نابێتە ئیماندار تاکو دان بەوە نەنێت کە تەنها شەریعەتی الله شایەنی حوکمڕانییە و هەموو شەریعەتەکانی تریش تاغوتن و دەبێ کوفریان

پێ بکرێت، کەواتە "تەوحیدی پەرستن" و "تەوحیدی حاکمیەت" گرێدراوی یەکترن، مرۆڤ نابێتە موسڵمان ئەگەر یەکێکیان ئەنجام بدات بەبێ ئەوەی تریان، بەڵکو پێویستە لەسەر مرۆڤەکان -ئەگەر خۆیان بە موسڵمان دەزانن- ئەوا هەروەک چۆن نوێژ بۆ غەیری الله ناکەن، با ئاواش پشت هەڵبکەن لە هەموو شەریعەتە دەستکرد و تاغوتەکان، هەروەها مومارەسەی دروشمە بۆگەنەکانیان نەکەن، خۆ ئەگەر وایان نەکرد ئەوا موسڵمان نین ئەگەرچی بانگەشەی ئیمانیش بکەن، ئەوەتا گوفتاری ئەم هەموو زانایەش بەڵگەن و ئەوانیش لەژێر ڕۆشنایی ئایاتەکانی الله فەتوایان داوە.

بیست و یەکەم: إبن عثیمین -رحمه الله- (ساڵی ١٤٢١ ی هیجری مردووە):

لە لاپەڕی ٨ بەدواوە باسی ئەوەمان کرد کە دوو حاڵەتی جیاواز هەن لە بابەتی حوکمڕانی، یەکێکیان بریتییە لە "شەریعەتی تاغوت" کە تێیدا دەستوور و شەریعەتێکی فراوان بکرێتە سیستەمی بەڕێوەبردنی خەڵک و خاک و کۆمەڵگە. حاڵەتەکەی تریش بریتییە لە "الحكم بغير ما أنزل الله"، کە تێیدا لە خاکەکە حوکم بە شەریعەتی الله دەکرێت بەڵام دەسەڵاتدارەکە یاخود قازیەکە لە حاڵەتێکی تایبەتدا حوکمێکی ئیسلام دەوەستێنێ بەهۆکارێک بەبێ ئەوەی ڕەتی بکاتەوە.

هەروەها باسم کرد کە حاڵەتی یەکەم کوفری گەورەیە و بکەرەکەی پێی کافر دەبێت، بەڵام حاڵەتەکەی دووەم کوفری گەورە نییە و بکەرەکەی هەر موسڵمانە.

لێرەدا شێخ إبن عثیمین -رحمه الله- ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە کاتێک لێی دەپرسن: ئایا جیاوازیی هەیە لەوەی کە قازییەک حوکم بە شەریعەتی الله نەکات لە بابەتێکی تایبەت هەروەها لەگەڵ حاڵەتی شەریعەتێکی فراوان؟

لە وەڵامدا دەڵێت: «**نعم هناك فرق فإن المسائل التي تعتبر تشريعا عاما لا يتأتى فيها التقسيم السابق وإنما هي من القسم الأول فقط؛ لأن هذا المشرع تشريعا يخالف الإسلام إنما شرعه لاعتقاده**

أنه أصلح من الإسلام وأنفع للعباد كما سبقت الإشارة إليه.

والحكم بغير ما أنزل الله ينقسم إلى قسمين:

أحدهما: أن يستبدل هذا الحكم بحكم الله -تعالى- بحيث يكون عالما بحكم الله، ولكنه يرى أن الحكم المخالف له أولى وأنفع للعباد من حكم الله، أو أنه مساو لحكم الله، أو أن العدول عن حكم الله إليه جائز فيجعله القانون الذي يجب التحاكم إليه فمثل هذا كافر كفرا مخرجا عن الملة لأن فاعله لم يرض بالله ربا ولا بمحمد رسولا ولا بالإسلام دينا وعليه ينطبق قوله -تعالى-: {أفحكم الجاهلية يبغون ومن أحسن من الله حكما لقوم يوقنون}[(١)] وقوله -تعالى-: {... ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون}[(٢)]. وقوله -تعالى-: {ذلك بأنهم قالوا للذين كرهوا ما نزل الله سنطيعكم في بعض الأمر والله يعلم إسرارهم * فكيف إذا توفتهم الملائكة يضربون وجوههم وأدبارهم * ذلك بأنهم اتبعوا ما أسخط الله وكرهوا رضوانه فأحبط أعمالهم}[(٣)]. ولا ينفعه صلاة، ولا زكاة، ولا صوم، ولا حج؛ لأن الكافر ببعض كافر به كله قال الله -تعالى-: {... أفتؤمنون ببعض الكتاب وتكفرون ببعض فما جزاء من يفعل ذلك منكم إلا خزي في الحياة الدنيا ويوم القيامة يردون إلى أشد العذاب

(١) سورەتی المائدة، ئایەی ٥٠.

(٢) سورەتی المائدة، ئایەی ٤٤.

(٣) سورەتی محمد، ئایەی ٢٦ تا ٢٨.

وما الله بغافل عما تعملون}[1]، وقال سبحانه: {إن الذين يكفرون بالله ورسله ويريدون أن يفرقوا بين الله ورسله ويقولون نؤمن ببعض ونكفر ببعض ويريدون أن يتخذوا بين ذلك سبيلا * أولئك هم الكافرون حقا وأعتدنا للكافرين عذابا مهينا}[2].

الثاني: أن يستبدل بحكم الله -تعالى- حكما مخالفا له في قضية معينة دون أن يجعل ذلك قانونا يجب التحاكم إليه فله ثلاث حالات:

الأولى: أن يفعل ذلك عالما بحكم الله -تعالى- معتقدا أن ما خالفه أولى منه وأنفع للعباد، أو أنه مساو له، أو أن العدول عن حكم الله إليه جائز فهذا كافر كفرا مخرجا عن الملة لما سبق في القسم الأول.

الثانية: أن يفعل ذلك عالما بحكم الله معتقدا أنه أولى وأنفع لكن خالفه بقصد الإضرار بالمحكوم عليه أو نفع المحكوم له، فهذا ظالم وليس بكافر وعليه يتنزل قول الله -تعالى-: {... ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الظالمون}[3].

الثالثة: أن يكون كذلك لكن خالفه لهوى في نفسه أو مصلحة تعود إليه فهذا فاسق وليس بكافر وعليه يتنزل قول الله -تعالى-:

---

(١) سورەتی البقرة، ئایەی ٨٥.

(٢) سورەتی النساء، ئایەی ١٥٠ و ١٥١.

(٣) سورەتی المائدة، ئایەی ٤٥.

{ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الفاسقون}[1].»[2].

واتە: «بەڵێ جیاوازییان هەیە، ئەو بابەتانەی کە بریتین لە یاسادانانی فراوان و شەریعەتی گشتی (وەکو شەریعەتی دێمۆکراسیەت) ئەوا وەسفەکەی پێشوو نایگرێتەوە بەڵکو ئەمە تەنها تایبەتە بە بڕگەی یەکەمی پێشووتر، چونکە ئەوەی کە ئەمجۆرە شەریعەتانە دادەڕێژێت کە دژی ئیسلامن ئەوا بێگومان دایڕشتووە چونکە باوەڕی وایە ئەو شەریعەتە دەستکردە باشترە لە ئیسلام، هەروەها بە سوودترە بۆ مرۆڤەکان.

هەروەها حوکم نەکردن بە شەریعەتی الله بەسەر دوو بەش دابەش دەبێ:

بەشی یەکەم: ئەگەر شەریعەتە دەستکردەکە بهێنرێتە شوێنی حوکم و شەریعەتی الله -تعالى-، لەکاتێکدا کەسەکە ئاگاداریشە لە حوکمەکانی الله بەڵام وای دەبینێت کە شەریعەتە دەستکردەکە باشتر و لەپێشترە بۆ مرۆڤەکان بەبەراورد بە حوکمی الله، یاخود یەکسانە بە حوکمی الله. ئیتر شەریعەتە دەستکردەکە وا لێدەکات کە حوکمڕانی پێ بکرێت. ئەمجۆرە کەسە کافرە و لە دینی ئیسلام چووەتە دەرەوە؛ چونکە کەسەکە ڕازی نییە بەوەی دان بنێت بە پەروەردگارێتیی الله، هەروەها ڕازی نییە بەوەی دان بنێت بە پێغەمبەرایەتی محمد -صلى

(١) سورەتی المائدة، ئایەی ٤٧.

(٢) کتێبی فتاوى الشيخ محمد الصالح العثيمين > العقيدة > أنواع الشرك والكفر > هل هناك فرق بين المسئلة المعينة وبين التشريع العام؟.

الله عليه وسلم-، هەروەها ڕازی نییه بەوەی دان بنێت به دینی ئیسلام. ئەم کەسانه ڕاستەوخۆ ئەم گوفتارەی الله لەسەریان جێبەجێ دەبێت: {ئایا ئەمانه حوکمی جاهیلیەتیان دەوێت؟ ئایا حوکمی کێ باشتره له الله بۆ قەومێک که ئیمانی تەواویان هەبێت؟} هەروەها گوفتاری الله: {ئەمەش چونکه ئەوان بەو کەسانەیان گووت کەوا ڕقیان لەوە دەبووەوە که الله دایبەزاندبوو: ئێمە گوێڕایەڵتان دەبین له هەندێک بابەت و فەرمان، الله نهێنییەکانیان دەزانێت * ئاخۆ دەبێ حاڵیان چۆن بێت کاتێک فریشتەی گیان کێشان -له سەرەمەرگ- له ڕووخسار و پشتیان دەدەن * ئەمەش چونکه ئەوان شوێن شتانێک کەوتن که الله توڕە دەکات، هەروەها ڕەزامەندیی الله ـیان بەدڵ نەبوو بۆیەش کردەوەکانیان هەڵوەشێندرایەوە}. بۆیەش ئیتر نوێژ و زەکات و ڕۆژوو و حەج سوودی بۆ ئەمجۆره کەسانه نییه؛ چونکه ئەو کەسەی که کافر بێت به بەشێکی ئیسلام ئەوا کافره به هەمووی. هەروەک الله -تعالى- فەرموویەتی: {ئەوە ئێوە باوەڕ به بەشێکی ئەم کتێبە دەهێنن (واته قورئان) هەروەها کوفر به بەشێکی تری دەکەن؟ جا پاداشتی ئەو کەسە چییه که وابکات جگه لەوەی سەرشۆڕ دەکرێت له ژیانی دونیا و هەروەها له ڕۆژی قیامەتیش دەنێردرێن بەرەو سزایەکی توندتر، الله بێ ئاگا نییه لەوەی که دەیکەن}. هەروەها الله -سبحانه- دەڵێت: {ئەوانەی که کوفر به الله و نێردراوەکەی دەکەن و دەیانەوێ جیاکاریی بکەن لەنێوان الله و نێردراوەکەی و دەڵێن: ئێمە باوەڕ به بەشێک دەهێنین و باوەڕ به

بەشێک ناهێنین. هەروەها دەیانەوێت لەم نێوانەدا ڕێگایەک بگرنە بەر * ئەوانە هەر بەڕاستیی کافرن، ئێمە بۆ کافران سزای ڕیسواکەرمان داناوە}.

بەشی دووەم: کەسێک کە حوکمێکی الله -تعالی- بگۆڕێت بە حوکمێکی تر لە بابەتێکی تایبەت و دیاریکراو بەبێ ئەوەی بیکاتە یاسایەکی گشتگیر و هەمیشەیی تاکو خەڵک حوکمی بۆ بگەڕێننەوە. ئەمەش بەسەر سێ ئەگەر دابەش دەبێ:

ئەگەری یەکەم: ئەگەر ئەو کەسەی حوکمە تایبەتەکە دەوەستێنێ چونکە باوەڕی وایە حوکمێکی دەستکرد باشتر و لەپێشترە لەو حوکمەی الله، یاخود یەکسانە لەگەڵ حوکمەکەی الله، ئەوا ئەو کەسە کافرە و لە دین چووەتە دەرەوە هەروەک چۆن لە بەشی یەکەم باس کرا.

ئەگەری دووەم: ئەگەر کەسە حوکمەکە بگۆڕێت و ئاگاداری حوکمی الله بێت و باوەڕیشی وابێت کە حوکمەکەی الله باشترە لە حوکمی ئەو، بەڵام بۆیە حوکمی پێ ناکات چونکە دەیەوێت زیان بگەیەنێ بەو کەسەی حوکمەکەی لەسەر دەدرێت یاخود دەیەوێت بابەتەکە لە بەرژەوەندیی لایەنەکەی تر بشکێتەوە. ئەوەیان "ظالم"ـە و کافر نییە، هەروەها ئەم ئایەتەی لەسەر جێبەجێ دەبێت: {... جا هەر کەسێک حوکم نەکات بەوەی الله دایبەزاندووە ئەوا ئەو کەسانە ستەمکارن}.

ئەگەری سێیەم: ئەگەر کەسەکە بەهەمان شێوەی پێشوو بێت (واتە باوەڕی بە حوکمی الله هەبێت نەک حوکمە تاغوتییەکان) بەڵام حوکمی پێ ناکات لەبەر ئارەزووی خۆی یاخود لەپێناوی بەرژەوەندییەکی خۆی، ئەوا ئەو کەسە "فاسق" ـە و کافر نییە، هەروەها ئەم ئایەتەی لەسەر جێبەجێ دەبێت: {... جا هەر کەسێک حوکم نەکات بەوەی الله دایبەزاندووە ئەوا ئەو کەسانە فاسقن}.».

کەواتە ئەوەی کە لە لاپەڕی ٨ بەدواوە باسم کردووە هەر هەمان مەنهەجی زانایانە و پاڵپشتە بە ئایاتەکانی قورئانی پیرۆز -بەفەزڵی الله-، هەر کەسێک پشت لە شەریعەتی الله بکات و ڕوو بکاتە شەریعەتێکی دەستکرد و تاغوت، بیکاتە یاسای بەڕێوەبردنی خاک و خەڵکەکە، ئەوا بێگومان ئەو کەسە هەرگیز "فاسق" و "زاڵم" نییە، بەڵکو ئیللا کافرە.

بەڵام ئەوەی کە تەکفیر ناکرێت بریتییە لەو دەسەڵاتدار و قازیە موەحیدەی کە حوکم بە شەریعەتی الله دەکات لە خاکەکەی، هەروەها باوەڕی بە هیچ شەریعەتێکی تاغوت نییە، بەڵام لە هەندێک حاڵەتی تایبەتدا حوکمێک جێبەجێ ناکات بۆ ماوەیەکی کاتیی، دەکرێت یەک جار بێت، ئەمجۆرە دەسەڵاتدار و قازیە تەکفیر ناکرێن بەڵکو هەر موسڵمانن.

جا کەسانێک هەر بەم ئایاتانەش ناوەستن و سنوور دەبەزێنن لە پرسیارکردن، دەڵێن: ئەی ئەگەر حوکم بە شەریعەتی دیمۆکراسیەت

بکرێت بەڵام حوکمی الله بە باشتر بزانرێت، هەر کافرە؟!

هەر بە وەڵامی شێخ إبن عثيمين -رحمه الله- وەڵامتان دەدەمەوە: «**فإنهم لم يضعوا تلك التشريعات المخالفة للشريعة الإسلامية إلا وهم يعتقدون أنها أصلح وأنفع للخلق، إذ من المعلوم بالضرورة العقلية والجبلة الفطرية أن الإنسان لا يعدل عن منهاج إلى منهاج يخالفه إلا وهو يعتقد فضل ما عدل إليه، ونقص ما عدل عنه.**»(١).

واتە: «**ئەوان ئەو شەریعەتە دەستکردانەیان دانەڕشتووە کەوا پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامن تەنها لەبەر ئەوە نەبێت کە باوەڕیان وایە شەریعەتەکانی ئەوان باشتر و بەسوودترە بۆ خەڵک، چونکە لەڕووی عەقڵییەوە هەست بەوە دەکەین کە مرۆڤ هیچ مەنهەجێک لەگەڵ مەنهەجێکی تر بەیەکسان نازانێف لەکاتێکدا پشتی لە یەکێکیان کردووە! بەڵکو ئیللا ئەو کەسە باوەڕی وایە مەنهەجەکەی خۆی باشترە، مەنهەجەکەی تریش کەموکوڕە**».

جا بەڕاستیی هەر وایە؛ چونکە ئەگەر شەریعەتی ئیسلام بە باشتر دەزانن بۆ حوکمڕانی ئەوا بۆچی شەریعەتێکی دەستکردتان هێناوە و حوکمی پێدەکەن کە لە دەیان خاڵدا کوفری گەورەی تێدایە و دژی شەریعەتی الله یە.

---

(١) کتێبی فتاوى الشيخ محمد الصالح العثيمين > العقيدة > أنواع الشرك والكفر > ما حكم من حكم بغير ما أنزل الله؟

بیست و دووەم: مقبل الوادعي -رحمه الله- (ساڵی ١٤٢٢ ی هیجری مردووە):

شێخ مقبل -رحمه الله- لەبارەی شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتی تاغوت هۆشدارییەکی توند دەداتە تێکڕای ئوممەت، هەروەک دەڵێت: «**أتدرون لو حصل تصويت أيصوم الناس أم لا؟ أيحج الناس أم لا يحجون؟ أيصلى الناس أم لا يصلون؟ أيباح الزنا أم لا يباح الزنا؟ أتباح السرقة أم لا تباح؟ أتقطع يد السارق أم لا تقطع؟ كل هذا ممكن أن يخضع لتصويت الشعب بمعنى الديمقراطية، فإنا لله وإنا إليه راجعون، وحسبنا الله ونعم الوكيل، سخرت الإذاعات وأصبحت تتباهى بالديمقراطية. فعلينا أن نثبت على ديننا حتى يتوفانا الله عز وجزل، فإن الأمر خطير، ردة سافرة وكفر بواح**»[1].

«**ئایا دەزانن کە ئەگەر کارەکان بە دەنگدان بێت ئەوا ڕۆژوو دەگیرێت یان نا؟ ئایا خەڵک حەج دەکەن یان نایکەن؟ ئایا خەڵک نوێژ دەکەن یان نایکەن؟ ئایا زینا ڕێگاپێدراو دەبێت یان نابێت؟ ئایا دزی کردن ڕێگاپێدراو دەبێت یان نابێت؟ ئایا دەستی دز دەبڕێتەوە یان نابڕێتەوە؟ هەموو ئەمانە ئەگەری ئەوەیان هەیە کە بخرێنە ژێر دەنگدانی گەل بەناوی دێمۆکڕاسیەت. إنا لله وإنا إليه راجعون، حسبنا الله ونعم الوكيل. ڕادیۆکان وایان لێهاتووە کە شانازیی بە**

(١) کتێبی قمع المعاند وزجر الحاقد الحاسد > بەرگی دووەم > الديمقراطية كفر > لاپەڕەی ژمارە: ٢٢٣.

دێمۆکڕاسیەت دەکەن. کەوابێ پێویستە لەسەرمان کە دامەزراو بین لەسەر دینەکەمان تاکو الله -عز وجل- دەمانمرێنێت. بەڕاستیی باسەکە ترسناکە، موڕتەدبوون و هەڵگەڕانەوەیەکی ئاشکرایە و کوفرێکی بەواح و ڕوونە».

لێرەدا دەپرسم: جا کە ئەمە حەقیقەتی شەریعەتی دێمۆکڕاسیەت بێت، ئەی دەبێ حوکمی ئەو کەسە چی بێت کە پڕ بەدڵ باوەڕی پێی هەبێت و بیسەپێنێ لەسەر خەڵک و حوکمی پێبکات؟ هەروەها دەبێ حوکمی ئەو خەڵکە چی بێت کە بەشداریی لەم شەریعەتە دەکەن و پەنجەی شایەتومانیان تێیدا مۆر دەکەن؟ بێگومان ئەمانە کافرن، هەروەک چۆن شێخ مقبل الوادعي گووتی: موڕتەد بوونەوەیە و کوفری بەواحە. واتە کوفرێکی هێندە گەورە و ڕۆشنە کە کەس ناتوانێ ڕەتی بکاتەوە و دژی ژمارەیەکی زۆر لە ئایاتەکانی قورئانە.

بیست و سێیەم: إبن جبرین -رحمه الله- (ساڵی ١٤٣٠ ی هیجری مردووە):

شێخ إبن جبرین -رحمه الله- پرسیاری لێکراوە لەبارەی عەلمانیەت و حوکمی ئیسلام لەبارەی عەلمانیەت، لە وەڵامدا گووتی: «**الجواب: مذهب جديد وحركة فاسدة تهدف إلى الإكباب على الدنيا والانشغال بشهواتها وملذاتها، وجعلها هي الهدف الوحيد في هذه الحياة، ونسيان الدار الآخرة والغفلة عنها، وعدم الالتفات إلى الأعمال الأخروية أو الاهتمام بها، وقد يصدق على العلماني قول النبي -صلى الله عليه وسلم- : "تعس عبد الدينار، تعس عبد الدرهم، تعس عبد الخميصة، تعس عبد الخميلة، إن أعطي رضي، وإن لم يعط لم يرض، تعس وانتكس، وإذا شيك فلا انتقش"[(١)].**

وقد دخل في هذا الوصف كل من عاب شيئا من تعاليم الإسلام قولا أو فعلا، فمن حكم القوانين وألغى الأحكام الشرعية فهو علماني، ومن أباح المحرمات: كالزنا والخمور والأغاني والمعاملات الربوية، واعتقد أن منعها ضرر على الناس، وتحجر

---

(١) کتێبی صحيح البخاري > كتاب الجهاد والسير > باب الحراسة في الغزو في سبيل الله > فەرموودەی ژمارە: ٢٨٨٦.

ئەوەشمان بیرنەچێت کە فەرموودەکە لەنێو حەوت کتێبە ناودارەکەی فەرموودەدا لەفزەکەی بەمجۆرە نییە کە شێخ إبن جبرین -رحمه الله- نووسیویەتی، بەڵکو ئاوایە: "تعس عبد الدينار والدرهم والقطيفة والخميصة، إن أعطى رضي، وإن لم يعط لم يرض"، بۆیەش من مانای فەرموودەکەی صحيح البخاري دەنووسم نەک ئەوەی شێخ إبن جبرین نووسیویەتی.

لشيء فيه مصلحة نفسية، فهو علماني، ومن منع أو أنكر إقامة الحدود كقتل القاتل، ورجم أو جلد الزاني والشارب، أو قطع السارق أو المحارب، وادعى أن إقامتها تنافي المرونة، وأن فيها بشاعة وشناعة - فقد دخل في العلمانية.

أما حكم الإسلام فيهم، فقد قال -تعالى- في وصف اليهود: {... أفتؤمنون ببعض الكتاب وتكفرون ببعض فما جزاء من يفعل ذلك منكم إلا خزي في الحياة الدنيا}[1] الآية، فمن قبل ما يناسبه من الدين كالأحوال الشخصية وبعض العبادات ورد ما لا تهواه نفسه، دخل في الآية.

وهكذا يقول -تعالى-: {من كان يريد الحياة الدنيا وزينتها نوف إليهم أعمالهم فيها وهم فيها لا يبخسون * أولئك الذين ليس لهم في الآخرة إلا النار ...}[2]، فالعلمانيون هدفهم جمع الدنيا والتلذذ بالشهوات ولو محرمة، ولو منعت من الواجبات، فيدخلون في هذه الآية، وفي قوله -تعالى-: {من كان يريد العاجلة عجلنا له فيها ما نشاء لمن نريد ثم جعلنا له جهنم يصلاها مذموما مدحورا}[3]، ونحو ذلك من الآيات والأحاديث. والله أعلم.»[4].

واته: «وەڵام: عەلمانیەت ڕێبازێکی نوێیە و بزووتنەوەیەکی

(١) سورەتی البقرة، ئایەی ٨٥.

(٢) سورەتی هود، ئایەی ١٥ و ١٦.

(٣) سورەتی الإسراء، ئایەی ١٨.

(٤) کتێبی فتاوی في التوحید > وەڵامی پرسیاری ژمارە: ٢١.

خراپەکارە ئامانجی بریتییە لە ڕووکردنە دونیا و سەرقاڵبوون بە شەهەوات و چێژەکانی، هەروەها دەیەوێت ئەمە بکات بە تاکە ئامانجی ئەم ژیانە. هەروەها لەبیر بردنەوەیماڵی کۆتایی (واتە بەهەشت و دۆزەخ) هەروەها ئەنجام نەدانی ئەو کردەوانەی بەسوودن بۆ ڕۆژی دوایی هەروەها گرینگی نەدان پێی، بۆیەش مرۆڤی عەلمانی فەرموودەکەی پێغەمبەری لەسەر جێبەجێ دەبێت -صلی الله علیه وسلم- کاتێک گووتی: "لەناوچێت ئەو کەسەی عەبدی دینار و درهەم و جلوبەرگە، ئەگەر ئەو شتانەی پێ بدرێت ئەوا ڕازییە، ئەگەریش پێی نەدرێت ئەوا ناڕازییە".

ئەم وەسفە لە هەر کەسێک جێبەجێ دەبێت کەوا دروشمێکی ئیسلام بە کەموکوڕ بزانێت، دروشمی گوفتاریی بێت یان کرداریی. هەر کەسێک حوکم بە یاسا دەستکردەکان بکات و حوکمە شەڕعییەکان هەڵوەشێنێتەوە ئەوا عەلمانیە. هەروەها هەر کەسێک حەڕامکراوەکان بە ئاسایی و ئازادیی دابنێت، وەکو: زینا و مەیخۆریی و گۆرانی و کڕین و فرۆشتنی ڕیبا، هەروەها باوەڕی وابێت کە ڕێگرتن لەم شتانە زیانی هەیە بۆ سەر مرۆڤەکان، هەروەها سوور بوو لەسەر شتێک کە مەسڵەحەتی نەفس و ئارەزووی تێدابێت، ئەوا ئەو کەسە عەلمانیە. هەروەها هەر کەسێک ڕێگریی سزایە شەڕعییەکان بکات یاخود بەدڵی نەبێت، وەکو: کوشتنی بکوژ، هەروەها بەردباران کردن و قامچی لێدان لە داوێنپیس و مەیخۆر، یاخود بڕینی دەستی دز. ئیتر ئەو کەسە بانگەشەی ئەوە

بکات گوایە ئەنجامدانی ئەم سزایانە پێچەوانەی نەرمونیانین و ئەم سزایانە ناپەسند و بێزراون، ئەوا ئەو کەسە چووەتە ناو عەلمانیەتەوە.

سەبارەت بە حوکمی ئیسلام بۆ ئەو کەسانە: الله -تعالی- لە وەسفی جولەکەکان گووتی: {... ئەوە ئێوە باوەڕ بە بەشێکی کتاب دەهێنن (واتە قورئان) هەروەها کوفر بە بەشێکی دەکەن؟! جا پاداشتی ئەو کەسە چییە کە وابکات جگە لە سەرشۆڕیی لە ژیانی دونیا}. جا هەر کەسێک ئەو بەشەی ئیسلام قبوڵ بکات کە لەگەڵی دەگونجێت وەکو بابەتە شەخسییەکان و هەندێک عیبادەت، هەروەها ئەو بەشەش ڕەت بکاتەوە کە لەگەڵ ئارەزووەکانی ناگونجێن، ئەوا دەچێتە ژێر مەبەستی ئایەتەکە.

ئەوەتا الله -تعالی- دەفەرموویێت: {هەر کەسێک ژیانی دونیا و جوانییەکەی دەوێت ئەوا ئێمە بەرهەمی کردەوەکانیان پێدەدەین هەر لەوێدا، هەروەها کەموکوڕیان لەگەڵ ناکرێت}. جا عەلمانییەکان ئامانجیان بریتییە لە کۆکردنەوەی دونیا و چێژ وەرگرتن و شەهەوات ئەگەرچی حەڕامکراویش بێت، ئەگەرچی ڕێگریش لە بەردەم واجبە شەڕعییەکان دروست بکات، بۆیەش دەچنە نێو مەبەستی ئایەتەکە، هەروەها ئایەتی الله -تعالی-: {هەر کەسێک ئەم دونیایەی بووێت ئەوا ئێمە پەلەی بۆ دەکەین لەو شتەی کە خۆمان بمانەوێت و بۆ ئەو کەسەی کە خۆمان بمانەوێت، ئینجا دۆزەخمان بۆی داناوە کە بە لۆمەکراویی و دەرکراویی دەگەیەنرێت پێی}. هەروەها ئایات و

فەرموودەکانی لەم جۆرە. والله أعلم».

هەروەها لە کتێبێکی تریش کە شێخ إبن جبرين -رحمه الله- پێداچوونەوەی بۆ کردووە و پێشەکی بۆ نووسیوە و دەستخۆشیی لە نووسەرەکەی کردووە. لە برگەیەکدا باسی دوو جۆری عەلمانیەت کراوە، کە بریتین لە "عەلمانیەتی دژە دین" و "عەلمانیەتی دۆستی دین". نووسراوە: «**والخلاصة: أن العلمانية بصورتيها السابقتين كفر بواح لا شك فيها ولا ارتياب، وأن من آمن بأي صورة منها وقبلها فقد خرج من دين الإسلام والعياذ بالله؛ وذلك أن الإسلام دين شامل كامل، له في كل جانب من جوانب الإنسان الروحية، والسياسية، والإقتصادية، والأخلاقية، والإجتماعية، منهج واضح وكامل، ولا يقبل ولا يجيز أن يشاركه فيه منهج آخر.**»[1].

واتە: «**پوختەی باسەکە ئەوەیە: عەلمانیەت بەهەردوو جۆرەکەی کە پێشتر باسکران بریتین لە کوفری بەواح و ڕۆشن، هیچ گومان و دوودڵییەک لەمەدا نییە. هەر کەسێکیش باوەڕی بە هەر کامێک لە جۆرەکانی هەبێ و قەبوڵی بکات ئەوا لە ئیسلام چووەتە دەرەوە پەنا بە الله؛ چونکە ئیسلام دینێکی فراوان و تەواوە، لە هەموو ڕوویەکی مرۆڤەکانەوە مەنهەجێکی ڕوونی هەیە، وەکو ڕووی ڕۆحیی و سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیی. بۆیە ئیسلام قەبوڵ ناکات و بە دروستی نازانێت لەگەڵ مەنهەجێکی تر هاوبەش بێت**».

---

(١) کتێبی العلمانية وثمارها الخبيثة > صور العلمانية > لاپەڕی ژمارە: ١٨.

بیست و چوارەم: محمد جمیل زینو -رحمه الله- (ساڵی ١٤٣١ ی هیجری مردووە):

شێخ محمد جمیل زینو -رحمه الله- لە زنجیرەی پەیامەکانیدا ژمارەیەک خاڵی داناوە بە ناونیشانی "نواقض الإسلام" واتە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام، واتە هەرکەسێک بکەوێتە ناو یەکێکیان ئەوا ئیمانی نەماوە و پێی کافر بووە.

بۆیەش هۆشداریی بە ئوممەت دەدات تاکو خۆمان لێیان بپارێزین. جا لە خاڵی ١٥ تا ١٩ و هەروەها لە خاڵەکانی ٢١ و ٢٢ و ٢٤ بە بەڵگەوە دەڵێت:

«١٥- الحكم بغير ما أنزل الله إذا اعتقد عدم صلاحية حكم الإسلام أو أجاز الحكم بغيره لقوله تعالى: {ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون}[1].

١٦- التحاكم لغير الإسلام، وعدم الرضا بحكم الإسلام، أو يرى في نفسه ضيقا وحرجا في حكمه لقوله تعالى: {فلا وربك لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لا يجدوا في أنفسهم حرجا مما قضيت ويسلموا تسليما}[2].

١٧- إعطاء غير الله حق التشريع كالديكتاتورية، أو الديمقراطية، أو غيرها ممن تسمح بالتشريع المخالف لشرع الله. لقوله تعالى:

---

(١) سورەتی المائدة، ئایەی ٢٢.

(٢) سورەتی النساء، ئایەی ٦٥.

{أم لهم شركاء شرعوا لهم من الدين ما لم يأذن به الله}[1].

١٨- تحريم ما أحل الله، أو تحليل ما حرم الله كتحليل الزنى أو الربا غير متأول، لقوله تعالى: {... وأحل الله البيع وحرم الربا ...}[2].

١٩- الإيمان بالمبادئ الهدامة، كالشيوعية الملحدة، أو الماسونية اليهودية، أو الاشتراكية الماركسية، أو العلمانية الخالية من الدين، أو القومية التي تفضل غير المسلم.

٢١- مناصره اليهود والنصارى والشيوعين ومعاونتهم على المسلمين لقوله تعالى: {لا يتخذ المؤمنون الكافرين أولياء من دون المؤمنين ومن يفعل ذلك فليس من الله في شيء إلا أن تتقوا منهم تقاة ...}[3].

٢٢- عدم تكفير الشيوعين المنكرين لوجود الله، أو اليهود والنصارى الذين لا يؤمنون بمحمد - صلى الله عليه وسلم - ، لأن الله كفرهم فقال: {إن الذين كفروا من أهل الكتاب والمشركين في نار جهنم خالدين فيها أولئك هم شر البرية}[4].

٢٤- القول بانفصال الدين عن الدولة، وأنه ليس في الإسلام سياسة حكم لأنه تكذيب للقرآن والحديث والسيرة النبوية.»[5].

---

(١) سورەتی الشورى، ئایەی ٢١.

(٢) سورەتی البقرة، ئایەی ٢٧٥.

(٣) سورەتی آل عمران، ئایەی ٢٨.

(٤) سورەتی البينة، ئایەی ٦.

(٥) کتێبی مجموعة رسائل التوجيهات الإسلامية لإصلاح الفرد والمجتمع > بەرگی یەکەم > نواقض الإسلام.

واتە: «١٥- حوکم کردن بە غەیری شەریعەتی الله لە حاڵەتێک کە کەسەکە حوکمی ئیسلام بە باش و گونجاو نەزانێت یاخود بەلایەوە ئاسایی و شەرعیی بێت کەوا حوکم بە غەیری ئیسلام بکات. هەروەک الله فەرموویەتی: {... جا هەر کەسێک حوکم نەکات بەوەی الله دایبەزاندووە ئەوا ئەو کەسانە کافرن}.

١٦- گەڕاندنەوەی حوکم و دادگەرێتیی بۆ غەیری شەریعەتی ئیسلام، هەروەها ڕازی نەبوون بە حوکمی ئیسلام، یاخود دەروونی توند بێت و نیگەران بێت بە حوکمی ئیسلام. هەروەک الله فەرموویەتی {نەخێر سوێند بە پەروەردگارت (ئەی محمد) ئەوان ئیمان ناهێنن تاکو تۆ نەکەن بە دادگەر لە ناکۆکی نێوانیان، هەروەها لەناو دەروونیان هیچ دڵتەنگییەکیان نەبێ بەرامبەر حوکمدانەکەت، هەروەها تەسلیم ببن بە تەسلیم بوونێکی تەواو}.

١٧- پێدانی مافی داڕشتنی شەریعەت بۆ غەیری الله، وەکو شەریعەتی دیکتاتۆریی یاخود دیمۆکراسیەت یاخود هی تریش لەو شەریعەتانەی کە ڕێگا دەدەن بە داڕشتنی یاسای پێچەوانەی شەریعەتی الله، ئەمەش چونکە الله دەفەرمووێت: {یان ئایا ئەوان هاوبەش و شەریکیان هەیە کەوا شەریعەتیان بۆ دادەڕێژن لەکاتێکدا الله مۆڵەتی پێ نەداوە؟!}.

١٨- حەڕام کردنی ئەو شتانەی کە الله حەلالی کردوون، یاخود حەلال کردنی ئەو شتانەی کە الله حەڕامی کردوون، وەکو حەلال

کردنی داوێنپیسی و ڕیبا. هەروەک الله فەرموویەتی: {... الله کڕین و فرۆشتنی حەلال کردووە و ڕیبای حەڕام کردووە ...}.

١٩- باوەڕهێنان بە کۆمەڵێک بنچینەی وەکو شیوعیەتی مولحید، یاخود ماسۆنیەتی جولەکە، یاخود شەریعەتی ئیشتیراکیەتی مارکسیەت، یاخود عەلمانیەتی دابڕاو لە دین، یاخود نەتەوەپەرستی کە هۆکارێکە بۆ خۆشویستن و پایەدارکردنی ناموسڵمان.

٢١- سەرخستنی جولەکە و گاورەکان و شیوعییەکان، هەروەها هاوکاریکردنیان لەدژی موسڵمانان، هەروەک الله -تعالی- فەرموویەتی: {نابێ باوەڕداران کافرەکان بکەن بە پشتیوانی خۆیان لەبری باوەڕداران، هەر کەسێک وابکات ئەوا هیچی لەگەڵ الله نەماوە، مەگەر کەسێک لەبەر ترس وابکات ...}.

٢٢- تەکفیر نەکردنی شیوعییەکان کەوا بوونی الله ڕەتدەکەنەوە، یاخود جولەکە و گاورەکان کەوا باوەڕ بە محمد ناهێنن -صلی الله علیه وسلم-؛ چونکە الله تەکفیری کردوون و فەرموویەتی: {ئەوانەی کە کافربوون لە ئەهلی کیتاب (واتە جولەکە و گاور) هەروەها موشریکەکانیش ئەوانە شوێنیان ئاگری دۆزەخە و بە نەمریی تێیدا دەمێننەوە، ئەوان خراپترینی بوونەوەرەکانن}.

٢٤- گووتن و دابڕاندنی دین لە دەوڵەت، یاخود گووتنی ئەوەی کە گوایە ئیسلام هیچ حوکمێکی نییە بۆ سیاسەت کردن؛ ئەم قسەیە بەدرۆخستنەوەی قوڕئان و فەرموودە و ژیاننامەی پێغەمبەرە».

بەڵێ ئەی قەومەکەم ئەمانە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلامن و هەر کەسێک یەکێک لەم نیشانانەی تێدا هەبێت، یاخود خۆشەویستی بۆ کەسێک هەبێت کەوا ئەم نیشانانەی تێدایە، هەروەها پاڵپشتی بکات و زاڵی بکات بەسەر ئەهلی ئیسلام و تەوحید، ئەوا بێگومان ئەو کەسە کافرە.

هەر هەموو خاڵەکانی سەرەوە لە شەریعەتی دێمۆکڕاسیەت خۆیان دەبیننەوە؛ چونکە دێمۆکڕاسیخوازەکان دەیانەوێ برایەتییەک دروست بکەن لەنێوان موسڵمان و موشریک و شیوعی و گاور و جولەکە! هەروەها دێمۆکڕاسیخوازەکان بە هەموو جۆرێک دژی تەکفیر کردنن! هەروەها دێمۆکڕاسیخوازەکان دینیان دابڕاندووە لە سیاسەت، هەروەها دێمۆکڕاسیخوازەکان حەلال و حەڕامەکانیان بەپێی ئارەزووی پەرلەمانتارە تاغوتەکان داڕشتووە نەک بەپێی فەرمانی الله و نێردراوەکەی. ئیتر ئەی قەومەکەم چۆن مومارەسەی ئەم شەریعەتە پیسە دەکەن؟ چۆن پەنجەی شایەتومانتان تێیدا مۆر دەکەن و دەنگ دەدەن؟! هێشتا تێنەگەیشتن سەرئەنجامی ئەم کارە کافر بوونە؟

ئیتر شێخ محمد جميل زينو –رحمه الله– لە کۆتایی خاڵەکاندا دەڵێت: «**إن هذه المبطلات أشبه بنواقض الوضوء، فإذا فعل المسلم واحدا منها، فليجدد إسلامه، وليترك المبطل، وليتب إلى الله قبل أن يموت فيحبط عمله، ويخلد في نار جهنم قال تعالى: {... لئن**

أشركت ليحبطن عملك ولتكونن من الخاسرين}»[1].

واته: «ئەم هەڵوەشێنەرانەی ئیمان وەکو هەڵوەشێنەرەکانی دەستنوێژن، واتە ئەگەر موسڵمان یەکێک لەوانە ئەنجام بدات ئەوا پێویستە ئیسلامەکەی نوێ بکاتەوە، هەروەها وازبهێنێف لە هەڵوەشێنەرەکە، هەروەها تەوبە بکات بۆ لای الله پێش ئەوەی بمرێت، ئەگینا کردەوەکانی هەڵدەوەشێنەوە و شوێنی هەمیشەیی هەر ئاگر دەبێت. هەروەک الله فەرموویەتی: {... ئەگەر شیرکت ئەنجامدا ئەوا کردەوەکانت هەڵدەوەشێتەوە و لە ڕیزی دۆڕاوەکان دەبیت}».

(١) سورەتی الزمر، ئایەی ٦٥.

بیست و پێنجەم: خالد بن علي المرضي -حفظه الله-:

شێخ خالد المرضي -حفظه الله- یەکێکە لەو زانایانەی ئەم سەردەمە کە زۆرترین بانگەوازی بۆ تەوحید کردووە بەبێ ئەوەی گوێی دابێتە لۆمەی لۆمەکاران، زۆرترین بانگەوازی بۆ "کوفر بە تاغوت" کردووە لەسەر بنەمای ئایاتەکانی الله -سبحانه وتعالی.

لە کتێبێکیدا بەشێوازێکی زۆر فراوان باسی "شرك الحكم" دەکات، ئینجا لە باسی شەریعەتی دیمۆکڕاسیەت دەڵێت: «**والديمقراطية تعتبر دينا باطلا ومن دان بها وفرح بها فهو كافر خارج عن الملة**»[1].

واتە: «**دیمۆکڕاسیەت دینێکی پووچەڵە، هەر کەسێک دینداریی پێ بکات (واتە مومارەسەی بکات) و هەروەها دڵی پێ خۆشبێت ئەوا کافرە و لە دەرەوەی ئیسلامە**».

نامەوێ لێرەدا لەم گوفتارەی زیادتر دابنێم؛ چونکە ئەسڵەن شێخ خالد هەر کتێبێکی تەواوی لەمبارەیە داناوە و زۆر بەسوودە بۆ هەر کەسێک کەوا خۆی بە موسڵمان بزانێت و حەقی بوویت، جا داوا لە خوێنەران و ڕاستیخوازەکان دەکەم کتێبەکەی بخوێننەوە کە لە تێبینی ژێرەوەی ئەم لاپەڕەیە ناویم داناوە، کتێبێکی زۆر فراوانە و پڕیەتی لە بەڵگەی قورئان و فەرموودەی صحیح و گوفتاری زانایان.

(١) کتێبی شرك الحكم > الفصل السابع > مبحث: الديمقراطية.

بابەتی دووەم: دەنگدانی تۆ مانای چی دەگەیەنێت؟

ئەی ئەو کەسەی خۆت بە موسڵمان دەزانیت، ئەگەر خۆت ئامادە کردووە بۆ ڕۆژی دەنگدان تاکو بچیت و پەنجەی شایەتومانت مۆر بکەیت و مرۆڤێک هەڵبژێریت، پێویستە بزانیت کە دەنگدان تەنها مۆرکردنی پەنجە و هەڵبژاردنی مرۆڤ نییە، بەڵکو بابەتەکە لەوە فراوانترە و پێویستە مرۆڤ زۆر لەوە هۆشیارتر بێت.

ئەی ئەو کەسەی دەتەوێت دەنگ بدەیت و موماڕەسەی شەریعەتی دیمۆکڕاسیەت بکەیت، بزانە ئەمەیە مانای دەنگدان:

١- ئەو کەسەی دەنگ دەدات مانای ئەوەیە کەوا هیچ ئاگاداری تەوحید نییە و کوفریشی بە تاغوتەکان نەکردووە و ئەسڵەن نازانێت تاغوتەکان چین؛ چونکە مرۆڤ تەنها بەکورتیی بزانێت تەوحید چییە ئەوا بەسیەتی بۆ ئەوەی کوفر بە دیمۆکڕاسیەت بکات و ئەو کەسانەش تەکفیر بکات کە موماڕەسەی دیمۆکڕاسیەت دەکەن. (لە بەشی سێیەم بە پوختی و بە بەڵگە تەوحیدم بۆتان ڕوون کردووەتەوە کە پێویستە هەموو مرۆڤێک بیزانێت؛ تا ببێتە موسڵمان).

٢- ئەو کەسەی دەنگ دەدات مانای ئەوەیە تاکو ئێستا قوڕئانی پیرۆزی بە تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە نەخوێندووەتەوە؛ چونکە مرۆڤ ئەگەر قوڕئان بە تێگەیشتن و تەفسیر و وردبوونەوە بخوێنێتەوە ئەوا –بە ئیزنی الله– یەکسەر دەگاتە ئەو بیروباوەڕەی کە هەموو شەریعەتەکان تاغوتن جگە لە شەریعەتی الله. بۆیەش لێیان

دوور دەکەوێ و کوفریان پێدەکات، هەروەها ئەو کەسانەش تەکفیر دەکات کە باوەڕیان بە شەریعەتە دەستکرد و تاغوتەکە هەیە. ئەوەتا من –بە فەزڵی الله– لە لاپەڕی ٤٥ تا ١٦٨ تەنها بە بەڵگەی قورئان و فەرموودەی صحیح سەلماندم دێمۆکراسیەت شەریعەتێکی تاغوتە و ئەوانەیشی باوەڕیان پێیەتی یان موماڕەسەی دروشمەکانی دەکەن ئەوا کافرن.

٣- ئەو کەسەی دەنگ دەدات مانای ئەوەیە کەوا ڕازییە بەوەی سیفەتی یاسادانان (التشریع) لە الله بسەندرێتەوە و بدرێتە مرۆڤ؛ چونکە بێگومان کاتێک تۆ دەچیت و پەنجەی شایەتومانت مۆر دەکەیت بۆ هەڵبژاردنی مرۆڤێک ئەوا ئەم کارەت دەیسەلمێنێ تۆ باوەڕت بەو مرۆڤە هەیە و پێت خۆشە یاسا دابڕێژێ و پەرە بدات بە شەریعەتی دێمۆکراسیەتی تاغوت. هەموو ئەمەش لەکاتێکدایە کە سیفەتی داڕشتنی شەریعەت و یاسادانان تەنها مافی الله یە و کەس بۆی نییە شەریعەت و یاسا دروست بکات بەپێی ویستی دڵی خۆی یاخود بەپێی دڵی خەڵک. بەڵام تۆی دەنگدەر هەموو ئەم ئایاتانە ڕەت دەکەیتەوە کەوا لە لاپەڕی ١٨ تا ٢٠ باسکراون لەم بارەیەوە. بەمەش تۆ مرۆڤێک دەکەیتە خودا ئەویش یاسات بۆ دادەڕێژێ لەسەر بنەمای خواستی خەڵک و پەرڵەمانتارەکانی تر، نەک لەسەر بنەمای قورئان. بەمەش وەک گاورەکانت لێدێت کاتێک قەشە و پاپاکانیان کردبووە خودای خۆیان و ئەوانیش یاسایان بۆ دادەنان بەدڵی خۆیان، کەواتە شیرکەکەیان لەڕووی پەرستن نەبوو بەڵکو

لەڕووی یاسادانان بوو.

٤- ئەو کەسەی دەنگ دەدات مانای ئەوەیە کە ڕێباز و شەریعەتی ئەمریکیی و ئەوڕوپییە کافرەکان بە باشتر دەزانێت لە شەریعەتی الله، بۆیەش مومارەسەی شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتەکەی ئەوان دەکات و گوێ بەو هەموو ئایاتە نادات کە دەیسەلمێنن دێمۆکڕاسیەت تاغوتە و شیرکە و کوفرە و ئیتر پێی لەدین دەچیتە دەرەوە، بۆیەش بەهۆی دەنگدانەکەیەوە دین و ئیمان و شەریعەتی الله دەفرۆشێت لەپێناوی مومارەسەی شەریعەتە دەستکردەکەی ئەوڕوپی و ئەمریکییەکان.

٥- ئەو کەسەی دەنگ دەدات مانای ئەوەیە کەوا هیچ کێشەیەکی نییە لەگەڵ بنچینە و بیروباوەڕی دێمۆکڕاسیخوازەکان کەوا باوەڕیان بە ئازادیی بیروباوەڕ و ئازادیی بیروڕا و ئازادیی تاکەکەسیی هەیە؛ چونکە گومان لەوە نییە کە هەموو کاندیدەکان باوەڕیان بە دێمۆکڕاسیەت و بنچینەکانی هەیە، ئەگەر باوەڕیان پێی نەبووایە ئەوا ئەسڵەن ڕێگایان پێ نەدەدرا خۆیان کاندید بکەن. بۆیەش ئەی ئەو کەسەی دەتەوێت دەنگ بدەیت، بزانە تۆ پەنجەی شایەتومانت مۆر دەکەیت بۆ مرۆڤێک کە باوەڕی بە ئازادیی مرۆڤەکان هەیە لە ڕووی بیروباوەڕەوە، لەکاتێکدا لە لاپەڕی ٣٩ تا ٤٧ بەبەڵگەی ئایەت سەلماندم هەرکەسێک ئەم بیروڕایەی هەبێت ئەوا لەدین دەچێتە دەرەوە. هەروەها ئەو کەسەی تۆ دەنگی پێدەدەی باوەڕی بە ئازادیی ڕادەربڕین هەیە و کێشەی نییە لەوەی مرۆڤ هەرچی بڵێت ئەگەرچی کوفریش بێت! لەکاتێکدا لە لاپەڕی ٤٨ تا ٥٣ بەبەڵگەی

ئایەت و فەرمووده سەلماندم هەر کەسێک ئەم بیروڕایەی هەبێت ئەوا کافره ئەگەرچی بڵێت موسڵمانم. هەروەها ئەو کەسەی کە تۆ دەنگی پێدەدەی باوەڕی بە ئازادییە تاکەکەسییەکان هەیە، واتە کەس بۆی نییە سنووری کەسی تر ببەزێنێ و لێپرسینەوە لەگەڵ کەسی تر بکات ئەگەر سنووری دەستوورە تاغوتەکەیانی نەبەزاندبێ، تەنانەت ئەگەر حەڕام و کوفریش ئەنجام بدات ئەوا هەر ئازادە مادام دژی دەستوورە بۆگەنەکەیان نییە! کەواتە ئەو کاندیدە ئەسڵەن باوەڕی بە "الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر" نییە، بەهەمان شێوە لە لاپەڕی ٧٥ تا ٨٩ سەلماندم ئەم خاڵەش کوفری گەورەیە و ئەوەی بیروباوەڕی وابێت ئەوا لەدین دەچێتە دەرەوە. بەڵێ ئەمە بیروباوەڕی ئەو کەسانەیە کە تۆ دەنگیان پێدەدەی و پەنجەی بۆیان مۆر دەکەیت و خۆشت دەوێن.

٦- ئەو کەسەی دەنگ دەدات مانای ئەوەیە کەوا ڕێگا بۆ مرۆڤەکە خۆشدەکات تا بگاتە پەڕلەمان، لەوێش سوێندە کوفرەکە دەخوات کە لە لاپەڕی ١٤٢ باسکرا، ئینجا دەستی لەسەر کتێبی الله دادەنێت لەکاتی سوێندەکە! هەروەک لە لاپەڕی ١٤٣ و ١٤٤ باسم کرد کە لەناو سوێندخواردنەکەدا پێنج کوفری گەورەی تێدایە و بەبەڵگەی فەرموودەی صحیح سەلماندم کە ئەگەر پەڕلەمانتارەکە لەدڵیشی باوەڕی بە سوێندەکە نەبێ ئەوا هەر پێی کافر دەبێت؛ چونکە لەسەر فەرمانی دەستوور سوێندی خواردووە. جا هاوار بۆ حاڵی ئەو پەڕلەمانتارە تاغوتە، هاوار بۆ حاڵی دەنگدەرەکانی.

٧- ئەو کەسەی دەنگ دەدات مانای ئەوەیە کە لەسەر بنەمای تاوان و کوفر هاوکاریی مرۆڤەکە دەکات و پشتگیریی دەکات، نەک لەسەر بنەمای ئیمان و تەقوا. بۆیەش دەنگدەرەکە بەپێچەوانەی فەرمانی الله دەجوولێتەوە و دەچێ دەنگ دەدات لەکاتێکدا الله -عز وجل- فەرمووی: {**... وتعاونوا على البر والتقوى ولا تعاونوا على الإثم والعدوان ...**}[1]. واتە: {... هاوکاری یەکتر بکەن لەسەر چاکە و تەقوا، هەروەها هاوکاری یەکتر مەکەن لەسەر خراپەکاریی و دەستدرێژیی ...}.

جا ئەو کەسەی دەنگ دەدات و مرۆڤەکە دەنێرێتە پەرلەمان ئەوا لەوێ ئەو پەرلەمانتارە تاغوتە خەریکی ئەنجامدانی "إثم" و "عدوان" دەبێت، واتە ئەم پەرلەمانتارە هەم خراپەکاریی ئەنجام دەدات و یاسایە دەستکردە کوفرینەکان بەرهەم دەهێنێت و دەیکاتە دەستوور و شەریعەتێک لەسەر قەومەکە، هەمیش دەستدرێژیی دەکاتە سەر دینی الله، حەلالەکان قەدەغە دەکات ئەگەر دژی دیمۆکراسیەت و خواستی پەرلەمانتاران بێت! هەروەها حەرامەکان بە ئاسایی و حەلال دادەنێت مادام خەڵک ئارەزوویان لێیەتی و دژی دیمۆکراسیەت نییە!

جا لێرەدا کەسانێک دەڵێن: کاکە من دەنگم بە پەرلەمانتارێکی ویندار داوە، ئەو کاری وا ناکات لە پەرلەمان.

---

(١) سورەتی المائدة، ئایەی ٢.

منیش دەپرسم: ئەگەر ئەو بە برای خۆت دەزانی و بە موسڵمانی دەزانیت ئەوا بۆچی ڕێگای پێدەدەی مومارەسەی تاغوت بکات؟ بۆچی هانی دەدەی و پەنجەی شایەتومانی بۆ مۆر دەکەیت تا بگاتە پەرڵەمان و لەوێدا بەتەواویی کافر بێت و سوێندە کوفرەکە بخوات؟ مەگەر ئەمە ناچێتە ژێر مانای **"تعاون على الإثم والعدوان"**؟!

خۆ ئەگەر ناتوانیت هۆشداریی پێبدەیت لەوەی دێمۆکراسیەت کوفرە و تاغوتە، ئەوا خۆ دەتوانیت پەنجەی شایەتومانت بۆی مۆر نەکەیت و هانی نەدەیت و نەبیتە هۆکارێک بۆ زۆرتر نوقم بوونی مرۆڤەکە لەناو دێمۆکراسیەتی تاغوت، هەروەک نێردراوی الله -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «**"انصر أخاك ظالما أو مظلوما". قالوا: يا رسول الله هذا ننصره مظلوما، فكيف ننصره ظالما؟ قال: "تأخذ فوق يديه"**»[1]. واتە: «**"براکەت سەربخە جا ئەگەر ستەمکار بوو یان ستەم لێکراو". هاوەڵان گووتیان: ئەی نێردراوی الله، ئەوە ستەم لێکراوەکە سەردەخەین، بەڵام چۆن ئەو کەسە سەربخەین کەوا ستەمکارە؟ ئەویش فەرمووی: "دەستی بگرە"**».

جا مەبەست لە گوفتارەکەی پێغەمبەر -عليه السلام- ئەوەیە کە دەستی بگرە و بیگەڕێنەوە لە ئەنجامدانی زوڵم و ستەم، مەهێڵە ئەنجامی بدات. جا ئەگەر تۆ ئەوەندەشت پێ ناکرێ بۆ ئەو کاندیدە ڕیشدار و دێمۆکراسیخوازەی خۆی بە موسڵمان دەزانێت، ئەوا

---

(١) کتێبی صحیح البخاري > كتاب المظالم > باب أعن أخاك ظالما أو مظلوما > فەرموودەی ژمارە: ٢٤٤٤.

بەلایەنی کەمەوە بە دەنگدانەکەت پاڵپشتی مەکە. چونکە ئەگەر لە پەڕلەمانیشدا هیچ یاسایەکی کوفر دەرنەکات ئەوا بەلایەنی کەمەوە بەهۆی سوێند خواردنەکەیەوە کافر بووە، ئەمەشم لە لاپەڕی ١٤٣ بەلاوە ڕوونکردەوە.

٨- ئەو کەسەی دەنگ دەدات مانای ئەوەیە پەرە دەدات بە دروشمێکی دێمۆکڕاسیەت لە خاکەکە، ئەویش "دەنگدان" ـە، ئەمەش زۆر جێگەی دڵخۆشییە بۆ دێمۆکڕاسیخوازەکان؛ چونکە ئەوان دەیانەوێت ڕێژەی ئەو کەسانە زۆر بێت کەوا بەشداریی لەم پرۆسەیە دەکەن، زۆرجار بیستوومانە چۆن شانازیی بە زۆربوونی ژمارەی دەنگدەران دەکەن. تەنانەت بە جۆرەها شێواز مرۆڤەکان ناچار دەکەن تا دەنگ بدەن. بۆیەش ئەی ئەو کەسەی دەتەوێت دەنگ بدەیت، موماڕەسەی دروشمەکانی دێمۆکڕاسیەت مەکە و ڕێژەی دەنگدەرانیان زۆر مەکە و دڵیان خۆش مەکە، بەڵکو لە ڕیزی ئەهلی ئیسلام و تەوحید بمێنەرەوە و کافرانیش توڕە بکە.

٩- ئەو کەسەی دەنگ دەدات مانای ئەوەیە کە زۆرتر ئەگەری گەڕاندنەوە و جێبەجێکردنی حوکمی الله دادەبەزێنێت؛ چونکە هەرچەند دەنگدەران زۆرتر بن ئەوا دێمۆکڕاسیەت پەرە دەسێنێت، بەمەش ڕێگا بۆ دێمۆکڕاسیخوازەکان خۆشتر دەبێت تاکو لە هەموو ڕوویێک دێمۆکڕاسیەتەکەیان بسەپێنن و ڕەگیان داکوتن و مێشکی نەوە تازەکان بشۆرن بە ئاوی بۆگەنی دێمۆکڕاسیەت.

١٠- ئەو کەسەی دەنگ دەدات مانای ئەوەیە کەوا خۆشەویستیی و پشتیوانیی بۆ ئەهلی کوفر و تاغوتپەرستەکان هەیە (واتە الولاء)، هەروەها پشتی لە ئەهلی ئیسلام و شەریعەتی الله کردووە و ڕقی لێیانە (واتە البراء). ئەمەش لە کاتێکدایە کە الله -تبارك وتعالى- پێمان ڕادەگەیەنێت خۆشەویستیی و پاڵپشتیتان بۆ ئەهلی ئیسلام هەبێت و زاڵیان بکەن، هەروەها ڕقتان لە ئەهلی کوفر ببێتەوە و بەڕائەتیان لێ بکەن. کەچی ئەو کەسەی دەنگ دەدات هیچ ئاگاداری "الولاء والبراء" نییە، بۆیەش لێی پێچەوانە بووەتەوە و ئەوەتا موماڕەسەی دروشمی شەریعەتێکی تاغوت دەکات، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو هەموو ئایەت و فەرموودەیەی کەوا ئەهلی ئیسلام دەیخەنە بەر گوێی خەڵک لەبارەی دێمۆکڕاسیەت.

بەڕاستیی خاڵی تریش زۆر زۆرن، بەپێی ئەو لێکدانەوەیەی ئەنجاممدا، بۆم دەرکەوت هەر کەسێک دەنگ دەدات ئەوا پشتی هەڵکردووە لە نزیکەی ١٠٠ ئایاتی موحکەم و فەرموودەی صحیح! لەکاتێکدا ئەو ئایات و فەرموودانە دەیسەلمێنن شەریعەتی دێمۆکڕاسیەت تاغوتە و پێویستە کوفری پێ بکرێت و شوێنکەوتەکانیشی بە کافر بزانرێت، کەچی ئەو کەسەی دەنگ دەدات ئەوا بێ ئاگایە لەم هەموو ئایاتەی قورئان، بەتایبەت کە هەموو ئایاتەکان عەقیدەیین، واتە پەیوەستن بە بیروباوەڕ، ناکرێت مرۆڤ خۆی پێ موسڵمان بێت و ئاگایشی لێ نەبێت لەکاتێکدا قورئان لەنێو ماڵ و مزگەوت و مۆبایلی هەبێت! **بۆیەش هیچ هیچ**

گومانێک نییە لەوەی هەر کەسێک بچێت و دەنگ بە مرۆڤێک بدات و پەنجەی شایەتومانی مۆر بکات، ئەوا دیارە کوفری بە تاغوت نەکردووە، بۆیەش گومان لە کافرێتییەکەی نییە تا ئەو کاتەی کوفر بە دێمۆکڕاسیەت و دێمۆکڕاسیخوازەکان نەکات.

بابەتی سێیەم: وەڵامدانەوەی گومانەکان.

گومانی یەکەم: کارکردنی یوسف -علیه السلام- لە حوکومەتی پاشاکە.

بەر لەوەی وەڵامی گومانەکان بدەمەوە، وەکو پێشەکییەک دەڵێم: بەگشتیی لە لاپەڕی ١٧ تا ١٦٨ الحمدلله توانیم شەریعەتی دێمۆکڕاسیەت و بنچینە و دروشمەکانی شیبکەمەوە؛ تا قەومەکەم چاک بزانن ئەم شەریعەتە تاغوتە و دەبێ کوفری پێ بکرێت هەروەها پێویستە کوفر بە مومارەسەکارانیشی بکرێت.

بەڵام لەم بابەتەدا ڕووی دەمم لە کەسانێکی ترە، ئەویش ئەوانەن کە بەناوی ئیسلامەوە مومارەسەی ئیسلام دەکەن و باوەڕیان وایە دێمۆکڕاسیەت دژی هیچ ئایەتێکی قورئان نییە و ئەسڵەن دێمۆکڕاسیەت و ئیسلام یەکسانن!! هەموو ئەمەش لە کاتێکدایە کەوا بەدرێژیی سەلماندمان ئەم شەریعەتە پیسە دژی نزیکەی ١٠٠ ئایەت و فەرموودەیە، هەروەها کێشەی ئیسلام لەگەڵ دێمۆکڕاسیەت پەیوەستە بە "تەوحید"، هەروەها پەیوەستە بە "الولاء والبراء"، هەروەها پەیوەستە بە لایەنی پەروەردگارێتی الله (واتە الربوبیة). **کەواتە کێشەی ئیسلام لەگەڵ دێمۆکڕاسیەتدا کێشەیەکی عەقیدەییە**، کەچی کەسانێک دەڵێن: نەخێر ئیسلام دێمۆکڕاسیەتە!

بە دیاریکراویی ئەوانەی ئەم بیروباوەڕەیان هەیە بریتین لە "ئیخوان موسلیمین" و بەچکەکانیان لە سەرانسەری خاکی

موسڵمانان، جا لە خاکی کوردستانی عیڕاقدا سێ حیزبیان هەیە: "کۆمەڵ"، "بزووتنەوە"، "یەکگرتوو". هەموویان لەسەر مەنهەجی ئیخوان موسلیمین و حسن البنا ی تاغوتی گۆڕپەرست دەڕۆن و پڕ بەدڵ باوەڕیان بە دیمۆکراسیەت و بنچینەکانی هەیە.

بەداخەوە ئەمانە یەکێکن لە کاریگەرترین پاڵنەرەکان بۆ چەسپاندنی شەریعەتی دیمۆکراسیەت لە خاکی موسڵمانان؛ چونکە ئەم قەومە زۆر نەزان و ساویلکەن، زۆریش بێئاگان لە دینەکەی الله، بۆیەش کاتێک سەیری سیمای ئەم ئیخوانییانە دەکەن و دەبینن کەسانێکی ڕیشدارن و قورئانخوێن و مەلان، ئیتر هەڵدەخەڵەتێن، دەڵێن دیارە دیمۆکراسیەت زۆر ئاساییە ئەگینا ئەم مەلایانە مومارەسەی ناکەن و خەڵکی بۆ بانگ ناکەن!

بێگومان ئیخوانییەکان (حیزبە بەناو ئیسلامییەکان) کۆمەڵێک بەڵگەیان کۆکردووەتەوە بۆ شەرعیەتدان بە دیمۆکراسیەت، جا بە پێویستی دەزانم قەومەکەم ئاگادار بکەمەوە لە فێڵی ئەم حیزبە بەناو ئیسلامییانە، ئیتر با بزانین بەڵگەکانیان تا چەند ڕاستن.

یەکێک لە شوبهە و بەڵگەکانیان ئەوەیە کە دەڵێن: بەشداربوون لە شەریعەتێکی دەستکرد کوفر نییە، چونکە ئەوەتا پێغەمبەر یوسف -علیه السلام- بەشداربوو لە حوکومەتی پاشاکەی میسر سەرەڕای ئەوەی پاشاکە کافریش بوو و بە شەریعەتی تاغوت حوکمی دەکرد.

به پێویستی دەزانم وەڵامی ئەم گومانەیان بەدرێژیی بدەمەوە؛ چونکە ئەمە بەهێزترین بەڵگەی ئیخوانییەکانە بۆ مومارەسە کردنی دیمۆکراسیەتی تاغوت.

وەڵامی ئەم گومانەیان لە ٣ ڕوو دەدەمەوە:

ڕووی یەکەم: ئەو کەسانەی کە دەڵێن پێغەمبەر یوسف کاریکردووە لەناو شەریعەتێکی تاغوت، ئەوا دیارە ئەو کەسانە الله بەدرۆ دەخەنەوە -پەنا بە الله-؛ چونکە الله فەرموویەتی بانگەوازی تێکڕای پێغەمبەران -عليهم السلام- لەپێناوی پەرستنی الله بوو، هەروەها لەپێناوی دوورخستنەوەی خەڵک بوو لە تاغوتەکان، هەروەک الله -عز وجل- فەرموویەتی: {**ولقد بعثنا في كل أمة رسولا أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت ...**}[1]. واتە: {بەڕاستیی ئێمە نێردراومان بۆ هەموو ئوممەتێک ناردووە بەوەی کە الله بپەرستن و دوور بکەونەوە لە تاغوت ...}.

کەواتە پێغەمبەران بە قەومەکانیان گووتووە دووربکەونەوە لە تاغوت، یەکێکیش لە جۆرەکانی تاغوت بریتییە لە شەریعەتە دەستکردەکان، کەچی ئیخوانییەکان ئەم ئایەتە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن: نەخێر پێغەمبەر یوسف مومارەسەی شەریعەتێکی تاغوتی کرد لە سەردەمی خۆی!

درۆتان کرد، ئەوەتا پێغەمبەر یوسف -عليه الصلاة والسلام-

---

(١) سورەتی النحل، ئایەی ٣٦.

لەناو زیندان بە قەومەکەی دەگووت: {**... إن الحكم إلا لله ...**}[1]. واتە: {... حوکمدان تەنها بۆ الله یە ...}.

هەروەها هەر لەناو زیندان بە قەومەکەی گووت: {**... یاصاحبي السجن ءأرباب متفرقون خير أم الله الواحد القهار**}[2]. واتە: {... ئەی دوو هاوڕێ زیندانییەکەم، ئایا کۆمەڵێک پەروەردگاری جیاجیا بپەرسترێن یاخود الله ی تاک و تەنها و بەدەسەڵات؟}.

ئەوەتا لەم دوو ئایەتەوە بەتەواویی بۆمان دەردەکەوێت کە پێغەمبەر یوسف _علیه السلام- ئەسڵەن دژی شەریعەتە تاغوتەکان بووە و بە قەومەکەی ڕاگەیاندووە کەوا حوکمدان و یاسادانان تەنها مافی الله یە. تەنانەت لە ئایەتەی سەرەوە بە ئاشکرا بەو کەسانە دەڵێت "أرباب" کەوا یاسایان داڕشتبوو بۆ قەومەکە بەدڵی خۆیان.

ئایەتێکی تریشمان هەیە کە الله –سبحانه وتعالی- فەرموویەتی: {**وكذلك مكنا ليوسف في الأرض ...**}[3]. واتە: {بە هەمان شێوە یوسفمان پایەدار و خاوەن دەسەڵات کرد لە زەویدا ...}.

لەوانەیە بڵێین: ئەم ئایەتە چۆن دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی یوسف حوکمی بە شەریعەتی الله کردووە؟

لە وەڵامدا دەڵێم: لە ئایەتەکەدا الله وەسفی یوسف دەکات دەڵێت

---

(١) سورەتی یوسف، ئایەی ٤٠.

(٢) سورەتی یوسف، ئایەی ٣٩.

(٣) سورەتی یوسف، ئایەی ٥٦.

"مكنا ليوسف"، ئێستاش با بزانین الله ئەگەر عەبدێکی ساڵحی خۆی لەسەر زەویدا بکاتە خاوەن هێز و تەمکین و دەسەڵات، ئیتر مانای چییە. الله فەرموویەتی: {**الذين إن مكناهم في الأرض أقاموا الصلاة وءاتوا الزكاة وأمروا بالمعروف ونهو عن المنكر ...**}[١].
واتە: {-عەبدە ساڵحەکان- ئەوانەن کە ئەگەر لەسەر زەویدا پایەدار و دەسەڵاتدار بکرێن ئەوا نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن و فەرمان بە چاکە دەکەن و قەدەغەی خراپە دەکەن ...}.

گومانیش لەوە نییە کە یوسف یەکێکە لەو عەبدە ساڵحانەی کە الله لە ئایەتی پێشووتردا پێمانی ڕاگەیاند کەوا لەسەر زەویدا تەمکینی کردبوو، کەواتە ناکرێت حوکمی بە شەریعەتی الله نەکردبێت و نوێژکەر و زەکاتدەر نەبووبێ، یاخود فەرمانی بە چاکە نەکردبێ و قەدەغەی خراپەکاریی نەکردبێت! بەڵکو بەپێچەوانەوە لە لاپەڕی ٢٨٦ تا ٢٨٩ دەیسەلمێنین چۆن حوکمی الله ی جێبەجێ کردووە و سەرپێچی حوکمی پاشاکەی کردووە بەوپەڕی ئازادیی.

یەکێکی تر لە بەڵگە هەرە ڕۆشنەکان کە دەیسەلمێنێ پێغەمبەر یوسف -علیه الصلاة والسلام- حوکمی بە شەریعەتە تاغوتەکان نەکردووە، ئەوەیە کە الله لە چەند ئایەتێکدا ناوی ١٨ پێغەمبەر دەهێنێت -علیهم الصلاة والسلام-، یەکێک لە پێغەمبەرەکانیش کە ناوی هێنراوە بریتییە لە یوسف -علیه السلام-، ئینجا لەدوای

---

(١) سورەتی الحج، ئایەی ٤١.

ئایاتەکانەوە الله دەفەرموویت: {**أولئك الذين هدى الله فبهداهم اقتده ...**}[(١)]. واتە: {ئا ئەوانە ئەو کەسانە بوون کەوا الله هیدایەت و ڕێنموویی کردبوون، جا تۆش -ئەی محمد- لەسەر هیدایەت و ڕێنموویی ئەوان بڕۆ ...}.

کەواتە لەسەر بنەمای ئەم ئایەتە بۆمان دەردەکەوێت کە بیروباوەڕ و مەنهەجی پێغەمبەر محمد -صلی الله علیه وسلم- هەمان ئەو هیدایەت و مەنهەجەیە کەوا بۆ پێغەمبەرانی پێشووش نێردرابوو.

جا لێرەدا ئێمەش دەڵێین: ئەگەر پێغەمبەر یوسف -علیه السلام- بەشداری لە شەریعەتە تاغوتەکەی پاشاکە کردبێت، کەواتە دەبێ ئەم کارە لەلایەن پێغەمبەر محمدیش -صلی الله علیه وسلم- ئەنجام درابێت؛ چونکە الله پێمانی ڕاگەیاند کە هەمان ڕێنموویی و هیدایەتیان بۆ نێردرابوو.

بۆیەش دەپرسین: ئایا پێغەمبەر محمد -علیه الصلاة والسلام- لە قۆناغی مەککەدا بەهیچ جۆرێک سیاسەتی ئەنجامدا شانبەشانی قوڕەیشییەکان؟ ئایا لەگەڵ کافرەکان دەچووە دارولنەدوە تا لەوێدا کۆببێتەوە لەگەڵیان و سیاسەت بکەن بە هاوبەشیی؟! بێگومان نەخێر کاری وای نەکرد و هەرگیز مومارەسەی شەریعەتە جاهیلیەت و تاغوتەکەی عەرەبی نەکرد، ئێ کەواتە چۆن پێغەمبەر یوسف -علیه السلام- مومارەسەی شەریعەتە تاغوتەکەی سەردەمی خۆی

---

(١) سورەتی الأنعام، ئایەی ٩٠.

کردووە لەکاتێکدا پێغەمبەر محمد کاری وای نەکردووە و هەمان هیدایەتیشیان بۆ نێردراوە؟!

لەم بەڵگانەوە بۆمان دەردەکەوێت بانگەوازی پێغەمبەر یوسف لەسەر ڕێبازی پیرۆزی پێغەمبەران بووە و هەرگیز ڕێگای بۆ مومارەسە کردنی شەریعەتە تاغوتەکان خۆش نەکردووە بەڵکو ئەوەتا بینیمان قەومەکەی ئاگادار کردەوە کە حوکمدان و یاسادانان تەنها مافی الله یە نەک مرۆڤ، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو پێغەمبەرە لەلایەن الله کرایە خاوەنی دەسەڵات، ئیتر ئایەتی الله ی جێبەجێ کرد و فەرمانی بە چاکە کرد و ڕێگریی لە خراپە کرد بەوجۆرەی کە الله لە شەریعەتی ئەوکاتدا فەرمانی پێکردبوو، ئەمەشمان لە لاپەڕەکانی داهاتوو زۆرتر بۆ دەردەکەوێت.

ئەم ئایاتانە بەڵگەی بەهێزن بۆ تەکفیر کردنی ئیخوانییەکان؛ چونکە ئەگەر بەپێی قسەی ئەوان بێت ئەوا پێغەمبەر یوسف مومارەسەی شەریعەتێکی تاغوتی کردووە و ئەسڵەن حوکمەکانی شەریعەتی الله ی جێبەجێ نەکردووە بەڵکو دەستووری پاشاکەی جێبەجێ کردووە!، هەروەها بەپێی قسەیان بێت ئەوا دیارە پێغەمبەر محمد –علیه السلام– فەرمانی الله ی جێبەجێ نەکردووە و لەسەر هیدایەتی پێغەمبەر یوسف نەبووە و مومارەسەی شەریعەتە تاغوتەکانی نەکردووە!!! کەواتە ئیخوانییەکان ئەم هەموو ئایەتەی سەرەوە بەدرۆ دەخەنەوە کەوا دەیسەلمێنن پێغەمبەر یوسف دژی شەریعەتە دەستکرد و تاغوتەکان بووە.

ڕووی دووەم: پێغەمبەر یوسف خۆی دەستپێشخەر نەبوو بۆ ئەوەی بچێتە ناو حوکومەتی پاشاکە، بەڵکو پاشاکە داوای لێکرد کە بەشدار بێت لە حوکومەتەکەیدا. هەروەها پاشاکە هیچ مەرجێکیشی لەسەر پێغەمبەر یوسف دانەنا پێش ئەوەی بیکاتە بەشێک لە حوکومەتەکەی.

کەچی ئیخوانییەکان خۆیان دەستپێشخەرن لە مومارەسە کردنی دیمۆکڕاسیەت، هەروەها ئیخوانییەکان ئەسڵەن دەڵێن ئێمە باوەڕمان بە دیمۆکڕاسیەت هەیە! بەڵام ئایا پێغەمبەر یوسف -علیە السلام- باوەڕی بە شەریعەتە تاغوتەکەی ئەوکات هەبوو؟! نەخێر هەرگیز، بەڵکو یاسادانەرەکانی ئەوکاتی بە "أرباب" (واتە پەروەردگارەکان) ناو هێنا لە ئایەتەکە! کەچی ئیخوانییەکان هەر خۆیان دەیانەوێت بگەنە پەرلەمان و لەوێدا ببن بە "أرباب" و یاسای دەستکرد دابڕێژن و دەستووری نائیسلامیی بنووسنەوە (هەروەک ئەندامەکەی حیزبی کۆمەڵی ئیخوانیی وایگووت)، ئیتر چۆن ئەمانە وەکو یوسفن؟!

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە دەڵێم: پێغەمبەر یوسف هیچ مەرجێکی کوفری لەسەر دانەنرا لەلایەن پاشاکە، کەچی ئیخوانییەکان بۆ ئەوەی حیزبیان هەبێ ئەوا دەبێ ئەم کوفرانە بکەن:

١- دەبێ باوەڕ بهێنن بە شەریعەتی دیمۆکڕاسیەتی تاغوت.

٢- دەبێ باوەڕی تەواویان بە دەستوورە پیسەکەی عیراق هەبێت کەوا دەیان کوفر و شیرکی گەورەی تێدایە.

٣- دەبێ باوەڕیان بە بنچینە کوفرینەکانی دیمۆکڕاسیەت هەبێت کەوا لە لاپەڕی ٣٥ تا ٩٠ باسکراون.

٤- دەبێ باوەڕیان بە دروشمە کوفرینەکانی دیمۆکڕاسیەت هەبێ، وەکو ئازادیی پارچەگەرێتیی و دەستاودەستی دەسەڵات! دروشمە کوفرینەکانیش لە لاپەڕی ١٢٤ تا ١٦٨ باسکران.

خۆ ئەگەر ئەم چوار کوفرە گەورەیەی سەرەوە ئەنجام نەدەن ئەوا ئەسڵەن هەر ڕێگایان پێنادرێت حیزبیشیان هەبێت! جا ئایا پێغەمبەر یوسف ناچارکرا بۆ ئەوەی یەک دانە کوفریش ئەنجام بدات لەپێناوی گەیشتن بە دەسەڵات؟! نەخێر هەرگیز ناچار نەکرا.

جا ئەم چوار کوفرەی سەرەوە تەنها تایبەتن بە مۆڵەتی هاتنە ناو دیمۆکڕاسیەت، بەڵام دیمۆکڕاسیەت هەر بەوەندە وازیان لێ ناهێنێت، ئیتر ئەگەر بیانەوێ بچنە ناو پەڕڵەمان ئەوا دیمۆکڕاسیەت فەرمانیان پێدەکات سوێندی یاسایی بخۆن، سوێندە کوفرینەکەش لە لاپەڕی ١٤٢ و ١٤٣ باسکراوە. هەروەها بەهۆی سوێندەکەوە ئیتر پەڕڵەمانتارە ئیخوانییەکە تووشی پێنج کوفری گەورەی دیکەش دەبێت سەرەڕای چوار کوفرەکەی لاپەڕی پێشوو:

١- سوێند دەخوات بە الله بەوەی ئەو ئەرکانە ئەنجام بدات کە دەستوورە پیسەکەی عیراق بۆی داناوە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە (واتە إخلاص). واتە بەوپەڕی ئیخلاسەوە ئەرکە کوفرەکانی دەکات!

٢- سوێند دەخوات بە الله کە پارێزگاریی لە شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتی تاغوت بکات لە خاکی عێراق!

٣- سوێند دەخوات بە الله بەوەی ئازادییەکان بپارێزێت، وەکو ئازادیی بیروباوەڕ و ئازادیی بیروڕا و ئازادیی بڵاوکردنەوەی بیروڕایە کوفرەکانی و هتد...!

٤- سوێند دەخوات بە الله بەوەی کار بکات لەپێناوی سەربەخۆ کردنی دادگاکان تاکو بەوپەڕی ئازادییەوە حوکم بکەن لەسەر بنەمای ئەو یاسایە دەستکردە تاغوتییانەی کە لە بینایە پیسەکەی پەڕلەمانەوە دەردەچن ئەگەرچی پێچەوانەی شەریعەتی الله بن!

٥- سوێند دەخوات بە الله بەوەی هەڵسێت بە جێبەجێ کردنی یاساکانی دەستوور و یاسایە دەرچووەکانی ناو پەڕلەمان، بەبێ ئەوەی لێیان لابدات، ئەگەرچی یاساکان کوفر و سەرپێچیش بن لە شەریعەتی الله دا!

هاوار بۆ حاڵیان، ئەم پێنج کوفرە گەورەیە لەگەڵ چوار کوفرەکەی لاپەڕی پێشوو، ئەوە ٩ کوفری گەورە، ئەمە جگە لەوەی بە بەڵگەی فەرموودەی صحیح سەلماندم کە ئەگەر لەدڵیش نیەتێکی تریان هەبێت ئەوا سوودی بۆیان نییە؛ چونکە لەسەر فەرمانی دەستوور سوێندیان خواردووە. ئیتر پێم ناڵێن چۆن ئەندام پەڕلەمانێکی تاغوت هێنرایە ئاستی پێغەمبەر یوسف؟! کوا یەک بەڵگەی ئایەت و فەرموودە بهێنن کە پێغەمبەر یوسف -علیە

السلام- کەوتبێتە ناو یەک دانە کوفریشەوە پێش ئەوەی دەسەڵاتی پێ بدرێت؟

ڕووی سێیەم: ئەوکاتەی پێغەمبەر یوسف -صلی الله علیه وسلم- بوو بە دەسەڵاتدار لای پاشاکە، ئیتر ئەو پاشایە ئازادییەکی تەواوی پێدا؛ تا بەو جۆرە حوکم بکات کەوا خۆی دەیویست، هەروەک الله گوفتاری پاشاکەمان پێ ڕادەگەیەنێت کاتێک بە پێغەمبەر یوسفی گووتبوو: {**وقال الملك ائتوني به أستخلصه لنفسي فلما كلمه قال إنك اليوم لدينا مكين أمين**}(١). واتە: {پاشاکە گووتی: بیهێننە لام (مەبەستی یوسف بوو) بۆ ئەوەی بیکەم بە یاریدەدەری تایبەتی خۆم، ئیتر لەوکاتەی قسەی لەگەڵ کرد، گووتی: تۆ ئەمڕۆ لەلای ئێمە کەسێکی پایەدار و ڕێگاپێدراو و جێگای متمانەی}.

کەواتە پاشاکە ڕێگای بۆ پێغەمبەر یوسف کردەوە و پێی ڕاگەیاند کەوا ئەو ئازادە و هەرچۆنێک بیەوێت ئەوا با بەو جۆرە حوکم بکات و بجووڵێتەوە. هەر ئەمەش تەفسیری وشەی "مكين"ـە لەناو ئایەتەکە. ئیتر پێغەمبەر یوسفیش بە شەریعەتی الله حوکمی دەکرد نەک شەریعەتە تاغوت و دەستکردەکەی پاشاکە، ئەوەیشی کە زۆرتر دەیسەلمێنێت گوفتارەکەم ڕاستە، ئەوەیە کە پێغەمبەر یوسف براکەی خۆی کرد بە کۆیلە بەهۆی دزیکردن، ئەمەش

---

(١) سورەتی یوسف، ئایەی ٥٤.

حوکمی شەرعیی دزیکردن بوو لە سەردەمی پێغەمبەر یوسف، کەچی لە شەریعەتە تاغوتەکەی پاشاکەدا نەدەبووایە کاری وا بکات! بەڵام هەر کردی!، هەروەک الله فەرموویەتی: {**... وما كان ليأخذ أخاه في دين الملك ...**}[١]. واتە: {... لە دین و شەریعەتی پاشاکەدا یوسف بۆی نەبوو براکەی بگرێت ...}.

وشەی "دین" لە ئایەتەکە بەمانای دەستوور و شەریعەت دێت، مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەو حوکمەی پێغەمبەر یوسف لەسەر براکەی ئەنجامیدا ئەوا ئەسڵەن لە دین و دەستووری پاشاکەی میسر نەبوو، بەڵکو حوکمەکەی لە شەریعەتی پێغەمبەر یعقوب وەرگرتبوو، کەواتە پێغەمبەر یوسف -علیه السلام- بەجۆرێک ئازاد کرابوو لە دەسەڵاتدارییەکەی کەوا حوکمی بە شەریعەتی الله دەکرد و کەسیش نەیدەتوانی ببێتە بەربەست لەپێش حوکمەکانی.

جا پێویستە ئەو بەناو موسڵمانانەی مومارەسەی دیمۆکراسیەت دەکەن وەڵاممان بدەنەوە: ئایا ئەوانیش دەتوانن بەمجۆرەی پێغەمبەر یوسف -علیه السلام- حوکم بکەن بە شەریعەتی الله و کەسیش لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکات؟! ئایا ئەوانیش هاوشێوەی پێغەمبەر یوسف ڕێگایان بۆ خۆشکراوە تاکو حوکم بە شەریعەتی الله بکەن؟

بێگومان ئەسڵەن هەر ڕێگایان پێ نادرێت حوکم بە شەریعەتی الله بکەن، بەڵکو دەبێ لەچوارچێوەی شەریعەتی دیمۆکراسیەت و

---

(١) سورەتی یوسف، ئایەی ٧٦.

یاساکانی پەڕڵەمان دەرنەچن، هەروەها ئەگەر بە زۆرینەی دەنگی پەڕڵەمانتارە تاغوتەکان بڕیاردرا لەسەر ڕێگادان بە کوفرێک، ئەوا ئەم پەڕڵەمانتارە بەناو موسڵمانانە هیچ هیچیان پێ ناکرێت، بەڵکو دەبێ بەوپەڕی زەلیلییەوە لە بینای پەڕڵەمانەکە بڕۆنە دەرەوە و دڵیشیان خۆشە و دەڵێن ئێمە دەنگمان بە یاساکە نەداوە!

لە وەڵامدا دەڵێم: ئەی مەگەر ئێوە ناڵێن ئێمە لەسەر مەنهەجی پێغەمبەر یوسفین؟ ئەو لەلایەن پاشاکەوە ئازادییەکی تەواوی پێدرا و حوکمی بە شەریعەتی الله دەکرد و عیززەتی هەبوو و هیچ کوفرێکیشی نەکرد، کەچی ئێوە لەپێناوی ئەوەی مومارەسەی دێمۆکراسیەت بکەن هەر زوو ٤ کوفری گەورەتان ئەنجامدا هەروەک باسم کرد، دواتر بۆ ئەوەی بگەنە پەڕلەمان ئیتر ٥ کوفری گەورەی ترتان ئەنجامدا، سەرەڕای ئەوەی کە ئەسڵەن هەر تواناتان نییە حوکم بە شەریعەتی الله بکەن، بەڵکو وەکو بووکەشووشەیەک لەناو بیناکەن و شەڕعیەتتان داوەتە عەلمانیەکان.

سەرەڕای ئەوەی لە ٣ ڕووەوە سەلماندمان کە بەڵگەی ئیخوانییەکان سەبارەت بە پێغەمبەر یوسف بریتییە لە قیاسێکی چەوت و هەرگیز لەسەر ئەم ئیخوانییانە جێبەجێ نابێت، ئەمەشم لە سەرەوە ڕوون کردەوە الحمدللە.

ئێستاش ئیخوانییەکان گومانێکی تر دەورووژێنن و دەڵێن: ئەوەتا پێغەمبەر یوسف لەلای پاشاکەدا خۆی داوای لە پاشاکە کرد

تا بیکاتە بەشێک لە حوکومەتەکەی، هەروەک خوای گەورە باسی دەکات: {**قال اجعلني على خزآئن الأرض ...**}[1]. واتە: {-یوسف گووتی- بمکە بە سەرکاری گەنجینە و خەزێنەی خاکی میسڕ ...}. جا ئێمەش خۆمان دەچینە ناو حوکومەت و داوای پۆست دەکەین!

لە وەڵامدا دەڵێم: ئیخوانییەکان پێویستە دوو حاڵەت لە یەکتری جیابکەنەوە:

حاڵەتی یەکەم: کارکردنی موسڵمانەکە بەشێوەیەکی دوو قۆڵیی لەگەڵ کافرەکە لەچوارچێوەی دەستوور و شەریعەتە تاغوتەکە (واتە: العمل مع الکافر). حوکمی ئەم حاڵەتەش ئەوەیە کە موسڵمانەکە پێی کافر دەبێت؛ چونکە بە هاوبەشیی لەگەڵ کافرەکە خەریکی مومارەسە کردنی شەریعەتە تاغوتەکەیە.

حاڵەتی دووەم: کارکردنی موسڵمانەکە لەلای کافرەکە بەشێوازێکی سەربەخۆ. بەو مەرجەی کە هیچ پەیوەست نەبێت بە دەستوور و شەریعەتە تاغوتەکە (واتە العمل عند الکافر). حوکمی ئەم حاڵەتەش ئەوەیە کە موسڵمانەکە پێی کافر نابێت بەڵام بە دوو مەرج:

١- نابێ کارەکە پێچەوانەی هیچ حوکم و ئایەتێکی شەریعەتی الله بێت.

(١) سوڕەتی یوسف، ئایەی ٥٥.

٢- نابێ کارەکە زیانی بۆ موسڵمانان هەبێت.

جا حاڵەتەکەی پێغەمبەر یوسف -علیه السلام- بریتی بوو لە حاڵەتی دووەم؛ چونکە پێغەمبەر یوسف هەرگیز بە دوو قۆڵیی و لەژێر سێبەری شەریعەتە تاغوتەکەی پاشاکە دەسەڵاتی وەرنەگرت و سیاسەتی نەکرد، ئەو ئەسڵەن دژی حوکمە دەستکرد و تاغوتەکان بوو. هەروەها بە شەریعەتی الله حوکمی دەکرد بەوپەڕی ئازادییەوە و سەرپێچیی حوکمەکانی پاشاکەی دەکرد. هەروەها کارەکەی هیچ زیانێکی بۆ خۆی و موسڵمانان نەبوو.

بۆیە حیزبە بەناو ئیسلامییەکان تەنانەت بەڵگەکەش لەسەریان جێبەجێ نابێ؛ چونکە ئەوان کەوتوونەتە ژێر حاڵەتی یەکەم، واتە ئەوان ئەسڵەن ڕێگایان پێ نادرێت تاکو سەربەخۆ سیاسەت بکەن، بەڵکو ئیللا دەبێ بە دوو قۆڵیی لەگەڵ کافران سیاسەت بکەن، هەروەها بۆیان نییە لەم تۆزە دەسەڵاتەی پێیان دراوە بەکاری بهێنن بۆ جێبەجێ کردنی حوکمی الله، بەڵکو ئیللا دەبێ لە چوارچێوەی دەستوور و شەریعەتە تاغوت و داڕێژراوەکەی پەڕلەمان دەسەڵاتەکەیان بەکار بهێنن، ئەگینا لێپرسینەوە و سزای یاساییان بەرەو ڕوو دەکرێتەوە! ئیتر پێمان ناڵێن چۆن ئەو حاڵەتەی پێغەمبەر یوسف -علیه الصلاة والسلام- لەگەڵ حاڵی خۆتان وەکو یەکتر سەیر دەکەن ئەی حیزبە بەناو ئیسلامییەکان؟ هاوار بۆ حاڵی خۆتان و دەنگدەرە ساویلکەکانتان.

ئەگەر دەشڵێن: بەڵگە چییە کەوا پێغەمبەر یوسف -علیه السلام- بە هاوبەشیی لەگەڵ پاشاکە خەزێنەکەی بەڕێوە نەبردووە؟

لە وەڵامدا دەڵێم: چەندین بەڵگەمان لەبەردەستە کە دەیسەلمێنن پێغەمبەر یوسف لە کاری بەڕێوەبردنی گەنجینەکان بەتەواویی سەربەخۆ بووە و هیچ حیسابی بۆ یاساکانی پاشای میسرِ نەکردووە، لە نموونەی بەڵگەکان:

بەڵگەی یەکەم: هەر خودی پاشاکە خۆی پێغەمبەر یوسفی ئازاد کرد و گووتی {**... إنك اليوم لدينا مكين أمين**}[1]. واتە: {... تۆ ئەمڕۆ لای ئێمە کەسێکی پایەدار و ڕێگاپێدراو و جێگای متمانەی}. ئەوەتا پاشاکە پێغەمبەر یوسفی ئازادکرد لە کارەکەی.

بەڵگەی دووەم: ئەوەتا پێغەمبەر یوسف -علیه السلام- هەر خۆی لەسەر بنەمای شەریعەتی الله سزای براکەیدا نەک لەسەر بنەمای شەریعەتی پاشاکە، هەروەک الله فەرموویەتی: {**... ما كان ليأخذ أخاه في دين الملك ...**}[2]. واتە: {... لە دین و دەستووری پاشای میسرِدا نەبوو کەوا یوسف براکەی خۆی بپارێزێت و بیهێڵێتەوە ...}. ئەمەش دەیسەلمێنێ بەتەواویی سەربەخۆ بووە و حیسابی بۆ دەستووری پاشاکە نەکردووە.

(١) سورەتی یوسف، ئایەی ٥٤.

(٢) سورەتی یوسف، ئایەی ٧٦.

بەڵگەی سێیەم: پێغەمبەر یوسف -علیه الصلاة والسلام- لە کاروباری کڕین و فرۆشتنەکەیدا سەربەخۆیانە مامەڵەی کردووە و مەرجی داناوە بەبێ ئەوەی ئەو مەرجانە لە دەستووری پاشاکەی میسرِ هەبن، ئەوەتا {**ولما جهزهم بجهازهم قال ائتوني بأخ لكم من أبيكم ألا ترون إني أوفي الكيل وأنا خير المنزلين * فإن لم تأتوني به فلا كيل لكم عندي ولا تقربون**}(١). واتە: {کاتێک -یوسف- بارەکانی بۆیان ئامادە کرد گووتی: برا باوکییەکەتان بهێنن، ئەوە نابینن من بە تەواویی و ڕێکوپێکیی پێوانەم بۆتان کرد و هەروەها من باشترین کەس بووم کە ئێوە لەلای مابنەوە؟ * ئەگەر ئێوە ئەوم بۆ نەهێنن (واتە براکەیان) ئەوا ئیتر هیچ پێوانەیەکتان بۆ نییە و مەیەنەوە لام}.

هەروەک بینیتان، ئەوەتا کۆمەڵێک کڕیار هاتوونەتە لای یوسف، ئەویش چەند مەرجێکی بۆیان دانا، گووتی دەبێ بۆ جاری داهاتوو براکەتان بهێنن ئەگینا من کڕین و فرۆشتن لەگەڵ ئێوە ناکەم و ناشبێ بێنەوە ئێرە!!! لێرەدا دەپرسم: ئایا لە دەستووری پاشاکەی میسرِدا شتی وا هەبوو کە کڕیارەکان ناچار بن بەوەی براکانیان بهێنن ئەگینا شتیان پێ نەدرێت؟! نەخێر شتی وا نەبووە لە دەستووری پاشاکە، کەچی پێغەمبەر یوسف ئەم مەرجەی بە دڵی خۆی دانا و حیسابی بۆ دەستووری پاشاکەش نەکرد!

---

(١) سورەتی یوسف، ئایەی ٥٩ و ٦٠.

جا ئەی قەومەکەم، ئایا ئیخوانیی و حیزبە بەناو ئیسلامییەکان کە ئێوەیان هەڵخەڵەتاندووە، توانایان هەیە بەوەی ئاوا وەکو یوسف بە ئازادانە حوکم بە شەریعەتی الله بکەن؟ نەخێر بەڵکو ئەسڵەن دەبێ پابەندی دەستوورە کوفرینەکە بن.

جیاوازییەکی تریش لەنێوان پێغەمبەر یوسف -علیه السلام- لەگەڵ ئەم حیزبە بەناو ئیسلامییانە ئەوەیە کە پێغەمبەر یوسف بەهیچ شێوەیەک مومارەسەی شەریعەتە تاغوتەکەی پاشای میسڕی نەکرد تاکو بگاتە دەسەڵات، بەڵکو الله -تبارك وتعالى- خۆی هێز و دەسەڵاتی پێدا و تێکڕای بەربەستەکانی لەپێش یوسف شکاند و هەر لەناو زیندانەوە دەریهێنا بەرەو کۆشکی پاشاکە و ئینجا دەسەڵاتێکی سەربەخۆی پێدرا لەلایەن الله، بەبێ ئەوەی بکەوێتە ناو یەک دانە کوفریش. ئەوەتا پێغەمبەر یوسف خۆی دان بەوە دەنێت کە الله موڵک و دەسەڵاتداریی پێداوە نەک ئەوەی کە هەوڵی خۆی تێدا بووبێ، هەروەک الله بۆمان باس دەکات: {**رب قد ءاتيتني من الملك ...**}[1]. واتە: {ئەی پەروەردگارم، بەڕاستیی تۆ موڵک و دەسەڵاتداریت پێم گەیاند ...}.

جا ئایا ئەم حیزبە بەناو ئیسلامییانەش بەهەمان شێوەی پێغەمبەر یوسف بوون و هیچ هەوڵی مومارەسەکردنی تاغوتیان نەداوە؟! نەخێر بەڵکو ئەوەتا پڕ بەدڵ دەڵێن باوەڕمان بە شەریعەتی

---

(١) سورەتی یوسف، ئایەی ١٠١.

دێمۆکڕاسیەت هەیە، ئەوەتا لەپێناوی گەیشتنە دەسەڵات وا مومارەسەی دروشمەکانی دێمۆکڕاسیەت دەکەن و تەنازولیان لە تەوحید و زۆربەی حوکمە شەرعییەکان کردووە تەنها بۆ ئەوەی بگەنە دەسەڵات!! ئایا پێغەمبەر یوسف بەم حاڵە گەیشتە دەسەڵات؟ ئەم بەناو موسڵمانانە دەیان کوفری گەورەیان کرد تاکو بگەن بە دەسەڵات، کەچی پێغەمبەر یوسف -صلى الله عليه وسلم- ئەسڵەن تووشی تاوانیش نەبوو نەک کوفر.

بۆیەش پێویستە چیتر ئیخوانییەکان خەڵک نەخەنە ناو شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتی تاغوت بە بیانووی ئەوەی کە پێغەمبەر یوسف کاری وایکردووە، حاشا، ئەوەتا بەبەڵگەی قورئان سەلماندمان هەرگیز کاری وای نەکردووە. **بۆیەش ئەی قەومەکەم بگەڕێنەوە بۆ قورئان، ئەوکات کەس ناتوانێ هەڵتانخەڵەتێنێ ئەگەر ئێوە دەست بگرن بە کتێب و دەستوور و شەریعەتەکەی پەروەردگار.**

بابەتی سێیەم: وەڵامدانەوەی گومانەکان.

گومانی دووەم: نەجاشی (پاشای حەبەشە) حوکمی بە شەریعەتی الله نەکرد و موسڵمانیش بوو.

ئەمجارەیان ئیخوانییەکان کە وەڵامی گومانەکەی تریان وەرگرت و زانیان هەڵەن، ئیتر دەڵێن: کاکە حوکم کردن و بەشداربوون لە شەریعەتە تاغوتەکان کوفر نییە، ئەوەتا نەجاشی پاشای وڵاتی حەبەشە بوو، حوکمیشی بە شەریعەتی الله نەدەکرد، کاتێکیش کە مرد ئەوا پێغەمبەر نوێژی جەنازەی لەسەر کرد، کەواتە ئەگەرچی حوکمی بە تاغوت دەکرد بەڵام هەر موسڵمان بوو.

لە وەڵامدا دەڵێم: بەڵێ گومان لەوە نییە نەجاشی -رحمه الله- پیاوێکی موسڵمان بوو و پاشای وڵاتی حەبەشە بوو، ئەمە شتێکە کە بەبەڵگەی شەرعیی چەسپاوە لامان. هەروەها موسڵمان بوونیشی دەگەڕێتەوە بۆ دوای ساڵی ٦ ی هیجریی، هەروەها مردنیشی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی ٨ ی هیجریی، کەواتە کەمتر لە دوو ساڵ بە موسڵمانێتیی ژیاوە.

ئەوەی کە گرینگە خوێنەران و ئیخوانییەکان بیزانن، ئەوەیە کە نەجاشی لەم ماوە کەمەی تەمەنیدا کەوا بە موسڵمانێتی ژیا، ئیتر هەرچییەکی لە پێغەمبەرەوە پێگەیشتبێت ئەوا قەبوڵی کردبوو و دانی پێدانابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تەمەنی موسڵمانێتییەکەی کورت بوو، بۆیەش تەنها تەوحیدی پێگەیشت، لە سەردەمی پێش ئیسلامدا

نەجاشی پیاوێکی گاور بوو، باوەڕی وابوو کە "الله و عیسا و مەڕیەم" هەر سێکیان شایەنی پەرستنن، بەڵام کاتێک بوو بە موسڵمان، ئیتر بەیعەتی دایە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەروەها ئیتر گووتی "لا إله إلا الله"، هەروەها دانی بەوەنا کەوا عیسا -علیه السلام- نێردراوی الله یە نەک کوڕی الله.

ئەمە تاکە بابەتی شەرعیی بوو کەوا گەیشتبووە نەجاشی -رحمه الله- و ئەویش باوەڕی پێ هێنا و موسڵمان بوو. بەڵام هیچ بابەتێکی تری شەرعیی پێنەگەیشتبوو لەمە زیاتر، بەتایبەت ئەو حوکم و ئایاتانەی کە بۆ سەر پێغەمبەر دادەبەزین لە مەدینە، نەجاشی لێیان بێ ئاگا بوو؛ چونکە زۆر دوور بوو لە موسڵمانان، تەنها ئاگاداری تەوحید بوو.

نەک هەر نەجاشی، بەڵکو ئەو هاوەڵانەی پێغەمبەریش کە لە حەبەشە دەژیان، گشتیان وەکو نەجاشی بێ ئاگا بوون لەو حوکم و ئایاتانەی کە دادەبەزین لە مەدینە، ئەوەتا عبدالله بن مسعود -رضي الله عنه- کاتێک لە حەبەشە گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، ئیتر بەلای پێغەمبەر تێپەڕی و بینی خەریکی نوێژە، بۆیەش إبن مسعود سەلامی لە پێغەمبەر کرد لەکاتی نوێژکردنەکە، پێغەمبەریش وەڵامی نەدایەوە، بۆیەش بە پێغەمبەری گووت: ئەی نێردراوی الله، ئێمە پێشتر سەلامان لێت دەکرد و تۆش لەناو

نوێژکردن وەڵامت دەداینەوە. پێغەمبەریش فەرمووی: «**إن في الصلاة شغلا**»[1]. واتە: «**نوێژکردن سەرقاڵ بوونی تێدایە**».

هەروەک لەم بەڵگەیەوە دەرکەوت، ئەوەتا إبن مسعود یش لەوکاتەی کە لە حەبەشە بوو، ئاگاداری ئەوە نەببوو کەوا شەریعەت زۆرتر دابەزیوە و هەندێک لە حوکمەکانی پێشوو نەسخ بوونەتەوە بە حوکمی نوێ؛ چونکە پێش ئەوەی إبن مسعود بچێتە حەبەشە، هیچ کێشەیەک نەبوو کە لەناو نوێژدا وەڵامی سەلام بدرێتەوە، بەڵام لەدوای چوون و گەڕانەوەیدا ئینجا زانی حوکمە گۆڕاوە.

تەنانەت ئەو هاوەڵانەی کە لە حەبەشە دەژیان، بێ ئاگا بوون لەوەی الله فەرمانی بە نوێژی جەنازە کردووە لەکاتی مردنی موسڵمانێک، هەر بۆیەش إبن العربي -رحمه الله- دەڵێت: هۆکاری ئەنجامدانی "نوێژی جەنازەی غائب" لەلایەن پێغەمبەرەوە بۆ نەجاشی لەبەر ئەوەبوو چونکە دەیزانی موسڵمانەکانی حەبەشە ئاگاداری ئەوە نین کە الله نوێژی جەنازەی شەڕعاندووە بۆ موسڵمانان، بۆیەش دەیزانی موسڵمانان لەوێ نەجاشی دەنێژن و نوێژی لەسەر ناکەن، هەر بۆیەش خۆی نوێژی جەنازەی غائب ی لەسەر کرد.

---

(١) کتێبی صحيح البخاري > كتاب مناقب الأنصار > باب هجرة الحبشة > فەرموودەی ژمارە: ٣٨٧٥.

کەواتە تێکڕای ئەو موسڵمانانەی لە حەبەشە دەژیان (بە نەجاشیەوە) گشتیان بێ ئاگا بوون لە حوکمە نوێیەکان، بۆیەش تەنها باوەڕیان بەو حوکمانە هەبوو کە پێشتر زانیبوویان. هەر ئەمەش هۆکاری کارنەکردنی نەجاشیە بە حوکمی اللە؛ چونکە هیچ حوکمێکی شەرعیی پێ نەگەیشتبوو تاکو کاری پێ بکات و ئیمانی پێ بهێنێ، جگە لە تەوحید.

هەر بۆیەش نەجاشی هەر حوکمی موسڵمانی لەسەر دەدرێت؛ چونکە بێ ئاگا بووە لە حوکمە شەرعییە نوێیەکان، کەچی ئەم حیزبە بەناو ئیسلامیانە خۆیان هێناوەتە ئاستی نەجاشی، لەکاتێکدا ئەم جیاوازییە گەورانەیان لەگەڵ نەجاشی هەیە:

یەکەم: نەجاشی پشتی لە دینەکەی خۆی کرد و ئیمانی بە شەریعەتی اللە هێنا، کەچی حیزبە بەناو ئیسلامییەکان پشتیان لە شەریعەتی اللە کردووە و ئیمانیان بە دێمۆکڕاسیەت هێناوە! لە لاپەڕی ١٧ تا ١٦٨ سەلماندم دێمۆکڕاسیەت شەریعەتێکی سەربەخۆیە وەکو ئیسلام، هەروەها بنچینە و دروشمەکانی گشتیان دژی ئیسلامن، کەچی ئیخوانییەکان پشتیان لە دەیان ئایەتی موحکەمی قوڕئان هێناوە لەپێناوی مومارەسە کردنی دێمۆکڕاسیەتی تاغوت. ئیتر ئایا ئەم ئیخوانییانە لەسەر مەنهەجی نەجاشین یاخود ڕێک پێچەوانەی نەجاشین؟! بێگومان پێچەوانەی نەجاشی.

دووەم: نەجاشی دەستی نەدەگەیشتە زانستی شەرعیی، بەڵام ئەم ئیخوانییانە خۆیان ئاگاداری حەقیقەتی ئیسلامن، خۆیان ئاگاداری ئایەت بە ئایەتی قورئانن. زۆرینەی ئەندام پەرلەمانە بەناو ئیسلامییەکان پلەی دکتۆرایان هەیە لە بوارێکی عیلمی شەرعیی، لەناویاندا هەیە قورئانی هەموو لەبەرە، لەناویاندا هەیە تەنانەت دەرسی تەفسیری قورئان و دەرسی شەرعی دەداتەوە و ساڵانە چەندین کتێبی شەرعیی بڵاو دەکاتەوە و بەتەواویی زانایە بە ئیسلام! ئیتر چۆن ئەمانە لەگەڵ نەجاشی وەکو یەکترن؟! نەجاشی ئەسڵەن لە تەوحید بەلاوە ئاگاداری هیچی تر نەبوو.

سێیەم: نەجاشی دوور بوو لە موسڵمانان، بەڵام ئەم ئیخوانییانە لەناو جەرگەی خاکی موسڵمانانن و دەستیان دەگاتە حەقیقەتەکان و هیچ بەربەرستێکیان لەپێش نییە، بەڵام خۆیان کوێر کردووە.

چوارەم: نەجاشی بەپێی ئەو زانستە شەرعییەی کە پێی گەیشتبوو، ئیتر بەتەواویی بەرائەتی لە کافران کردبوو، ئەوەتا پێشووتر پارەی دەنارد بۆ "هیرەقل" ی پاشای ڕۆمەکان، بەڵام لەدوای موسڵمان بوونی دەیگووت: **لا واللە، لو سألني درهما واحدا ما أعطيته**[1]. واتە: ناواللە، ئەگەر داوای یەک درهەمیش بکات ئەوا پێی نادەم.

---

(١)کتێبی زاد المعاد في هدي خير العباد > بەرگی سێیەم > لاپەڕی ژمارە ٦٣.

بەڵام ئیخوانییەکان پشتیان لە دەیان ئایەت کردووە کە اللە -عز وجل- بە ئاشکرا فەرمانمان پێدەکات تاکو بەڕائەت لە کافران بکەین و شوێنیان نەکەوین و تەنانەت لە دڵیشمانەوە خۆشەویستیمان بۆیان نەبێت و هەروەها فەرمانمان پێکراوە حوکم بە شەریعەتی اللە بکەین و تەنازول لە یەک حوکمی شەڕعیش نەکەین. کەچی ئیخوانییەکان حیساب بۆ ئەم ئایاتانە ناکەن و خۆیان فڕێداوەتە ناو گۆماوی شەریعەتە تاغوتەکان و هەروەها بەتەواویی خۆیان بە برای ئەو کەسانە ئەزانن کەوا اللە لە کتێبەکەی تەکفیری کردوون. کەواتە ئەم ئیخوانییانە بەقەد نەجاشی ئاگاداری "الولاء والبراء" نین و کاری پێناکەن! ئەمەش یەکێکە لە بەڵگە هەرە بەهێزەکان لەسەر تەکفیر کردنیان.

ئیتر چۆن ئەمانە خۆیان ئەهێننە ئاستی نەجاشی؟! ئەی قەومەکەم، بە کەسانێک هەڵمەخەڵەتێن کە ئەمە حاڵیانە و بەم فێڵانە هەڵتان دەخەڵەتێنن و حەقیقەتی باسەکەتان بۆ ڕوون ناکەنەوە، بەڵکو ئەیانەوێت ڕاپێچتان بکەن بۆ ناو گێژاوی شەریعەتێکی تاغوت.

بابەتی سێیەم: وەڵامدانەوەی گومانەکان.

گومانی سێیەم: پێغەمبەرمان -علیه السلام- حوکمی بە تەوڕات کرد.

حیزبە بەناو ئیسلامییەکان لەپێناوی مومارەسە کردنی دێمۆکڕاسیەتی تاغوت، و لەپێناوی ڕاکێشانی ئەم قەومە بەرەو موشریک بوون، ئیتر گومان لەدوای گومان دروست دەکەن بۆ ئەم خەڵکە تاکو قەناعەتیان پێ بهێنن و پەنجەی شایەتومانیان بۆ مۆر بکەن! جا لەدوای ئەوەی وەڵامی هەردوو گومانەکەی سەرەوەیان وەرگرت، ئیتر گومانێکی تر دەردەبڕن و دەڵێن: کاکە ئەوەتا پێغەمبەرمان -صلی الله علیه وسلم- کاتێک ویستی سزای زیناکارە جولەکەکان بدات، داوای حوکمی زیناکاری کرد لە کتێبی تەوڕات، هەروەها زیناکارەکانی بەردباران کرد لەسەر بنەمای حوکمەکەی تەوڕات. کەواتە بۆ ئێمەش ئاساییە و مومارەسەی دێمۆکڕاسیەت ئەکەین!

بەر لەوەی وەڵامی گومانەکە بدەمەوە، با سەرەتا ڕووداوەکە دابنێم تاکو خوێنەر چاکتر بزانێت بابەتەکە چییە:

عبدالله بن عمر -رضي الله عنهما- بۆمان دەگێڕێتەوە: «**أن اليهود جاءوا إلى رسول الله -صلى الله عليه وسلم- فذكروا له أن رجلا منهم وامرأة زنيا، فقال لهم رسول الله -صلى الله عليه وسلم- : "ماذا تجدون في التوراة في شأن الرجم؟"، فقالوا: نفضحهم**

ويجلدون. فقال عبدالله بن سلام: كذبتم، إن فيها الرجم، فأتوا بالتوراة فنشروها، فوضع أحدهم يده على آية الرجم، فقرأ من قبلها وما بعدها، فقال له عبدالله بن سلام: ارفع يديك، فرفع يده فإذا فيها آية الرجم. فقالوا: صدق يا محمد، فيها آية الرجم. فأمر بهما الرسول -صلى الله عليه وسلم- فرجما ...»[1].

واتە: «جولەکەکان هاتنە لای نێردراوی الله -صلى الله عليه وسلم-، ئینجا باسی ئەوەیان بۆ کرد کەوا پیاوێک و ئافرەتێکیان زینایان کردووە. نێردراوی الله -صلى الله عليه وسلم- لێیانی پرسی: "لەناو کتێبی تەوڕاتدا چی هەیە لەبارەی بەردباران کردن؟"، ئەوانیش گووتیان: تەنها ئابڕووی زیناکارەکان دەبەین و قامچیان لێدەدەین (مەبەستیان ئەوەبووە کە تەوڕات هیچی تێدا نییە لەبارەی بەردباران کردن). ئینجا عبدالله بن سلام گووتی: درۆ دەکەن، لەناو تەوڕاتدا فەرمانکراوە بە بەردبارانکردن. بۆیەش کتێبی تەوڕاتیان هێنا و لاپەڕەکانیان هەڵدایەوە، لەوکاتەدا یەکێکیان دەستی خۆی خستە سەر ئایەتی بەردبارانکردنەکە و لە هەمان کاتیشدا ئایەتی پێشی و دواوەی خوێندەوە. لەوکاتە عبدالله بن سلام گووتی: کوا دەستت هەڵگرە. ئیتر جولەکەکەش دەستی لابرد و ئایەتی بەردبارانکردنەکە دەرکەوت، ئیتر جولەکەکان (بە شەرمەزارییەوە) گووتیان: ڕاست دەکات ئەی محمد، ئایەتی تێدایە لەبارەی بەردبارانکردن. ئیتر

(١) کتێبی صحيح البخاري > كتاب المناقب > باب قول الله -تعالى-: {... يعرفونه كما يعرفون أبناءهم ...} > فەرموودەی ژمارە: ٣٦٣٥.

نێردراوی الله -صلی الله علیه وسلم- فەرمانی پێیان کرد و بەردباران کران ...».

جا ئیخوانییەکان دەڵێن: ئەوەتا پێغەمبەر لەسەر بنەمای ئایەتێکی تەورات حوکمی بەردبارانکردنی دەرکرد، ئێمەش سوود لە کتێب و دەستووری کافرەکان دەبینین و حوکمیان پێدەکەین!

وەڵامی ئەم گومانەشیان لە دوو ڕووەوە دەدرێتەوە:

ڕووی یەکەم: لەناو فەرموودەکەدا دەبینین پێغەمبەر پرسیارێکی لێکردوون و فەرموویەتی **"ماذا تجدون في التوراة في شأن الرجم؟"** واتە: "لەناو تەوڕاتدا چی هەیە لەبارەی ڕەجم؟".

ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزە و دەیسەلمێنێ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئاگاداری ئەوە بووە کەوا حوکمی زیناکار لە دینەکەی موسا -علیه السلام- بریتییە لە ڕەجم، واتە بەردباران کردن. هەروەک شێخ محمد الخضر الشنقیطي لە شەڕحی فەرموودەکە دەڵێت: «**قال الباجي: يحتمل أن يكون علم بالوحي أن حكم الرجم فيها ثابت على ما شرع**»[١].

واتە: «**الباجي دەڵێت: دەکرێت پێغەمبەر بە وەحی ئاگادارکرابێتەوە بەوەی حوکمی ڕەجم لەناو تەوڕاتدا بوونی هەیە**».

---

(١) کتێبی كوثر المعاني الدراري في كشف خبايا صحيح البخاري > كتاب الجنائز > باب الصلاة على الجنائز بالمصلى والمسجد.

ڕووی دووەم: ئەم ڕووداوە لە کاتێکدا ڕوویدا کە پێغەمبەر و هاوەڵانی -صلى الله عليه وسلم- تازە هیجرەتیان کردبوو بەرەو شاری مەدینە. هێشتا هیچ حوکمێک دانەبەزیبوو سەبارەت بە بەردباران کردن، بۆیەش نێردراوی الله -صلى الله عليه وسلم- حوکمی بە شەریعەتی پێغەمبەری پێشی خۆی کرد، هەروەک إبن بطال -رحمه الله- دەڵێت: «**وكان ذلك أول دخوله -صلى الله عليه وسلم- المدينة**»(١).

واتە: «**ئەو ڕووداوە لە سەرەتای چوونی پێغەمبەر بوو -صلى الله عليه وسلم- بۆ مەدینە**». هەروەها شێخ إبن حجر -رحمه الله- هەمان گوفتاری نەقل کردووە.

هەروەها إبن بطال -رحمه الله- دەڵێت: «**وكان حكم التوراة بالرجم على المحصن وغير المحصن، وكان النبي -صلى الله عليه وسلم- اتباعه وعمل به؛ لأن على كل نبي اتباع شريعة النبي قبله يحدث الله له شريعة تنسخها**»(٢).

واتە: «**حوکمی تەوڕات لەبارەی بەردبارانکردنەوە هەردوو زیناکاری خێزاندار و بێ خێزانی دەگرتەوە، پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- شوێنی حوکمەکە کەوت و کاری پێکرد؛ چونکە لەسەر هەموو پێغەمبەرێکە کە شوێنکەوتەی شەریعەتی پێغەمبەری**

---

(١) کتێبی شرح صحيح البخاري لإبن بطال > كتاب الرجم > باب أحكام أهل الذمة.
(٢) کتێبی شرح صحيح البخاري لإبن بطال > كتاب الرجم > باب أحكام أهل الذمة.

پێشی خۆی بێت تا ئەو کاتەی الله بە شەریعەتێکی نویێ نەسخی دەکات».

بەهەمان شێوە ئیمامی إبن حجر العسقلاني -رحمه الله- دەڵێت: «**وكان مأمورا باتباع حكم التوراة والعمل بها حتى ينسخ ذلك في شرعه**»[1].

واتە: «**پێغەمبەر فەرمانی پێکرابوو تاکو شوێنکەوتەی حوکمی تەورات بێت و کاری پێبکات تا ئەو کاتەی لە شەریعەتی خۆیدا ئەمە نەسخ دەبێتەوە**».

ئەم گوفتارانەی إبن بطال و إبن حجر -رحمهما الله- ڕوونی دەکەنەوە کەوا تاکە هۆکارێک بۆ ئەوەی پێغەمبەر -عليه السلام- حوکمی بە تەورات کردبوو ئەوەبوو کە هێشتا هیچ حوکمێک لەبارەی زیناکار دانەبەزیبوو. بۆیەش پێغەمبەر نەیویست بەدڵ و هەوا و ئارەزووی خۆی حوکم بکات، بەڵکو حوکمی بە شەریعەتی پێغەمبەری پێشی خۆی کرد.

بەڵام ئایا ئێستا ئەم هۆکارە ماوە تاکو ئیخوانییەکانیش هەمان کار بکەن؟! نەخێر، بەڵکو ئێستا شەریعەتی الله بە کاملی دابەزیوە، هەروەک الله فەرموویەتی: {**... اليوم أكملت لكم دينكم وأتممت عليكم نعمتي ورضيت لكم الإسلام دينا ...**}[2]. واتە: {... ئەمڕۆ

---

(١) کتێبی فتح الباري شرح صحيح البخاري > كتاب الرجم > باب أحكام أهل الذمة.
(٢) سورەتی المائدة، ئایەی ٣.

دینەکەتانم بۆتان کامل کرد و نیعمەتەکانم لەسەرتان تەواو کرد و ڕازی بووم بەوەی ئیسلام دینتان بێت ...}.

نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو تەنانەت ئەم فەرموودەیە نەسخ بووەتەوە، واتە چیتر نابێ کاری پێبکرێت؛ چونکە لەکۆتاییدا الله ئایەتی دابەزاند و فەرمووی: {**وأن احكم بينهم بما أنزل الله ولا تتبع أهواءهم ...**}[(١)]. واتە: {-ئەی محمد- دادگەرێتیی لەنێوانیان بکە بەوەی الله دایبەزاندووە، نەکەی شوێنی ئارەزوو و خواستەکانیان بکەویت ...}. تەنانەت ئەم ئایەتە دووبارە لەسەر جولەکەکان دابەزی کاتێک هاتن و داوای دادگەرێتیان لە پێغەمبەر کرد. ئەمجارەیان الله فەرمانی پێکرد کەوا حوکم بە هیچ نەکات (تەنانەت تەوڕاتیش) جگە لە قوڕئان.

هەروەک چۆن ئیمامی ماوردي -رحمه الله- لە تەفسیرەکەی بۆ ئەم ئایەتە دەفەرمووێت: «**وهذا يدل على وجوب الحكم بين أهل الكتاب بما أنزل الله إذا تحاكموا إلينا، ولا نحكم بينهم بتوراتهم ولا بإنجيلهم**»[(٢)].

واتە: «**ئەمە (واتە ئایەتەکە) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی واجبە دادگەرێتیی لەنێوان ئەهلی کیتاب بەو شەریعەتە بکرێت کە الله**

(١) سورەتی المائدة، ئایەی ٤٩.

(٢) تەفسیری الماوردي -رحمه الله- بۆ سورەتی المائدة، ئایەی ٤٩.

دایبەزاندووە (واتە قورئان)، نابێ دادگەرێتییان بکرێت بە تەورات و ئینجیلەکەیان».

هەروەها شێخ أبو محمد الغيتابي -رحمه الله- لە شەرحەکەیدا بۆ فەرموودەکە دەڵێت: «**هذا منسوخ؛ لأنه -صلى الله عليه وسلم- ما كان يحكم بعد نزول القرآن إلا بما فيه**»[١].

واتە: «**ئەم فەرموودەیە نەسخ بووەتەوە (واتە حوکمی پێ ناکرێت)؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەدوای دابەزینی قورئانەوە ئیتر حوکم و دادگەرێتیی نەدەکرد تەنها بە قورئان نەبێت**».

کەچی ئیخوانیەکان لەپاش تێپەڕینی زۆرتر لە ١٤٠٠ ساڵ بەسەر یەکلابوونەوەی تێکڕای حوکمەکان، کەچی هاتوونە و فەرموودەیەک دەکەنە بەڵگە کەوا ئەسڵەن هەر حوکمەکەی نەسخ بووەتەوە و نابێ بکرێتە بەڵگە لەبارەی حوکمکردن و دادگەرێتیی!

لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئیخوانییەکان دەیانەوێت لەڕێگای ئەم فەرموودەیەوە کار بە دیمۆکراسیەتی تاغوت بکەن و بگەنە دەسەڵات، ئەگەریش گەیشتنە دەسەڵات ئەوکات ئەگەر هەمان ئەم فەرموودەیان پیشان بدەیت لەبارەی حوکمی بەردباران کردن، ئەوا ڕەتی دەکەنەوە و دەڵێن حوکمی

(١) کتێبی عمدة القاري شرح صحيح البخاري > كتاب الجنائز > باب صلاة الصبيان مع الناس على الجنائز.

پێناکەین و باوەڕمان بە حوکمی بەردباران کردن نییە! کەواتە تەنها لەپێناوی مەسلەحەتی خۆیان ئەم فەرموودەیەتان پیشان ئەدەن تاکو هەڵتانخەڵەتێنن و پەنجەتان بۆیان مۆر بکەن.

بابەتی سێیەم: وەڵامدانەوەی گومانەکان.

گومانی چوارەم: ئیمامی عمر -رضي الله عنه- حوکمی دەستبڕینی دزی ڕاگرت.

ئەمەش دانەیەکی ترە لە گومانە پووچەڵەکانی حیزبە بەناو ئیسلامییەکان، کە دەڵێن: کاکە ئەوەتا ئیمامی عومەر ئەو سزایەی ڕاگرت کە الله فەرمانی پێکردووە لەبارەی حوکمی دزی کردن، کە بریتییە لە دەستبڕین. بۆیەش زۆر ئاساییە ئەگەر حوکمەکانی ئیسلام بووەستێنرێت و حوکمی تری بخرێتە شوێنەوە.

لە وەڵامی ئەم گومانەیان دەڵێم: لەخوارەوە لە ٣ ڕووەوە وەڵامی ئەم گومانەیان دەدەمەوە بەبەڵگەی شەڕعیی؛ تاکو تۆی خوێنەر زۆرتر هەست بە فێڵبازیی حیزبییەکان بکەیت:

ڕووی یەکەم: گەورەترین جیاوازیی لەنێوان حاڵەتەکەی ئیمام عمر -رضي الله عنه- لەگەڵ ئەم ئیخوانییانە ئەوەیە کە ئیمامی عمر بەهیچ جۆرێک باوەڕی بەوە نەبووە کەوا شەریعەتێکی دەستکرد و تاغوت بخرێتە شوێنی شەریعەتی الله، هەروەها تەنانەت باوەڕی بەوە نەبووە کە حوکم و دادگەرێتیی بگەڕێندرێتەوە بۆ لای شەریعەتێک لە غەیری شەریعەتی الله.

تەنانەت ئەوەتا بەڵگەمان بۆ ماوەتەوە کە چۆن ئیمامی عمر پیاوێک دەکوژێت کە خۆیشی بەلاوە موسڵمان ببوو، بەڵام هەر

کوشتی تەنها لەبەر ئەوەی حوکمی گەڕاندەوە بۆ لای شەریعەتێکی دەستکرد لەبری شەریعەتی الله. هەروەک ئیمامی البغوي -رحمه الله- له تەفسیری ئایەتی {**ألم تر إلى الذين يزعمون أنهم ءامنوا بما أنزل إليك وما أنزل من قبلك يريدون أن يتحاكموا إلى الطاغوت وقد أمروا أن يكفروا به ويريد الشيطان أن يضلهم ضلالا بعيدا**}[1].

ئیتر ئیمامی البغوي باسی هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتەمان بۆ دەکات و دەفەرموویّت: «**عن ابن عباس: نزلت في رجل من المنافقين يقال له بشر، كان بينه وبين يهودي خصومة فقال اليهودي: ننطلق إلى محمد، وقال المنافق: بل إلى كعب بن الأشرف، وهو الذي سماه الله الطاغوت، فأبى اليهودي أن يخاصمه إلا إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم، فلما رأى المنافق ذلك أتى معه إلى رسول الله، فقضى رسول الله صلى الله عليه وسلم لليهودي، فلما خرجا من عنده لزمه المنافق وقال: انطلق بنا إلى عمر رضي الله عنه فأتيا عمر فقال اليهودي: اختصمت أنا وهذا إلى محمد فقضى لي عليه فلم يرض بقضائه وزعم أنه مخاصم إليك، فقال عمر رضي الله عنه للمنافق: أكذلك؟ قال: نعم، قال لهما: رويدكما حتى أخرج إليكما فدخل عمر البيت وأخذ السيف واشتمل عليه ثم خرج فضرب به المنافق حتى برد، وقال: هكذا أقضي بين من لم**

(١) سورەتی النساء، ئایەی ٦٠. بۆ زانینی مانا و ڕوونکردنەوەی ئایەتەکە بگەڕێوە بۆ لاپەڕی ٨ بەلاوە.

يرض بقضاء الله وقضاء رسوله. فنزلت هذه الآية. وقال جبريل: إن عمر رضي الله عنه فرق بين الحق والباطل، فسمي الفاروق»[١].

واتە: «لە إبن عباسەوە فەرمووی: ئەم ئایەتە دابەزی لەسەر مونافیقێک بەناوی بشر، ئەو لەگەڵ جولەکەیەک کێشەی هەبوو، جولەکەکە گووتی: با بچینە لای محمد (واتە بۆ چارەسەری کێشەکە)، کەچی مونافیقەکە گووتی: با بچینە لای کەعبی کوڕی ئەشرەف، هەر ئەویشە کە الله ناوی لێنا "تاغوت". جولەکەکەش ڕازی نەبوو بەوەی ئەو دادگەرێتی بکات جگە لە محمد -صلى الله عليه وسلم-، جا کە مونافیقەکە ئەمەی بینی ئیتر -بە ناچاری‌یەوە- لەگەڵی ڕۆیشت بۆ لای نێردراوی الله، ئیتر پێغەمبەریش لە بەرژەوەندی جولەکەکە حوکمیدا، کاتێک هەردووکیان لەلای پێغەمبەر ڕۆیشتن، ئەمجارە مونافیقەکە گووتی: با بچینە لای عمر -رضي الله عنه- تاکو دادگەریمان بکات. ئیتر پێکەوە چوونە لای و جولەکەکە بە عمری گووت: من و ئەم پیاوە چووینە لای محمد و ئیتر ئەویش لە بەرژەوەندی من حوکمیدا، ئەم پیاوەش ڕازی نەبوو بە دادگەرییەکەی و داوای کرد تۆ دادگەرێتی بکەیت. ئیتر عمر بە مونافیقەکەی گووت: ئەم قسانە ڕاستن؟ ئەویش گووتی بەڵێ. ئیمامی عمر پێیانی گووت: بووەستن تا دەگەڕێمەوە لاتان، ئیتر چووەوە ماڵی خۆی و شمشێرەکەی لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ لایان و لە ملی مونافیقەکەیدا تاکو سارد بووەوە. هەروەها گووتی: ئاوا

---

(١) تەفسیری البغوي -رحمه الله- بۆ سورەتی النساء، ئایەی ٦٠.

حوكمی کەسێک دەدەم کە ڕازی نەبووبێت بە حوکمی الله و نێردراوەکەی. ئیتر ئەم ئایەتە دابەزی، جوبڕائیلیش فەرمووی: بەڕاستیی عمر -رضي الله عنه- حەق و ناحەقی لەیەکتر جیاکردەوە. ئیتر ناوی لێنرا "فاڕوق".».

هەروەک لەم ڕووداوە بۆمان دەرکەوت ئیمام عمر -رضي الله عنه- بەهیچ جۆرێک باوەڕی بە حوکم کردن بە شەریعەتە تاغوتەکان نەبووە، هەر کەسێکیش ئەم باوەڕەی هەبووبێت ئەوا بەلایەوە خوێنی حەلالە و کافرە، هەر بۆیەش بە شمشێرەکەی ئەو پیاوە دووڕووەی سەربڕی ئەگەرچی خۆیشی بە موسڵمان دەزانی، بەڵام هەر کوشتی لەبەر دوو هۆکار: یەکەم: ڕازی نەبوو بە حوکمەکەی نێردراوی الله. دووەم: باوەڕی بە حوکمکردن هەبوو بە شەریعەتە دەستکرد و تاغوتەکان. بۆیەش لە سەرەتادا دەیویست کەعبی کوڕی ئەشڕەف حوکمیان لەنێواندا بدات (کە پیاوێکی جولەکە بوو)، هەروەها دواتریش حوکمی پێغەمبەری ڕەتکردەوە و دەیویست عمر بن الخطاب حوکمیان لەنێوان بدات. هەر بۆیەش بەم کارەی کافر بوو و کوژرا؛ چونکە حوکمی الله و نێردراوەکەی ڕەتکردەوە و ڕووی لە حوکمێکی تاغوت کرد.

ئەمەش وەڵامێکی بەهێزی تێدایە بۆ ئیخوانییەکان؛ چونکە ئیخوانییەکان وای پیشان دەدەن کەوا ئەوان دەیانەوێت وەکو عمر بن الخطاب حوکمە شەرعییەکان هەڵوەشێننەوە!! بەڵام ئەوەتا بۆمان دەرکەوت ئەسڵەن ئیمام عمر -رضي الله عنه- باوەڕی بە هیچ

شەریعەتێکی دەستکرد و تاغوت نەبووە لەبری شەریعەتی الله.
ئەوەشمان بیرنەچێت کە ئیمام عمر -رضي الله عنه- حوکمی بە شەریعەتی الله دەکرد لە هەموو ڕوویەکەوە، تەنازولی لە هیچ حوکمێک نەکرد جگە لە حوکمی دەستبڕین، لە لاپەڕی داهاتوودا زۆرتر وەڵامی ئەم گومانە دەردەکەوێت.

لێرە دەپرسم: ئایا ئیخوانییەکانیش لەسەر ڕێبازی عمر بن الخطاب دەڕۆن و باوەڕیان بە شەریعەتە دەستکرد و تاغوتەکان نییە؟! ئایا ئیخوانییەکان کێشەیان تەنها لەگەڵ یەک حوکمی قورئانە یان ئامانجیان بریتییە لە حوکمکردن بە دیمۆکراسیەت؟! بێگومان نەخێر، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئیخوانییەکان و حیزبە بەناو ئیسلامییەکان باوەڕیان بە شەریعەتی دیمۆکراسیەتی تاغوت هەیە و بە باشتری دەزانن لە شەریعەتی الله، لەکاتێکدا ئەم شەریعەتە تاغوتە لە دەیان خاڵدا دژی شەریعەتی الله یە و لەسەر کۆمەڵێک بنچینە دامەزراوە کەوا گشتیان کوفری گەورەن، ئەمەشم لە لاپەڕی ١٧ تا ١٢٣ سەلماند. هەروەها حیزبە ئیخوانییەکان کێشەکەیان تەنها لەوە بچووک نەبووەتەوە کە تەنها حوکمێک هەڵوەشێننەوە، بەڵکو ئامانجیان بریرتییە لە حوکم کردن بە شەریعەتی دیمۆکراسیەت تاغوت، هەروەک "یوسف القرضاوي" گووتی: ئێمە کوشتار دەکەین لەپێناوی دیمۆکراسیەت!!

ڕووی دووەم: یەکێک لە مەرجەکانی بڕینی دەستی دز ئەوەیە کە دەبێ هیچ شوبهەیەکی نەبێت، بۆ نموونە وایزانیبێ شتەکە موڵکی خۆیەتی بۆیە بردبێتی!، یاخود نابێ شوبهەی ئایەت و فەرموودەیشی هەبووبێت کە ڕێنموویی کردبێت بەرەو ئەم کارە!

لەوانەیە خوێنەر بڵێت: جا چۆن ئایەت و فەرموودەکان ڕێنموویی موسڵمان دەکەن تاکو دزی بکات؟!

لە وەڵامدا دەڵێم: لە کتێبەکەی الله ئایەتێک هەیە کەوا الله دەفەرمووێت: {**... فمن اضطر في مخمصة غير متجانف لإثم فإن الله غفور الرحيم**}[1]. واتە: {... هەر کەسێکیش بەهۆی برسیەتییەوە ناچاربوو بە خواردنی یەکێک لەوانەی باسکران بەبێ ئەوەی ئامانجی تاوان و زیادەڕەویی بێت، ئەوا بەڕاستیی الله لێبووردە و بەبەزەییە}.

بەبێ هیچ دوودڵییەک دەتوانین بڵێین ئەم ئایەتە پیرۆزە وایکرد بەشێکی زۆر لە موسڵمانان لە وشکەساڵییەکەدا بەهۆی "ناچاریی و برسیەتییەکی زۆرەوە" هانا ببەن بەرەو خواردن و بردنی شتانێک کە موڵکی خۆیان نییە؛ چونکە ڕێژەی هەژاریی و برسیەتیی زۆر زۆر بەرز ببووەوە و زۆرینەی خەڵک تووشی هەژاریی بوون. هەر بۆیەش ئەمە وایکرد ئیمام عمر حوکمی بڕینی دەستی دز بووەستێنێت لەکاتی وشکەساڵیی؛ چونکە دەیزانی زۆرێک لە

---

(١) سورەتی المائدة، ئایەی ٣.

موسڵمانان شوبهەی ئایەتەکەی سەرەوە هانیان دەدات بۆ ئەوەی بە هەر جۆرێک بێت خۆراک و پارە بەدەست بهێنن، ئەم شوبهەیەش لەڕووی شەرعەوە دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم جێبەجێ کردنی سزای دەست بڕین.

هەربۆیەش ئیمام عمر -رضي الله عنه- فەرمووی: «**لا قطع في عذق، ولا في عام سنة**»[1]. واتە: «**دەستی دز نابڕێتەوە لە دزینی خورما، هەروەها لە وشکەساڵیی**».

ئەمەش چونکە لە کاتی وشکەساڵیدا موسڵمانان وادەزانن ئایەتەکەیان لەسەر جێبەجێ دەبێت بۆیەش لەسەر بنەمای ئایەتە پیرۆزەکەوە شتانێک دەبەن کە موڵکی خۆیان نییە.

کەواتە لێرەوە خوێنەر سێ خاڵی بۆ دەردەکەوێت:

١ - ئیمامی عمر بەردەوام بوو لە حوکم کردن بە شەریعەتی الله، بەڵام تەنها یەک دانە حوکمی وەستاند.

٢- ئیمامی عمر -رضي الله عنه- بەشێوازێکی هەمیشەیی حوکمی دەستبڕینی دزی نەوەستاند، بەڵکو وەستاندنەکە بۆ ماوەیەکی کاتیی بوو.

---

(١) کتێبی المصنف لإبن أبي شيبة > كتاب الحدود > في الرجل يسرق الثمر والطعام > فەرموودەی ژمارە: ٢٩٠٦٢.

٣- ئیمامی عمر -رضي الله عنه- هۆکاری وەستاندنی دەستبڕینی ڕوون کردەوە کە بەهۆی "قەیران و وشکەساڵیی" بووە، نەک بەبێ هۆکار.

بەڵام ئەی ئیخوانییەکان؟! ئایا حاڵیان لەگەڵ حاڵی ئیمام عمر یەکدەگرێتەوە؟ ئایا گومانەکەیان ڕاست بوو؟! نەخێر، ئەسڵەن هەر لە خاڵی یەکەمەوە دەدۆڕێن؛ چونکە ئەسڵەن حیزبە بەناو ئیسلامییەکان دەیانەوێت شەریعەتی دیمۆکڕاسیەت سەروەر بکرێت نەک شەریعەتی الله!

ئیمام عمر -رضي الله عنه- حوکمەکەی وەستاند بەهۆی وشکەساڵیی، بەڵام ئیخوانییەکان دەیانەوێت تێکڕای شەریعەتی الله بووەستێنن لەپێناوی دیمۆکڕاسیەت! وەک بڵێی بەلایانەوە ئیسلام کەڵکی حوکمڕانیی نییە. جا ئیتر حیزبە بەناو ئیسلامییەکان ئەسڵەن دەیانەوێت حوکمی دەستبڕین (هەروەها حوکمەکانی تریش) بەشێوەیەکی هەمیشەیی بووەستێنن نەک بۆ ماوەیەکی کاتیی. هاوار بۆ حاڵیان لەگەڵ دەنگدەرانیشیان.

هەندێکجاریش دەڵێن: کاکە ئەوەتا ئێمەش لە قەیرانین! منیش دەڵێم: کاتێک سەیری ژیاننامەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکەین، دەبینین ئەوکاتیش هەژاریی هەر هەبووە، ئەسڵەن نێردراوی الله خۆی یەکێک بووە لەوانەی زۆر هەژار بووە. کەچی حوکمی دەستبڕین هەر جێبەجێ کراوە و نەوەستێنراوە.

بەڵام ئیخوانییەکان حیساب بۆ ئەو بەڵگانە ناکەن؛ چونکە تەنها حاڵەتەکەی ئیمام عمر لەگەڵ بانگەوازە تاغوتپەرستییەکەیان یەکدەگرێتەوە لەکاتێکدا ئەسڵەن حوکمەکەی ئیمام عمر تەنها بۆ ماوەیەکی کاتیی بوو.

ڕووی سێیەم: ئیمامی عمر -رضي الله عنه- لەدوای ئەوەی بە ناچاریی و بەهۆی وشکەساڵییەکی توندەوە حوکمی دەستبڕینی بۆ ماوەیەکی کاتیی وەستاند، ئیتر سزایەکی تری دانەنا لەبری حوکمی دەستبڕین. ئەوانەیشی کە دەڵێن گوایە ئیمام عمر دزەکانی زیندانی دەکرد، ئەمانە ڕاست ناکەن و بەڵگەیان نییە، تەنها بوهتانێکە و بەدەمی ئیمام عمر هەڵیانبەستووە؛ چونکە ئیمام عمر تەنها حوکمی دەستبڕینی وەستاند و هەرگیز سزاکەی نەگۆڕی بە سزایەکی تر!

بەڵام ئیخوانییەکان هەر بەوە ناوەستن کە حوکم و سزایە شەرعییەکان پەک بخەن، بەڵکو هەر باوەڕیان پێی نییە و دەیانەوێت بەعەقڵی خۆیان سزا دروست بکەن و بیخەنە شوێنی سزایە شەرعییەکان، پەنا بە الله. ئەوەتا شێخ ناصر الفهد -حفظه الله- زیادتر لە ٤ کاژێر گفتوگۆی لەگەڵ یەکێک لە ئیخوانییەکان کرد تەنها بۆ ئەوەی قەناعەتی پێ بهێنێت کەوا ڕەجم لە ئیسلامدا هەیە! کەچی لەدوای پیشاندانی چەندین بەڵگە و فەرموودەی صحیح، هەر قەناعەتی نەکرد و ڕەتی کردەوە! ئیخوانییەکان دەیانەوێت

لەسەر ڕێبازی حوکومەتە دێمۆکڕاسیخوازەکانی ئەوڕوپا و ئەمریکا بڕۆن، هەروەک چۆن بەلای ئەوانەوە بەهێزترین سزا بریتییە لە زیندان، ئاواش دەیانەوێت بەناوی ئیسلامەوە حوکمە شەڕعییەکانی الله ڕەت بکەنەوە و بیگۆڕن بە سزای بەندکردن! چی کوفرێک هێندەی ئەمە گەورەیە؟ مەگەر ئەمەش شیرک بڕیاردان نییە بۆ الله لەڕووی یاسادانان؟! هاوار بۆ حاڵیان، هاوار بۆ حاڵی دەنگدەران و ئەوانەیشی پێیان هەڵخەڵەتاون.

ئەی خوێنەری بەڕێز، دەپرسم: کوانێ چۆن حاڵەتی ئیمام عمر لەگەڵ حاڵەتی ئەم ئیخوانییانە یەک دەگرێتەوە؟! ئەسڵەن ئەم ڕووداوی وشکەساڵییە هەر نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی ئیخوانییەکان حوکم و شەریعەتی الله بەتەواویی پەک بخەن بەبێ هیچ هۆکارێک تەنها لەپێناوی گۆڕینی شەریعەتی الله بۆ دێمۆکڕاسیەت! ئیمام عمر لەدوای تەواوبوونی وشکەساڵییەکە حوکمەکەی چەسپاندەوە و جێبەجێی دەکرد، بەڵام ئیخوانییەکان دەیانەوێت بۆ هەمیشە بیوەستێنن.

بابەتی سێیەم: وەڵامدانەوەی گومانەکان.

گومانی پێنجەم: پێویستە لەژێر جەماعەتێک کۆببینەوە.

ئەمەش دانەیەکی ترە لە گومانەکانی حیزبە بەناو ئیسلامییەکان. کە دەڵێن: کاکە ئەوەتا الله لە کتێبەکەیدا فەرمانمان پێدەکات تاکو لەژێر یەک ئەمیر و یەک حیزب کۆببینەوە، بۆیەش ئێمە حیزبمان دروست کردووە!

لە وەڵامی ئەم قسەیەیان دەڵێم: سەرەتا پێویستە ئیخوانییەکان ئەم قسەیە لەسەر خۆیان جێبەجێ بکەن، لە ئیسلامدا فەرمان بە یەکگرتنی موسڵمانان کراوە، کەچی ئیخوانییەکان لە هەموو وڵاتێکدا ئیللا خەڵکیان پارچە پارچە کردووە بۆ سەر چەند حیزب و پارچەیەک!

بە پێویستی دەزانم چەند جیاوازییەکی جەماعەتی شەرعیی لەگەڵ ئەم حیزبە بەناو ئیسلامییانە باس بکەم، کە ئەمانەن:

جیاوازیی یەکەم: جەماعەتی شەرعیی ئەوەیە کە لەناو دارولکوفر دروست بکرێت و هیچ پەیوەندییەکی بە حوکومەتە تاغوتییەکەوە نەبێت، نابێ لەژێر سەرپەرشتی ئەم حوکومەتە تاغوتپەرستانە بێت. کەچی ئیخوانییەکان سوودیان لەوە بینیوە کە ئەم خاکە دارولکوفرە، ئیتر هاتوونە و خۆیان تەسلیمی ئەم حوکومەتە تاغوتپەرستەی کوردستان کردووە و لەژێر سەرپەرشتی و

مۆڵەتی ئەواندا حیزبیان دروست کردووە و ڕازی بوونە بە تێکڕای مەرجە کوفرینەکانیان کە باسمان کرد، ئینجا هاتوونە و ناویان لێناوە "جەماعەی شەرعیی"! ئەمانە حیزب و جەماعەتی شەیتانن.

جیاوازیی دووەم: جەماعەتی شەرعیی ئەوەیە کە تەنها یەک دانە بێت و تەنها یەک ئامانجیشیان هەبێت کە بریتییە لە گەڕاندنەوە و چەسپاندنی حوکمی الله، هەروەها لەسەر یەک مەنهەج بن ئەویش بریتییە لە قورئانی پیرۆز و سونەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، هەروەها تێکڕای موسڵمانانی ئەهلی تەوحید لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و نابێ بەهیچ جۆرێک ڕێگا خۆشبکات بۆ ئەهلی تەوحید و ئیسلام کەوا بیر لە جەماعەتی تر بکەنەوە، کەچی ئیخوانییەکان هەر لەناو کوردستاندا ٣ پارچەن!، هەروەها لەژێر سەرپەرشتی حوکومەتە تاغوتپەرستەکەی کوردستان مۆڵەتیان پێدراوە، هەروەها هەریەکێک لەم پارچانەش جۆرەها بیروباوەڕی پووچەڵیان تێدایە کە بەناوی موسڵمانەوە کۆکراونەتەوە لەکاتێکدا ئەم بیروباوەڕانە هەرگیز بەیەکەوە کۆناکرێنەوە و دژی یەکترن و زۆرێکیان لەناو قورئان تەکفیر کراون، وەکو گۆڕپەرستەکان و عەلمانییەکان و قورئانییەکان و چەندین بیروباوەڕی پووچەڵی تر. لەکاتێکدا کەوا جەماعەتی شەرعیی پێویستە پاکترین بیروباوەڕیان هەبێت و نابێ هیچ موشریک و مولحیدێک لەناویان بێت تەنها لەبەر ئەوەی خۆی داوەتە پاڵ ئیسلام!

جیاوازیی سێیەم: جەماعەتی شەڕعیی پێویستە لەسەر بنەمای چاکسازیی موسڵمانان دابمەزرێت، هەروەها ببێتە قەڵغانێک بۆ پاراستن و خزمەتکردنی موسڵمانان، لە هەمان کاتیش ببێتە دڕکێک بۆ کافرانی شەڕخواز، هەروەها پڕۆژە و پلانی ستراتیژی هەبێت بۆ لەناوبردنی شەریعەتە دەستکرد و تاغوتەکانی خاکەکە، هەروەها دەبێ ئامادەکاریی بکەن لەڕووی زانست و لەڕووی جەستە و چەکدارییەوە بۆ ئەنجامدانی فەڕیزەی جیهاد و چەسپاندنی شەریعەتی الله و بڵاوکردنەوەی تەوحید. کەچی ئیخوانییەکان ئەسڵەن خۆیان باوەڕیان بە شەریعەتی دیمۆکراسیەتی تاغوت هەیە و مومارەسەی دەکەن، هەروەها ئەسڵەن ئەوەندەی کێشەیان لەگەڵ ئەهلی تەوحید هەیە، نیو ئەوەندەش کێشەیان لەگەڵ ئەهلی کوفر نییە، ئیتر چۆن حوکم و شەریعەتی الله دەگەڕێننەوە؟! کوانێ هەوڵ و کۆششیان بۆ جێبەجێ کردنی حوکمی الله؟! تەنانەت لە هەشتاکانەوە پارتی و یەکێتیان بە برای خۆیان زانیوە و پەیوەندییان لەگەڵیان هەبووە، ئەمەش بە دانپێدانانی عەلی باپیر لە کاناڵی NRT، تەنانەت پەیوەندیان لەگەڵ حیزبی بەعسی تاغوتیش هەبوو.

بابەتی سێیەم: وەڵامدانەوەی گومانەکان.

گومانی شەشەم: پەڕڵەمانتار یەکسانە لەگەڵ "أهل الحل والعقد".

ئەمەش دانەیەکی ترە لە گوفتارە پووچەڵەکانی حیزبە ئیخوانییەکان کە زۆرجار خەڵکێکی ساویلکەی پێ چەواشە دەکەن، دەڵێن: کاکە هەروەک چۆن لە دیمۆکڕاسیەتدا "پەڕڵەمانتار" بوونی هەیە، ئاواش لە ئیسلامدا "أهل الحل والعقد" بوونیان هەیە. هەروەها "پەڕڵەمان" یەکسانە لەگەڵ "مجلس الشوری".

لە وەڵامدا دەڵێم: سبحان الله، سەرەڕای کافر بوونی ئەندام پەڕڵەمانەکان بەهۆی ٩ دانە کوفری گەورە (لە لاپەڕی ٢٨٤ و ٢٨٥ باسکراون)، کەچی حیزبە بەناو ئیسلامییەکان هێشتا دەیانەوێ ئەم پەڕڵەمانتارە کافرانە بهێننە ڕیزی أهل الحل والعقد.

لە گوفتارەکەیاندا دوو خاڵ دەردەکەوێت کە پێویستە وەڵامیان بدەینەوە:

١- دەڵێن پەڕڵەمانتار یەکسانن لەگەڵ أهل حل والعقد!

٢- دەڵێن پەڕڵەمان یەکسانە لەگەڵ مجلس الشوری!

پێویستە وەڵامی هەردوو خاڵەکە بدەینەوە:

وەڵامی خاڵی یەکەم:

فەرموون خوێنەرانی بەڕێز، ببینن "أهل الحل والعقد" چەندە جیاوازن لە ئەندامەکانی پەرلەمان. سەرەتا با پێناسەیان بکەین.

أهل الحل والعقد: بریتین لە ژمارەیەک زانای موسڵمان کەوا توانای زانستیان گەیشتووەتە ئاستی ئیجتیهاد، هەروەها دیار و ناسراون لەناو موسڵمانان، هەروەها هێز و دەسەڵاتیان پێدراوە و لەلایەن خەلیفەی موسڵمانانەوە دیاری کراون بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێک ئەرکی دیاریکراو (لە لاپەڕەکانی داهاتوو قسە لەم بارەیە دەکەین).

ئەگەرچی پێناسەی تریشیان بۆ کراوە، بەڵام ئەمە گونجاوترین پێناسەیە بۆیان، هەروەها بژاردەی ئیمامی نەوەوییە -رحمه الله- [١].

لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی أهل الحل والعقد ئەمانەن:

١- موسڵمان بێت، بەو مانایەی کوفری بە تاغوتەکان کردبێت و تەوحیدی هەبێت بەوجۆرەی الله باسیکردووە لە کتێبەکەی، ئەمەش دەیسەلمێنێت ئەهلی هیچ دینێکی تر یاخود هیچ مولحیدێک نابێ بخرێنە ڕیزی أهل الحل والعقد.

٢- عاقڵ بێت و باڵغ بێت، بەو مانایەی کە بتوانێت لە شتەکان تێبگات و بیرکردنەوەی فراوان بێت، هەروەها لە قۆناغی منداڵیی

(١) کتێبی منهاج الطالبين وعمدة المفتين في الفقه > كتاب البغاة > فصل: شرط الإمام.

دەرچوویێت، ئەمەش دەیسەلمێنێت مرۆڤی شێت یاخود نابینا و نابیست نابێ بخرێنە ڕیزی أهل الحل والعقد، بەهەمان شێوە منداڵیش نابێت.

٣- زانا بێت، بەو مانایەی کە موسڵمانێکی تەواو زانا بێت لە بابەتە عەقیدەییە بناغەییەکان، هەروەها بەتەواویی ئاگاداری مانا و تەفسیری تێکڕای ئایاتەکانی قورئانی پیرۆز بێت، بە هەموو زانستەکانی قورئانیشەوە، بەتایبەت ناسخ ومنسوخ. هەروەها ئاگاداری زانستی أصول الفقه بێت (بەلایەنی کەمەوە). هەروەها پێویستە زانا بێت بە سیاسەتی شەرعیی و ئەزموونی هەبێ. ئەمەش دەیسەلمێنێت ئەو مرۆڤانەی کە بێ ئاگان لە عەقیدەی ئیسلامیی (بەتایبەت تەوحید و الولاء والبراء) ئەوا هەر بۆیان نییە بکرێن بە أهل الحل والعقد؛ چونکە ئەمانە هێشتا هەر نەبوونەتە موسڵمان! هەروەها کەسانێک کە ئاگاداری عیلمەکانی قورئان نەبن و شارەزای سیاسەتی شەرعیی نەبن ئەوا هەر نابێ بخرێنە ئەم ڕیزە؛ چونکە ئەم کەسانە نەزانترین چینی کۆمەڵگەن، نابێ کاروباری موسڵمانان بکەوێتە بەردەستیان.

٤- ڕەگەزی نێر بێت، ئەمەش دەیسەلمێنێت نابێ موسڵمانی ڕەگەزی مێ بخرێتە ڕیزی أهل الحل والعقد، ئەمەش لەسەر قیاسی ئایەتی الله -عز وجل-: {**الرجال قوامون على النساء بما فضل الله**

بعضهم على بعض ...}[1]. واتە: {پیاوان سەرکردە و بەهێز و بەڕێوەبەرن بەسەر ئافرەتان بەوەی کە الله فەزڵ و پلەوپایەی هەندێکیانی داوەتە سەر هەندێکیان ...}. ئەمەش دەچێتە قاڵبی دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو، نەک ئەوەی کە عەلمانییەکان خستوویانەتە قاڵبی نادادپەروەریی. بەڵکو ئافرەت لەڕووی شەرعەوە کۆمەڵێک ئەرکی پیرۆز و ئاسانی بۆ دانراوە ئەوانیش بەڕێوەبردنی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵەکانیەتی، هەروەها مانەوەیەتی لەنێو ماڵەوە (مەگەر بۆ حاڵەتی گەشت و پیاسە و کڕینی پێداویستی). بۆیەش ئەم ئەرکە بە پیاو ڕاسپێردراوە.

جا لێرەدا دەپرسم: ئایا لە شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتدا هەمان ئەم مەرجانە دانراون بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێتە پەڕلەمانتار؟! بێگومان نەخێر، بەڵکو لە ماددەی ٤٩ لە خاڵی دووەم لەناو دەستوورە تاغوتەکەی عیراق هاتووە: مەرجە ئەو کەسەی خۆی دەپاڵێوێت بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەران، عیراقیی بێت و بەتەواویی شایەنی ئەو پۆستە بێت.

کوانێ مەرجی موسڵمانێتی؟ کوانێ مەرجی هەبوونی زانستی شەرعیی؟ کوانێ مەرجی ڕەگەزی نێر؟ ئەسڵەن لە هەمان مادده لە خاڵی چوارەم نووسراوە: یاسای هەڵبژاردن ڕێژەیەک بۆ

(١) سورەتی النساء، ئایەی ٣٤.

بەشداربوونی ئافرەتان دادەنێت بەجۆرێک کە لە چارەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کەمتر نەبێت!

کەواتە هەروەک بینیمان لە مەرجەکانی ئەندامی پەڕلەماندا ئەسڵەن هیچ نیشانەیەکی ئەهلی "حل وعقد" ی تێدا نییە!، هیچ کێشەیەک نییە لەوەی پەڕلەمانتار مولحید بێت، یاخود عەلمانی و دژە ئیسلام بێت، هیچ کێشەیەک نییە پەڕلەمانتار با هیچ زانستی شەرعیی نەبێت، گرینگ ئەوەیە عیراقییە و بە پێی دەنگی خەڵک هەڵبژێردراوە. بۆیەش دەبینین پەڕلەمان پڕیەتی لە ئافرەت، پڕیەتی لە دژە دینەکان، پڕیەتی لە مرۆڤی نەزان و جاهیل و کەم ئەزموون و بێ ئاگا لە شەریعەتی الله.

بەڕاستیی ئەوەی حیزبە بەناو ئیسلامییەکان دەیکەن، سووکایەتییە بە أهل الحل والعقد؛ چونکە بەم قسەیەیان ئیتر کۆمەڵێک مرۆڤی کافری دژە دین دەهێننە ئاستی کۆمەڵێک مرۆڤی موسڵمانی تەقواداری خاوەن زانست و خیبرە. هەروەها بەم قسەیەیان شەریعەتی الله دەهێننە ڕیزی شەریعەتێکی تاغوت و دەستکردی مرۆڤەکان.

با بەردەوام بین بۆ ئەوەی زۆرتر هەست بە جیاوازییەکانی أهل الحل والعقد بکەین لەگەڵ پەڕلەمانتارە کافرەکان. بۆیەش با بزانین ئەرکە زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەهلی حل وعقد چین زۆر بەکورتیی.

ئەرکە زانستییەکانی أهل الحل والعقد:

١- گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەمیری موسڵمانان لەبارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمە شەرعییەکان و هەروەها لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکان لەڕووی شەرعەوە.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئاستی زانستیی موسڵمانان تاکو بزانن لە چ ڕووێکی شەرعەوە زانستیان کەمە، ئیتر لەڕێگای بنکەی توێژینەوە و فەتوادان (مرکز البحوث والإفتاء) کتێب و نامیلکە و دەرسی شەرعیی لەبارەیەوە بڵاو بکەنەوە.

ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی أهل الحل والعقد:

١- سەرپەرشتیکردنی دیوانی "الحسبة" بۆ فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریی کردن لە خراپە (الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر).

٢- چاکسازیی و بانگەوازکردنی موسڵمانە سنووربەزێنەکان (البغاة)؛ بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵەی موسڵمانان و یەکڕیزیی ئەهلی ئیسلام بپارێزن.

ئەرکە سیاسییەکانی أهل الحل والعقد:

١- ئەرکی دیاریکردنی ئیمام و خەلیفەی موسڵمانان لە ئەستۆیانە.

٢- ڕێنمایی کردنی ئیمامی موسڵمانان و ڕاستکردنەوەی کەموکوڕییەکانی لەپێناوی پاراستنی موسڵمانان لە فیتنە و دووبەرەکیی.

ئەوەی باسمکرد بریتین لە کەمینەیەکی ئەرکەکانی أهل الحل والعقد. بەڵام ئایا پەڕلەمانتاریش هەمان ئەم ئەرکانە جێبەجێ دەکات هەروەک ئەوەی ئیخوانییەکان دەڵێن؟! ئایا لە هیچ کتێبێکی فیقهیدا باسی ئەوە کراوە کەوا أهل الحل والعقد ئەرکیان بریتی بێت لە یاسادانان؟! نەخێر، ئەسڵەن لە شەریعەتی الله دا ئەهلی الحل والعقد ئەرکی زۆر لەوە فراوانترە و لەخزمەتی شەریعەتی الله یە، لەخزمەتی موسڵمانانە. بەڵام لە شەریعەتی دێمۆکراسیەتدا پەڕلەمانتار ئەرکی بریتییە لە یاسادانانی بێسنوور، یاسایەک کە دژی شەریعەتی الله بێت یاخود لەسەر بنەمای دینەکەی الله نەبێت ئەگەرچی لە ئیسلامدا حوکمی شەرعیش هەبێت لەبارەیەوە.

کەواتە ئەی قەومەکەم، ئەوە بۆتان دەرکەوت پەڕلەمانتار کێیە و ئەرکی چییە، هەروەها بۆشتان دەرکەوت أهل الحل والعقد کێن و ئەرکیان چییە لەڕووی زانستیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی. ئیتر ئایا ئیخوانییەکان ڕاستیان کرد کە گووتیان ئەم دووانە یەکسانن؟! ناواللە

ڕاستیان نەکرد، بەڵکو ئەوە بۆمان دەرکەوت ئەم ئیخوانییانە لەپێناوی شەرعیەتدان بە دیمۆکراسیەت ئامادەن ناحەق بکەن بە حەق.

بۆ زانینی ڕاستی تریش لەمبارەیە، فەرموون بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکانی ئەهلی عیلم لەم بارەیەوە: [الأحكام السلطانية للماوردي]، [الأحكام السلطانية لأبي يعلى]، [مآثر الإنافة في معالم الخلافة للقلشندي]، [غياث الأمم في التياث الظلم للجويني]، [الحسبة في الإسلام أو وظيفة الحكومة الإسلامية لإبن تيمية]. ئەمانە کتێبی زانایانی پێشینن -رحمهم الله-، خۆتان بیانخوێننەوە تاکو زۆرتر بزانن أهل الحل والعقد کێن.

وەڵامی خاڵی دووەم:

ئەوە بەفەزڵی الله زانیمان أهل الحل والعقد جیاوازن لە پەڕلەمانتار، ئەمجارەیان ئیخوانییەکان دەڵێن: پەڕلەمان یەکسانە لەگەڵ مجلس الشوری!

هەربۆیەش دەبینین لە وڵاتانی بەناو ئیسلامیدا لەناو پەڕلەمان بە گەورەیی و بەبێ هیچ شەرمێک ئایەتی الله دانراوە کە فەرموویەتی: {... **وأمرهم شورى بينهم ...**}(١). واتە: {... کاروبارەکانیان بە پرس و ڕاوێژ بەڕێوە دەبەن ...}.

---

(١) سورەتی الشوری، ئایەی ٣٨.

با بزانین لەمەیان ڕاست دەکەن یاخود هەروەکو ئەوەی پێشووتر تەنها چەواشەکاریی و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە.

سەرەتا پێش وەڵامدانەوەی گومانەکە، دەمەوێ هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر ئایەتەکە بکەین، بزانین ئایا ئەسڵەن ئیخوانییەکان و دێمۆکڕاسیخوازان ئەم ئایەتە دەیانگرێتەوە یان نا.

الله -تعالى- لە ئایەتەکە باسی موسڵمانان دەکات و لەبارەیانەوە دەفەرمووێ: {**والذين استجابوا لربهم وأقاموا الصلاة وأمرهم شورى بينهم ومما رزقناهم ينفقون**}[١]. واتە: {ئەوان ئەو کەسانەن کە وەڵامی بانگەوازی پەروەردگاریان دایەوە و نوێژ دەکەن و کاروبارەکانیان بە پرس و ڕاوێژ بەڕێوە دەبەن و لەو ڕۆزیەی کە پێمان داون دەیبەخشن}.

کە سەیری ئایەتەکە دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ ئەسڵەن ئەم ئایەتە پیرۆزە لەسەر پەڕڵەمان و پەڕڵەمانتاران و دێمۆکڕاسیخوازان جێبەجێ نابێت، ئەمەش چونکە:

١ - الله لە ئایەتەکەدا تەنها وەسفی "موسڵمان" دەکات و دەڵێت پرس و ڕاوێژ دەکەن لەنێوان خۆیان، کەچی لەناو پەڕڵەماندا جولەکە و گاور و ئێزدی و کاکەیی و عەلمانی و ئیخوانیشی تێدایە کە هیچیان موسڵمان نین و هەموویان لەژێر چەتری دێمۆکڕاسیەتی تاغوت کۆبوونەتەوە و ئیمانیان پێیەتی لەکاتێکدا الله فەرموویەتی

(١) سورەتی الشورى، ئایەی ٣٨.

کوفری پێ بکەن (بگەڕێوە لاپەڕی ٨ بەدواوە). ئیتر چۆن ئەم ئایەتە لەسەر پەڕلەمان جێبەجێ دەبێت؟!

٢- الله وەسفی موسڵمان دەکات کە یەکەم مەرج ئەوەیە دەبێت وەڵامی داواکاریی الله بداتەوە، باشە یەکەمین و گرینگترین داواکاری الله چییە؟ بێگومان بریتییە لە تەوحید، هەروەک لەبارەی پەیامی تێکڕای پێغەمبەران -علیهم الصلاة والسلام-فەرموویەتی: {**ولقد بعثنا في كل أمة رسولا أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت ...**}[1]. هەروەها لە ئایەتی دوای ئایەتی کورسی پێمان دەڵێت چۆن ببین بە موسڵمان، هەروەک فەرموویەتی: {**... فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقى ...**}[2]. هەروەها پێمان دەڵێت یەکێک لەو جۆرانەی تاغوت کە پێویستە کوفری پێ بکرێت بریتییە لە تاغوتی شەریعەتە دەستکردەکان (وەکو دێمۆکراسیەت)، هەروەک فەرموویەتی: {**ألم تر إلى الذين يزعمون أنهم ءامنوا بما أنزل إليك وما أنزل من قبلك يريدون أن يتحاكموا إلى الطاغوت وقد أمروا أن يكفروا به ويريد الشيطان أن يضلهم ضلالا بعيدا**}[3]. کەچی پەڕلەمان گەورەترین و گرینگترین

---

(١) سورەتی النحل، ئایەی ٣٦. بۆ زانینی مانا و ڕوونکردنەوەی ئایەتەکە بگەڕێوە بۆ لاپەڕی ٢٧ بەدواوە.

(٢) سورەتی البقرة، ئایەی ٢٥٦. بۆ زانینی مانا و ڕوونکردنەوەی ئایەتەکە بگەڕێوە بۆ لاپەڕی ٨ بەدواوە.

(٣) سورەتی النساء، ئایەی ٦٠. بۆ زانینی مانا و ڕوونکردنەوەی ئایەتەکە بگەڕێوە بۆ لاپەڕی ٨ بەدواوە.

دامەزراوەی دیمۆکڕاسیەتی تاغوتە و پەڕلەمانتارە تاغوتەکانیش گرینگترین ئەرکیان لە ئەستۆیە ئەویش بەرەو پێش بردنی دیمۆکڕاسیەتە. کەواتە چۆن ئەم ئایەتە لەگەڵ پەڕلەمان دەگونجێ؟!

ئیتر چۆن ئەم ئایەتەتان لەگەڵ پەڕلەمانە بۆگەنەکەتان تێک هەڵکێشا؟! پەڕلەمان شوێنی دانانی یاسایە دەستکردەکانە، ئەندامەکانی پەڕلەمان سیفەتی تەشریعیان لە الله زەوت کردووە بۆخۆیان، هەروەها ٩ دانە کوفری گەورەیان کردووە ئینجا گەیشتوونەتە ناو پەڕلەمان، ئیتر چۆن پەڕلەمانتاران موسڵمانن؟! چۆن پەڕلەمان یەک دەگرێتەوە لەگەڵ مەجلیسی شورا؟! با بزانین "مجلس الشوری" چییە...

مجلس الشوری: بریتییە لەو کۆڕەی کە تێیدا ئەهلی الحل والعقد کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی پرس و ڕاوێژ بکەن لەبارەی چەند بابەتێکی پەیوەست بە دانیشتووانی دارولئیسلامەکە، یاخود لەبارەی کاروباری دەوڵەت گفتوگۆ دەکەن و هەوڵی یەکلایی کردنەوەی کێشەکان دەدەن لەسەر بنەمای شەریعەتی الله، ئەگەریش لە شەریعەتی الله هیچیان دەست نەکەوت ئەوا لەسەر بنەمای ئیجتیهادی خۆیان ڕێکدەکەون بەبێ ئەوەی ئیجتیهادەکەیان دژی تاکە ئایەتێکی قورئانیش بێت.

ئەمەیە شورا، بەڵام ئایا پەڕلەمانیش وەکو مەجلیسی شورایە؟! ئایا ئەندامەکانی پەڕلەمان هەمان مەرجەکانی "ئەهلی الحل والعقد"

ـیان تێدایە؟! ئایا پەڕڵەمانتاران لەسەر بنەمای قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر -علیه الصلاة والسلام- یاساکانیان دادەنێن؟! ئایا ئەندامەکانی پەڕڵەمان لەکاتی کۆبوونەوەیاندا هیچ یاسایەک دروست ناکەن کەوا دژی شەریعەتی الله بێت؟! ئایا هیچ پەڕڵەمانێک هەیە لە دەوڵەتانی بەناو ئیسلامیی کە ئەندامی پەڕڵەمانەکانی هەمان سیفەتی "ئەهلی الحل والعقد" لەخۆ بگرن؟!

وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بریتییە لە "نەخێر". ئەی کەواتە چۆن پەڕڵەمانێکی پیس هێنراوەتە ڕیزی مەجلیسی شوڕا؟ لە مەجلیسی شوڕادا ئەسڵەن کافر و موشریک بۆیان نییە دابنیشن، ئەسڵەن ئەندامانی مەجلیسی شوڕا قسە لەسەر شتێک ناکەن کە لە قورئان و سوننەدا یەکلا کرابێتەوە، بۆ نموونە حەلاڵ و حەرامەکان هەرگیز قسەیان لەسەر ناکرێت لەلایەن ئەهلی الحل والعقد؛ چونکە الله فەرمانی کردووە و کۆمەڵێک شتی حەلال و حەرام کردووە، ئەوانیش پابەند دەبن و قسەی لەسەر ناکەن. کەچی ئەندامەکانی پەڕڵەمان قسە لەسەر هەموو شتێک دەکەن بەبێ سنوور، ئەسڵەن پەڕڵەمان دەیان و سەدان یاسای تێدا دەرچووە کە تیایدا بەرپەرچی ئایەتی الله دراوەتەوە، چەندین حەلالیان حەرام کردووە و چەندین حەرامیان حەلال کردووە.

بابەتی سێیەم: وەڵامدانەوەی گومانەکان.

گومانی حەوتەم: هەموو شتێک بە نیەتە.

ئەمەش دانەیەکی تری گوفتارە پووچەڵەکانی ئیخوانییەکانە کە زۆرێک لەم قەومە نەزانەیان پێی هەڵخەڵەتاندووە و دەڵێن: کاکە ئەگەر دێمۆکڕاسیەت تاغوتیش بێت ئەوا خۆ ئێمە نیەت و دڵمان باشە و دەمانەوێ حوکمی الله بگەڕێنینەوە.

سەرەتا بەر لەوەی وەڵامی گومانەکە بدەم، دەڵێم: ئەگەر دان بەوە دەنێن کە دێمۆکڕاسیەت تاغوتە، ئەوا چۆن و بە چ جورئەتێک مومارەسەی دەکەن؟ مەگەر الله تێکڕای پێغەمبەرانی نەناردووە تاکو خەڵک خۆیان لە تاغوت بەدوور بگرن؟! ئەوەتا فەرموویەتی: {**ولقد بعثنا في كل أمة رسولا أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت ...**}[1]. واتە: {بەڕاستیی ئێمە لەناو هەموو ئوممەتێک نێردراوێکمان ناردووە کە -پێیان دەڵێت-: الله بپەرستن و دووركەونەوە لە تاغوت ...}.

چۆن دان بەوە دەنێن دێمۆکڕاسیەت تاغوتە و لە هەمان کاتیشدا مومارەسەی دەکەن؟ مەگەر ئەم کارە پێچەوانەی فەرمانی الله نییە کاتێک فەرمانی کردووە: {**... فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقى ...**}[2]. واتە: {... جا هەر کەسێک کوفر بە تاغوت بکات و ئیمان بهێنێت بە الله ئەوا خۆی گرتووە بە پەتێکی

---

(١) سورەتی النحل، ئایەی ٣٦.

(٢) سورەتی البقرة، ئایەی ٢٥٦.

پتەو ...}. کەواتە مەرجی یەکەمی موسڵمان بوون ئەوەیە کوفر بە تاغوت بکرێت، کەچی ئێوەی دێمۆکڕاسیخوازی بەناو ئیسلامیی موماڕەسەی تاغوت دەکەن و دانیش بەوە دەنێن تاغوتە، کوانێ کوفر بەتاغوت؟!

سەبارەت بەوەیشی کە دەڵێن گوایە دەتانەوێت حوکمی الله بگەڕێننەوە، ڕاست ناکەن سوێند بە الله؛ چونکە دەیان جار بیستوومانە لە زانا و سەرکردە ئیخوانییەکانی میسڕ و ناوچەکانی تریش (بە کوردستانیشەوە) کە دەڵێن ئێمە دێمۆکڕاسیەتی ڕاستەقینەمان دەوێت، ئێمە دەستووری نائیسلامی دەنووسینەوە، ئێمە کوشتار دەکەین لەپێناوی دێمۆکڕاسیەت، ئێمە دەوڵەتی دینیمان ناوێت و دەوڵەتی مەدەنیمان دەوێت! ئەمە گوفتارەکانی خۆتانە و دەیان جار لە پێگەکان کەوتووەتە بەر گوێم، ئیتر لە الله ناترسن ئەم خەڵکە چەواشە دەکەن؟

ئێستاش با بێینە سەر وەڵامدانەوەی ئەسڵی گومانەکە، با بزانین ئایا نیەتی دڵ هیچ سوودی بۆ مرۆڤەکە هەیە ئەگەر لە ڕواڵەتدا خەریکی کارێکی کوفر بێت؟!

لە ڕووی شەڕعەوە، بۆ ئەوەی موسڵمانێکی موەحید کردەوەکان و عیبادەتەکانی لێ قەبوڵ بکرێت و بچێتە سەر تەرازووی چاکەی، ئەوا پێویستی بە دوو مەرج هەیە:

مەرجی یەکەم: پێویستە نیەتی دڵی پاک بێت و بەوپەڕی ئیخڵاسەوە تەنها لەپێناوی الله کارەکەی بکات، دوور لە بەرچاویی (واتە ڕیا)، هەروەها دوور لە بەرگوێیی (واتە سومعە)، هەروەها دوور لە بەدەستهێنانی ناوبانگ (واتە شوهرە). کەواتە نابێ نیەتی هیچ کامێک لەم سێیەی هەبێ، بەڵکو تەنها لەپێناوی الله -سبحانە وتعالی- کارەکەی بکات. ئەمەش بەبەڵگەی فەرمایشتی نێردراوی الله -صلى الله عليه وسلم-: «**إنما الأعمال بالنيات، وإنما لكل امرئ ما نوى ...**»[1]. واتە: «**بەڕاستیی کردەوەکان لەسەر نیەتەکان وەستاون، هەموو مرۆڤێکیش پاداشتی بەپێی نیەتی خۆیەتی ...**».

مەرجی دووەم: پێویستە کردەوەکەی هاوتا بێت لەگەڵ قورئانی پیرۆز و سوننەتی نێردراوی الله -صلى الله عليه وسلم-، نابێ کارێک بکات بەناوی ئیسلامەوە لەکاتێکدا هیچ بەڵگەیەکی شەرعیی لەسەر نەهاتبێ لە قورئان و سوننەت، هەروەک نێردراوی الله فەرموویەتی: «**من أحدث في أمرنا هذا ما ليس فيه فهو رد**»[2]. واتە: «**هەر کەسێک نوێکاریی لە کاروبارمان بکات (واتە نوێکاری**

(١) کتێبی صحيح البخاري > باب كيف كان بدء الوحي إلى رسول الله –صلى الله عليه وسلم؟ > فەرموودەی ژمارە: ١.

(٢) کتێبی صحيح البخاري > كتاب الصلح > باب إذا اصطلحوا على صلح جور > فەرموودەی ژمارە: ٢٦٩٧.

له ئیسلام بکات) لەکاتێکدا شتی وای تێدا نەبووبێ ئەوا ڕەت دەکرێتەوە».

مەبەستی پێغەمبەر -علیه الصلاة والسلام- له "نوێکاریی" ئەوەیە کە عیبادەتێک یان کردەوەیەک بەناوی ئیسلامەوە بکرێت لەکاتێکدا لەناو ئیسلامدا ئاماژە بە شتی وا نەکرابێت.

ئەم دوو مەرجەی باسکران تەواوکەری یەکترن، هیچ موسڵمانێکی ئەهلی تەوحید عیبادەتەکانی لێ قەبوڵ ناکرێت ئەگەر بەناوی ئیسلامەوە بیکات و یەکێک لەم دوو مەرجەی تێدا نەبێت.

کەچی ئیخوانییەکان لەمەشدا خیانەت لەم قەومە بەستەزمانە دەکەن و تەنها باسی مەرجی یەکەمیان بۆ دەکەن و دەڵێن کاکە هەموو کارێک بە نیەتی دڵە. کەچی باسی مەرجی دووەمیان بۆ ناکەن کەوا نێردراوی الله هۆشداریمان پێدەدات و دەڵێت نابێت کردەوەیەک بەناوی دینەوە بکەن کە لەدین نەبێت.

لێرەدا ئێمە بە ئیخوانییەکان دەڵێین: ئێوەی تاغوتپەرست و دێمۆکڕاسیخواز هاتوونە و کارە پیسەکەتان داوەتە پاڵ ئیسلام و ئیتر چەند حیزبێکتان دروست کردووە و سیاسەت بە شەریعەتێکی تاغوت دەکەن و پاشگری "ئیسلامی" ـتان لکاندووە بەخۆتانەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە الله -عز وجل- هۆشداریمان پێدەدات کە کوفر بە تاغوتی شەریعەت بکەین، ئەگەر وامان نەکرد ئەوا موسڵمان نین ئەگەرچی خۆشمان بە موسڵمان بزانین.

فەرموون با بەیەکەوە سەیری چەند بەڵگەیەک بکەین و بزانین ئایا ئەگەر کەسێک نیەتی دڵی باش بوو بەبێ ئەوەی کردەوەکەی لەسەر سوننەت بێت ئەوا سوودی بۆ هەیە یان نا.

الله -عز وجل- فەرموویەتی: {**قل هل ننبئكم بالأخسرين أعمالا * الذين ضل سعيهم في الحياة الدنيا وهم يحسبون أنهم يحسنون صنعا**}[١]. واتە: {-ئەی محمد- پێیان بڵێ: ئایا ئاگادارتان بکەمەوە لەوەی کێن ئەوانەی دۆڕاوترینن لەڕووی کارکردن؟! * ئەو کەسانەن کەوا هەموو کردەوە و کۆششەکانی دونیایان پووچەڵ بووەتەوە لەکاتێکدا وادەزانن خەریکی ئەنجامدانی کارێکی چاکن}.

هەروەها الله -سبحانه وتعالى- باسی کەسانێکمان بۆ دەکات کە شەیتانەکان گومڕایان کردوونە و خۆیشیان وادەزانن لەسەر حەقن، هەروەک دەفەرمووێت: {**وإنهم ليصدونهم عن السبيل ويحسبون أنهم مهتدون**}[٢]. واتە: {ئەوان (واتە شەیتانەکان) ڕێگریی لەو کەسانە دەکەن لەبەردەم ڕێگا ڕاستەکە، ئیتر ئەوانیش (واتە مرۆڤەکان) وادەزانن هیدایەت دراون}.

هەروەها فەرموویەتی: {**فريقا هدى وفريقا حق عليهم الضلالة إنهم اتخذوا الشياطين أولياء من دون الله ويحسبون أنهم**

---

(١) سورەتی الكهف، ئایەی ١٠٣ و ١٠٤.

(٢) سورەتی الزخرف، ئایەی ٣٧.

مهتدون}[1]. واتە: {الله دەستەیەکیانی هیدایەتدا و دەستەیەکیش گومڕایی لەسەریاندا جێگیر بوو، ئەوان شەیتانەکانیان کردبووە پاڵپشتی خۆیان لەبری الله، لە هەمان کاتیش وایان دەزانی هیدایەت دراون}.

کە سەیری ئەم ئایاتانە دەکەین، دەبینین الله باسی کەسانێکمان بۆ دەکات کەوا کەوتوونەتە ناو کوفرەوە و لە ناو دڵیشیاندا خۆیان بە ڕاست و چاکەکار زانیوە، ئیتر الله بەدرۆیان دەخاتەوە لەبەر ئەوەی لە کردەوەکانیاندا پابەندی شەریعەتی الله نین و سەرپێچی دەکەن. لێرەدا لە حیزبە بەناو ئیسلامییەکان دەپرسین: ئایا ئەو کەسانە نیەتی دڵیان هیچ سوودێکی بۆیان هەبوو؟ ئایا نیەتی دڵیان دەربازی کردن؟ نەخێر بەڵکو هەر بە "گومڕا" وەسفکران و حیساب بۆ نیەتی دڵیان نەکرا.

ئەوەتا زۆرینەی ئەو جەماعەتانەی لە کۆمەڵەی موسڵمانان جیابوونەوە نیەتی دڵیان پاک و باش بوو، وەکو جەهمییەکان و قەدەرییەکان و ئەوانی تریش، هەموویان لە ڕووی نیەتەوە کێشەیان نەبووە و وایان زانیوە لەسەر حەقن، بەڵام تەکفیرکراون و تەنانەت کوشتاریشیان کراوە لەلایەن ئەمیرەکانی موسڵمانان؛ چونکە کردەوە و گوفتارەکانیان کوفر بووە و نەیانویستووە حەقەکە قەبوڵ بکەن.

---

(١) سورەتی الأعراف، ئایەی ٣٠.

بۆیەش حیزبە بەناو ئیسلامییەکان هەرچەند نیەتیان پاک بێت، تەنانەت ئەگەر نیەتیشیان گەڕاندنەوەی حوکمی الله بێت لەڕێگای دێمۆکڕاسیەتەوە ئەوا ئەمە نابێتە بەربەست لەپێش تەکفیر کردنیان؛ چونکە مەرجی دووەمیان تێدا نییە و پشتیان بە سوننەتی پێغەمبەران -علیهم السلام- نەبەستووە بۆ ئەوەی لەسەر مەنهەجی ئەوان بانگەواز بکەن. پێغەمبەران گشتیان بانگەوازیان بۆ ئەوە بووە کە خەڵک لە هەموو جۆرێکی تاغوت بەدوور بکەونەوە، کەچی ئیخوانییەکان خۆیان مومارەسەی تاغوت دەکەن.

بابەتی سێیەم: وەڵامدانەوەی گومانەکان.

گومانی هەشتەم: پەیماننامەی حودەیبییە (صلح الحديبية).

ئیخوانییەکان دەڵێن: پێغەمبەر -عليه السلام- لەگەڵ کافرەکان دانیشت و پەیماننامەی بەست و لەسەر کۆمەڵێک شتی شەرعیی تەنازولی کرد، بۆ ئێمەش ئاساییە کەوا لەگەڵ دیمۆکراسیخوازە کافرەکان دابنیشین و تەنازول لە کۆمەڵێک بابەتی شەرعیی بکەین.

لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێم: سبحان الله، ئیخوانییەکان قسەی وا دەکەن ئەسڵەن هیچ پەیوەندییەکی بە مومارەسە کردنی شەریعەتی دیمۆکراسیەت نییە، زۆرینەی گومانەکانیان ئەسڵەن دژی ئەوەیە بچنە ناو پەرلەمان، کەچی -بە حیسابی خۆیان- کردوویانەتە بەڵگە بۆ ئەوەی بچنە ناو پەرلەمان!

دەمەوێ وەڵامی ئەم گومانەیان لە ٢ ڕووەوە بدەمەوە:

ڕووی یەکەم: لەناو مەرجەکانی پەیماننامەکەدا هیچ خاڵێکی تێدا نەبوو کە دینی موشریکەکانی قورەیش بووبێ و دژی شەریعەتی الله بێت کەچی پێغەمبەریش پێی ڕازی بووبێ! شتی وای تێدا نەبوو بەهیچ جۆرێک.

سەبارەت بەوەیشی کە ڕێگایان نەدا لە پەیماننامەکە بنووسرێت "بسم الله الرحمن الرحيم"، ئەمە هەر نابێتە بەڵگە تاکو بڵێین

پێغەمبەر تەنازولی کردووە لە ئیسلام؛ چونکە ڕاستە ئەوان ڕێگایان نەدا بەوەی بنووسرێت "بسم الله الرحمن الرحيم"، بەڵام خۆ پێغەمبەر داوای کرد بنووسرێت "بسمك اللهم"، بۆیەش ئەمەیان قەبوڵ کرد و نووسیان. جا لێرەدا دەپرسین: ئایا دەستەواژەی "بسمك اللهم" دژی شەریعەتی الله یە؟! ئایا دژی کامە ئایەت و فەرموودەیە؟! هیچیان.

تەنانەت کاتێک عمر بن الخطاب -رضي الله عنه- گلەیی کرد و وایزانی ئەم پەیماننامەیە تەنازول کردنی تێدایە، ئیتر پێغەمبەریش -صلی الله علیه وسلم- وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو: «**يا إبن الخطاب، إني رسول الله ولن يضيعني الله أبدا**»[1]. واتە: «**ئەی کوڕی الخطاب، من نێردراوی الله م، هەرگیز الله پشتم لێ ناکات**».

مەبەستی نێردراوی الله -علیه الصلاة والسلام- ئەوەیە کە هەرگیز الله جێی ناهێڵێت تاکو لەخۆیەوە کردەوەکان بکات و گومڕا ببێت، بۆیەش هەرگیز کردەوەیەک ناکات کەوا پێچەوانەی شەریعەتی الله بێت، خۆ ئەگەر هەر کردەوەیەکی کردبێت کە الله -تبارك وتعالى- پێی هەڵە بووبێ ئەوا ئایەتی لەسەر دابەزاندووە و هەڵەکەی بۆ ڕاست کردووەتەوە، هەروەک چۆن لەبارەی پیاوە کوێرەکەوە الله گلەیی لە پێغەمبەر کرد. یاخود ئەو کاتەی موشریکەکان داوایان لە پێغەمبەر کرد کە تا ماوەیەک پەیکەرەکانی

(١) کتێبی صحيح البخاري > كتاب الجزية > فەرموودەی ژمارە: ٣١٨٢.

ئەوان بپەرستێت، ئەوا الله سورەتی "الكافرون" ی دابەزاند و تیایدا فەرمانی بە پێغەمبەر کرد تا پێیان بڵێت هەرگیز کاری وا ناکات.

جا ئەگەر پەیماننامەی حودەیبییە (صلح الحديبية) هەڵە و تەنازولێکی تێدا بووایە ئەوا الله -عز وجل- پێغەمبەرەکەی خۆی ئاگادار دەکردەوە. ئەمەش درۆ و کوفر و سنووربەزاندنی ئیخوانییەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات کەوا دەڵێن پێغەمبەر تەنازولی لە دینی الله کردووە لە پەیماننامەکە! پەنا بە الله.

جا با ئێمە بەراوردێک بکەین لەگەڵ حاڵی حیزبە ئیخوانییە فێڵبازەکان، ئایا ئیخوانییەکان ڕێگریان کردووە لەوەی لە پەرڵەماندا هیچ یاسایەکی کوفر دەرنەکرێ؟! ناوالله، بەڵکو هەر یاسایەک لەو ٢٧ ساڵەی ڕابردوودا لە پەرڵەمان دەرهێنرابێت ئەوا ئیللا لە سەردێڕەکەیدا نووسراوە "بەناوی گەل"!، کەچی ئیخوانییەکان ٢٧ ساڵە لەنێو پەرڵەمانن و بوونیان هەیە لە گۆڕەپانی سیاسەتی تاغوتپەرستن. کەچی خۆیان هێناوەتە ئاستی پێغەمبەر و وای دەردەخەن پێغەمبەر وەکو ئەوان تەنازولی کردووە لە دین!

ڕووی دووەم: لەکاتی بەستنی پەیماننامەی حودەیبییە (صلح الحديبية) هێشتا شەریعەتی الله بەتەواویی کامل نەببوو و دانەبەزیبوو، بۆیەش ئەگەر هەر ئایەتێک دابەزیایە کە پێچەوانەی پەیماننامەکە بووایە ئەوا نێردراوی الله -عليه الصلاة والسلام- پابەند

و گوێڕایەڵی فەرمانی الله دەبوو و هیچ حیسابێکی بۆ پەیماننامەکە نەدەکرد.

بەڵگەشمان ئەوەیە کە البراء بن عازب -رضي الله عنهما- باسی یەکێک لە خاڵەکانی پەیماننامەکەمان بۆ دەکات کە تیایدا نووسرابوو: «**أن من أتاه من المشركين رده إليهم، ومن أتاهم من المسلمين لم يردوه**»(١). واتە: «**هەر کەسێک لە موشریکەکان ببێتە موسڵمان و بچێتە لای محمد ئەوا دەبێ بیگەڕێننەوە بۆ لای قوڕەیش، ئەگەریش هەر کەسێک لە موسڵمانان ببێتەوە موشریک و بچێتەوە لای قوڕەیش ئەوا نایگەڕێننەوە بۆ لای محمد**».

کەواتە مەرجەکەیان ئەوەبوو کە هەر کەسێک ببێتە موسڵمان ئینجا هیجرەت بکات بەرەو مەدینە، ئەوا دەبێ پێغەمبەر -علیه السلام- بینێرێتەوە لای کافرانی قوڕەیش، بەڵام ئەگەر یەکێک لە موسڵمانان هەڵگەڕایەوە (واتە موڕتەد بوویەوە) ئینجا بگەڕێتەوە بۆ مەککە، ئەوا کافرانی قوڕەیش ناینێرنەوە.

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بەم مەرجە ڕازی بوو، بەڵام لەدوای ماوەیەک ئافرەتێک بوو بە موسڵمان و لە شاری مەککەوە خۆی گەیاندە شاری مەدینە، ئیتر مێردەکەی هات و داوای لە پێغەمبەر کرد تاکو ئافرەتەکەی بداتەوە لەسەر بنەمای پەیماننامەکە،

---

(١) کتێبی صحيح البخاري > كتاب الصلح > باب الصلح مع المشركين > فەرموودەی ژمارە: ٢٧٠٠.

لەو کاتەدا الله ئایەتی دابەزاند و گووتی: {**یأیها الذین ءامنوا إذا جآئکم المؤمنات مهاجرات فامتحنوهن الله أعلم بإیمانهن فإن علمتموهن مؤمنات فلا ترجعوهن إلی الکفار ...**}[١]. واتە: {ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە، ئەگەر ئافرەتانێکی ئیماندار هیجرەتیان بۆ لاتان کرد ئەوا تاقیان بکەنەوە، الله زاناترە بە ئیمانەکەیان، ئەگەر زانیتان کەوا ئیماندارن ئەوا مەیانگەڕێننەوە لای کافرەکان ...}.

بۆیەش ئیتر پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئافرەتەکەی نەگەڕاندەوە بۆ لایان، بەڵکو پابەندی فەرمانی الله بوو، ئەگەرچی پێشتر پەیمانی پێدابوون بەڵام کاتێک حوکمێکی نوێ دابەزی، ئیتر نێردراوی الله پشتی لەو خاڵەی پەیماننامەکە کرد لەپێناوی الله.

جا کاتێک ئەم ڕووداوە بەراورد دەکەین بە حاڵی حیزبە بەناو ئیسلامییەکان، ئیتر بۆمان دەردەکەوێت ئەم فێڵبازانە قەرزاریش دەبنەوە؛ چونکە پێغەمبەر پشتی لە هەر خاڵێکی پەیماننامەکە دەکرد ئەگەر ئایەتێک دابەزیایە و پێچەوانەی خاڵێکی پەیمانەکە بووایە، کەچی ئێستا لەدوای تێپەڕینی زیادتر لە ١٤٠٠ ساڵ، هەروەها کامل بوونی شەریعەتی الله، هەروەها لەدوای دابەزینی چەندین ئایەت کە دەیسەلمێنن شەریعەتە دەستکردەکان تاغوتن، کەچی ئیخوانییەکان حیساب بۆ ئەم هەموو ئایەتە موحکەمە ناکەن و دڵیان

---

(١) سورەتی الممتحنة، ئایەی ١٠.

بۆ شەریعەتێکی تاغوت لێدەدات کە لە دەیان و سەدان خاڵدا دژی شەریعەتی الله یە.

ئیخوانییەکان ئەگەر موسڵمان بوونایە ئەوا لەوکاتەی کە زانیان دێمۆکڕاسیەت بە مانای "حوکمی گەل" دێت، ئەوا یەکسەر بەڕائەتیان لەم شەریعەتە تاغوتە دەکرد، هەروەها ئەگەر موسڵمان بوونایە ئەوا لەوکاتەی زانیان دێمۆکڕاسیەت واتە ئازادیی بیروباوەڕ و ڕادەربڕینی بێسنوور، ئەوا یەکسەر بەڕائەتیان لەم شەریعەتە پیسە دەکرد، نەک دڵیان بۆی لێبدات و مومارەسەی بکەن و هەوڵی تێکەڵکردنی بدەن لەگەڵ ئیسلام و هەروەها کوشتار بکەن لەپێناوی دێمۆکڕاسیەت -هەروەک یوسف قەرزاویی وای گووت.

بابەتی سێیەم: وەڵامدانەوەی گومانەکان.

گومانی نۆیەم: ڕێککەوتننامەی الفضول (حلف الفضول).

ئیخوانییەکان دەڵێن: کاکە ئێمە دەمانەوێت زوڵم و ستەمکاریی هەڵگرین، ئەوەتا پێغەمبەر پێش ئیسلام بەشداربوو لە ڕێککەوتننامەیەک بۆ سەرخستنی ستەملێکراو، لەدوای هاتنی وەحیش هەر شانازیی بەم جۆرە ڕێککەوتننامەیە کرد و گووتی لەئیسلامیشدا دووبارەی دەکەمەوە. جا ئێمەش بەشدار دەبین لە پەرڵەمان بۆ ئەوەی ستەمکاریی هەڵگرین.

لە وەڵامی ئەمەشدا دەڵێم: بەڵێ لەدوای ئەوەی ستەم لە بازرگانێک کرا لە شاری مەککە، ئیتر قوڕەیش کۆبوونەوە و ڕێککەوتنێکیان مۆر کرد بۆ ئەوەی هەمیشە ڕێگریی بکەن لە ستەمکاریی و ماف خواردن، پێغەمبەریش -علیه السلام- لەکاتی ڕێککەوتنەکەدا ئامادەبوو، لەدوای هاتنی وەحیش پێغەمبەرمان -صلی الله علیه وسلم- هەر ستایشی ئەم ڕێککەوتننامەیەی کرد. بەڵام با بزانین بۆچی ئەم ڕووداوە نابێتە بەڵگە بۆ مومارەسەکردنی دیمۆکڕاسیەت و چوونە نێو پەرڵەمان، وەڵام لە چەند ڕووێک:

ڕووی یەکەم: بەڵێ لەدوای وەحیش پێغەمبەرمان هەر ئەم گوفتارەی فەرموو، بەڵام هێشتا شەریعەتی الله بەتەواویی دانەبەزیبوو، بەڵام دواتر هێواش هێواش ئایاتەکان دابەزین و الله -

عز وجل- باسی جۆرەها زوڵمی کرد و سزای تایبەتیشی بۆ هەر یەکێکیان دیاریکرد، وەکو سزای دزی و داوێنپیسی و بوهتان و مەیخۆریی و کوشتنی ناحەق و جۆرەها زوڵمی تریش، بۆیە پێغەمبەریش -صلی الله علیه وسلم- فەرمانی پەروەردگاری جێبەجێ دەکرد و لەسەر بنەمای فەرمانی الله سزای هەر کەسێکی دەدا کەوا یەکێک لەمجۆرە زوڵمانەی ئەنجام بدایە. هەر بۆیەش دوای کامل بوونی شەریعەتی ئیسلامەوە ئیتر نە پێغەمبەر و نە هاوەڵەکانی و نە چوار خەلیفەکەش -رضي الله عنهم- هەرگیز لەبارەی هەڵگرتنی زوڵمەوە ڕێککەوتنیان نەکردووە لەگەڵ موشریک و کافران؛ ئەمەش چونکە ئیتر شەریعەتی الله کامل بوو و سزای جۆرەها زوڵمی دیاریکردووە.

ڕووی دووەم: بەڵگەیەکی تریش کە دەیسەلمێنێت موسڵمانان لەدوای کامل بوونی دینەکەیانەوە ناتوانن ڕێککەوتن بکەن لەگەڵ کافران لەبارەی هەڵگرتنی زوڵم، ئەوەیە کە ئەو شتانەی لە شەریعەتی الله وەکو زوڵم و ستەم دانراون ئەوا ئەسڵەن لەلای ئەهلی کوفرەوە پێیان ناگوترێت زوڵم. بۆ نموونە لە شەریعەتی الله گەورەترین زوڵم بریتییە لە شیرک، هەروەک الله لە زاری لوقمانەوە دەفەرمووێت: {**... یابني لا تشرك بالله إن الشرك لظلم عظیم**}[1]. واتە: {... کوڕەکەم هاوەڵ بۆ الله دامەنێ، بەڕاستیی شیرک و هاوەڵبڕیاردان بریتییە لە زوڵمە گەورەکە}.

---

(١) سورەتی لقمان، ئایەی ١٣.

له ئیسلامدا هاوەڵبڕیاردان بۆ الله بریتییه له گەورەترین زوڵم، پێویستیشه لاببرێت و لەناوببرێت، کەچی لەلای دێمۆکڕاسیخوازە تاغوتپەرستەکاندا ئەمە پێی دەگووترێ ئازادیی بیروباوەڕ، که تێیدا مرۆڤ ئازادە لەوەی مومارەسەی هەر دینێک بکات یانیش هەر نەیکات. ئەمەش له لاپەڕی ٥٣ تا ٦٣ باس کرا.

ئەسڵەن بەپێچەوانەوە، زۆر بابەت هەیە که الله ئایەتی لەسەر دابەزاندووە کەچی دێمۆکڕاسیخوازەکان بە نادادپەروەری دەزانن! بۆ نموونە بەلای ئەوانەوە مەیخۆریی و داوێنپیسی بابەتێکی هێندە گەورە نییە بەڵکو پەیوەستە بە ڕەزامەندیی بکەرەکانی! بۆیەش بە زوڵمی دەزانن مرۆڤێک قامچی لێبدرێت ئەگەر داوێنپیسی بکات یاخود مەی بخواتەوە! ئیتر دەبینین حوکمە شەرعییەکان ڕەت دەکەنەوە لەبارەی ئەم کارە قێزەونانە.

ئەی ئیخوانییەکان، پێمان ناڵێن چۆن لەڕووی شەرعەوە دەتوانرێت ڕێککەوتن لەگەڵ دێمۆکڕاسیخوازەکان بکرێ لەکاتێکدا ئەوەی کە بەلای ئێوەوە زوڵمە ئەوا ئەسڵەن ئەوان بە زوڵمی نازانن، هەروەها ئەوەی کە لە شەریعەتی الله وەکو زوڵم وەسف کراوە ئەوا ئەوان بە ئازادیی و مافی مرۆڤی دەزانن! ئەگەر ئەمە عەقڵیەتی کەسانێکی تاغوتپەرست بێت ئیتر چۆن لەگەڵیان ڕێکدەکەون بۆ لەناوبردنی زوڵم؟!

ڕووی سێیەم: فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە (واتە الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر) یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەهلی ئیسلام و تەوحید، هەرگیز الله -تبارك وتعالى- باسی موشریکەکان ناکات بەوەی ئەم ئەرکە پیرۆزە لە ئەستۆ بگرن، بەڵکو ئەم ئەرکە پیرۆزەی داوەتە پاڵ ئەهلی ئیسلام، هەروەک فەرموویەتی: {**كنتم خير أمة أخرجت للناس تأمرون بالمعروف وتنهون عن المنكر وتؤمنون بالله ...**}[1]. واتە: {ئێوە باشترین ئوممەت بوون کە بۆ ئەم خەڵکە هاتن، بەوەی کە فەرمان بە چاکە دەکەن و قەدەغەی خراپە دەکەن، هەروەها باوەڕتان بە الله هەیە ...}.

مادام ئەم ئەرکە پیرۆزە تایبەت بێت بە ئەهلی تەوحید و ئیسلام، ئیتر چۆن کەسێک موسڵمانە لەکاتێکدا کافرێکی موشریکی تاغوتپەرست بهێنێت و ڕێککەوتنی لەگەڵدا بکات بۆ ئەوەی بەیەکەوە زوڵم لەناو ببەن؟!

گریمان ڕێککەوتنیان کرد و دەرکەوت کەسێک دزی کردووە، ئەوەی کە خۆی پێ موسڵمانە دەڵێت: پێویستە دەستی دزەکە ببڕدرێت. لەلایەکی تریشەوە کافرەکەی کەوا ڕێککەوتنی لەگەڵ کراوە دەڵێت: نەخێر دەستبڕین کارێکی نامرۆڤانەیە بەڵکو دەبێ بیخەینە زیندان!

---

(١) سورەتی آل عمران، ئایەی ١١٠.

ئێستا بەگوێی کێ بکەین؟! ئەگەر دەڵێن: بەگوێی الله دەکەین و حیساب بۆ گوفتاری کافرەکە ناکەین. ئەوا دەپرسم: کەواتە چۆن دەڵێن ئاساییە ڕێککەوتن لەگەڵ کافران بکرێت بۆ لەناوبردنی زوڵم؟! دەبێ لەم گوفتارەشتان پەشیمان ببنەوە؛ چونکە هەرگیز کافران دان بە حوکمە شەرعییەکان نانێن، بۆیەش ئەسڵەن ئەگەر خۆتان بە موسڵمان دەزانن ئەوا نابێ موناقەشە لەسەر جێبەجێکردنی سزا شەرعییەکان بکەن.

ڕووی چوارەم: ئیخوانییەکان دەڵێن ئاساییە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەهلی کوفر بکرێت بۆ ڕێگریکردن لە زوڵم، ئەمەش لەکاتێکدا کە هەر خودی ئەهلی کوفر بریتین لە زاڵمترین مرۆڤەکانی سەر زەوی؛ چونکە موشریکن و هەروەها دان بە شەریعەتی الله نانێن ئامادەنین تەسلیمی الله ببن لەکاتێکدا هەر ئەو دروستکاریانە. هەروەها هەوڵی بڵاوکردنەوەی کوفر و شیرک و تاوانەکان دەدەن بەناوی ئازادیی بیروباوەڕ و تاکەکەسی و ڕادەبڕین!

کەواتە هەر خودی ئەو کافرانە پێویستە لەناوببرێن؛ چونکە ستەمکار و دەستدرێژن، ئیتر چۆن تۆیەکی ئیخوانیی خۆت بە موسڵمان دەزانی و لە هەمان کاتدا لەگەڵ کافرێکی دەمدرێژی دەستدرێژکار دادەنیشیت و گوایە دەتانەوێت زوڵم لەناوببەن؟! هەرگیز ڕێککەوتن لەگەڵ ستەمکار ناکرێت بۆ لەناوبردنی ستەم.

بەشی سێیەم

پەیامی تەوحیدم بۆتان ئامادەکردووە ئەی قەومەکەم

پەیامی تەوحیدم بۆتان ئامادەکردووە ئەی قەومەکەم

پێشەکیی: پەیامی تەوحید.

ئەی قەومەکەم، هاوزمانەکانم، پەیامێکم پێیە، ئەویش پەیامی تەوحیدە، هەموو شتێکم لەبارەیەوە باس کردووە بەشێوازێکی پوخت و بە بەڵگەوە، ئەمەی باسم کردووە دەتوانم بڵێم ناوەڕۆکی تەوحیدە و هەر چ کەسێک بیزانێت و دانی پێدابنێ ئەوا ئەهلی تەوحیدە و پایەدارە إن شاء الله سبحانە.

ئەم بەشە لە ١٠ بابەتی پوخت پێکهاتووە کە هەموویان گرێدراوی یەکترن، فەرموو بەناوی الله بیخوێنەوە و ئیمانی پێ بهێنە:

بابەتی یەکەم: مانای "توحید" لەڕووی زمانەوانیی و هەروەها لەڕووی شەڕعیی.

وشەی "التوحید" لەڕووی زمانەوانییەوە واتە: بە تەنها دانان و جیاکردنەوەی شتێک لەناو کۆمەڵێک شت. بەعەرەبیی واتە: جعل المتعدد واحدا.

بۆ نموونە ئەگەر بڵێی "کەس لەماڵ نییە تەنها أحمد نەبێت"، لە نموونەکەدا ڕستەکە بەسەر دوو بڕگە دابەش بووە:

بڕگەی یەکەم: بریتییە لە پارچەی "کەس لە ماڵ نییە"، لەم پارچەیەدا کەسمان لە ماڵەکە نەهێشتەوە، ئەمەش پێی دەگووترێ "نفي".

بڕگەی دووەم: بریتییە لە پارچەی "تەنها أحمد نەبێت"، لەم پارچەیەدا تەنها یەک کەسمان لەناو ماڵەکە جێگیر کرد ئەویش بریتییە لە أحمد، ئەمەش پێی دەگووترێ "إثبات".

لەمەوە دەگەینە ئەنجامێک: ئەویش ئەوەیە کە تەوحید دوو مەرجی هەیە: "نفي" و "إثبات"، ئەگەر ئەم دوو مەرجە پێکەوە هاتنە دی ئەوا تەوحیدەکە تەواوە. لە بابەتی سێیەمدا بەدرێژیی ئەمە لەڕووی شەرعەوە شیدەکەمەوە.

وشەی "التوحيد" لەڕووی شەرعییەوە واتە: تەنهاکردن و تەوحید کردنی الله لە سێ ڕووەوە: لەڕووی پەروەردەکارێتی (الربوبية)، هەروەها لەڕووی پەرستراوێتی (الألوهية)، هەروەها لەڕووی ناو و سیفەتەکانیەوە (الأسماء والصفات). لە بابەتی هەشتەم و نۆیەم و یازدەهەمدا بەپوختیی هەر سێکیان باس دەکرێن.

ئەوەی لەم بابەتەدا مەبەستم بوو تەنها ئەوەیە مانای تەوحید بزانیت لەڕووی زمانەوانیی و لەڕووی شەرعیی.

بابەتی دووەم: بۆچی تەوحید بابەتێکی هێندە گرینگە بەلامانەوە؟

ئەهلی تەوحید جیاوازن لە تێکڕای ئەو جەماعەتانەی کە بانگەوازی ئیسلام و موسڵمانێتی خۆیان دەکەن؛ چونکە هیچیان حەقیقەتی تەوحید بە خەڵک ناگەیەنن هەروەها تەوحید لە گوفتار و فەتوا و هەڵوێستەکانیان بەدی ناکرێت. بۆیەش هیچیان هێندەی ئێمە نەیانتوانیوە ئەم پەیامە بە سەربەرزییەوە بگەیەنن؛ چونکە ئەم پەیامە زۆرێکیان بەدرۆ دەخاتەوە.

هەر بۆیەش هەمووکات ئامانجی لەپێشینەمان بریتی بووە لە گەیاندنی تەوحید بەم قەومە، نەک هەڵخەڵەتاندنیان بە کۆمەڵێک شتی لابەلا.

با بزانین گرینگی تەوحید لە چییە و بۆچی هێندە بەلامانەوە جێگەی بایەخە، بەپوختی لەبەر چەند هۆکارێک:

١ - تەوحید بانگەوازی تێکڕای پێغەمبەران بووە -علیهم الصلاة والسلام-، واتە ئەگەر سەد هەزار پێغەمبەر هەبووبن ئەوا هەر هەموویان ئەم تەوحیدەیان گەیاندووە، هەروەک الله -عز وجل- فەرموویەتی: {**ولقد بعثنا في كل أمة رسولا أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت ...**}[(١)]. واتە: {بەڕاستیی ئێمە لەناو هەموو ئوممەتێک نێردراوێکمان ناردووە کە -پێیان دەڵێت-: الله بپەرستن و دوورکەونەوە لە تاغوت ...}.

---

(١) سورەتی النحل، ئایەی ٣٦.

٢- تەوحید هۆکاری سڕانەوەی تێکڕای تاوانە گەورە و بچووکەکانە، هەر کەسێک بزانێت تەوحید چییە و پاشانیش باوەڕی پێ بهێنێ ئەوا بەسیەتی بۆ ئەوەی الله لە کەمتەرخەمیی و تاوانەکانی خۆشبێت ئەگەر تاوانەکانی بە حەلال نەزانیبێ و نەگەیشتبێتە ئاستی کوفر و شیرک، هەروەک لە فەرموودەیەکی قودسیدا الله -تبارك وتعالی- بە مرۆڤایەتیی ڕادەگەیەنێ: «**... ومن لقيني بقراب الأرض خطيئة لا يشرك بي شيئا، لقيته بمثلها مغفرة**»[1]. واتە: «**... هەر کەسێک بەقەد پڕاوپڕی زەوی تاوانی کردبێت و پێم بگاتەوە (واتە لە قیامەت) بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی کردبێتە هاوبەشی من، ئەوا منیش هێندەی تاوانەکانی لێی دەبوورم**».

٣- زانین و باوەڕهێنان بە تەوحید تاکە هۆکارە بۆ ئەوەی موسڵمانەکە عیبادەتەکانی لێ قەبوڵ بکرێت لەلای الله، هەر کەسێک تەوحیدی تێدا نەبێت و هەوڵ نەدات بۆ زانینی (لەکاتێکدا دەستی بگاتە زانستی شەرعیی و قورئان) ئەوا ئەو کەسە موشریکە، بێگومان شیرکیش هەر ئەوە نییە کە سوجدە بۆ مرۆڤێک یان پەیکەرێک ببرێت، بەڵکو شیرک جۆری زۆرە و زانایان باسیان کردووە، بۆیەش هیچ کەسێک لە شیرکەکان پارێزراو نابێت تاکو بەتەواویی نەزانێت تەوحید چییە، ئەگینا هەمیشە لەسەر لێواری ئەوەیە کە بکەوێتە ناو جۆرێک لە جۆرەکانی شیرک، خۆ ئەگەر

(١) کتێبی صحيح مسلم > كتاب الذكر والدعاء والتوبة والإستغفار > باب فضل الذكر والدعاء والتقرب إلى الله -تعالى- > فەرموودەی ژمارە: ٢٦٨٧.

تێیکەوت -پەنا بە الله- ئەوا هیچ پەرستن و هەوڵ و ماندووبوونێکی لێ قەبوڵ ناکرێت، هەروەک الله فەرموویەتی: {**... ولو أشركوا لحبط عنهم ما كانوا يعملون**}[1]. واتە: {... خۆ ئەگەر هاوەڵیان بڕیاردایە بۆ الله ئەوا سەرجەم کردەوەکانیان لێ هەڵدەوەشایەوە}.

٤- هەر هەموو ئایاتەکانی قورئان پەیامی تەوحیدیان هەڵگرتووە بەبێ جیاوازیی! هەروەک شێخ إبن القيم -رحمه الله- لەم بارەیەوە دەڵێت: «**إن كل آية في القرآن فهي متضمنة للتوحيد، شاهدة به، داعية إليه، فإن القرآن: إما خبر عن الله، وأسمائه وصفاته وأفعاله، فهو التوحيد العلمي الخبري، وإما دعوة إلى عبادته وحده لا شريك له، وخلع كل ما يعبد من دونه، فهو التوحيد الإرادي الطلبي، وإما أمر ونهي، وإلزام بطاعته في نهيه وأمره، فهي حقوق التوحيد ومكملاته، وإما خبر عن كرامة الله لأهل توحيده وطاعته، وما فعل بهم في الدنيا، وما يكرمهم به في الآخرة، فهو جزاء توحيده وإما خبر عن أهل الشرك، وما فعل بهم في الدنيا من النكال، وما يحل بهم في العقبى من العذاب، فهو خبر عمن خرج عن حكم التوحيد.**»[2].

واتە: «**بەڕاستیی هەموو ئایەتێک لە قورئاندا لەژێر سێبەری تەوحیدە و شایەتی لەسەر دەدات و بانگەوازی بۆ دەکات، بەگشتیی**

---

(١) سورەتی الأنعام، ئایەی ٨٨.

(٢) کتێبی مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين > فصل التوحيد > فصل أنواع التوحيد الذي دعت إليه الرسل.

قورئان یان ئەوەتا هەواڵێکمان لەبارەی الله و ناو و سیفەتەکان و کردەوەکانی پێدەگەیەنێت کە ئەمەش تەوحیدێکی عیلمی و ئەخبارییە. یانیش بانگەوازکردنە بۆ پەرستنی ئەو بەبێ هیچ هاوبەشێک و هەروەها دابڕینیەتی لەهەموو ئەوانەی دەپەرسترێن لەبری ئەو، ئەمەش تەوحیدی ئیرادی و داواکارییە. یانیش ئەوەیە کە فەرمان و قەدەغەکردنە، هەروەها پابەند بوونە بە گوێڕایەڵ بوونی الله لە فەرمانەکانی و قەدەغە کردنەکانی، ئەمەش حەق و تەواوکەرەکانی تەوحیدن. یانیش ئەوەیە کە الله هەواڵمان پێدەدات لەبارەی پلەوپایەی ئەهلی تەوحید و گوێڕایەڵەکانی و پاداشتەکانی بۆیان، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان لە دونیا، هەروەها پلەوپایەیان لە دوارۆژ، کە ئەمەش بریتییە لە پاداشتی تەوحید. یانیش ئەوەیە کە باسی ئەهلی شیرک دەکات کە چۆن نارەحەتییان دەهێنێتە سەر ڕێگا لە دونیا، هەروەها چ سزایەکیان بەسەردێت لە قیامەت، ئەمەش هەواڵە لەبارەی ئەو کەسانەی کە دەردەچن لە حوکمی تەوحید».

بابەتی سێیەم: دوو مەرجەکەی تەوحید و بەڵگەکانیان.

لە بابەتی یەکەمدا زانیمان کەوا تەوحید لەڕووی زمانەوانییەوە دروست نابێ ئەگەر "نفي" و "إثبات" ی تێدا نەبێت بەیەکەوە، ئێستاش با بزانین لەڕووی شەرعییەوە ئاخۆ دەبێ چ شتێک "نفي" بکەین و چیش "إثبات" بکەین تاکو تەوحید لەخۆماندا بچەسپێنین، فەرموون...

الله لە کتێبەکەیدا لەدوای ئایەتی کورسی فەرموویەتی: {**... فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقى ...**}[1]. واتە: {... هەر کەسێک کوفر بە تاغوت بکات و ئیمان بە الله بهێنێت ئەوا بێگومان خۆی گرتووە بە پەتێکی پتەو ...}.

تێبینی: زانایانی تەفسیر لە مانای "العروة الوثقى" دەڵێن واتە: لا إله إلا الله.

کەواتە لەم ئایەتەدا دوو مەرجەکەی تەوحید باسکراوە، کە ئەوانیش:

مەرجی یەکەم: کوفر کردن بە تاغوتەکان، کە ئەمەش یەکسانە بە بڕگەی "لا إله".

مەرجی دووەم: باوەڕهێنان بە الله، کە ئەمەش یەکسانە بە بڕگەی "إلا الله".

---

(١) سورەتی البقرة، ئایەی ٢٥٦.

کەواتە ڕستەی تەوحید (واتە لا إله إلا الله) پێویستی بەم دوو مەرجە هەیە کە باسکران، لەم ڕۆژگارەدا زۆرێک لە خەڵک دەبینین مەرجی دووەمیان تێدایە، واتە نوێژ بۆ الله دەکەن و هەر لە الله دەپاڕێنەوە و ڕۆژوو بۆ الله دەگرن و زۆر شتی تریش، بەڵام هیچ ئاگاداری مەرجی یەکەم نین، بۆیەش ئەو کەسانە موسڵمان نین؛ چونکە لە بنەڕەتەوە ئاگاداری بناغەی تەوحید و مەرجەکانی نین.

لە بابەتەکانی داهاتوودا بەدرێژیی دەچینە سەر باسی ئەم دوو مەرجە، لەم بابەتەدا تەنها ئامانجم ئەوەبوو تۆی خوێنەر بزانیت تەوحید دوو مەرجی هەیە و هیچیان بەبێ ئەوەی تریان سوودی نییە بۆ کەسەکە و نایکاتە موسڵمان.

بابەتی چوارەم: مانای "طاغوت" لەڕووی زمانەوانیی و لەڕووی شەڕعیی.

لە بابەتی پێشوودا زانیمان تەوحید دوو مەرجی هەیە، ئیتر لەم بابەتە و دوو بابەتی داهاتوو دێینە سەر شیکردنەوەی مەرجی یەکەمی تەوحید، ئەویش بریتییە لە کوفرکردن بە تاغوتەکان.

پێویستە لە سەرەتادا بزانین تاغوت مانای چییە، هەروەها تاغوت چ شتێک دەگرێتەوە و هەروەها چۆن کوفری پێدەکرێت، ئەگەر مرۆڤ ئەم زانیارییە بنچینەییە نەزانێت ئەوا چۆن دەتوانێ بڵێت کوفرم کردووە بە تاغوت؟!

وشەی تاغوت لەڕووی زمانەوانییەوە: لەسەر کێشی "فعلوت" ـە، ئەمەش کێشێکە کە تایبەتە بە سنووربەزاندن و زیادەڕەویی (واتە المبالغة). هەر بۆیەش وشەی تاغوت لەڕووی زمانی عەرەبییەوە بەمانای "سنووربەزاندن" دێت، هەروەک الله -عز وجل- فەرموویەتی: {**... لما طغى الماء ...**}[1]. واتە: {... ئەو کاتەی ئاوەکە سنووری بەزاند و زۆربوو ...}.

وشەی تاغوت لەڕووی شەرعییەوە: ئەم وشەیە چەند پێناسەیەکی بۆ کراوە لەلایەن ئەهلی عیلم، هەر هەموویشیان لەژێر پێناسە پوختەکەی شێخ إبن القيم -رحمه الله- کۆدەبنەوە، کاتێک گووتی: «**والطاغوت كل ما تجاوز به العبد حده من معبود أو متبوع أو مطاع**»[2]. واتە: «**تاغوت هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە عەبد سنووری تێدا بەزاندووە، جا لەڕووی پەرستنەوە بێت یان لەڕووی شوێنکەوتنەوە بێت یان لەڕووی گوێڕایەڵکردنەوە بێت**».

---

(١) سورەتی الحاقة، ئایەی ١١.

(٢) کتێبی إعلام الموقعين عن رب العالمين > الأمر بالرد دليل على أن الكتاب والسنة يشتملان على حكم كل شيء > الرد إلى الله والرسول من موجبات الإيمان.

بابەتی پێنجەم: جۆرەکانی تاغوت کە الله لە قورئاندا باسی کردوون.

لەدوای ئەوەی لە بابەتی پێشوودا زانیمان مانای وشەی "طاغوت" چییە، ئێستاش با بزانین الله -سبحانە وتعالی- لە کتێبەکەیدا چ شتێک بە تاغوت دەزانێت.

الله -جل وعلا- لە قورئاندا باسی کۆمەڵێک شتمان بۆ دەکات و پێمان ڕادەگەیەنێ کە تاغوتن و موسڵمان دەبێ بیانناسێت و کوفریان پێ بکات، کە ئەمانەن:

١- شەیتان: شەیتان سەرۆکی هەموو تاغوتەکانە، مەبەستیش لە "شەیتان" تەنها ئیبلیس نییە، بەڵکو الله پێمان ڕادەگەیەنێت کەوا شەیتانی مرۆڤ و جنۆکە بوونیان هەیە[١]. بەڵگەش لەسەر تاغوت بوونی شەیتان ئەوەیە کە الله -تبارك وتعالی- لەبارەیەوە دەفەرمووێت: {**ألم أعهد إليكم يابني ءادم أن لا تعبدوا الشيطان إنه لكم عدو مبين**}[٢]. واتە: {مەگەر پەیمانم لێتان وەرنەگرت ئەی نەوەکانی ئادەم کەوا شەیتان مەپەرستن؟! بەڕاستی ئەو دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ ئێوە}.

٢- هەر کەسێک کە بانگەوازی زانستی غەیب بکات: بێگومان هەر کەسێک ئەگەر بڵێت من دەزانم لە داهاتوودا چی دەبێت، یاخود بە خەڵک بڵێت ئەگەر ئاوا بکەن ئاوا ئەو شتە ڕوودەدات و

---

(١) سورەتی الأنعام، ئایەی ١١٢.

(٢) سورەتی يس، ئایەی ٦٠.

ئەگەریش نەیکەن ئەوا ئەو شتە ڕوودەدات، ئەمجۆرە کەسە تاغوتە و بانگەشەی غەیبی کردووە، لەکاتێکدا تەنها الله ئاگاداری زانستی غەیبە، هەروەک فەرموویەتی: {**عالم الغيب فلا يظهر على غيبه أحدا**}[1]. واتە: {الله زانای غەیبە و کەسیش ناتوانێت غەیب و زانستە شاراوەکانی ئاشکرا بکات}.

دەتوانین بڵێین "ساحیر" و "فاڵچی" بریتین لە دوو نموونە لەسەر ئەمجۆرە تاغوتە، هەروەها بورجەکان و ئەوانەیشی کە پێیان دەگووترێ "فەلەکناس"؛ چونکە هەموو ئەمانە بەوپەڕی یەقین و دڵنیاییەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە شتانێک دەزانن کە هێشتا ڕووینەداوە.

هەر کەسێک باوەڕی وابێت کەوا ئەم تاغوتانە قسەکانیان ڕاستە ئەوا ئەویش وەک ئەوان کافرە، هەروەک نێردراوی الله فەرموویەتی: «**من أتى كاهنا، أو عرافا، فصدقه بما يقول، فقد كفر بما أنزل على محمد**»[2]. واتە: «**هەر کەسێک بچێتە لای کاهینێک یاخود عەڕافێک، ئینجا گوفتارەکانی بە ڕاست بزانێ، ئەوا بەدڵنیاییەوە کافر بووە بەو کتێبەی کە دابەزیوەتە سەر محمد**».

مەبەست لە "کاهن": ئەو کەسەیە کە بانگەشەی غەیب بکات.

---

(١) سورەتی الجن، ئایەی ٢٦.

(٢) مسند الإمام أحمد بن حنبل > مسند أبي هريرة –رضي الله عنه– > فەرموودەی ژمارە: ٩٥٣٦.

پلەی فەرموودەکە "حسن" ە.

مەبەست لە "عراف": ئەو کەسانەن کە پێیان دەگووترێ فەلەکناس.

٣- هەر شەریعەتێک لە غەیری شەریعەتی ئیسلام: یەکێکی تر لەو جۆرانەی تاغوت کە الله لە قورئاندا باسی کردوون، بریتییە لە "تاغوتی شەریعەت"، واتە هەر شەریعەتێک جگە لە شەریعەتی ئیسلام.

الله لەم بارەیەوە فەرموویەتی: {**ألم تر إلى الذين يزعمون أنهم ءامنوا بما أنزل إليك وما أنزل من قبلك يريدون أن يتحاكموا إلى الطاغوت وقد أمروا أن يكفروا به ويريد الشيطان أن يضلهم ضلالا بعيدا**}[(١)]. واتە: {-ئەی محمد- ئەوە تۆ ئەو کەسانەت نەبینیوە کە وای پیشان دەدەن گوایە باوەڕیان بەو کتێبە هەیە کەوا بۆتۆ دابەزیوە هەروەها باوەڕیان بەو کتێبانەیشی پێشی تۆ هەیە -کەچی لە هەمان کاتدا- دەیشیانەوێت حوکم بگەڕێننەوە بۆ لای تاغوت لەکاتێکدا فەرمانیان پێکراوە تاکو کوفری پێ بکەن، شەیتانیش دەیەوێت گومڕایان بکات بە گومڕاییەکی دوور}.

نموونەی شەریعەتە تاغوتەکان زۆرن، وەکو ڕێبازی "شیوعیەت"، هەروەها "دێمۆکڕاسیەت" هەروەها "لیبڕاڵیەت"، هەروەها "ئیشتیراکی" و زۆری تریش، هەر یەکێک لەم شەریعەتە تاغوتانە خاوەنی کۆمەڵێک بنچینە و دروشم و بنەمان کە

(١) سورەتی النساء، ئایەی ٦٠.

پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامن، ئەوەتا بەدرێژایی ئەم کتێبە باسی دانەیەکمان کرد ئەویش شەریعەتی دیمۆکراسیەتی تاغوتە، ئەوەتا تۆی خوێنەر خۆت بینیت ئەم شەریعەتە دژی چەند ئایەتی قورئانە.

هەروەها لە لاپەڕی ٨ تا ١٦ بەدرێژی ڕوونکردنەوەمدا لەسەر تاغوتی شەریعەت.

هەر کەسێک باوەڕی بە یەکێک لەم شەریعەتە تاغوت و دەستکردانە هەبێت ئەوا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم کەسە کوفری بە تاغوت نەکردووە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم کەسە درۆ دەکات ئەگەر بڵێت "من موسڵمانم!"، لەڕاستیدا ئەو کەسە تاغوتپەرستە و ئەهلی تاغوتە نەک ئەهلی ئیسلام و تەوحید.

٤- هەر "دەسەڵاتدار" و "دادوەرێک" ئەگەر بە شەریعەتێکی تاغوت حوکم بکەن: ئەم دوو کەسەش دەبن بە تاغوت، بۆ نموونە دەسەڵاتدارێک بڕیاردەدات بەوەی شەریعەتێکی تاغوت بکرێت بە سیستەمی حوکمڕانیی لە خاکەکەیدا بۆ بەڕێوەبردنی خەڵک و کۆمەڵگا و خاک.

یاخود هەر دادوەر و قازییەک کەوا لە خاکێکدا کار دەکات کە ئەو خاکە بە شەریعەتێکی تاغوتی دەستکرد حوکمڕانی دەکرێت، کەچی هەر سوورە لەسەر کارەکەی، هەروەها کێشەی خەڵکیش بە یاسایە دەستکردەکانی پەڕلەمان چارەسەر بکات لەبری شەریعەتی ئیسلام.

لەو حاڵەتەدا جگە لەوەی شەریعەت و یاسایە دەستکردەکان تاغوتن، لە هەمان کاتیشدا خودی دەسەڵاتدار و دادوەر و قازییەکەش دەبن بە تاغوت.

الله لەبارەی ئەم جۆرە کەسانەوە فەرموویەتی: {**... ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون**}[1]. واتە: {... جا هەر کەسێک حوکم نەکات بەوەی کە الله دایبەزاندووە ئەوا ئەو کەسانە کافرن}.

هۆکاری کافربوونەکە ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتدار و دادوەر و قازییە حوکمیان بە شەریعەتێکی دەستکرد و تاغوت کردووە لەکاتێکدا توانای حوکمکردنیان هەبووە بە شەریعەتی ئیسلام، هەر بۆیەش ئەو کەسانە تاغوتپەرستن و تەوحیدیان تێدا نییە و کوفریان بە تاغوت نەکردووە، بۆیەش موسڵمان نین.

٥- هەر کەسێک بانگەشەی پەرستن بکات بۆخۆی: ئەمەش یەکێکە لەجۆرەکانی تاغوت کە تێیدا کەسێک بانگەشەی خەڵک بکات تاکو بیپەرستن، یانیش پەرستنی بۆ بکرێت و خۆی بێدەنگ بکات و ڕازی بێت، ئەوا ئەو کەسانە هەر تەنها کافر نین، بەڵکو تاغوتن، پۆلی تاغوتەکەشیان بەپێی پێناسەکەی شێخ إبن القيم بریتییە لە "معبود".

---

(١) سورەتی المائدة، ئایەی ٤٤.

بەڵگەش بریتییە لە فەرمایشتی الله -عز وجل- کە فەرموویەتی:

{**ومن يقل منهم إني إله من دونه فذلك نجزيه جهنم كذلك نجزي الظالمين**}[١]. واتە: {جا هەر کەسێک لەوان بڵێت من پەرستراوی حەقم لەبری ئەو (واتە لەبری الله) ئەوا پاداشتی بە دۆزەخ دەدەینەوە، ئێمە ئاوا پاداشتی ستەمکاران دەدەینەوە}.

ئەگەریش کەسێک پەرستنی بۆ بکرێت و خۆیشی ڕازی نەبێت ئەوا نابێتە تاغوت، وەکو پێغەمبەر "عیسا" و "عوزەیر" -صلی الله علیهما وسلم-، یاخود شێخ عبدالقادر گەیلانی -رحمه الله-، ئەمانە کەسانێکی موەحید بوونە و بانگەوازیان بۆ تەوحید بووە و خەڵکیان ترساندووە لە جۆرەکانی شیرک و تاغوت، بۆیەش ئەوان تاوانیان نییە کەوا لەلایەن موشریکەکانەوە دەپەرسترێن و هاواریان بۆ دەکرێت.

ئەم پێنج خاڵەی باسم کرد بریتین لە جۆرەکانی تاغوت کەوا الله لە قورئاندا باسی کردوون، هەر کەسێک یەکێک لەم خاڵانەی لەسەر جێبەجێ بێت یان بەڕاستیان بزانێت ئەوا با چاک بزانێت موسڵمان و موەحید نییە، ئەگەرچی بڵێت "من موسڵمانم" یاخود نوێژ و شەونوێژ بکات، هیچی لێ قەبوڵ ناکرێت؛ چونکە تەوحیدی تێدا نییە و تاغوتپەرستە.

---

(١) سورەتی الأنبياء، ئایەی ٢٩.

بابەتی شەشەم: چۆنیەتی کوفر کردن بە تاغوت.

لە بابەتی چوارەم و پێنجەمدا زانیت تاغوت مانای چییە، هەروەها زانیت جۆرەکانی تاغوت چین کە الله -سبحانه وتعالى- باسی کردوون، ئێستا تۆ بەتەواویی دەزانیت تاغوت چییە. بۆیەش کاتی ئەوەیە بزانیت چۆن کوفر بە تاغوت دەکرێت.

سەرەتا با دووبارە بزانین بەڵگە چییە لەسەر واجبێتی کوفرکردن بە تاغوت، الله فەرموویەتی: {**... فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقى ...**}[1]. واتە: {... هەر کەسێک کوفر بە تاغوت بکات و ئیمان بە الله بهێنێت ئەوا بێگومان خۆی گرتووە بە پەتێکی پتەو ...}.

ئەم ئایەتەش بەڵگەیەکی ڕۆشنە لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە خۆیان لە تەکفیر دەدزنەوە و دەڵێن: ئێمە لەسەرمان واجب نەکراوە تەکفیری تاغوتەکان و تاغوتپەرستەکان بکەین مادام دەڵێن ئێمە موسڵمانین!

بەڵێ ڕاستە ئەوان بە دەم دەڵێن ئێمە موسڵمانین، بەڵام لە ڕووکەشدا ئێمە دەیانبینین کەوا کوفریان بە تاغوت نەکردووە و تەوحیدیان نییە، بۆیەش کافرن و موسڵمان نین ئەگەرچی نوێژ بکەن و ڕۆژووش بگرن. خۆ ئەگەر تاغوتپەرستەکان بە موسڵمان بزانین ئەوا دیارە الله بەدرۆ دەخەینەوە!

---

(١) سورەتی البقرة، ئایەی ٢٥٦.

هەر کەسێک بیەوێت ئایەتەکەی سەرەوە جێبەجێ بکات و کوفر بە تاغوت بکات ئەوا دەبێ ئەم سێ هەنگاوە لەخۆیدا جێبەجێ بکات:

هەنگاوی یەکەم: تەکفیر کردنی خودی تاغوتەکە: واتە واجبە خودی تاغوتەکە تەکفیر بکرێت کە الله لە کتێبەکەیدا باسی کردووە، بەڵگەش لەسەر ئەم هەنگاوە بریتییە لە فەرمایشتی الله: {**... فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقى ...**}[1]. واتە: {... هەر کەسێک کوفر بە تاغوت بکات و ئیمان بە الله بهێنێت ئەوا بێگومان خۆی گرتووە بە پەتێکی پتەو ...}.

هەنگاوی دووەم: تەکفیر کردنی تاغوتپەرستەکان: مەبەست لە "تاغوتپەرست" ئەو کەسانەن کە باوەڕیان بە یەکێک لەو جۆرانەی تاغوت هەیە کە لە بابەتی پێنجەمدا بەبەڵگەوە باسمکرد.

هەر کەسێک باوەڕی بە یەکێک لە جۆرەکانی تاغوت هەبێت، بۆ نموونە تاغوتی پەرستن، وەکو شەخسپەرستن و گۆڕپەرستن، ئەم کەسانە تاغوتپەرستن، یاخود کەسێک باوەڕی بە تاغوتی شەریعەت هەبێت، وەکو "پارتی" و "یەکێتی" و حیزبە عەلمانییەکان و شیوعی و لیبڕاڵییەکانی تریش. یان باوەڕی بە تاغوتی شوێنکەوتن هەبێت، وەکو باوەڕکردن بە ساحیر و فاڵگرەکان و مەلایە دینفرۆشەکان[2].

---

(١) سورەتی البقرة، ئایەی ٢٥٦.

(٢) بەڵێ مەلایە دینفرۆشەکانیش دەبن بە تاغوت ئەگەر حوکمە شەرعییەکان پەکخەن و حەق بکەن بە ناحەق و ناحەقیش بکەن بە حەق، هەر کەسێکیش بەشێوازێکی کوێرانە و بەبێ هیچ =

ئەمانە هەموویان تاغوتپەرستن و هیچ جیاوازییەک لە کافرێتییەکەیان نییە، تەنها ئەوە نەبێت کە جۆری تاغوتەکانیان جیاوازە. ئەوەتا الله لە کتێبەکەیدا باسیانمان بۆ دەکات و دەفەرمووێت: {**ألم تر إلى الذين أوتوا نصيبا من كتاب الله يؤمنون بالجبت والطاغوت ويقولون للذين كفروا هؤلاء أهدى من الذين ءامنوا سبيلا**}[(١)]. واتە: {-ئەی محمد-، مەگەر ئەو کەسانەت نەدیوە کە بەشێک لە کتێبی الله پێیان گەیشتووە (واتە تەورات)، لە هەمان کاتیشدا باوەڕیان بە پەیکەر و تاغوت هێناوە؟! هەروەها بە کافرەکانیش دەڵێن کەوا ئەوان (واتە کافرەکان) ڕێبازەکەیان باشتر و ڕاسترە لە ڕێبازی ئیمانداران}.

الله لەم ئایەتەدا نموونەی بە جولەکەکان هێنایەوە کە سەرەڕای ئەوەی تەوراتیان پێگەیشتبوو کەچی باوەڕیان بە "پەیکەر" و "تاغوت" هەبوو. بێگومان ئەو کەسانە کافرن و نەفرەتیان لێکراوە، هەروەک الله -عز وجل- لە ئایەتی دواتردا دەفەرمووێت: {**أولئك الذين لعنهم الله ومن يلعن الله فلن تجد له نصيرا**}[(٢)]. واتە: {ئا ئەمانە ئەو کەسانەن کە الله نەفرەتی لێکردوون، هەر کەسێکیش الله نەفرەتی لێبکات ئەوا هیچ سەرخەرێکی بۆ نادۆزیتەوە}.

= لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەیەک شوێنیان بکەوێت ئەوا بووەتە تاغوتپەرست. هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو ساحیرەی کەوا فەرمان بە خەڵک دەکات بۆ ئەنجامدانی شتانێک و ئیتر ئەوانیش بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک فەرمانیان جێبەجێ دەکەن.

(١) سورەتی النساء، ئایەی ٥١.

(٢) سورەتی النساء، ئایەی ٥٢.

بەناو سەلەفییەکان لەم هەنگاوەی دووەمدا تێکەوتوونە و دۆڕاون؛ چونکە بەلای ئەوانەوە ئەگەر باوەڕت بە شەریعەتی دێمۆکڕاسیەتی تاغوتیش هەبێت ئەوا هەر موسڵمانی!، ئەگەر سوجدە بۆ غەیری الله ببەیت ئەوا تاغوتپەرست نیت و هەر موسڵمانی مادام دەڵێی "لا إله إلا الله"!. هەر بۆیەش مەدخەلیەکان مەرجی یەکەمی تەوحیدیان تێدا نییە کە بریتییە لە "کوفر بە تاغوت"، چونکە ئەوەتا الله بەدرۆ دەخەنەوە -پەنا بە الله-، ئەوەتا الله لە قورئاندا پێمان دەفەرمووێت مرۆڤ نابێتە موسڵمان ئەگەر کوفر بە تاغوت نەکات، هەروەها ئەوەتا کەسانێکی بە نەفرەت کرد کە باوەڕیان بە تاغوت هەبوو. کەچی ئەم بەناو سەلەفییانە دەڵێن: نەخێر هەر موسڵمانە مادام دەڵێت لا إله إلا الله!

هەنگاوی سێیەم: تەکفیر کردنی تەو تاغوتپەرستانەی کە بەناوی ئیسلامەوە مومارەسەی جۆرێک لە جۆرەکانی تاغوت دەکەن: ئەم هەنگاوەیان زۆر گرینگە و ئیمانی مرۆڤ لەم هەنگاوە دەردەکەوێت؛ چونکە زۆرێک لەوانەی کە خۆیان بە موسڵمان دەزانن دەترسن لەوەی کەسانێک تەکفیر بکەن کە خۆیان وەکو موسڵمان پیشان دەدەن! وادەزانن ئەگەر بەدەمیان بڵێن "ئێمە موسڵمانین" ئەوا کوفر و شیرکیش ئیمانیان هەڵناوەشێنێتەوە!

بۆ نموونە بەلای زۆرێک لە خەڵکەوە قورسە کەوا کەسانێکی گۆڕپەرست تەکفیر بکەن تەنها لەبەر ئەوەی دەڵێن "لا إله إلا الله"! یاخود بەلایانەوە قورسە ئەگەر عبدالرحمن كذاب تەکفیر بکەن

کەوا فەرمووده سەحیحەکانی پێغەمبەر ڕەت دەکاتەوە، تەنها لەبەر ئەوەی دەڵێت "لا إله إلا الله"!، یاخود بەلایانەوە قورسە ئەگەر حیزبە بەناو ئیسلامییەکان تەکفیر بکەن لەکاتێکدا باوەڕیان بە شەریعەتە دەستکرد و تاغوتەکان هەیە و هیچ بەڵگەیەکیشیان نییە و وەڵامی گومانەکانیشیان دراوەتەوە! کەچی هەر ناوێرن تەکفیریان بکەن چونکە دەڵێن "لا إله إلا الله".

ئێستا با بزانین ئایا ئەم کەسانەی لە سەرەوە باسم کردن دەتوانرێت تەکفیر بکرێن یان بەهۆی گووتنی "لا إله إلا الله" ناتوانین تەکفیریان بکەین! با بزانین...

بێگومان هەر کەسێک ئەگەر خۆی بە موسڵمان بزانێت و لە هەمان کاتیشدا مومارەسەی یەکێک لە جۆرەکانی تاغوت بکات، ئەوا ئەو کەسە تاغوتپەرستە و موسڵمان نییە و کافرە ئەگەرچی بشڵێت موسڵمانم، فەرموون ئەوەتا الله لە کتێبەکەیدا چۆن باسی ئەمجۆرە کەسانەمان بۆ دەکات و چۆنیش بەدرۆیان دەخاتەوە، هەروەک فەرموویەتی: {**ألم تر إلى الذين يزعمون أنهم ءامنوا بما أنزل إليك وما أنزل من قبلك يريدون أن يتحاكموا إلى الطاغوت وقد أمروا أن يكفروا به ويريد الشيطان أن يضلهم ضلالا بعيدا**}(١). واتە: {-ئەی محمد- ئەوە تۆ ئەو کەسانەت نەبینیوە کە وای پیشان دەدەن گوایە باوەڕیان بەو کتێبە هەیە کەوا بۆتۆ دابەزیوە هەروەها

(١) سورەتی النساء، ئایەی ٦٠.

باوەڕیان بەو کتێبانەیشی پێشی تۆ هەیە -کەچی لە هەمان کاتدا- دەیشیانەوێت حوکم بگەڕێننەوە بۆ لای تاغوت لەکاتێکدا فەرمانیان پێکراوە تاکو کوفری پێ بکەن، شەیتانیش دەیەوێت گومڕایان بکات بە گومڕاییەکی دوور}.

هەروەک بینیمان، الله -عز وجل- ئیمانی ئەو کەسانەی بەدرۆ خستەوە کە خۆیان بە موسڵمان زانیوە تەنها لەبەر ئەوەی حوکمیان گەڕاندووەتەوە بۆ شەریعەتێکی تاغوت و قازییەکی تاغوت! ئەوەتا ئەگەرچی گووتیان ئێمە موسڵمانین بەڵام الله هەر تەکفیری کردن و بەدرۆی خستنەوە.

بۆیەش ئەی خوێنەری بەڕێز، ئەوەتا بەڵگەکانیشت بینی، بزانە هەنگاوی سێیەمی کوفر بە تاغوت ئەوەیە کە ئەمجۆرە کەسانە تەکفیر بکەیت کەوا خۆیان وا دەردەخەن کە موسڵمانن کەچی باوەڕیان بە تاغوت هەیە! جا هەر کەسێکیش ئامادە نەبێ تەکفیریان بکات ئەوا ئەویش کافرە؛ چونکە الله بەدرۆ دەخاتەوە لەکاتێکدا الله تەکفیری کردوون.

بابەتی حەوتەم: باوەڕهێنان و تەوحید کردنی الله لەڕووی "الربوبية".

له بابەتی "چوارەم و پێنجەم و شەشەم" هەڵسام بە باسکردنی مەرجی یەکەمی تەوحید ئەویش بریتی بوو لە "کوفر بە تاغوت"، ئیتر لەم بەشەوە تاکو کۆتایی باس لە مەرجی دووەمی تەوحید دەکەم ئەویش بریتییە لە "باوەڕهێنان بە الله".

ئەمەش واتە پێویستە الله تەوحید بکرێت لە سێ ڕووەوە:

١- توحيد الربوبية.

٢- توحيد الألوهية.

٣- توحيد الأسماء والصفات.

لەم بابەتەدا هەڵوەستە لەسەر "توحيد الربوبية" دەکەم:

توحيد الربوبية: واتە تەوحید کردن و تەنها کردنی الله لەڕووی کارە تایبەتییەکانی خۆی.

بۆ نموونە: دەبێ باوەڕمان وابێت تەنها الله دروستکارە و باشترین دروستکاریشە (واتە الخلق)[١]. هەروەها دەبێ باوەڕمان وابێت تەنها الله ڕۆزیمان پێدەدات و سەرچاوەی هەموو ڕۆزییەکانیش هەر لەلای الله یە (واتە الرزق)[٢]. هەروەها دەبێ باوەڕمان وابێت کاروباری ئەم گەردوونە بەتەنها لەلایەن الله

---

(١) سورەتی المؤمنون، ئایەی ١٤.

(٢) سورەتی الملك، ئایەی ٢١.

بەڕێوەدەچێت و هیچ هاوبەشێکی نییە (واتە الإدارة)[١]. هەروەها دەبێ باوەڕمان وابێت کەوا دانانی شەریعەت و یاساکان تەنها مافی الله یە و نابێ هیچ مرۆڤێک خۆی بکاتە هاوبەشی الله لەڕووی یاسادانان و داڕشتنی شەریعەت (واتە الحاكمية)[٢]. هەروەها دەبێ باوەڕمان وابێ تێکڕای ئەم گەردوونە موڵکی الله یە و هیچ کەسێک لە موڵکایەتییەکەیدا هاوبەشی نییە (واتە الملك)[٣].

هەر بۆیە الله لەبارەی گاور و جولەکەکان ڕایگەیاند کەوا ئەوان قەشە و حاخامەکانیان کردبووە "أرباب"، ئەم وشەیەش کۆی وشەی "الرب"ـە.

الله مەبەستی ئەوەیە کە ئەو گاور و جولەکانە سیفەتێکی الله ـیان دابووە قەشەکانیان، ئەویش سیفەتی "الحاكمية" بوو. بەمەش موشریک بوون.

نموونەی تریش زۆرن لەو کارانەی الله -تبارك وتعالى- کەوا لە کتێبەکەیدا باسی کردوونە و تەنها کاری ئەون و موسڵمان دەبێت بەتەواویی لەو کارانەیدا الله بە پێشەنگ بزانێت، نابێ باوەڕمان وابێت کەسێک هاوبەشە لەگەڵ الله لە یەکێک لەم کارانە. هەر کەسێک باوەڕی وابێت کەوا کەسێک هەیە و دەتوانێت بوونەوەرەکان دروست بکات، یان یاسا و شەریعەت دابڕێژێ، یان

(١) سورەتی يونس، ئایەی ٣.
(٢) سورەتی یوسف، ئایەی ٤٠.
(٣) سورەتی الملك، ئایەی ١.

موڵکی ئەم گەردوونەی لەژێر دەستە و هتد...، ئەوا ئەو کەسە تەوحیدی نییە و موشریکە نەک موسڵمان؛ چونکە ئەم کارانە تەنها مافی الله ــن.

بابەتی هەشتەم: باوەڕهێنان و تەوحید کردنی الله لەڕووی "الألوهية".

توحيد الألوهية: بریتییە لە تەنها کردنی الله لە هەموو پەرستنێکمان، بۆیەش هەندێک لە زانایان پێی دەڵێن "توحيد العبادة".

واتە ئەگەر هەر پەرستن و عیبادەتێکمان ئەنجامدا ئەوا دەبێ تەنها و تەنها بۆ الله بیکەین، نابێ هیچ مرۆڤێک یان گۆڕێک یان درەختێک یان مەزارێک بکەینە هاوبەشی الله لەکاتی پەرستنەکانمان. خۆ ئەگەر هەر کەسێک پەرستنێک بۆ غەیری الله بکات ئەوا شیرکی گەورەی ئەنجامداوە و لە چوارچێوەی ئیسلام دەچێتە دەرەوە.

بێگومان پەرستنیش بە چوار جۆر ئەنجام دەدرێت و پێویستە بە هەر چوار جۆرەکەیەوە تەنها مەبەستمان الله بێت، کە ئەمانەن:

١- پەرستن بە دڵ: بێگومان پەرستنی دڵ بریتییە لە "نیەت"، جا پێویستە ئەو نیەتەی لەناو دڵمانە بەجۆرێک پەروەردەی بکەین کە

ئیتر ئەگەر بمانەوێ هەر قسە و کارێک بکەین ئەوا نیەتەکەمان تەنها لەپێناوی الله بێت، واتە دەبێ ئیخلاس لەنێو دڵمان بچێنین.

بۆ نموونە "نووستن" کارێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر موسڵمانێک لەپێش نووستنیدا نیەتی ئەوەبێت کە خۆی بەهێز بکات تاکو دواتر شەونوێژ و عیبادەتی زۆرتر بکات، ئەوا تەنانەت نووستنەکەیشی بە خێر بۆی تۆمار دەکرێت.

٢- پەرستن بە دەم: نموونەی پەرستنەکانی دەم وەکو زیکر و سەڵەوات و خوێندنی قورئان و دوعا و پاڕانەوە و بانگەوازکردن و هتد...، پێویستە تێکڕای ئەم پەرستنانە بۆ الله بکرێن، نابێ لەپێناوی هیچ کەسێکی تر بکرێن.

٣- پەرستن بە جەستە و کردار: نموونەی پەرستنە کردارییەکان وەکو نوێژ و ڕۆژوو و قوربانیکردن و جیهادکردن و حەج و هتد...، پێویستە ئەم پەرستنانە تەنها بۆ الله بکرێن، نابێ لەپێناوی هیچ کەسێکی تر بکرێن.

٤- پەرستن بە ماڵ و سامان: نموونەی ئەم پەرستنانەش وەکو سەدەقە و خێر و زەکات، دەبێ نیەتمان لەمجۆرە پەرستنەش تەنها ڕەزامەندیی الله بێت، ڕاستە تۆ پارەکەت دەدەیتە مرۆڤێک، بەڵام دەبێ نیەتت ئەوە بێت کەوا تۆ ئەم پەرستنە بۆ "الله" دەکەیت نەک ڕەزامەندیی مرۆڤەکە.

ئاگاداربە خوێنەری بەڕێز، واجبە لەسەرت کەوا بەهەر چوار جۆرەکەی پەرستنەوە تەنها نیەتت الله بێت، نابێ هیچ کەسێک یان شتێک بکرێتە هاوبەشی الله لە پەرستنەکان، هەر کەسێک پەرستن بۆ غەیری الله بکات ئەوا موشریکە بەبێ هیچ عوزر و بیانووێک جگە لە "إکراه"، واتە زۆرلێکردن.

الله لە وەسفی کافرانی قورەیش فەرموویەتی: {**ألا لله الدين الخالص والذين اتخذوا من دونه أولياء ما نعبدهم إلا ليقربونا إلى الله زلفى إن الله يحكم بينهم في ما هم فيه يختلفون إن الله لا يهدي من هو كاذب كفار**}[1]. واتە: {مەگەر دینداریکردنێکی دڵسۆزانە هەر شایەنی الله نییە؟ ئەوانەیشی کە لە غەیری الله ڕوویان کردووەتە کۆمەڵێک شتی تر ئەوا دەڵێن: ئێمە نایانپەرستین تەنها دەمانەوێ لە الله نزیکمان بکەنەوە. بەڕاستیی الله لە قیامەتدا حوکمیان لەنێوان دەدات لەو بابەتانەی کە تیایدا جیاوازبوون، بەڕاستی الله هیدایەتی کەسێک نادات کە درۆزنێکی کافرە}.

ئەی قەومەکەم، ئەوەتا خۆ بینیتان ئەوانە باوەڕیشیان بە الله هەبووە، هەروەها خۆیان وا پیشانداوە کە پەیکەرەکان ناپەرستن بەڵکو تەنها تەوەسولیان پێدەکەن بۆ لای الله. بەڵام الله لە ئایەتەکەدا بە "درۆزن" و "کافر" ناویانی هێنا؛ چونکە پەرستنیان بۆ غەیری الله ئەنجامدەدا.

---

(١) سورەتی الزمر، ئایەی ٣.

کەواتە ئەو کەسانەی کە لەم سەردەمەدا پەرستن بۆ "گۆڕ" و "ئیمام علي" و "عبدالقادر گەیلانی" دەکەن ئەوا هەموویان موشریکن؛ چونکە دوعا و پاڕانەوە یەکێکە لە پەرستنەکانی دەم، بۆیەش دەبێ تەنها بۆ الله بکرێت، هەر چ کەسێک لە غەیری الله بپاڕێتەوە یاخود ئاژەڵی بۆ سەربڕێ ئەوا موشریکە و تەوحیدی تێدا نییە.

بابەتی نۆیەم: سێ مەرجەکەی پەرستنی الله (حب وخوف ورجاء).

لە بابەتی پێشوودا زۆر بەکورتیی باسی "توحید الألوهیة" مان کرد، گووتمان دەبێ هەموو پەرستنەکان بۆ الله ئەنجام بدرێن بەهەموو جۆرەکانیانەوە.

لەم بەشەدا باسی سێ ڕوکنەکەی پەرستن دەکەین، پێویستە لە هەموو پەرستنێکدا موسڵمان بەم سێ ڕوکنەوە پەرستنەکانی بکات:

١- پەرستنەکان بە خۆشەویستییەوە بکات. (الحب).

بەڵگەش بریتییە لە فەرمایشتی الله: {**ومن الناس من يتخذ من دون الله أندادا يحبونهم كحب الله والذين ءامنوا أشد حبا لله**}[(١)]. واتە: {لەناو خەڵکیدا کەسانێک هەن کەوا پەرستراوی تر دەپەرستن لە غەیری الله، هەروەها خۆشیان دەوێن وەکو خۆشویستنی الله،

(١) سورەتی البقرة، ئایەی ١٦٥.

بەڵام ئەو کەسانەی ئیمانیان هێناوە (واتە موسڵمانان) ئەوا زۆر زیادتر خۆشەویستییان بۆ الله هەیە}.

٢- پەرستنەکان بە ترسەوە بکات. (الخوف).

بەڵگەش بریتییە لە فەرمایشتی الله: {**أولئك الذين يدعون يبتغون إلى ربهم وسيلة أيهم أقرب ويرجون رحمته ويخافون عذابه إن عذاب ربك كان محذورا**}[١]. واتە: {ئەوانەی کە موشریکەکان لێیان دەپاڕێنەوە، ئەوانە خۆیشیان دەیانەوێ زۆرتر لە الله نزیک ببنەوە، هەروەها ئومێدیان بە ڕەحمەتی الله هەیە و لە سزاکەی دەترسن، بەڕاستی -ئەی محمد- سزای پەروەردگارت سزایەکی مەترسیدارە}.

مەبەست لەم ئایەتە ئەوەیە کە ئەو موشریکانەی "عیسا و عوزێر و فریشتە" دەپەرستن ئەوا با بزانن کەوا ئەم دوو پێغەمبەرە -علیهما السلام- لەگەڵ تێکڕای فریشتەکانیش خۆیان هەمیشە لەهەوڵی ئەوەن زۆرتر لە الله نزیک ببنەوە و داوای ڕەحمەتی الله دەکەن و لە سزاکانی دەترسن سەرەڕای ئەوەی فریشتەن یاخود پێغەمبەرن.

٣- پەرستنەکان بە ئومێدی قەبوڵ بوونەوە بکات. (الرجاء).

---

(١) سورەتی الإسراء، ئایەی ٥٧.

بەڵگەش لەسەر ئەم ڕوکنەی پەرستن زۆرە، هەر ئایەتەکەی خاڵی دووەم بەڵگەی تێدایە لەبارەی ئەنجامدانی پەرستنەکان بە ئومێدەوە.

لێرەدا دەبێ ئەوەش بزانین کەسانێکی چەواشەکار هەن و دەڵێن: پێویست ناکات لە الله بترسین، بەڵکو پەرستنەکانمان تەنها لەبەر ئەوە دەکەین کەوا الله مان خۆشدەوێت نەک لەبەر ئەوەی لێی بترسین.

پەنا بە الله، نازانم ئەم کەسانە چۆن دەوێرن قسەی وابکەن، مەگەر لە لاپەڕی پێشوو لە خاڵی دووەمدا الله پێمانی ڕانەگەیاندووە کە پێغەمبەر و فریشتەکان لە الله دەترسن؟! ئیتر تۆیەک کەوا نە پێغەمبەریت و نە فریشتەی، چۆن دەتەوێ ڕوکنی ترسان (الخوف) تەرک بکەیت؟!

ئەی قەومەکەم، لەڕاستیدا پەرستن ئەو کاتە قەبوڵە کە موسڵمانە موەحیدەکە هەر سێ ڕوکنەکەی پەرستنی پێکەوە تێدا بێت.

بابەتی دەیەم: باوەڕهێنان و تەوحید کردنی الله لەڕووی "الأسماء والصفات".

توحيد الأسماء والصفات: بریتییە لە تەوحید کردنی الله لەڕووی ئەو ناو و سیفاتانەی کە لە قورئاندا وەسفی خۆی پێکردووە.

دەبێت بەجۆرێک لەم ناو و سیفاتانە تێبگەین کە الله تیایاندا پێشەنگە و هیچ کەسێک هاوشێوە و هاوبەشی نییە.

ئەم تەوحیدەش بەشێکە لە تەوحیدی "الربوبية"، بەڵام زانایان لە کتێبەکانی بیروباوەڕدا وەکو لقێکی سەربەخۆ باسیان کردووە؛ بەهۆی فراوانییەکەیەوە.

خوێنەری بەڕێز، بزانە تێکڕای ئەو جەماعەتانەی کەموکوڕیان لە تەوحید هەیە ئەوا بە چوار شێواز هەڵساون بە ڕەتکردنەوەی ناو و سیفاتەکانی الله، کە ئەمانەن:

١- **تعطيل:** واتە ڕەتکردنەوەی ناوێک یان سیفەتێکی الله! -پەنا بە الله-، بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە دەڵێن الله دەستی نییە لەکاتێکدا الله لە کتێبەکەیدا پێمانی ڕاگەیاندووە کە دەستی هەیە[١]. نەک هەر تەنها دەست، بەڵکو زۆر ناو و سیفەتی تریشیان لە الله سەندووەتەوە لەکاتێکدا الله -عز وجل- لەناو کتێبەکەیدا باسی سیفەتەکەی خۆی کردووە.

---

(١) سورەتی الفتح، ئایەی ١٠.

بۆیەش لەسەرمان واجبە هەر کاتێک لەناو قورئاندا ناوێک یاخود سیفەتێکی الله مان خوێندەوە ئەوا دەبێ پڕ بەدڵمان دانی پێدابنێین و نەیخەینە تەرازووی عەقڵە سنووردارەکەمان.

٢- **تکییف:** واتە بە عەقڵی خۆمان بڵێین سیفەتەکانی الله ئاوان و ئاوان! -پەنا بە الله-، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بڵێت: بەرزیی الله ئەوەندەیە...، یان بڵێت: الله بەم شێوازە لەسەر کورسییەکەیەتی...، هەر چ کەسێک ئاوا بە عەقڵی خۆی بیر لە سیفەتەکانی الله بکاتەوە ئەوا پێی دەبێتە تاغوت؛ چونکە قسەی لەسەر غەیبیاتی الله کردووە.

٣- **تحریف:** واتە شێواندنی ناوێک یان سیفەتێکی الله! -پەنا بە الله-، زۆرجار الله لە کتێبەکەیدا باسی ناوێک یان سیفەتێکی خۆی دەکات، کەچی کەسانێک دەڵێن: نا کاکە وانییە، الله مەبەستێکی تری هەیە! بۆ نموونە: لە عەقیدەی ئەهلی سوننەدا ئێمە دانمان بەوەدا ناوە کەوا الله -تبارك وتعالى- لەسەر عەرشەکەیەتی و لە ئاسماندایە، ئەمەش بەبەڵگەی ئایەت[١] و فەرموودەی صحیح[٢]، کەچی کەسانێک دەڵێن: نەخێر الله لە هەموو شوێنێک هەیە!، کەواتە ئایەت و سیفەتی الله تحریف کرا. ئێمە دەڵێین الله -جل وعلا- بە زانست و زانیارییەکەی لە هەموو شوێنێکە، بە بیستن و

(١) سورەتی طه، ئایەی ٥.

(٢) کتێبی صحیح مسلم > کتاب المساجد ومواضع الصلاة > باب تحريم الكلام في الصلاة ونسخ ما كان من إباحة > فەرموودەی ژمارە: ٥٣٧.

بینینەکەی لە هەموو شوێنێکە[١]، بەڵام خۆی لەسەر عەرشەکەیەتی، ئەمەیە ڕووکەشی ئایەتی قورئان و ئێمەش بۆمان نییە بیشێوێنین و بڵێین الله مەبەستێکی تری هەیە!

٤- **تمثیل:** واتە لێکچوواندنی سیفەتێک یاخود ناوێکی الله لەگەڵ بوونەوەرێکی تر! -پەنا بە الله-، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بڵێت: دەستەکانی الله وەکو دەستی مرۆڤن و لە گۆشت و ئێسک پێکهاتوون! ئەوا ئەو کەسە کوفری کرد؛ چونکە سیفەتێکی پەروەردگار دەچووێنێت بە سیفەتێکی مرۆڤ!

خوێنەری ئەزیزم، بزانە الله فەرموویەتی هیچ شتێک هاوشێوەی ئەو نییە و لە ئەو ناچێت[٢].

بێگومان بابەتی "الأسماء والصفات" زۆر فراوانە، بەڵام لێرەدا پێویستە بڵێمەوە: دەبێ باوەڕمان وابێت کە الله تاک و تەنهایە لە تێکڕای ناوەکانی و سیفەتەکانیدا، هیچ هاوبەشێکی نییە، هەروەها پێشەنگیشە لە تێکڕای سیفەتەکانیدا؛ ئەمەش چونکە بەشێک لە سیفەتەکانی الله لە مرۆڤیش هەن، بەڵام لای مرۆڤ سنووردارە و کۆتایی پێدێ، کەچی لەلای الله سیفەتەکە زۆر فراوانە و بێسنوورە و پێشەنگە. بۆ نموونە الله زاتێکی بەبەزەییە (الرحمن)، هەروەها مرۆڤیش ڕەحم و بەزەیی لە دڵیدا هەیە، بەڵام ئایا بەزەیی الله لەگەڵ

---

(١) سورەتی طه، ئایەی ٤٦.

(٢) سورەتی الفتح، ئایەی ١٠.

مرۆڤەکان وەکو یەکترن؟ نەخێر. هەروەها الله زاتێکی زیندووە (الحي)، هەروەها مرۆڤیش بوونەوەرێکی زیندووە، بەڵام ئایا مرۆڤ دەتوانێ وەکو الله زیندوو و نەمر بێت؟ نەخێر.

هەروەها دەبێ باوەڕمان وابێت سیفەتەکانی الله هیچیان دروستکراو (مخلوق) نین، بەڵکو تایبەتمەندییەکی خودی ئەون (صفة)، بێگومان لەم باسەشدا کۆمەڵێک کەس دەڵێن: گوفتارەکان و سیفەتەکانی الله بریتین لە دروستکراوی خۆی! ئەم بیروباوەڕە کوفرە بە ئیجماعی زانایان هەر لە سەلەفەوە تاکو ئێستا. بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەم گومانەش، زانایان چەندین کتێبیان نووسیوە و خەڵکیان لە حەقیقەتی باسەکە هۆشیار کردووەتەوە.

خوێنەری ئازیزم، تاکە سەرچاوەیەک بۆ زانینی ناو و سیفەتەکانی الله، بریتییە لە "قورئان" و "فەرموودەی صحیح"، بۆیەش هۆشداریتان پێدەدەم نەکەن گوێ لە کەسانێک بگرن ئەگەر باسی ناو و سیفاتەکانی الله بکەن بەبێ هیچ بەڵگەیەکی شەرعیی.

ناوەڕۆکی کتێب

بەشی دووەم
وەڵام و هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر دێمۆکڕاسیەت و دەنگدان، لەگەڵ وەڵامی گومانەکان

بەشی سێیەم

پەیامی تەوحیدم بۆتان ئامادە کردووە ئەی قەومەکەم

بەمزووانە - إن شاء الله



کتێبێکی بەرفراوان لەبارەی جیهاد



ئەحکامی موسڵمانی زیندانیکراو



وەرگێڕانی زنجیرە وانەی شێخ البنعلي لەبارەی بەربەست و مەرجەکانی تەکفیر


کتێب و پەیامە بڵاوکراوەکانی نووسەر



کتێبی

بیـــروبـــاوەڕی عمر بن عبدالعزیز -رضي الله عنه- لــەبارەی قـەزا و قـەدەر

لینکی خوێندنەوە



کتێبی

پـــەیامـێــــک لەبارەی حوکمی بـەشداربوون لـه هـــەڵمـــەتـــی گشتـــپرســـیـــی

لینکی خوێندنەوە